


ئیسلامناسی؛ لە تارماییی مێژووەوە بۆ ڕووناکیی مەعریفە

نوسینی: غفور طاهر محمد

٠٧٥٠١٧٤٢٦٨٠

Facebook: Ghafour tahir

ئیسلامناسی؛ لە تارماییی مێژووەوە بۆ ڕووناکیی مەعریفە

Contents

پێشباس

ئەم کتێبەی لەبەر دەستتە، هەوڵێکی مەعریفییە بۆ گەشتکردن بەناو قووڵاییەکانی شەریعەت و مێژووی شارستانیەت؛ نەک وەک گێڕانەوەیەکی مێژوویی وشک، بەڵکو وەک هێزێکی زیندوو بۆ گۆڕانکاری. لێرەدا هەوڵ دراوە وەڵامی ئەو پرسیارە وجودییە بدرێتەوە: بۆچی ئایین بۆ هەموو سەردەمەکان گرنگە؟ وە چۆن دەتوانین "ڕۆحی ئیسلام" لەناو کەلەپوورە ڕزیوەکان و لاساییکردنەوەی کوێرانەی ڕۆژئاوا ڕزگار بکەین؟ لەم کتێبەدا باس لەوە دەکرێت کە پێویستە لە ئیسلام بڕوانرێت وەک "قوتابخانە" نەک تەنها وەک کۆمەڵێک نەریتی ئایینی یان پەرستشی بێ ڕۆح. ئیسلام سیستمێکی گشتگیرە کە وەڵامی بۆ لایەنەکانی کۆمەڵناسی، ئابووری، فەلسەفە و سیاسی هەیە. هەروەها جیاوازی کردن لە نێوان "ئیسلامی حەقیقەت" و "ئیسلامی مێژوو" ئەو ئیسلامەی کە لە قورئان و سوننەتی ڕاستەقینەی پێغەمبەردا (د.خ) هەیە؛ ئیسلامێکە بۆ دادپەروەری، یەکسانی و ئازادی مرۆڤ هاتووە. لەگەڵ ئەو تێگەیشتن و شێواندنەیە کە لە درێژەی مێژوودا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ستەمکار و هەندێک لە پیاوانی ئایینی "کرێداو" و ڕۆژهەڵاتناسی کینە لەدڵ دروست کراوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێ بێدەنگ و چەواشە بکەن. لەم کتێبەدا بە وردی باس لە واتای "ئینسان" دەکات لە ئیسلامدا. مرۆڤ بوونەوەرێکی دوو ڕەهەندییە، ڕەهەندێکی نزم (قوڕ - نیشانەی ماددە)، ڕەهەندێکی بەرز (ڕۆحی خودا - نیشانەی باڵایی). مرۆڤ لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا سەرپشکە و ئەرکی ئیسلامیش ئەوەیە مرۆڤ لە "قوڕ" بەرەو "خودا" بەرز بکاتەوە. "ئیسلام ئایینی بڕیاردان و هەڵبژاردنە". مرۆڤ بەرپرسیارە لە چارەنووسی خۆی و کۆمەڵگاکەی. ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ئیسلام "ئایینی داهێنەرانە" نەک "ئایینی پاشماوەکان". ئەم کتێبە بانگەوازێکە بۆ ڕزگارکردنی ئایین لە قاڵبە چەقبەستووەکان و گەڕاندنەوەی بۆ ناو جەرگەی ژیان؛ تا لە جیاتی تەنها گوزارشتێکی ڕۆحی، ببێتە هێزێکی بزوێنەر بۆ داهێنان و گۆڕانکاری. داوا لە

تۆی خوێنەر دەکەم، ئەم دێڕانە نەک وەک دەقێکی پیرۆز و بێڕەخنە، بەڵکو وەک داهێنان و بانگهێشتنامەیەک بۆ بیرکردنەوە بخوێنیتەوە. ئێمە لێرەدا لەسەر ئەو بڕوایە کۆکین کە: «ئایین نەهاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە واقیعی ژیان دابڕێت و بیلاوێنێتەوە، هەروەها ئامرازێک نییە بۆ پاساودانی دۆخی باو یان بێدەنگکردنی خەڵک (ئەو شتەی پێی دەوترێت ئەفیونی گەلان)، بەڵکو هاتووە تا ببێتە هێزی گۆڕانکاری بزوێنەری ویژدانی زیندووی کۆمەڵگە بۆ داواکردنی ماف و گۆڕینی واقیع.

ئەم کتێبە بۆ کێ گونجاوە؟ بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە ئیسلام وەک فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێبگەن. بۆ ئەو کەسانەی بەدوای وەڵامی "بۆچی ئایین لەم سەردەمەدا گرنگە؟" دەگەڕێن.

باسی یەکەم: کۆچی شارستانی؛ لە ئیسلامی "بزوێنەر"ەوە بۆ ئایینی "کەلەپوور"

لەم بەشەدا، تیشک دەخەینە سەر کۆچی شارستانیی ئیسلام لە پێگەی "بکەرێکی بزوێنەرەوە" بۆ "کەلەپوورێکی سڕبوو"، کە تێیدا بەتاڵبوونەوەی عەقڵ لە داهێنان کایەکەی چۆڵکرد بۆ زانستی بێمۆراڵی ڕۆژئاوا و بۆمبێکی فەرهەنگی کە ڕۆژهەڵاتی تووشی لاساییکردنەوەی ڕووکەشی کرد. لێرەوە، بە پشتبەستن بە سۆسیۆلۆژیای مێژوویی دەسەلمێنین کە کێشەکە لە ئاییندا نییە بەڵکو لە "خەوتنی مێژوویی عەقڵ"دایە، و ڕزگاربوونیش تەنها بە گەڕانەوە بۆ کرۆکی زیندووی ئایین وەک پەیامی ئازادی و ژیان دەستپێدەکات. لەکۆتاییدا، داوای گۆڕینی میتۆدی باوی مێژوونووسین دەکەین لە مێژوویەکی سیاسیی ڕووکەش و ڕۆژهەڵاتناسییەوە، بەرەو خوێندنەوەیەکی "پێکهاتەیی و فیلۆلۆژیی ڕەخنەیی" کە دەقەکان لە ناو سیاقی ڕەسەنی خۆیاندا دەخوێنێتەوە، بەبێ شێواندنی مێژوو و بەبێ سەپاندنی پێوەر و چەمکە هاوچەرخەکان بەسەر ڕابردوودا.

١- پێشینەی فیکری: مێژوو، دەق و شارستانیەت

ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٤، تەنها گۆڕینی سیستەمێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو وەک ئارنۆڵد توینبی دەڵێت: «کۆتاییهاتنی وەڵامە گەورەکانی ئیسلام بوو بۆ تەحەددیاتی سەردەم.» کاتێک ئایین لە بزوێنەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەگۆڕێت بۆ تەنها کۆمەڵێک ڕێوڕەسمی ساردوسڕ لە گۆشەی مزگەوتەکاندا، ئەوا دووچاری ئەوە دەبێت کە مالیک بن نەبی ناوی دەنێت «قۆناغی پاش شارستانی. لێرەدا ئەبولحەسەن نەدەوی لە کتێبە ناوازەکەیدا (ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمین) ڕەهەندێکی جیهانی دەبەخشێتە ئەم شکستە؛ ئەو پێی وایە

ئەم پاشەکشەیەی موسڵمانان تەنها زیانێکی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو «کارەساتێکی گەردوونی» بوو؛ چونکە بە پاشەکشەی ئیسلام، دەسەڵاتی جیهان کەوتە دەست "مادیگەراییەکی بێ ڕۆح" کە مرۆڤایەتی بەرەو جەنگ و وێرانی برد. نەدەوی دەڵێت: «کاتێک موسڵمانان لە بکەری مێژوو کشانەوە، جیهان ڕێبەریی پەیامهێنیی لەدەستدا و کەوتە ژێر ڕکێفی جەنگەڵە مادییەکان.» کە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ هۆشدارییە پێغەمبەرییەکە کە دەفەرموێت: يَأْتِيَ عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ لَا يَبْقَى مِنَ الْإِسْلَامِ إِلَّا اسْمُهُ» (سەردەمێک دێت لە ئیسلام تەنها ناوەکەی دەمێنێتەوە).

وەرچەرخان لە "بکەر"ەوە بۆ "بەرکار" لەم قۆناغەدا، ئایین وەک وێنەیەکی فۆتۆگرافی لێدەکات؛ ڕەنگ و شێوەی هەیە بەڵام توانای جوڵە و گۆڕانکاری نەماوە. زانایان و بیرمەندانی نوێ ئاماژە بە وەرچەرخان لە «ئایینی گۆڕان»ەوە بۆ «ئایینی ڕەوش» دەکەن. گەورەترین کارەسات ئەوە بوو کە ئیسلام لە «ئایدۆلۆژیایەکی بزوێنەر»ەوە گۆڕا بۆ «کەلەپوورێکی پیرۆز». عەلی شەریعەتی لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئایینێک کە نەتوانێت پێش مردن ژیانت بۆ بگۆڕێت، چاوەڕێ مەبە پاش مردن ڕزگارت بکات. لەم دۆخەدا موسڵمانان تووشی نەخۆشیی «گونجاو بۆ داگیرکران» بوون. مالیک بن نەبی جەخت دەکاتەوە کە شکستی سەربازی ئەنجامی شکستی فیکرییە، چونکە کاتێک موسڵمانان لە ناوەوە بەتاڵ بوونەوە لە داهێنان، داگیرکاری دەرەکی تەنها ئەنجامێکی حەتمی بوو: «داگیرکاری نەدەهات ئەگەر ئێمە لە ناوەوە خۆمان بۆ ئامادە نەکردایە.» ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر یاسا گەردوونییەکەی قورئان: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾. هاوکات دکتۆر محەمەد عابد ئەلجابری باس لە «دابڕانی عەقڵ لە واقیع» دەکات و پێی وایە شکستی شارستانیی ئێمە پەیوەستە بەوەی عەقڵی

ئیسلامی لەناو «کەلەپوور»دا بەند بووە؛ وای کردووە بە عەقڵی ڕابردوو بمانەوێت کێشەکانی داهاتوو چارەسەر بکەین. لە لایەکی ترەوە، وائیل حەلاق بیرمەندی هاوچەرخ، پێی وایە «دەوڵەتی مۆدێرن» لە ڕۆژهەڵاتدا بە شێوەیەک دارێژاوە کە ئیسلامی تێدا کراوەتە پەراوێز و تەنها وەک «ئەخلاقێکی تاکەکەسی» ماوەتەوە، بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر یاسا و دەسەڵات و زانست هەبێت.

٢- ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاوا: زانستی داماڵدراو لە بەها و بۆمبی فەرهەنگی

کاتێک موسڵمانان لەناو کەلەپووری ڕزیوی خۆیاندا دەخولانەوە، ڕۆژئاوا لە ڕێگەی ڕێنیسانسەوە توانی "عەقڵ" لە قەفەسی کەنیسە ڕزگار بکات. فرانسیس بەیکن دروشمی "زانست هێزە"ی بەرزکردەوە. ئەم هێزە تەنها بۆ دۆزینەوەی گەردوون نەبوو، بەڵکو بۆ داگیرکردنی ئەوانی تریش بوو. ئەو مەسیحییەتەی کە پێشتر لەسەر بنەمای "ئەگەر زلەیەکیان لە ڕوومەتی ڕاستت دا، چەپیشیان بۆ وەرگێڕە" بونیاد نرابوو، گۆڕا بۆ ئایدۆلۆژیایەکی ئیمپریالیستی؛ زانست لە خزمەتی خەنجەردا! کاتێک زانست لە ئەخلاق جیاکرایەوە، بوو بە ئیمپریالیزم، چونکە ئیتر هیچ "بەهایەکی باڵا" نەبوو ڕێگرییان لێ بکات لە خوێنڕشتن. بێرتراند ڕەسڵ ئاماژە بەوە دەکات کە زانستی ڕۆژئاوایی کاتێک لە ئەخلاق داماڵدرا، بوو بە ئامرازێک بۆ جڵەوکردنی جیهان. ئیسلام لێرەدا نەک هەر لە ڕووی سەربازییەوە، بەڵکو لە ڕووی "ئیرادەی ژیان"یشەوە شکستی خوارد. داگیرکاریی بێشەرم بە گوێدرێژ و هەوسار و کورتانەوە هات؛ نوێگەریی دوور لە دەمارگیری کە بە "ڕۆشنبیر" ناسراوە جڵەوی گرت و بە هەموو شوێنێکدا گەڕاندی. ندیبدیەکان کە ئەم سوارەیان دیت بەرەو پیری چوون. ئەمەش بۆمبێکی فەرهەنگی و کەلتوری بوو کە ورک و پایبوونی هەڵدایە ناویانەوە و هاواری دەکرد: "وەرن سەرتاپاتان ببنە خۆرئاوایی"!

سەید حەسەنی تەقزادە جەخت لەسەر خاڵێکی ترسناک دەکاتەوە: «نوێگەرییەک کە لەگەڵ داگیرکاریدا هات، نوێگەریی عەقڵانی نەبوو، بەڵکو نوێگەریی ڕووکاری بوو.» ئەمە ئەو دیاردەیەیە کە فرانتس فانۆن لە کتێبی *(دەموچاوە ڕەشەکان، ماسکە سپییەکان)*دا باسی دەکات؛ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، لەبەر ئەوەی لە ناوەوە هەست بە پووچی دەکات، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پۆشاک، زمان و لاساییکردنەوەی بێ مەرجی ڕۆژئاواوە ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە. فەیلەسوفی فەرەنسی ژان پۆڵ سارتەر لە پێشەکییەک گەورەیدا بۆ کتێبی (زەلیلانی سەر زەوی)، بە تەنزێکی تاڵەوە ئەم پاشکۆیەتییە دەردەخات و دەڵێت: «لەم شوێنانەی ئەفریقا و ئاسیادا، پێشتر کاتێک ئێمە لە ڕۆژئاواوە دەممان دەکردەوە دەنگمان دەهات، بەڵام ئێستا کاتێک ئەوان (ڕۆشنبیرە لاساییکەرەوەکان) دەمیان دەکەنەوە، دووبارە دەنگی ئێمەی لێ دەهاتەوە!»

ئەمە گەورەترین مەرگی شارستانی و مرۆییە؛ کاتێک نەتەوەیەک توانای داهێنانی نامێنێت و ناتوانێت بە زمانی عەقڵ و بەهاکانی خۆی بیر بکاتەوە. لێرەدا، هۆشدارییە پەیامهێنەکە (د.خ) وەک پاساوێکی قووڵی سۆسیۆلۆژی بۆ پاراستنی جیاوازیی شارستانی دەردەکەوێت: «مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ» (هەرکەسێک خۆی بە نەتەوەیەک بچوێنێت، لەوانە)؛ چونکە ئەم تێزە تەنها ڕێسایەکی ڕووکەشیی فیقهی نییە، بەڵکو یاسایەکی پاراستنی "کرۆکی ناسنامە"، مانەوەی فیکری و بەرگریی کولتورییە. ئێستاش پاش ئەو هەموو ماوە پڕ لە شەڕ و ئازارە، هەستدەکەین بووینەتە کەسانی نوێگەر و چاولێکەر، بەڵام نەبووینەتە کەسانی شارستانی و پابەند بە شارستانێتی خۆمان. (نوێگەر بوون تەنها گۆڕینی فۆرم و ڕووتوێژە، بەڵام شارستانی بوون پابەندبوونە بە پرۆژەیەکی مەعریفی، ئەخلاقی و بەرهەمهێن کە لە ناو کۆدەری بەها ڕەسەنەکانی خودی نەتەوەکەوە سەرچاوە دەگرێت.). وردە وردە چوینە

ڕیزی "خۆچوێنەران" (کەسانێکی غەیرە ئەورووپی کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا خۆیان وەک ئەوان لێکردووە). تەقزادە لە کتێبی (التسلیم والتقلید) دەڵێت: لەپاش ئەو هەرەسە گەورەیەی خەلافەت، هەرچەندە ڕۆشنبیران هەوڵیاندا بۆمبی هۆشیاری بتەقێننەوە، بەڵام کاتێك تەقاندیانەوە، بۆمبی تەسلیمبوون و چاولێگەری بوو. تەنانەت فیردەوسی ڕوودەکاتە پەیامهێنەر و دەڵێت:

ببستند بر او بر، برگ و ساز / گر او را ببینی، نشناسی باز

ئێستە هێندە ئارایشی دین کراوە و بەرگی تەزویر کراوە بە بەریدا، ئەگەر بیبینیتەوە نایناسیتەوە.

٣- ئایین وەک بزوێنەر: گەڕانەوە بۆ ناوڕۆکی زیندوو

ئەو تێڕوانینە سادە و باوەی کە دەڵێت "ئایین لە بنەڕەتدا هۆکاری دواکەوتنی گەلانە"، لە ژێر تیشکی سۆسیۆلۆژیا و فەلسەفەی هاوچەرخدا نرخێکی زانستیی نییە و کورتکردنەوەی واقیعە. مێژوونووس و دۆزەرەوەی سۆسیۆلۆژیا ئیبن خەلدون لە *(موقەدیمە)*کەیدا دەیسەلمێنێت کە مرۆڤەکان بەبێ "پەیامێکی ئایینی" ناتوانن ئیمپراتۆریەت و شارستانیەتی گەورە دابمەزرێنن؛ چونکە ئایین تاکە هێزە کە دەتوانێت بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان بتوێنێتەوە و ئیرادەی گەلێک لە دەوری یەک ئامانجی باڵا کۆبکاتەوە. هاوشانی ئەو، سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی ئیمێل دورکایم دووپاتی دەکاتەوە کە ئایین کرۆکی "هاوپشتیی کۆمەڵایەتی" پێکدەهێنێت و کۆمەڵگە لە پەرتبوون دەپارێزێت. ئەم هێزە بزوێنەرە تەنها تایبەت نییە بە مێژووی کۆن؛ بەڵکو سۆسیۆلۆژیستی ئەڵمانی ماکس ڤیبەر لە کتێبی ناوداری *(ئەخلاقی پرۆتێستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری)*دا ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن وەرچەرخانێکی فیکری لە تێگەیشتنی ئاییندا، بوو بە داینەمۆی سەرەکی

بۆ لەدایکبوونی مۆدێرنە و ڕاپەڕینی ئابووری لە ڕۆژئاوادا. کەواتە کێشەکە لە خودی ئاییندا نییە، بەڵکو لە "جۆری تێگەیشتن و گۆڕانی فۆڕمی دینداری"دایە. وەک چاکسازیخواز شێخ محەمەد عەبدو بە شێوازێکی هاوکێشەیی ئەم واقیعە دەردەخات و دەڵێت: ئەوروپا وازی لەو ئایینە هێنا کە کەنیسە دایتاشتبوو بۆیە پێشکەوت، بەڵام ئێمە وازمان لەو ئایینە هێنا کە خودا بۆی ناردبووین (ئایینی عەقڵ و کار) بۆیە دواکەوتین.

ئەو ئیسلامەی ئێستا لە جیهانی پاشەکشێی موسڵمانانددا دەبینرێت، وەک مەولانا جەلالەدینی ڕومی دەڵێت، تەنها "بەرگ و پێستەیە" و ناوڕۆکە زیندووەکەی ون بووە. بیرمەندی گەورەی جەزائیری مالیک بن نەبی لە تیۆریی *(مەرجەکانی ڕێنیسانس)*دا لێکدانەوەیەکی وردی مێژوویی بۆ ئەم پرۆسەیە دەکات و دەڵێت: ئایین وەک کاتالیزۆرێک (خێرا کەرەوەیەک) کار دەکات کە لە ساتەوەختی سەرەتاکەیدا، وزە خاو و کێوییەکانی مرۆڤ ڕێکدەخات و شارستانیەتی لێ بەرهەم دەهێنێت؛ بەڵام کاتێک عەقڵ لەکار دەکەوێت و تووشی داڕووخان دەبێت، ئایین لە بزوێنەرێکی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە بارگرانییەک بەسەر کۆمەڵگەوە و مرۆڤ تووشی دۆخی "پاش شارستانیەت" و قابلیەتی داگیرکاری دەکات«. ئەم گۆڕانکارییە مێژووییە لە وزەیەکی دینامیکییەوە بۆ سڕبوون، ڕێک ئەو واقیعەیە کە فەیلەسوفی ڕووسی نیکۆلای بێردیایێف پێی دەڵێت "خەوتنی مێژوویی عەقڵ"؛ کاتێک مرۆڤەکان پیرۆزیی دەق بۆ شەرعیەتدان بە تەمبەڵی، کەنەفتی و چەقبەستوویی خۆیان بەکاردەهێنن. لێرەوە ئایین لە "یاخیبوونێک بۆ چاکسازیی مێژوویی" دەگۆڕێت بۆ کۆت و زنجیرێک لە پێناو پیرۆزکردنی ڕابردوودا. ئەم پاشەکشەیەی ئیرادە، لە دیدی فەلسەفەی ڕەخنەیی جیهانیشەوە وەک تەسلیمبوونێکی کوشندە بینراوە، ڕێک وەک ئاگادارییەکەی فریدریش

نیتشە کە دەڵێت: ترسناکترین شت ئەوەیە ئایین ببێتە ئامرازێک بۆ لاوازکردنی ئیرادەی مرۆڤ و پیرۆزکردنی دەستەوستانی، لە جیاتی ئەوەی ببێتە هێزێک بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی ژیان.

بۆ تێگەیشتن لەو وزە بێ وێنەیەی کە لە سەرەتادا جیهانی گۆڕی، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ساتەوەختە ستراتیژییەی کە ئایین تێیدا "داهێنان و جووڵە" بوو نەک "تەقلیدێکی کوێرانە"؛ واتە وەڵامدانەوەی ڕاستەقینە بۆ بانگەوازە قورئانییەکە: ﴿اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾ کە ئایین ڕێک وەک پەیامی ژیان، ئازادی و شکۆ پێناسە دەکات. محەمەد ئیقبالی لاهوری بە زمانێکی پڕ لە هاواری فیکری تیشک دەخاتە سەر ئەم تراژیدیایە و دەڵێت: «کێشەی موسڵمانانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە ئایینیان کردووە بە "قەبرستانێکی پیرۆز" کە تێیدا دەژین بەبێ ئەوەی بیجوڵێنن یان تەوژمێکی نوێی پێ ببەخشن. بۆیە، وەک چۆن ئایینی سەرەتایی توانی بە ئاراستەکردنی عەقڵ، تێڕامان و کار جیهان بگۆڕێت، ڕزگاربوونی ئێستاش تەنها بە گۆڕینی فۆڕمی دینداری لە ناوەوە دەستپێدەکات؛ ئینقیلابێکی فیکری و عەقڵانی کە ئایین لە کۆستی تەسلیمبوون و خەوی مێژوویی ڕزگار بکات و بیباتەوە سەر کرۆکە ڕەسەنەکەی، کە هێزی ڕاپەڕین، ئاوەدانی و داهێنانە لە پێناو داهاتوودا.

٤- میتۆدی خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامی: لە مێژووی ڕووداوەوە بۆ مێژووی پێکهاتەیی

لێرەوەیە کە کەموکوڕیی میتۆدۆلۆژی لە زۆربەی کتێبە گشتییەکانی مێژوودا دەردەکەوێت، بەتایبەت ئەو لێکۆڵینەوانەی مێژوونووسە ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆژئاواییەکان نووسیویانە. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە مێژووی ئیسلامی لەم دەقانەدا کورتکراوەتەوە بۆ "مێژووی سیاسیی هێڵکاری(Linear Political History) "، واتە گۆڕانی خەلیفەکان،

شەڕەکان و ململانێی دەسەڵات، لە کاتێکدا پێکهاتە قووڵەکەی شارستانیەت فەرامۆش کراوە. وەک فەیلەسوف و مێژوونووسی فەرەنسی فێرناند برۆدێل — (Fernand Braudel) پێشەنگی قوتابخانەی "ئاناڵ"ی مێژوویی، دەڵێت: مێژووی ڕووداوە سیاسییەکان تەنها وەک شەپۆلەکانی سەر ڕووی دەریا وان؛ کورتخایەن و لێڵن. بۆ تێگەیشتن لە شارستانیەتەکان، دەبێت سەیری قووڵایی دەریاکە بکەین، واتە مێژووی پێکهاتە هێواشەکان (Longue durée) وەک ژینگە، ئابووری، دابونەریت و خۆراک«. هۆدجسۆن لە کتێبە ناودارەکەیدا (The Venture of Islam)کە بە باوک و دارێژەری مێژووی پێکهاتەیی شارستانیەتی ئیسلامی لە ڕۆژئاوا دادەنرێت، ڕەخنەیەکی توند لە ڕۆژهەڵاتناسەکان دەگرێت کە مێژووی ئیسلامییان کورتکردووەتەوە بۆ شەڕ و خەلیفەکان (مێژووی سیاسی هێڵکاری): «مەحاڵە تێگەیشتن لە ئیسلام وەک شارستانیەتێک، ئەگەر تەنها لە چوارچێوەی ململانێی خانەدانە سیاسییەکان یان بە پێوەر و گەشەسەندنی مێژووی ئەورووپیدا بیپێوین. ئیسلام نەخشەیەکی جیهانیی بەرفراوانترە؛ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فیکریی خۆبژێو بوو کە گەلان لە ڕێگەیەوە جیهانی خۆیان دارشتەوە، نەک تەنها دەوڵەتێکی سیاسی کە بە مردنی خەلیفەیەک کۆتایی بێت.»

نووسینی مێژووی ئیسلامی پێویستی بەم جۆرە هاوئاهەنگییە فرە دیسیپلینییە (Multidisciplinary) هەیە؛ ناسینی وردی گۆڕانکارییەکانی فەلسەفە، تژیبوونی هونەر، تەکنەلۆژیای ئاودێری، پەیوەندییەکانی بازاڕ، و تەنانەت فیسیۆلۆژیای ژینگەیی. سەردەمی ئیسلامی بە دەوڵەمەندترین مێژووی کۆمەڵایەتی دادەنرێت؛ چونکە ئەم جوگرافیایە بۆ ماوەی هەزار ساڵ گۆڕەپانی بەریەککەوتنی توخمە نەژادی و کولتوورییە جیاوازەکان (عەرەب، کورد، فارس، تورک، بەربەر، هیندی

و مۆنگۆل) بوو، کە لە ناو ڕەوتی گەورەی دەقە قورئانییەکەدا یەکیان گرتبوو. داوی "ئاناکرۆنیزم (Anachronism) "و خوێندنەوەی چەواشەکارانە ئەو قۆناغەی ئێستا زۆربەی ڕۆشنبیرانی هاوچەرخ دەیخوێننەوە، نرخێکی مەعریفیی ئەوتۆی نییە، چونکە تووشی داوی "ئاناکرۆنیزم" (دژە-مێژوویی) بوون؛ واتە هەڵسەنگاندنی ڕابردوو بە پێوەر و چەمکەکانی ئێستا. ئەوان واقیعی مێژوویی ئیسلام بە چاویلکەی شۆڕشی فەرەنسی، سکولاریزمی ئەوروپی و مۆدێرنەی دەوڵەت-نەتەوە دەخوێننەوە. ئەم کێشەیە هاوشێوەی کێشەی "موتەکەلیمینی" (خوداناسانی) سەردەمە کۆنەکانە کە دەیانویست دەقەکانی قورئان و سوننەت بە چاویلکەی فەلسەفەی یۆنانی (ئەرستۆیی و ئەفلاتوونی) لێکبدەنەوە، کە دەرەنجامەکەی نامۆبوونی دەقەکە بوو لە ڕەسەنایەتی خۆی. بیرمەندی گەورە د. تەها عەبدولڕەحمان لە تێزی "فەلسەفە و وەرگێڕان"دا ئاماژە بەوە دەکات کە هاوردەکردنی چەمکی بێگانە بەبێ ڕەچاوکردنی ژینگەی زمانەوانی و مێژوویی، دەبێتە هۆی "کۆیلایەتیی فیکری" و شێواندنی حەقیقەت.

نموونەیەکی مێژوویی: کاتێک مێژوونووسێکی مۆدێرن چەمکی «شورا» لە مێژووی پێشیناندا دەخوێنێتەوە، ڕاستەوخۆ هاوتای دەکات لەگەڵ «دیموکراسیی لیبراڵی ڕۆژئاوا»، یان کاتێک چەمکی «بەیعەت» دەخوێنێتەوە، وەک «گرێبەستی کۆمەڵایەتی»ی ژان ژاک ڕۆسۆ لێکی دەدەنەوە. ئەمە شێواندنی مێژووە؛ چونکە شورا و بەیعەت لە ناو سیستمێکی ئیپیستۆمۆلۆژی (مەعریفی) و ئیمانیدا کاریان کردووە کە تەواو جیاواز بووە لە بنەماکانی مۆدێرنە.

فیلۆلۆژی (زمانەوانیی مێژوویی)و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە هاوسەردەمەکان، بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینە، دەبێت مێژووی ئەو

ئیسلامە سەرەتاییە بناسین و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین کە توانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لە نەفامی و خێڵەکێشی ڕزگار بکات، و لە ڕووی جیۆپۆلەتیکی و شارستانییەوە کۆتایی بە دوو گەورە ئیمپراتۆریەتی جیهانی (ساسانی و بیزەنتی) بهێنێت. ئەمەش تەنها بە پشتبەستن بە میتۆدی "فیلۆلۆژیی ڕەخنەیی (Critical Philology) ""دەقناسیی ڕەخنەیی بەدی دێت، واتە گەڕانەوە بۆ ئەو بەڵگەنامە، دەق، نامە و دراوانەی کە هی خودی ئەو ڕۆژگارەن و هاوسەردەمی ڕووداوەکانن (وەک بەڵگەنامەکانی سەردەمی پەیامهێن (د.خ)، دەقە سەرەتاییەکانی فیقهی و مێژوویی پێش تێکەڵبوونیان بە فەلسەفەی وەرگێڕدراو). فەیلەسوفی مێژوو ئێدوارد سەعید لە کتێبی ناوداری (ڕۆژهەڵاتناسی Orientalism)دا بە ڕوونی ئەم کێشەیە ڕوون دەکاتەوە و دەسەلمێنێت کە چۆن ڕۆژئاوا "مێژوویەکی گریمانەیی" بۆ ئیسلام دروست کردووە تا لەگەڵ پێویستییە ئیمپریالیستییەکانی خۆیدا بگونجێت. ئەو دەڵێت: ڕۆژهەڵاتناسی دەقێکی گوزارشتکارە کە دەیەوێت ڕۆژهەڵات کۆنترۆڵ بکات، نەک ئەوەی وەک خۆی و لە ناو واقیعی مێژوویی خۆیدا تێی بگات. کەواتە، ڕزگارکردنی مێژووی ئیسلامی لە چاوی دەمارگیریی دەرەکی (ڕۆژهەڵاتناسی کینەدرێژ) و نەفامیی ناوخۆیی (کەلەپووری ڕزیو)، پێویستی بە میتۆدێکی زانستی هەیە کە تێیدا "دەقی ڕەسەن" لە ناو "سیاقی مێژوویی" خۆیدا بخوێنرێتەوە، نەک وەک پاشکۆیەکی فیکری بۆ مۆدێلە ئامادەکراوەکانی دەرەوە.

باسی دووەم: نەزمە پیرۆزەکان؛ قورئان و فەرموودە لە نێوان ئەزەلیەتی وەحی و بەرجەستەبوونی شارستانی.

لەم بابەتەدا، تیشک دەخەینە سەر کرۆکی "نەزمە پیرۆزەکان"؛ سەرەتا شیکاریی بۆ قورئان دەکەین وەک هێزێکی بزوێنەر کە مرۆڤ لە دۆخی خێڵەکییەوە گەیاندە لووتکەی شارستانی، و لە ڕێگەی بەڵگە شوێنەوارناسی و زمانەوانییەکانەوە وەڵامی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەدەینەوە کە دەیانەوێت دەقەکە کورت بکەنەوە بۆ بەرهەمێکی مێژوویی کاتی. هاوکات، باس لە فەرموودە دەکەین وەک ڕێگەی بەرجەستەکردنی واقیعیی وەحی، و تیشک دەخەینە سەر پتەویی میتۆدی ڕەخنەیی زانایان دژی شێواندنی سیاسی، تا نیشان بدەین چۆن فەرموودە توانی حیکمەتە ئەزەلییەکان بگۆڕێت بۆ سیستەمێکی ئەخلاقی و زیندوو لە کایەکانی دەروونناسی، کۆمەڵگە و بازاڕدا.

١- قورئان: ئەو گەردوونەی کە دەدوێت؛ لە "إقرأ"ی وجودییەوە بۆ "عەقڵی بینەر".

قورئان ئەو گەوهەرە بێ هاوتایەیە کە لە دەریای لاهوتەوە بۆ کەناری ناسوت دابەزیوە؛ کیمیایەکە کە پیتی وشک دەگۆڕێت بۆ ڕۆحی زیندوو، و وشەی کاتیی دەبەستێتەوە بە واتای ئەزەلییەوە. ئەو نەک تەنها "دەق"ێکە بۆ خوێندنەوە، بەڵکو "گەردوون"ێکە بۆ تێڕامان؛ تیشکێکە لە سێبەری "نور"ەوە هاتووە تا تاریکییەکانی گومان بدڕێنێت و عەقڵی سەرگەردان لە کێڵگەی حەیرەتەوە بەرەو باخچەی یەقین ڕێنوێنی بکات. لە ڕووکەشدا، ڕەوانبێژییەکەی ئەوەندە باڵایە کە عەقڵە مەزنەکان لەبەردەم سادەیی و قووڵاییەکەیدا کڕنۆش دەبەن، و لە ناوەڕۆکدا، دەریایەکە بنکی نییە؛ هەرچی تینوویەکی مەعریفە هەیە لێی دەخواتەوە و هێشتا لێژاوەکەی هەر لێشاودایە. ئەو، "تەرازووی خودایی"یە لە

زەویدا؛ ئەگەر مێژوو لێڵ بێت، ئەو ڕوونی دەکاتەوە، ئەگەر عەقڵ ماندوو بێت، ئەو دەیحەسێنێتەوە، و ئەگەر شارستانیەت تووشی پوکانەوە بێت، ئەو دەبێتەوە بە داینەمۆی هەستانەوەی. کاتێک قورئان دەفەرموێت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم دەقە دەرمانی ئەو دەردە بێدەنگانەیە کە عەقڵ و فەلسەفە پێیان ناوێرن. لای ئیمامی غەزالی، ئەم شیفایە تەنها بۆ جەستە نییە، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی "دڵ"ە لە نەخۆشییەکانی ڕق، چڵێسی، و سەرگەردانی. قورئان لێرەدا دەبێتە ئەو فێنکاییەی کە گەرمای "حەیرەت" دەکوژێنێتەوە و وەک ئایەتەکە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِّمَا فِي الصُّدُورِ﴾. ئەمە ئەو خاڵەیە کە تێیدا مرۆڤ لە "تەنگەژەی بوون" ڕزگاری دەبێت و دەگاتە ئەو ئارامییەی کە هیچ سیستەمێکی دەروونناسیی مادی ناتوانێت دابینی بکات. هاتنی قورئان گەورەترین وەرچەرخانی مێژوویی بوو؛ گۆڕینی مرۆڤ بوو لە بکەرێکی وێڵەوە بۆ بکەرێکی ئاڕاستەکراو. ئایەتی ﴿ذَٰلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾ ڕای دەگەیەنێت کە ئەم کتێبە تەنها کۆمەڵە زانیارییەک نییە، بەڵکو "نەخشەی ڕێگا"یە. وەک محەمەد ئیقبال دەڵێت: "هیدایەتی قورئان گۆڕینی چۆنیەتیی تێڕوانینی مرۆڤە بۆ گەردوون". قورئان تەنها کتێبێکی "ئامۆژگاری" نییە، بەڵکو وەک مالیک بن نەبی ئاماژەی پێ دەدات، ئەو "هێزە بزوێنەرە"یە کە توانی مرۆڤی بیابان بگۆڕێت بۆ مرۆڤی شارستانیەت. ئەم گۆڕانکارییە لە ڕێگەی "نور"ەوە دەبێت: ﴿قَدْ جَاءَكُم مِّنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ﴾. لێرەدا دەبینین ئامانجی کۆتایی هیدایەت "گەیشتنە بە ئاشتی" (سبل السلام)، ئاشتی لەگەڵ خود، لەگەڵ مرۆڤەکانی تر، و لەگەڵ ژینگەدا. قورئان ئەو خاڵەیە کە تێیدا "وەحی" دەبێتە "مێژوو"، تا مێژوو چاک بکاتەوە.» قورئان بە فەرمانی ﴿اقْرَأْ﴾

دەستی پێکرد، تا مرۆڤ لە "دۆخی سروشتی" ڕزگار بکات و بیخاتە ناو "دۆخی مێژوویی". ئیبن ڕوشد لە (فصل المقال)دا دەڵێت: "شەریعەت بانگهێشتمان دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی عەقڵی لە بوون"، ئەمەش ڕێک ئەو خاڵەیە کە ئیمامی غەزالی لە (المنقذ من الضلال)دا وەک گەڕان بەدوای "یەقین" وەسفی دەکات. قورئان لێرەدا تەنها زانیاری نادات، بەڵکو وەک محەمەد ئیقبال دەڵێت: «قورئان پێت دەڵێت: تۆ بکەری گۆڕانکاریت، نەک تەنها بینەر.» ئەمە وەڵامی قورئانە بۆ ئیمانوێل کانت؛ کە دەیەوێت عەقڵی مرۆڤ بکاتە تەنها سەرچاوە و پێوەر بۆ ناسینی حەقیقەت و جیهان بەبێ پشتبەستن بە ئایین یان وەحی. لە کاتێکدا، عەقڵ بەبێ وەحی دەگاتە بنبەست، بەڵام بە وەحی دەبێتە «عەقڵی بینەر» ." کاتێک قورئان دەفەرموێت ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾، بنەمایەکی دانا کە تۆماس هۆبز و جان جاک ڕۆسۆ ساڵانێکی زۆر بەدوایدا گەڕان. لای عەلی عیزەت بێگۆڤیچ، ئەم ئایەتە "ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی مرۆڤە" لە هەموو جیاکارییەکی ڕەگەزی. فەرموودەی "الناس سواسية كأسناد المشط" (خەڵک وەک ددانەکانی شانە یەکسانن)، وەک مالیک بن نەبی ئاماژەی پێ دەدات، ئەو "وزە کۆمەڵایەتییە"یە کە توانی کۆمەڵگەی پەرش و بڵاوی عەرەب بکاتە "ئوممە". ئەمە تەنها یەکسانییەکی یاسایی نییە، بەڵکو وەک دوورکهایم باسی دەکات، دروستکردنی "ویژدانی جەمعی"یە.

ڕەخنەگرتن لە دەقی قورئان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە؛ لە سەردەمی دارِشتنی یەکەمی دەقەکەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی تا دەگاتە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە مۆدێرنەکانی ڕۆژهەڵاتناسی لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا. لێرەوە، کاتێک ئەم تەلارە مەعریفی و کۆمەڵایەتییە گەورەیە تاقی دەکەینەوە، ڕووبەڕووی تێڕوانینی ڕەخنەگرانی مێژوونیگەران و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسان (وەک جۆن وانسبرۆ و پاتریشا کرۆن)

دەبینەوە کە دەڵێن: «قورئان ناتوانێت کتێبێکی سەروو-سروشتی و بۆ هەموو کاتێک بێت؛ چونکە ئەو تەنها بەرهەمێکی مێژوویی و فەرهەنگیی سەدەی حەوتەمی بیابانی عەرەبییە. زمانەکەی، چیرۆکەکانی پێغەمبەران، و شێوازی تێڕوانینی بۆ گەردوون، هەمووی لە ژێر کاریگەریی کلتووری خێڵەکی و دەقەکانی پێشووی وەک تەورات و ئینجیلدا بووە، بۆیە بە گۆڕانی زانست و سەردەم، ئەم دەقە تایبەتمەندییە گەردوونییەکەی خۆی لەدەست دەدات». بەڵام کاتێک بە میتۆدی زانستی، فیلۆلۆژی و فەلسەفی بە شێوەیەکی قووڵ و گشتگیر سەیری قورئان دەکەین، دەبینین ئەم ڕەخنانە لەبەردەم لۆژیکی دەقەکە و بەڵگە جدییەکاندا ڕووبەڕووی بنبەست دەبنەوە.

لەسەر ئاستی مێژوویی و پرۆسەی کۆکردنەوەی دەق، دۆزینەوە ماددییە حاشاهەڵنەگرەکان تەواوی تیۆرییەکانی قوتابخانەی پێداچوونەوەخوازی مێژوویی تێکشکاند؛ پشکنینی کاربۆنی تیشکدەر بۆ "دەستنووسی قورئانی بێرمینگهام" سەلماندی کە مێژووی نووسینەوەی دەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی ٥٦٨ بۆ ٦٤٥ی زایینی، واتە ڕێک لە ژیانی پێغەمبەر خۆیدا یان کەمتر لە ٢٠ ساڵ دوای کۆچی دوایی ئەو نووسراوەتەوە. ئەم واقیعە وای لە بیرمەند و ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ئەڵمانی ئەنجیلیکا نۆیڤێرت کرد بە ڕاشکاوی بڵێت: «تیۆرییەکانی درەنگ کریستاڵبوونی قورئان لە ڕووی مێژووییەوە هەرەسیان هێناوە، قورئان دەقێکە ڕێک لە ژینگەی حیجازی سەدەی حەوتەمدا لەدایکبووە و گەشەی کردووە.« ئەم گەواهییە مێژوویی و شوێنەوارناسییە دەسەلمێنێت کە ئەگەر قورئان لاساییکردنەوە یان پاشکۆی دەقەکانی پێش خۆی بووایە، دەبوو ئەو زانیارییە مێژووییە هەڵانەشی تێدا دووبارە ببێتەوە کە لە کتێبە کۆنەکاندا هەبوون، بەڵام زانستی شوێنەوارناسیی نوێ پێچەوانەکەی سەلماند. بۆ نموونە لە نهێنی وشەی فیرعەوندا، لە

دەقی تەوراتدا تەنانەت لە سەردەمی حەزرەتی یووسفیشدا بە فەرمانڕەوای میسر دەوترێت "فیرعەون"، بەڵام قورئان بە وردییەکی بێوێنە، لە چاخی حەزرەتی یووسفدا تەنها وشەی ﴿الْمَلِكِ﴾ (پاشا) بەکاردێنێت، چونکە میسر لەو سەردەمەدا لە ژێر دەسەڵاتی شاکانی "هێکسۆس"دا بووە، لە کاتێکدا وشەی ﴿فِرْعَوْنَ﴾ تەنها بۆ سەردەمی حەزرەتی مووسا دەهێڵێتەوە، کە دواتر خوێندنەوەی نووسینە هیرۆگلیفییەکان سەلماندی لە ڕووی مێژوویەوە نازناوی فیرعەون لە سەردەمی حەزرەتی یووسفدا هێشتا دانەهێنرابوو. مرۆڤێکی ناو بیابان چۆن توانیویەتی ڕاستییەکی وا مێژوویی بزانێت کە خودی مێژوونووسانیش تێیدا تێکەڵاویان کردبوو؟ ئەم جیاوازییە لە دۆزینەوەی ناوی هامانیشدا دووبارە دەبێتەوە؛ کاتێک قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە هامان لە میسر هاوکاری فیرعەون و بەرپرسی بیناسازییەکانی بووە و ڕەخنەگران دەیانوت ئەم ناوە لە مێژووی میسردا نییە، بەڵام دوای خوێندنەوەی کێلی گۆڕە کۆنەکان، دەرکەوت لە مۆزەخانەی ڤییەنا تۆمارێکی هیرۆگلیفی هەیە کە تێیدا نووسراوە: "هامان: سەرۆکی بەردتاشەکانی پەرستگای ئاموون"، ئەمەش ڕوونترین بەڵگەیە کە قورئان لە گێڕانەوەکانیدا سەربەخۆ و ڕاستگۆیە و پاشکۆی هیچ دەقێکی تر نییە. لەمەش قووڵتر، تەنانەت لە گێڕانەوەی ڕووداوە گەردوونی و مێژووییەکانی وەک لافاوەکەی حەزرەتی نووح، قورئان لە تێکەڵبوونی گێڕانەوە ئەفسانەییەکانی وەک "داستانی گلگامێش" یان زیادەڕەوییە مێژووییەکانی تەوراتی دەپارێزێت؛ لافاوەکە لە قورئاندا وەک سزایەکی لۆکاڵی بۆ گەلێکی دیاریکراو و سەرپێچیکار پیشان دەدرێت، نەک وەک غەرقبوونی تەواوی زەوی و لەناوچوونی جیهانی زیندەوەران، کە ئەمەش ڕێک هاوتایە لەگەڵ دۆزینەوە جیۆلۆجی و شوێنەوارییەکانی ئەم سەردەمەدا.

هاوکات، لە ڕووی زمانەوانییەوە، تابلۆ نەخشێنراوەکانی پێش ئیسلام (وەک نەخشی زەبەد و نەمرە) دەیسەلمێنن کە زمانی عەرەبی پێش قورئان ڕێنووس و سەربەخۆیی خۆی هەبووە، و بوونی وشەی هاوبەش لەگەڵ سوریانیدا (سریانی) بەهۆی ڕەگی هاوبەشی زمانە سامییەکانە، نەک پاشکۆیی؛ بۆیە لێکۆڵەرانی وەک فرانسوا دێرۆش و مایکل مارکس تیۆرییەکەی کریستۆف لۆکێنبێرگ (دەربارەی خوێندنەوەی سوریانیی قورئان) بە سەپاندنی زۆرەملێی زمانەوانی دەزانن کە دەقەکە لە سیاقە عەرەبییە ڕەسەنەکەی دادەبڕێت. ئەم جیاوازییە لە خودی تەلاری زمانەوانی و هاوسەنگیی هەمیشەیی دەقەکەدا ڕەنگدەداتەوە؛ قورئان جۆرە زمانێکی داهێنا کە نە دەچووە خانەی شیعرەوە و نە پەخشان، شێوازێک کە عەرەبە زمانپاراوەکانی نێو لوتکەی ڕەوانبێژی تووشی سەرسوڕمان کرد. لە ڕووی زانستی زمانەوانییەوە، مەحاڵە مرۆڤێک بە درێژایی ٢٣ ساڵ، لە ناو نارەحەتی، جەنگ، خەم و دڵخۆشیدا دەقێک بڵێت کە سەرتاپای یەک پارچە هاوسەنگیی بیرکاری و زمانیی تێدا بێت و هیچ دژایەتییەک لە نێوان سەرەتا و کۆتاییەکەیدا نەبێت، وەک خۆی دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾.

لەسەر ئاستی پێکهاتەی ئەدەبیش، لێکۆڵینەوە مۆدێرنەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی ڕایمۆند فارین لە کتێبی (Structure and Qur'anic Interpretation) سەلماندی کە بازدانی کتوپڕی بابەتەکان لە ڕوواڵەتدا پچڕان نییە، بەڵکو تەکنیکێکی ئەدەبیی قووڵی سەردەمی کۆنە بە ناوی "پێکهاتەی ئەڵقەیی(Ring Composition) "، کە تێیدا سەرەتای سوورەتەکە بەستراوەتەوە بە کۆتاییەکەیەوە و کرۆکی بابەتەکەش دەکەوێتە چەق و ناوەڕاستی ئەڵقەکەوە. لێرەوە لایەنی سایکۆلۆژی و دەروونی دەقەکەش دەردەکەوێت؛ قورئان ئاوێنەی بارودۆخی دەروونی و کەسیی پێغەمبەر نییە. کاتێک خەمبارترین و

هەستیارترین ڕووداوەکانی ژیانی ڕوودەدەن (وەک کۆچی دوایی خدیجەی هاوسەری، یان فەوتانی ئیبراهیمی کوڕی)، هیچ ئایەتێک نایەتە خوارەوە کە باس لەم غەمە کەسییانە بکات، لە کاتێکدا کاتێک ڕەخنە و سەرکۆنەی خودی پێغەمبەر دەکرێت لەسەر هەڵەیەکی بچووکی وەک ڕوو گرژکردن لە نابینایەک، دەقەکە بە توندی لە سوورەتی ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى﴾دا تۆماری دەکات؛ ئەم سەربەخۆییە دەروونییەی دەقەکە لە خاوەنەکەی، مەحاڵبوونی سەرچاوە مرۆییەکەی دەسەلمێنێت. ئەم تەلارە زمانەوانی و دەروونییە هۆکاری سەرەکییە بۆ گەردوونێتی ماناکان و هاوتەریببوونی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستدا، چونکە قورئان زمانێکی بەکارهێناوە کە لە هەموو سەردەمێکدا وەڵامدەری عەقڵ بێت؛ کاتێک باسی دەستپێکی گەردوون دەکات بە وشەی ﴿رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا﴾ (پێکەوە نووسابوون و لێکمان جیاکردنەوە)، یان باسی فراوانبوونی ئاسمان دەکات ﴿وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ﴾، یان کاتێک باسی قۆناغەکانی گەشەی کۆرپەلە دەکات بە چەمکگەلێکی وەک ﴿نُّطْفَةً﴾، ﴿عَلَقَةً﴾ و ﴿مُضْغَةً﴾، ئەم دەربڕینانە بۆ مرۆڤی کۆن جۆرێک بوو لە شکۆی زمان و حیکمەتی پەروەردگار، بەڵام بۆ مرۆڤی هاوچەرخ و لە سایەی فیزیا، فەلەکناسی و پزیشکیدا، ڕێک هاوتای تیۆرییەکانی تەقینەوەی مەزن، کشانی فەزای گەردوون و زانستی مۆدێرنی کۆرپەلەناسییە. ئەم گەشەسەندنە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی یاسایی قورئانیشە؛ بوونی "ناسخ و مەنسوخ" لە یاسادا نیشانەی دینامیکیبوون و واقیعیبوونی دەستوورە، چونکە قورئان لە ماوەی ٢٣ ساڵدا کۆمەڵگایەکی لە سفرەوە گۆڕی، و گۆڕانی حوکمەکان هاوتایە لەگەڵ فەلسەفەی پەروەردەی قۆناغ بە قۆناغی مرۆڤ (Gradualism).دواجار، بۆ تێگەیشتنی حوکمە ئەخلاقی و یاساییەکانیش، پێویستە مەیلی گۆڕانکاری (Direction of Change) لە مێژوودا بپێورێت؛ قورئان لە ژینگەیەکدا کە ژن تیایدا کاڵا بوو، بۆ

یەکەمجار مافی یاسایی و میراتی بۆ چەسپاند. بیرمەندی گەورە د. تەها عەبدولڕەحمان لە ڕەتکردنەوەی داوی ئاناکرۆنیزمدا دەڵێت: «نەیارانی مۆدێرن دەیانوێت ئەخلاقی سەدەی حەوتەم بە ئامێری چەمکسازیی سەدەی بیست و یەک بپێون، ئەمەش نادادییەکی مەعریفییە؛ قورئان ڕێڕەوێکی ئەخلاقیی گشتگیری دانا کە مرۆڤایەتی لە ناو سیاقی مێژوویی خۆیدا بەرەو پێشەوە بەرێت.» ئەمەش وەڵامی ڕاستەقینەی قورئانە بۆ کانت و تەواوی فەلسەفەی مادی، کە دەسەلمێنێت عەقڵ بەبێ تیشکی وەحی ناتوانێت ڕاستی ڕەهای بوون ببینێت. دەرەنجامی فیکریی ئەم بەراوردکارییە پێمان دەڵێت کە تانەدان لە قورئان وەک دەقێکی مێژوویی، وەک هەوڵدانی کەسێکە کە بیەوێت بە تیشکی مۆمێک کڕنۆش بە خۆر ببات؛ چونکە قورئان کتێبێک نییە کە مێژوو دروستی کردبێت، بەڵکو ئەو ڕووناکییە گەردوونتییەیە کە هات تا ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتی ڕاست بکاتەوە و بیباتەوە بۆ باخچەی یەقین.

٢- فەرموودە: تەجەللای مێژوویی و ڕێگەی بەرجەستەکردنی وەحی

فەرموودە ئەو ئاوێنە بێگەردەیەیە کە تیشکی وەحی تێدا بووەتە "کردار" و "بەرنامە"؛ ئەو تەنها گێڕانەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکو "نەفەسی پێغەمبەرانە"یە کە بە ناو دەمارەکانی مێژوودا دەگەڕێت تا جەستە ساردەکانی مرۆڤایەتی گەرم بکاتەوە. ئەگەر قورئان "دەستووری باڵا" بێت، ئەوا فەرموودە "گیانی دەستوور" و جێبەجێکردنیەتی لە واقیعدا. فەرموودە کیمیایەکە کە "ئایدیا" دەگۆڕێت بۆ "ئەخلاق" و ڕەهای گەردوونی دەهێنێتە ناو وردەکارییەکانی ماڵ و بازاڕ و سیاسەت. ئەو، پردێکە لە نێوان "نموونەی باڵا" و "واقیعی مرۆیی"دا؛ بێ فەرموودە، وەحی لە لوتکەی چیاکاندا دەمایەوە، بەڵام بە فەرموودە دابەزییە ناو ئازار و هیواکانی خەڵک.

زانایانی فەرموودە، بە تایبەت ئیمامی بوخاری و موسلیم، میتۆدێکیان دانا کە وەجیە حەلاق و ئیدوار سەعید وەک "سەختترین سیستەمی ڕەخنەیی مێژوویی" وەسفی دەکەن. ئیبنوسەلاح دەڵێت: "ئەم زانستە تەنها گێڕانەوە نییە، بەڵکو پاراستنی ئایینە لە دەستی گومانکاران". ئەمە وەڵامی فەرموودەیە بۆ دی کارت؛ گومان لێرەدا دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە "یەقین". کاتێک ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە (فتح الباري)دا شەرحی فەرموودە دەکات، تەنها وشە نانوسێت، بەڵکو وەک میشێل فۆکۆ باسی دەکات، خەریکی هەڵوەشاندنەوەی دەقە تا جەوهەرە مرۆییەکەی دەربخات، . فەرموودە بوبە زانستی "بێژینگکردنی حەقیقەت". ئەم زانستەی کە ئیبنوسەلاح و ئیبن حەجەر نوێنەرایەتی دەکەن، تەنها گواستنەوەی دەنگەکان نییە لە ڕابردووەوە، بەڵکو دامەزراندنی "سیستەمێکی پاراستنی ڕاستی"یە کە ڕێگری دەکات لەوەی "مێژوو" ببێتە قوربانیی "بەرژەوەندی". لێرەدا وەڵامە ناڕاستەوخۆکان بۆ ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵاتناس دەخەینە ڕوو: ئەو گومانەی کە دەڵێت فەرموودە "پاشکۆی ململانێی سیاسییە"، لەبەردەم توندیی میتۆدی بوخاری و موسلیمدا دەپوکێتەوە. لای ئەمان، "ئیسناد" (زنجیرەی گێڕانەوە) تەنها ناو نییە، بەڵکو "ناسنامەی ئۆنتۆلۆژی"ی هەر وشەیەکە. کاتێک زانایانی فەرموودە مەرجی "پێگەیشتنی ڕاستەوخۆ" (الاتصال) و "دادپەروەریی گێڕەرەوە" (العدالة)یان دانا، لە ڕاستیدا ڕێگەیان لە هەموو جۆرە "داهێنانێکی سیاسی" گرت کە ڕۆژهەڵاتناسان باسی دەکەن. ئەگەر فەرموودە دروستکراوی سەردەمی ئەمەوی یان عەباسی بوایە، ئەوا "ڕەخنەی پیاوان" (الجرح والتعديل) هەر زوو ئەو درزەی دەدۆزییەوە، چونکە میتۆدی بوخاری لەسەر بنەمای "گومانی زانستی" بونیاد نراوە تا بگاتە "یەقینی مێژوویی." فەرموودە وەک "نەزمێکی مەعریفی" نەک "کەرەستەی سیاسی" بە پێچەوانەی تێزی

گۆڵدزهێر کە فەرموودە بە ئاوێنەی گەشەی کۆمەڵگە دەبینێت، وەجیە حەلاق ئاماژە بەوە دەکات کە فەرموودە "سیستەمێکی سەربەخۆ"ی هەیە. کاتێک ئیبن حەجەر لە (فتح الباري)دا دەق هەڵدەوەشێنێتەوە، کار لەسەر "بونیادە جێگیرەکان" دەکات. ئەو نیشانی دەدات کە فەرموودە خاوەن "زمانەوانییەکی تایبەت" و "ستراکچەرێکی مەنتقی"یە کە مەحاڵە لە ئەنجامی ململانێی تائیفی یان سیاسیی کاتییەوە دروست بووبێت. ئەمە وەڵامی ئەو "عەقڵانییەتە ساردە"یە کە دەیەوێت هەموو پیرۆزییەک بۆ "بەرژەوەندیی مادی" بگەڕێنێتەوە. ئەگەر وەک شاخت دەگوترێت فەرموودە بۆ "شەرعییەتدانی یاسایی" گەڕێندرابێتەوە بۆ دواوە، ئەوا چۆن دەکرێت زانایانی فەرموودە بە هەزاران فەرموودەی "لاواز" و "هەڵبەستراو"یان دەستنیشان کردبێت کە ڕێک لە خزمەتی دەسەڵاتداراندا بوون؟ ئەم کارەی ئیبنوسەلاح و هاوەڵانی، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم زانستە "پاسەوانێکی بێ لایەن" بووە. ئەوان "حەقیقەت"یان نەکردە قوربانیی "سیاسەت"، بەڵکو سیاسەتیان خستە ژێر بێژینگی ڕەخنەیی فەرموودەوە. گومانی ڕۆژهەڵاتناسان "گومانێکی شیکارکەر"ە (Deconstructive Doubt) کە دەیەوێت دەقەکە لە ناوەڕۆک خاڵی بکاتەوە. بەڵام گومانی ئیمامی بوخاری "گومانی میتۆدی"یە(Methodological Doubt)؛ ئەو گومان دەکات تا دڵنیا بێت، نەک بۆ ئەوەی ڕەدی بکاتەوە. ئەمە ئەو جیاوازییە قووڵەیە کە دەقەکەت ئاماژەی پێ کردووە؛ لێرەدا فەرموودە نابێتە کەرەستەیەکی مردووی ناو تاقیگەی ڕۆژهەڵاتناسان، بەڵکو دەبێتە "حەقیقەتێکی زیندوو" کە توانای هەیە لە هەموو سەردەمێکدا مانا بە ژیان ببەخشێتەوە. "سەختترین سیستەمە ڕەخنەییە"ی کە ئیدوار سەعید ستایشی دەکات، وەڵامێکی بێدەنگ بەڵام کوشندەیە بۆ هەموو ئەو تیۆریانەی کە دەیانەوێت فەرموودە وەک "ئەفسانە" یان

"دروستکراوی مێژوویی" نیشان بدەن. کاتێک زانستێک هەبێت بتوانێت لە نێوان هەزاران دەقدا، تەنها یەک "وشەی نامۆ" بدۆزێتەوە، ئەوا ئەو زانستە لەسەر بنەمایەکی ئەوەندە پتەو وەستاوە کە بە "بای گومانگەریی" ڕۆژهەڵاتناسان نالەرزێت. عەلی عیزەت بێگۆڤیچ پێی وایە ئەم جۆرە ڕەخنانە تووشی "یەک ڕەهەندی" بوون. ئەو دەڵێت ڕۆژهەڵاتناسان دەیانەوێت "ڕۆحی وەحی" تەنها بە پێوەری ماددی بپێون. لای عەبدولوەهاب مەسیری، ئەم ڕەخنانەی گۆڵدزهێر بەشێکن لە "نوێگەرییەکی شیکارکەر" (الحداثة التفکیکیة) کە دەیەوێت هەموو پیرۆزییەک هەڵبووەشێنێتەوە و بیکاتە کەرەستەیەکی مێژوویی بێڕۆح. وەک چۆن جاحظ دەڵێت: "هەندێک کەس بە وردی سەیری توێکڵەکە دەکەن و وادەزانن گەیشتوونەتە ناوکەکە"، زانایانی وەک ئەعزەمی دەڵێن ڕۆژهەڵاتناسان تەنها لە "توێکڵی مێژوویی" فەرموودە وردبوونەتەوە و لە "ناوەڕۆکە ڕۆحی و میتۆدییەکەی" بێئاگان.

کاتێک فەرموودە دەڵێت: «إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق»، لای تەها عەبدولڕەحمان و محەمەد ئیقبال، ئەمە ڕاگەیاندنی ئەوەیە کە "ئایین بەبێ ڕەوشت، تەکنیکێکی بێڕۆحە". ئیمامی نەوەوی لە (رياض الصالحين)دا نیشانمان دەدات کە چۆن فەرموودە بچووکترین جوڵەی مرۆڤ (وەک خەندەیەک) دەگۆڕێت بۆ "پەرستش". ئەمە تێپەڕاندنی فەلسەفەی نیتشەیە؛ مرۆڤی باڵا (Super-human) لای نیتشە هێزە، بەڵام لە فەرموودەدا "میهرەبانی و دادپەروەری"یە.

فەرموودەی «مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم... كمثل الجسد الواحد» بنەمایەکی سۆسیۆلۆژی وای دانا کە ئیمێڵ دووركهایم لە "پەیوەستبوونی کۆمەڵایەتی"دا خەونی پێوە دەبینی. ئیمامی مالیک پێی وابوو "کرداری خەڵکی مەدینە" زیندووکردنەوەی فەرموودەیە لە

واقیعدا؛ ئەمە تەنها یاسا نییە، بەڵکو وەک مالیک بن نەبی دەڵێت: "دروستکردنی مرۆڤی شارستانییە". فەرموودە لێرەدا دەبێتە فلتەرێک دژی "سیستەمی بێمانایی(Mediocracy) "، چونکە هەمیشە داوای "ئیحسان" (باشترین جۆری کار) دەکات. فەرموودە بە توندی دژی "قۆرخکاری" وەستایەوە؛ «الجالب مرزوق والمحتكر ملعون». لێرەدا ئیبن قەییم لە (إعلام الموقعين)دا باس لەوە دەکات کە فەرموودە چۆن "بازاڕی ئەخلاقی" ڕێکدەخات. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە تێیدا فیکری ئیسلامی پێش ئادەم سمیس و مارکس دەکەوێت؛ فەرموودە کار ناکاتە کۆیلایەتی، بەڵکو دەیکاتە "ڕێگای بەهەشت". وەک ئەریک فرۆم ئاماژەی پێ دەدات، مرۆڤ کاتێک لە کارەکەیدا "مانا" دەبینێتەوە، لە نامۆبوون ڕزگاری دەبێت.

«قورئان وەک خۆرە و فەرموودە وەک تیشک؛ خۆر بەبێ تیشک ناگاتە زەوی، و تیشکیش بەبێ خۆر بوونی نییە.» وەک چۆن جاحظ دەڵێت: "جوانیی وشە لەوەدایە کە ڕاستییەکی گەورە لە قاڵبێکی کورتدا کۆبکاتەوە"، فەرموودەش حیکمەتی ئەزەلیی قورئانی لە هەڵسوکەوتێکی ڕۆژانەدا بۆ مرۆڤایەتی کورت کردەوە.

باسی سێیەم: جەوهەری ئیمان و بەرجەستەبوونی لە کرداردا

١. ڕووخاندنی ئەرستۆکراسیی ڕۆحی و ڕاگەیاندنی ئازادیی دەروونی

کاتێک لە گۆشەنیگایەکی سۆسیۆلۆژی و فەلسەفیی قووڵەوە سەیری مێژووی شارستانیەتەکان دەکەین، دەبینین هەمیشە پەیوەندیی نێوان "خودا و مرۆڤ" وەک جەوهەرێکی ڕەها ماوەتەوە، بەڵام شێوازی ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەدا، بووەتە هۆی لەدایکبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان. لێرەدا ڕووبەڕووی پارادۆکسێکی مێژوویی سەیر دەبینەوە؛ ئەگەرچی لە تیۆرییە سۆسیۆلۆژییە مۆدێرنەکاندا (وەک مارکسیزم و قوتابخانە مادییەکان)، هۆکارە مادییەکان (ئابووری، سیاسەت، شێوازی کار) وەک بزوێنەری سەرەکیی جیاکاریی چینایەتی دەبینرێن، بەڵام ڕەهەندە فیکری و عەقیدییەکان، قووڵترین و شاراوەترین جۆری چینایەتییان لە مێژوودا نەخشاندووە؛ چینایەتییەک کە کەمتر وەک کێشەیەکی پێکهاتەیی خوێندراوەتەوە. خوێندنەوەی ئەو چینانەی بەهۆی جیاوازیی فیکر و عەقیدەوە لە کۆمەڵگە دێرینەکاندا دروستبوون، کاتێک تیشکیان دەخرێتە سەر، دەبینین لە سەدەکان و شارستانیەتەکانی ڕابردوودا فەرمیترین و خاوەن دەسەڵاتترین چینی کۆمەڵایەتی، چینی ڕۆحانی بووە (وەک: ئەحبار، کەشە، موبدان، موعین موغان، کاهین و جادووگەرەکان). دروستبوون و سەرهەڵدانی چینی ڕۆحانی لە هەر ئاینێکدا، هەرچەندە لە قۆناغی سەرەتاییدا یارمەتیدەرێکی زۆر بووە بۆ جێگیربوونی فیکر و کارە ئاینییەکان و یەکبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵام بەزۆری ئەم فەرمیبوون و ناوەندگەداییە پاش ماوەیەک خۆبەخۆ دەبێتە بەستەڵەکێکی مەزهەبی؛ ئەو پلە و پایە و پیرۆزییەی ڕۆحانییەکان بە خۆیان دەدەن، دەبێتە هۆی دەمارگیری، خۆبەزلزانین و قۆرخکاریی

حەقیقەت. ئەم دیاردەیە لە مێژووی موسڵمانانیشدا کاتێک دەرکەوت کە هەندێک ڕێچکە، ڕێباز و مەزهەبی ئایینی، نوێنەرایەتیی خودایان لەسەر زەوی بۆ خۆیان قۆرخ کرد و خۆیان بە تەنها "تاقمەکی ڕزگاربوو" دانا، کە سەرەنجام بووە هۆی دووبەرەکی، تەکفیر و یەکترسڕینەوەی مەزهەبی. لێرەدا پێویستییەکی لۆژیکی و مەعریفی هەیە بۆ جیاکاریکردن لەنێوان "پلەوپایەی ڕۆحانیی قۆرخکار" و "زانستی ئایینیی کراوە". زانستی ئایینی پسپۆڕییەکی ئەکادیمی و مەعریفییە لە خزمەت تێگەیشتنی مرۆڤ، نەک سیستەمێکی چینایەتی بۆ بەخشینی کلیلەکانی بەهەشت و دۆزەخ. قورئان ئەم جیاوازییە مەعریفییە بە پرسیارێکی ڕەوانبێژی بێ وەڵام یەکلایی دەکاتەوە: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ ئەم ئایەتە ڕێز لە "زانین" دەگرێت نەک لە "پیرۆزیی زاتیی مرۆڤەکان". بەڵام کاتێک نێوەندگیرە ڕۆحانییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست، پرۆسەی چەقبەستوویی دەستپێدەکات؛ سەرەتا ئایین وەک ئەندێشەیەکی داهێنەرانە، بزووتنەوەیەکی چاکسازی و شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی ڕادیکاڵ لەدایک دەبێت، بەڵام دواجار بەهۆی جێگیربوونی ئەم نێوەندگیرانە، دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵە تاقم و ڕێورەسمێکی وشک، پەیکەرێکی بەستووی بێگیان، و موحافیزکارێکی توندی دژە گۆڕانکاری. لە سەردەمی هاوچەرخدا، هەرچەندە بەهۆی گۆڕانی شێوازی بەرهەمهێنان و گەشەی سەرمایەدارییەوە، "چینە ئابوورییەکان" شوێنی "چینە ئایینییەکان"یان گرتووەتەوە، بەڵام میکانیزمی قۆرخکاری و دروستکردنی نێوەندگیری نوێ (وەک تەکنۆکراتەکان و کاهینانی نوێی سەرمایەداری) هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

ڕووخاندنی ئەرستۆکراسیی ڕۆحی؛ یەکێک لە گەورەترین داهێنانەکانی ئیسلام، لابردنی "نێوەندگیر (Mediation) "بوو لە نێوان خودا و مرۆڤدا. لە شارستانیەتە کۆنەکاندا (وەک ساسانی، یۆنانی، و کەنیسەی

سەدەکانی ناوەڕاست)، مرۆڤ نەدەگەیشتە خودا مەگەر بە تێپەڕبوون بە ناو بازنەی "پیاوانی ئایین" (ڕۆحانییەکان)دا. ویل دیورانت لە کتێبی "چیرۆکی شارستانیەت"دا ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا، چینی "موبدان" هێندە دەسەڵاتیان بەسەر ڕۆحی خەڵکدا هەبوو، کە ئایینیان کردبووە کۆت و زنجیر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. ئیسلام هات و ئەم دیوارەی ڕووخاند و واسیتە و نێوەندی لەنێوان خودا و مرۆڤدا لەناوبرد، بە یەکجار پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەی ڕاگەیاند؛ کەواتە ڕێکخراوێکی فەرمی ڕۆحانی لە ئاینی ئیسلامدا بوونی نییە، پلە جیاوازەکانی ڕۆحانیەت لەم ئاینەدا هیچ فەرمیەتیکیان نییە سزادان و پاداشتی بەندەکان ناکەوێتە ژێر چاودێری هیچ پلە و پۆستێکەوە، خودا لە ئاینی ئیسلام نە توندی یەهوەی جووی هەیە، نەوەك خوداکەی ئەفلاتونیش لە دەرەوەی دەستپێڕاگەشتن و تێگەشتنی مرۆڤدایە لەگەڵ ڕۆحی شتەکان تێکەڵ دەبێت و لێمان تێکدەچێت. بەڵکو لە مرۆڤەوە زۆر نزیکە و لەدەستپێڕاگەشتنی و تێگەشتنی هەمواندایە بە جۆرێك خۆی لە خودی مرۆڤ بەنزیکتر دەزانێت.

لە کاتێکدا جەوهەری پەیامی ئاسمانی وەک قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾ تا دڵنیایی بدات لەوەی پەیوەندیی نێوان خالق و مەخلوق بێناوەندگیر و ڕاستەوخۆیە، بەڵام مەیلی مرۆڤ بۆ "ماددیگەرایی و دەسەڵاتخوازی" هەمیشە وایکردووە مەیلی بۆ دروستکردنی "نێوەندگیر" هەبێت. تۆماس کارلایل لە کتێبی *(پاڵەوانەکان)*دا تیشک دەخاتە سەر ئەم شۆڕشە ڕۆحییە و دەڵێت:«محەمەد پەیامێکی هێنا کە مرۆڤی ڕاستەوخۆ لەبەردەم ڕاستی ڕەهادا ڕاگرت، بێ ئەوەی پێویستی بە جادووی پیاوانی ئایین بێت.» ئەمەش جۆرێک لە "ئازادیی ڕۆحی" بەرهەم هێنا کە تێیدا پیرۆزی بۆ

هیچ چینێک نییە و پاداشت و سزا ناکەوێتە ژێر چاودێریی چوارچێوەیەکی فەرمی.؛ هەمووان لەبەردەم خودادا یەکسان بوون. کێشەی موسڵمانان دواتر کاتێک دەستی پێکرد کە ئەم "ڕۆحیەتە شۆڕشگێڕە" گۆڕا بۆ "دامەزراوەیەکی بەستووی بێگیان". شێخ محمد حوسەینی نائینی لە کتێبی (تنبیه الأمة وتنزیه الملة)دا پێوایە ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵێك بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەوڵنەدان بۆ کەمکردنەوەی فەساد و خراپە، چاوەڕێبوون تا زۆربونی ستەم و نادادی تا هاتنی ئیمامی مەهدی کارێکی خراپ و ناپەسندە. لەبەر ئەوە پێویستە موسلمانان هەمیشە هەوڵی چاکسازی پێشکەوتن بدەن گۆڕانکاری سەردەم لەگەڵ خۆیان بگونجێنن بەبێ ئەوەی لە نێویدا بتوێنەوە و خۆیان ونبکەن.

٢. فەلسەفەی برایەتیی مرۆیی و یەکسانیی گەردوونی

مەسەلەی یەکسانبونی گشتی هەموو تاکەکان، هۆز و نەتەوەکان، نەهێشتنی تایبەتمەندی نەسەبی و ڕەگەزی و چینایەتی لە ئیسلامدا وەك ئامۆژگاریەکی ئەخلاقی لەبەرگ و دەستەواژەدا نەخراوەتەوو، بەڵکو ئیسلام لەسەر بنەمای یەك جیهانبینی فەلسەفی و زانسیتی ئەیەوێت بڵێت مرۆڤەکان هەموویان لەگەڵ یەکتر بەرانبەرن و بران نەك دەبێت بەرانبەر و برابن، ئەمەش واقعیەتی سروشتی و زانستیە نەك ئەك ئارەزوی ئەخلاقی و عاتیفی بەستراو بە نەرمی و پاکێتی ڕۆحەوە. ئیسلام فەلسەفەی "برایەتی مرۆیی" لەسەر بنەمای بایۆلۆژی و گەردونی دارِشت. کاتێک قورئان دەڵێت "خلقناكم من ذكر وأنثى"، ئەمە تەنها ئامۆژگارییەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو وەک ئیمانوێل کانت دەڵێت: "یاسایەکی گشتگیرە." یەکسانیی گەردونیە لە "نەسەب"ەوە بۆ "تەقوا" دکتۆر تەها حوسێن ئاماژە بەوە دەکات کە گەورەترین مەترسی لەسەر بیری عەرەبی پێش ئیسلام "تەعەسوبی قەبیلە" بوو. ئیسلام هات و

"مانای ئینسان"ی خستە سەروو "مانای نەتەوە". پەیامهێنەر (د.خ) بە فەرموودەی (لا فضل لعربي على أعجمي) کۆتایی بە ئەرستۆکراسیی نەژادی هێنا. فەلسەفەی ئافراندن و دروستکردنی مرۆڤ هەمویان لە یەك دایك و باوکی هاوبەشەوە هاتوون، هەموویان ئەندامی یەك خێزانن، کەواتە لە ڕووی شەرافەت و ڕێز و ئەصل و نەسەب هاوبەشن لەم شتانەدا هیچکەس فەزڵی بەسەر کەسیتردا نییە، هەروەك خودا دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ) مروڤەکان بەش بەشکراون کراون بە هۆز هۆز بۆ ئەوەی یەکتر بناسن، باشترینتان ئەوانە خۆپارێزتر و چاکەکارترن. پەیامهێنیش دەفەرموێت: شانازیکردن و خۆبەگەورەزانین نیشانەی جاهیلیەت و نەزانینە لە تایبەتمەندی بتپەرەستانە، نە عەرەب فەزڵی هەیە بەسەر غەیرە عەرەب نە غەیرە عەرەب بەسەر عەرەبدا، هیچ ڕەنگی پێستێك لەویتر باشتر نییە. ژن و پیاویش هاوپیشەو و هاوتای و تەواوکاری یەکترن. ئەلبێرتۆ مۆرایڤیا، نووسەری ئیتالی، دەڵێت: "ئیسلام یەکەمین سیستم بوو کە توانی ڕەگەزە جیاوازەکان (ڕەش و سپی، عەرەب و غەیرە عەرەب) لە یەک ڕیزدا کۆبکاتەوە بەبێ ئەوەی هەست بە جیاوازی بکەن". ئیسلام لە پرسی ژندا نەکەوتە ناو داوی "هاوشێوەبوونی تەواو" (کە ئێستا ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکات و دەبێتە هۆی ونبوونی شوناسی ڕەگەزی)، بەڵکو جەختی لەسەر "مافی سروشتی" کردەوە نەک یەکسانیی ڕەها. گۆستاف لۆبۆن لە کتێبی "شارستانیەتی عەرەب"دا دەڵێت: "ئەو مافانەی ئیسلام بە ژنانی داوە (وەک میرات و سەربەخۆیی دارایی)، ئەوروپا هەزار ساڵ دوای ئەویش پێی نەگەیشت". ئیسلام ژنی وەک "هاوپیشە"ی پیاو لە بینای شارستانیەتدا بینی، نەک وەک کاڵایەک یان وەک کۆپییەکی پیاو.

ئەمە ئەو هاوسەنگییەیە کە فەیلەسوفانی وەک ژان ژاک ڕۆسۆ دواتر لە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"دا بە شێوەی تر باسیان لێوە کردووە.

٣. لادان لە میتۆدی ئیستقرائیی قورئانی بەرەو قەفەسی لۆژیکی یۆنانی

میتۆدی قورئانی کە گرنگیدەدات بە شتە ناگشتیەکان ئەوکات پێکەوە گرێیان دەدات وە واقعیەتی بینراو و هەستی و ئەزمونیەکان. قورئان داوا دەکات بگەڕێن و ژیان بەرجەستە بکەین {قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ}. بیر لە دروستکرنی شتە مادیەکان بکەینەوە وەك خواردن و خواردنەوە "فَانْظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ" یان تێڕابمێنە لە دروستکردنی ئاژەڵ ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ﴾، وشتر تەلاری پارادۆکسە؛ لە وشکترین ژینگەدا، بێخەوشترین ئەندازیاریی بایۆلۆژیی پێدراوە بۆ بەزاندنی مەرگ، تا مرۆڤ لە نیگایەکی سادەی بەکاربەرانەوە بگوازێتەوە بۆ تێڕامانێکی فیکری و دۆزینەوەی ئەو عەقڵە باڵایەی لە پشت دیزاینی ماددەکەوە وەستاوە. سەیری ئاسمان بکەن کە چۆن بەرزکراوەتەوە، سەیری زەوی بکەن چۆن ڕاخراوە. لەبەر ئەوە گەر ڕابمێنین قورئان گرنگی دەدات بە بەشەکان پاشان بە گشتیەکان بەڵام بەداخەوە موسڵمانان لە سەدەی سێیەم و چوارەم ئەم شێوازە لە بیرکردنەوەیان فەرامۆشکردوو گەڕانەوە بۆ لای میتۆدی یەکەمی فەیلەسوفانی یۆنانی. ئەبو عەلی سینا و هاوشێوەکانی کە میتۆدی فیکری یۆنانیان لە نێو موسڵماناندا ڕەواج پێدا خزمەتێکی زۆریان بە موسڵمانان کرد خەڵکیان ئاشناکرد بە قوتابخانە گەورە فیکریەکانی پێشوو خۆشیان چەندین شتی باشیان بۆ زیاد کرد بەڵام چاکسازیان نەکرد، چونکە جیاوازیەکی گەوهەری هەیە لە نێوان خزمەتکردن و چاکسازی. هەموو چاکسازیەك خزمەتە بەڵام هەموو خزمەتێك چاکسازی نییە. پاستۆر و باسکاڵ و نیوتن خزمەتکاری مرۆڤایەتین بەڵام پەیامهێنامی وەك محمد و عیسا و ئیبراهیم (سەلامی خودایان لێبێت) چاکسازن کەواتە

خزمەتگوزاریشین. گەورەترین شکستی فیکریی موسڵمانان گەڕانەوە بوو بۆ "میتۆدی ئەرستۆیی" (پێشینی) لەم میتۆدەدا تۆ ناچیتە ناو سروشت و تاقیگە، بەڵکو لە ناو مێشکدا لە "گشتییەکانەوە" بەرەو "تایبەتییەکان" دێیتە خوارەوە (عەقڵ لە قەفەسی ژوورە داخراوەکاندا). لەکاتێکدا قورئان میتۆدێکی "ئیستقرائی" یان ئەزموونی (تێڕامانی واقیعی) پێشکەش کرد، قورئان ناڵێت لە ژوورەکانتان دابنیشن و تەنها بیر بکەنەوە، بەڵکو دەفەرموێت: (قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا)؛ بڕۆن، بگەڕێن، ببینن، دەست لێ بدەن و تاقی بکەنەوە. لە بەشەوە بۆ گشتی بڕۆن ئەم میتۆدە دەڵێت: سەیری "مێرووله" بکە، سەیری "هەنگ" بکە، سەیری "هەور و باران" و "گەردوون" بکە، لە ئەنجامی کۆکردنەوەی ئەم وردەکارییانەدا دەگەیتە یاسا گشتییەکانی ژیان و نیشانەکانی خودا. ئەمە ڕێک ئەو میتۆدەیە کە ئیبن ئەلهەیسەم لە زانستی بیناییدا و جابر کوڕی حەییان لە کیمیادا بەکاریان هێنا و شارستانیەتی ئیسلامیان پێ دروست کرد. فرانسیس بیکن کە بە باوکی میتۆدی زانستی نوێ دادەنرێت، لە ڕاستیدا هەمان ئەو ڕێگەیەی گرتەبەر کە قورئان داوای دەکرد: سەیری بەشەکان بکە (تێڕامان لە سروشت) بۆ ئەوەی بگەیتە یاسا گشتییەکان. بێرتراند ڕەسڵ دەڵێت: "موسڵمانان بوونە مامۆستای ئەوروپا لە زانستە ئەزموونییەکاندا، بەڵام کاتێک ئەوان وازیان لێ هێنا و گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی پەتی، چرای زانستیان گواستەوە بۆ ڕۆژئاوا". موسڵمانان زانستیان کردە "ئیرشادی" (ئامۆژگاری)، لەکاتێکدا دەبوو "ئینشائی" (کردەیی) بێت (کاتێک زانست دەبێتە "ئیرشادی"، واتە دەبێتە بابەتێک تەنها بۆ "ئاماژەپێکردن" و "ئامۆژگاریکردن". لەم دۆخەدا موسڵمانان زانستیان وەک خشڵێکی لێکرد کە تەنها لە بۆنەکاندا نیشانی دەدەن. بۆ نموونە: کاتێک ئایەتێک یان فەرموودەیەک دەخوێننەوە کە هانی زانست دەدات، سەدان کتێب

و وتار دەنووسن لەسەر "گرنگیی زانست لە ئیسلامدا"، بەڵام خۆیان لە تاقیگەکاندا نین. لێرەدا زانست دەبێتە "ئامرازێکی گوتاری" (Rhetorical Tool). تەنها بۆ ئەوە بەکاردێت کە بۆ ئەوانیتری بسەلمێنن "ئێمە ئایینەکەمان زانستییە"، نەک بۆ ئەوەی واقیعەکەیان پێ بگۆڕن.). ئەمە هۆکاری ئەوە بوو کە ئیتر "پێنووس" و "تاقیگە" لای موسڵمانان بوونە تەنها بیرەوەریی مێژوویی. ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (سیگرید هونکە): لە کتێبی "خۆری خودا لەسەر ڕۆژئاوا" دەڵێت: "موسڵمانان یەکەم کەس بوون کە عەقڵیان لەگەڵ واقیعدا ئاشت کردەوە، بەڵام کاتێک گەڕانەوە بۆ لۆژیکی یۆنانی، عەقڵیان دووبارە لە واقیع دابڕایەوە."

٤. یاسای گۆڕانکاریی مێژوویی (سونەن) و فەلسەفەی چاکسازی

ئیسلام تێڕوانینی "مێژووی شێواو" یان چەمکی "ڕێکەوت" (Chance) لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەکاندا بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە. مێژوو لە ڕوانگەی قورئانەوە، لادانێکی کوێر پێشەنگایەتی ناکات، بەڵکو سیستەمێکی ئەندازیاریی توندوتۆڵە کە لەسەر هێڵێکی لۆژیکی و زنجیرەیەک هۆکار و بەرهەم کار دەکات؛ ئەم گەردوونە کۆمەڵایەتییە لە سایەی یاسا نەگۆڕەکانی خودا (سونەنی خودایی) دەخولێتەوە، وەک دەقەکە دەڵێت: (وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًاۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَحْوِيلًا) ئەم ڕوانگە قورئانییە، دواتر بووە هەوێنی گەورەترین وەرچەرخانی مەعریفی لە مێژووی فەلسەفەی کۆمەڵناسیدا، کاتێک عەقڵی فیدۆڕاڵی شۆڕشگێڕی وەک ئیبن خەلدون لەسەر بنەمای ئەم ئایەتانە، تەلاری "زانستی عومران" (Sociology) بونیادنا. ئیبن خەلدون لە (موقەدیمە)کەیدا، مێژووی لە گێڕانەوەیەکی سەرپێیی و چیرۆکی پاشاکانەوە گۆڕی بۆ زانستێکی شیکاریی قووڵ و نووسی: «مێژوو لە ڕووکەشدا تەنها هەواڵە، بەڵام لە ناخدا تەنها لێکۆڵینەوە،

وردبوونەوە، بەڵگەهێنانەوە بۆ هۆکاری سەرچاوەگرتنی بوونەوەرەکان، و ناسینی هۆکارە قووڵەکانی ڕووداوەکانە؛ بۆیە مێژوو ڕەسەنە و سەر بە فەلسەفەیە.» قورئان بۆ جێگیرکردنی ئەم یاسایە، گەورەترین و پێشەنگترین یاسای سۆسیۆلۆژی لە مێژوودا دەخاتە ڕوو، یاسایەک کە چەقی قورسایی گۆڕانکاری لە دەستی "دکتاتۆر و سەرەوەی دەسەڵات" دەردەهێنێت و دەیبەخشێتە "ئیرادەی جەماوەر و دەروونی مرۆڤ" (الناس): (إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ). ئەم فەرمانە مێژووییە، دەیسەلمێنێت کە واقیعی دەرەکی (سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتی)، تەنها سێبەرێک یان ڕەنگدانەوەیەکی ماتریالیستییە بۆ ئەو واقیعە دەروونی و فیکرییەی لە ناو ناخی خودی مرۆڤەکاندا هەیە. کاتێک جیهانبینی، بەها، و بیرکردنەوەی نەتەوەیەک دەگۆڕێت، فۆرمی سیستەم و یاساکانی دەسەڵاتی جیهانیش خۆبەخۆ تووشی داڕمان یان گۆڕانکاری دەبن.ئەم گەوهەرە قورئانییە، ڕێک ئەو چەمکەیە کە سەدان ساڵ دواتر، فەیلەسوف و کۆمەڵناسانی ڕۆژئاوا وەک پەرتبوونی نێوان مادده و ڕۆح فۆرمولەیان کردەوە: ئۆگست کۆنت، باوکی کۆمەڵناسیی پۆزەتیڤیزم، کاتێک "یاسای سێ قۆناغەکە" (Law\ of\ Three\ Stages) بونیاد دەنێت، جەخت دەکاتەوە کە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی هەمیشە پاشکۆی گۆڕانکارییەکی فیکری و مەعریفییە؛ واتە کۆمەڵگە ناگۆڕێت تا شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لە قۆناغی ئیلاهییەوە نەگۆڕێت بۆ قۆناغی زانستی. ماکس ڤیبەر لە پڕبایەخترین بەکارهێنانیدا لە کتێبی "ڕەوشتی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری"، بە توندی دژی ماتریالیزمی مێژوویی کارڵ مارکس دەوەستێتەوە (کە پێی وابوو ئابووری بنچینەیە و بیروباوەڕ پاشکۆیە). ڤیبەر دەیسەلمێنێت کە ئایین و بەها ڕەوشتییەکانی ناخی مرۆڤ (گۆڕانکاریی دەروونی) بزوێنەری ڕاستەقینەی گۆڕانی ئابووری و سەرهەڵدانی سەرمایەداریی نوێ بوون لە ئەورووپادا.

ئەمەش ڕێک جێبەجێبوونی لۆژیکی ئایەتەکەیە؛ ناوەوە دنیای دەرەوە دروست دەکات. لەسەر ئەم تێڕوانینە سونەیییە، زانا و بیرمەندی سیاسی شێخ محەمەد حوسەینی نائینی لە کتێبە ناوازەکەیدا (تنبيه الأمة وتنزيه الملة)، پەیڕەوکردنی "فەلسەفەی تەمەڵی و پاشەکشە" ڕەت دەکاتەوە؛ ئەو هێرش دەکاتە سەر ئەو تێگەیشتنە سستەی کە پێی وایە مرۆڤ دەبێت دەستەوستان دابنیشێت و چاوەڕێی گۆڕانکارییەکی غەیبی یان هاتنی ئیمامی مەهدی بکات کاتێک زوڵم و نادادی جیهان دادەپۆشێت. نائینی هاوشانی لۆژیکی قورئان دەڵێت: تەسلیمبوون بە ستەم بە ناوی چاوەڕوانییەوە، گوناهێکی گەورەیە؛ چونکە یاسای گۆڕانکاری بەستراوەتەوە بە ئامادەیی و جووڵەی کرداریی مرۆڤەکان بۆ چاکسازی. بۆیە ئیسلام نەتەوەکان فێر دەکات کە پێشکەوتن یان پاشەکشەی شارستانیەتەکان لە دەرەوەی بازنەی ویستی مرۆیی فڕێ نەدراون، بەڵکو هاوکێشەیەکی بیرکاریی وردن؛ ئەگەر دەتەوێت مێژوو بگۆڕیت، پێویستە سەرەتا مرۆڤ، عەقڵەکەی، و بنەما دەروونییەکانی ڕێبەرایەتی بکەیتەوە، چونکە هیچ شۆڕشێکی دەرەکی جێگیر نابێت، ئەگەر پێشتر شۆڕشێکی فیکری لە ناوەوە ڕووی نەدابێت.

٥ .هاوسەنگیی نێوان ماددە و مانا، و پرەنسیپی پێکەوەژیانی مرۆیی

ئیسلام لە بونیادنانی تەلاری ژیاندا، دژایەتیی ڕەهای چەمکی "دووالیزم "یان دابەشبوونی توندی نێوان "ماددە و مانا" دەکات. لە کاتێکدا زۆربەی قوتابخانە فەلسەفی و ئایینییە کۆنەکان (وەک مانیگەرایی، گنۆستسیزم و نۆفلاسیزم) جەستە و جیهانی ماددییان وەک سەرچاوەی شەیتانی و تاریکی دەبینی و ڕێگەی گەیشتن بە ڕووناکییان لە فەوتاندنی خواستە ماددییەکاندا کورت دەکردەوە، ئیسلام میتۆدێکی هاوسەنگ پێشکەش دەکات. ئیسلام بە توندی دژی "ڕەهبانیەت" (خۆدابڕین لە ژیان) وەستایەوە و جیهانی ماددیی وەک کێڵگە و زەمینەی

گەشەی ڕۆحی مرۆڤ ناساند. لەم سۆنگەیەوە، چەمکی "زوهد" لە ئیسلامدا پاشەکشەی سۆسیۆلۆژی یان حاشاکردن لە خۆشییەکانی ژیان نییە، بەڵکو گەیشتنە بە لووتکەی سەربەخۆیی دەروونی؛ ڕێک وەک ئەوەی ئیمامی عەلی دەفەرموێت: «زوهد ئەوە نییە کە خاوەنی هیچ نەبیت، بەڵکو ئەوەیە کە هیچ شتێک خاوەنی تۆ نەبێت.» ئەمەش واتا ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ژێردەستەیی کۆیلایەتیی مادی، نەک قەدەغەکردنی سامان و ئاوەدانکردنەوە. قورئان بە توندی هێرش دەکاتە سەر ئەو عەقڵیەتە پاشکەوتووەی کە دەیەوێت جوانییەکانی سەر زەوی حەرام بکات و دەفەرموێت: (قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ). فەیلەسوفی فەرەنسی مۆنتیسکیۆ لە کتێبی ناوداری "ڕۆحی یاساکان (The Spirit of the Laws) "دا، بە سەرسامییەوە سەیری ئەم هاوسەنگییە دەکات و دەنووسێت: «ئایینی ئیسلام کە وا دیارە تەنها بۆ دوارۆژ هاتووە، لە ڕاستیدا باشترین بەرژەوەندییەکانی دنیای مرۆڤیش دابین دەکات؛ چونکە ڕێساکانی هاندەرن بۆ کارکردن، پاککوژ ڕاگرتنی کۆمەڵگە، و پاراستنی یاساکان.» ئەم هاوسەنگیی بێوێنەیەی نێوان "زاهیدی شەو" (پەیوەندیی مەعنەوی لەگەڵ خودا) و "شێری ڕۆژ" (تێکۆشانی زانستی و ئابووری)، وایکرد موسڵمانانی سەرەتا گەورەترین شارستانیەتی مادی بونیاد بنێن. پاشەکشەی ئێستای مرۆڤایەتی و موسڵمانان لەوەوە دێت کە ئەم هاوسەنگییە هارەی کرد؛ بەشێکیان تەنها دنیایان گرت و مانا تەکاندییەکەی ژیانیان ون کرد (کەوتنە ناو ماتریالیزمی ڕووت)، و بەشەکەی تریش تەنها بەناو ئایینیان گرت و وازیان لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی هێنا و دونیایان دۆڕاند.کاتێک زانست دەبێتە تەنها ئامۆژگاری و لە بەرهەمهێنانی کرداری ڕۆڵ نابینێت، کۆمەڵگە تووشی دارمان دەبێت. شکستی فیکریی موسڵمانان کاتێک دەستی پێکرد کە عەقڵیان خستە قەفەسی تەقلید و ئایینیان کورتکردەوە بۆ کۆمەڵێک

ڕێوڕەسمی وشک بۆ ڕاکردن لە کێشەکانی واقیع. بیرمەندی چاکساز شێخ محەمەد عەبدە بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە دەڵێت: «بۆ گەڕانەوە، پێویستە جارێکی تر بە عەقڵێکی کراوەوە بگەڕێینەوە سەر سەرچاوە زانستی و مرۆییەکانی ئایین.»

٦. پرەنسیپی پێکەوەژیانی مرۆیی

سەربەخۆیی شوناس و بەڵگەی کرداریی جەوهەری ئیمان و ئیسلام بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئایین ئامرازێکە (Means) بۆ خزمەتکردن و بەدیهێنانی کامەرانیی مرۆڤ نەک ئامانجێکی خوودکەرەوە (End)، تیۆریی "پێکەوەژیانی ئاشتیانە" لە دروشمێکی سیاسیی سەرپێییەوە دەگۆڕێت بۆ دەستوورێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی بەهێز. بەڵام ئەم پێکەوەژیانە هەرگیز بە واتای "توانەوەی شوناسەکان" یان تێکەڵکردنی عەقیدە جیاوازەکان نییە لە ناو یەکتردا (Syncretism)؛ ئیسلام داوای تواندنەوەی کەمایەتییەکان لە ناو زۆرینەدا ناکات، وەک چۆن ڕێگەش نادات موسڵمان شوناسی عەقیدیی خۆی لە دەست بدات. پێکەوەژیانی ئیسلامی لەسەر بنەمای "دانپێدانان بە جیاوازی" بونیاد نراوە، نەک "سڕینەوەی جیاوازی". جەوهەری ئیمان کاتێک لە کرداردا بەرجەستە دەبێت کە جیاوازیی فیکری و ئایینی، نەبێتە پاساو بۆ پێشێلکردنی مافە مەدەنی، ئابووری و مرۆییەکانی ئەوانی تر. قورئان بنەمای ئەم هاوسەنگییە کۆمەڵایەتییە لەسەر دوو چەمکی هاوتەریب بونیاد دەنێت: "بر" (چاکەکاریی دەروونی و مرۆیی) و "قست" (دادپەروەریی یاسایی ڕەها)، بە مەرجێک سنورەکانی شوناس پارێزراو بن: (لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ). لەم سۆنگەیەوە، ئیسلام سەربەخۆیی تەواو دەبەخشێتە پەیڕەوانی ئایینەکانی تر لە ناو جەرگەی

دەوڵەتی ئیسلامیدا. تەنانەت بۆ پاراستنی بارودۆخی دەروونی و دارایی ئەو کەسانەی کە تازە دێنە ناو ئەم سیستمەوە، پشکێکی فەرمی لە دارایی گشتی (زەکات) بۆ داناون لەژێر ناوی "المؤلفة قلوبهم"؛ ئەمەش جێبەجێکردنی بنەمای "پشتیوانیی دەروونی-کۆمەڵایەتییە" (Psychosocial\ Support) تا تاکەکەسەکان هەست بە نامۆیی نەکەن، بەبێ ئەوەی زۆرەملێیان لێبکرێت بۆ دەستبەرداربوون لە تایبەتمەندییە کلتورییەکانی خۆیان. یاسای ئیسلامی پەیڕەوی لە واقیعبینییەکی توند دەکات؛ ئەو هەرگیز ناکەوێتە داوی ئاشتییەکی خەیاڵییەوە کە کەرامەتی مرۆڤ تێیدا پێشێل بکرێت، یان واقیعێک بسەپێنێت کە تێیدا مرۆڤ ناچار بێت تەسلیمی ستەم و سڕینەوەی شوناسی خۆی ببێت. لێرەدا قورئان جیاکارییەکی قووڵ دەکات لە نێوان دوو جۆر لە داینامیکی کۆمەڵایەتی: دوژمنی فیکری و هاووڵاتیی جیاواز لە عەقیدە: کەسێکە کە لە کایەی بیروباوەڕدا هاوڕا نییە. ئیسلام لێرەدا یاسای (Pluralism) یان فرەیی ئایینی ڕادەگەیەنێت؛ پەیڕەوانی ئایینەکانی تر مافی تەواوی پەرستش و داوەریی یاسایی تایبەت بە خۆیان هەیە. لێرەدا مامەڵە تەنها بە گفتوگۆی عەقڵانی، دادپەروەری و پاراستنی کەرامەت دەبێت، بەبێ تێکەڵکردنی سنووری عەقیدەکان. دوژمنی کرداری (Aggressor): قەوارە یان هێزێکە کە چەک هەڵدەگرێت، شەڕ ڕادەگەیەنێت و دەیەوێت بە زەبر زەنگ موسڵمانان لە نیشتمان و شوناس و مافە سەرەتاییەکانیان بێبەش بکات و بیانتوێنێتەوە؛ لێرەدا بەرگریی چەکداری نەک هەر ڕێگەپێدراوە، بەڵکو ئەرکێکی ئەخلاقی و فەرزێکی شەرعییە بۆ پاراستنی بوون و کەرامەتی مرۆڤایەتی، چونکە تەسلیمبوون بەم جۆرە ملهوڕییە، سڕینەوەی حەق و تێکدانی جەوهەری ئیمانە. ئەم وەرچەرخانە لە "ڕواڵەتی ئایین"ەوە بۆ "جەوهەری ئایین"، ڕێگری دەکات لەوەی مرۆڤ تووشی دەمارگیریی

کوێر و ڕواڵەتپەرستیی وشک (Ritualism) ببێت. کاتێک مرۆڤ هۆکارەکە (ڕێورەسمەکان) دەکاتە ئامانج، مرۆڤایەتی خۆی ون دەکات؛ بەڵام کاتێک تێدەگات کە ئایین بۆ بەرجەستەکردنی دادپەروەری هاتووە لەگەڵ پاراستنی شوناسەکان، ڕێز لە یاسای فرەیی گەردوون دەگرێت. قورئان بەم ئایەتە هاوسەنگە کۆتایی بە ڕواڵەتپەرستیی پێکهاتەکان دەهێنێت و دەیسەلمێنێت کە بەهای باڵا لە ڕەفتار و کرداری مرۆیی و پاراستنی پەیمانەکاندایە، نەک لە توندڕەوی یان تواندنەوەی شێوازی پەرستشەکاندا: (لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ...) ئەم ئایەتە جیهانبینییەکی فەلسەفیی قووڵ لەسەر چەمکی چاکە و ئایینداری پێشکەش دەکات. قورئان لێرەدا ڕێورەسمی ڕووکەش و تەنها ئاڕاستەکردنی مادیی پەرستشەکان (ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا) لە چەمکی ڕاستەقینەی چاکەدا ڕەت دەکاتەوە و دەیگۆڕێت بۆ شۆڕشێک بەسەر فۆرمدا لەپێناو جەوهەری ئەخلاق.

باسی چوارەم: چۆن بنەماکانی ئیسلام تەنیایی و دڵەڕاوکێی مرۆڤی مۆدێرن دەشکێنن؟

لەم تەوەرەدا باس لەوە دەکەین کە چۆن بنەماکانی ئیسلام دەبنە سەرچاوەی ڕاستەقینەی بەختەوەری و ئاشتیی ناخی، و مرۆڤ لە تەنیایی و "من"ی خۆپەرستەوە بەرەو ئاسۆی فراوانی ئازادیی وجودی دەگوازنەوە. پێکەوە تیشک دەخەینە سەر یەکتاپەرستی وەک شۆڕشێک دژ بە نەفامی، ترس و بەرژەوەندیخوازیی کوێرانە، تا دڵنیایی بە ڕۆحی مرۆڤ ببەخشێت. پاشان باس لە جیهانی فریشتەکان دەکەین وەک سیمبولی ئەقڵانییەتی گەردوون و شکێنەری تەنیایی مۆدێرنە. لە کایەی کتێبە ئاسمانییەکاندا، دەبینین چۆن سروش دەبێتە نوور بۆ چاوی ئەقڵ، و لە ڕێگەی پەیامهێنەرانیشەوە نموونەی باڵای کرداریی مانا و مرۆڤبوون پێشکەش دەکەین. لە کۆتاییدا، باس لە باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی دەکەین وەک ئاسۆیەک بۆ بەدیهاتنی دادپەروەریی ڕەها و ڕزگاربوون لە دڵەڕاوکێی مەرگ، تا مرۆڤ لەم دنیایەوە پێ بنێتە ناو بەهەشتی ئارامی و زەردەخەنە بۆ ژیانی بگەڕێنێتەوە.

١- یەکتاپەرەستی؛ شۆڕشی مانا دژ بە کۆیلایەتیی ماددە.

یەکەم: مانا و چەمکی یەکتاپەرستی لە ئیسلامدا.

یەکتاپەرستی (تەوحید) لە ئیسلامدا تەنها چەمکێکی تیۆلۆژیی (کەلامی) وشک نییە، بەڵکو وەک ئیسماعیل ڕاجی فارووقی دەڵێت: «تەوحید ئەو بینینە گشتگیرەیە کە مانا بە ژیان و مێژوو دەبەخشێت.» ئەمە بناغەی سەرتاسەریی عەقیدەیە، نەک تەنها پاشکۆیەکی فیکری؛ ئاڕاستەیەکی گەردوونییە کە سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤ ڕێکدەخاتەوە. لێرەوە، سەید قوتب لە تێڕوانینە ڕادیکاڵەکەیدا بۆ حەقیقەتی دین، ئەم متمانە تیۆرییە دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی واقیعی و دەڵێت: تەوحید تەنها

گوتنی وشەیەک یان بیروباوەڕێکی جێگیر نییە لە دەروونندا، بەڵکو ڕاگەیاندنی شۆڕشێکی گشتگیرە بەسەر حاکمیەتی مرۆڤدا لەسەر زەوی؛ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتییە لە کۆیلایەتیی بوونەوەرەکان بۆ پەرستنی خودای تاقانە. لەم سۆنگەیەوە، یەحیی عەبدولواحید جەخت لەسەر پێویستیی دەرهێنانی تەوحید لەناو کتێبە دێرینەکانی عیلمی کەلامدا دەکاتەوە و پێی وایە: "تەوحیدی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە بازاڕدا، لە فەرمانگەدا، و لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا ڕەنگ بداتەوە. ئەوەی فێڵ دەکات یان کەرامەتی مرۆڤ دەشکێنێت، لە ڕاستیدا لە مانا قووڵەکەی (لا إله إلا الله) تێنەگەیشتووە." یەکتاپەرستی لوتکەی ئازادییە. وەک ڕینێ گینۆن ئاماژەی پێدەدات، کێشەی جیهانی مۆدێرن "نکوڵیکردنە لە مێتافیزیک". نەفامی و زانستی ئاخوڕ: عبدالوهاب مەسیری باس لە "ماددەگەریی گشتگیر" دەکات کە مرۆڤ دەکاتە پارچەیەکی بێ ڕۆح. لێرەدا "نەفامی" دژی "حیکمەت"ە، نەک خوێندەواری. زانایەکی بێ ویژدان تەنها خاوەنی "زانستی ئاخوڕە" کە لە خزمەت ستەمکاراندایە. یەکتاپەرستی داینەمۆی ئیرادە و دژە ترسە مالیک بن نبی دەڵێت: "ئەگەر مرۆڤ لە ناخەوە ئازاد نەبێت، هەزاران پێغەمبەریش بێن هەر بە کۆیلە دەمێنێتەوە." تەوحید ئەو هێزەیە کە "قابلیەتی کۆیلایەتی" لە ناو دڵدا دەسڕێتەوە. یولیوس ئیڤۆلا هانی مرۆڤ دەدات بۆ "ڕاپەڕین دژی جیهانی مۆدێرن" و گەڕانەوە بۆ "سەنتەرە پیرۆزەکە". یەکتاپەرستی ئەو سەنتەرەیە کە ناهێڵێت پارە و سامان ببێتە بتی مرۆڤ. لە فەلسەفەی ئیسلامیدا، یەکتاپەرستی تەنها "ناسین" نییە، بەڵکو وەک ئیسماعیل ڕاجی فارووقی دەڵێت: «تەوحید ئەو سەنتەرە مانا بەخشەیە کە گەردوون و مێژوو ڕێکدەخاتەوە.» ئەم ڕێکخستنەوەیە لە پاراستنی "گیان و عەقڵ"ەوە دەست پێ دەکات و مرۆڤ لە کۆیلایەتیی ماددە ڕزگار دەکات.

دووەم: مێژووی پەیامی یەکتاپەرستی و چەمکی "ئیبراهیمی"

دەبێت بزانین کە یەکتاپەرەستی هێنراو و داهێنراوی ئیسلام نییە بەڵکو بە پێی دەستەواژەی ڕاشکاوی قورئانی پیرۆز، هەموو پەیامهێنەران ئامانجی کارەکەیان بڵاوکردنەوەی فیکری یەکتاپەرەستی بووە. «وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ» (سورة الأنبياء: ٢٥) واتە: «پێش تۆش هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیلا وەحیمان بۆ ناردووە کە بەڕاستی هیچ خوایەک نییە بێجگە لە من، کەواتە هەر من بپەرستن». لە کۆمەڵناسیدا باسێك هەیە بە ناووی (پلەی مانا بەخشین) واتە هەندێك وشە هەن لە شوێن و هەلومەرج و جێگە جۆراوجۆرەکاندا خاوەی یەك مانای نەگۆڕە. بۆچی دەڵێیت یەکتاپەرستی ئیبراهیمی؟ مەگەر پەیامهێنەرانی پێش ئیبراهیم بانگەوازیان بۆ یەکتاپەرەستی نەکردوە؟ بەکارهێنانی دەستەواژەی "یەکتاپەرستی ئیبراهیمی" زۆرجار وەک ئاماژەیەک بۆ "باوکی پێغەمبەران" و دووبارە بونیادنانەوەی مەنهەجی حەنیفییەت دێت، نەک بەو مانایەی کە پێش ئەو بوونی نەبووبێت. یەکتاپەرەستی بناغەی هەموو عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامە، نەوەك یەکێك بێت لەوان، بەواتەی ئەوەی بنەما و ئاڕاستەی بنەڕەت هەموو لایەنەکانی ژیانە. ئەوەی کە بیردەکاتەوە و ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە جیایە. زانایانی یەکتاپەرستی، لە پێشەنگیاندا ئیبن تەیمیە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەوحید لووتکەی ئازادییە. کاتێک مرۆڤ تەنها بڕوای بە یەک خودا هەبوو، لە کۆیلایەتی "هەموو شتەکانی تر" ڕزگاری دەبێت؛ لە کۆیلایەتی دەسەڵات، پارە، و تەنانەت نەفسی خۆیشی. لە فەلسەفەی یۆنانی کۆندا ئەمجۆرە لە بیرکردنەوە هەبوو کە مرۆڤ پێوەری هەموو حەقێکە واتە لۆژیکی خۆپەرەستی و جۆرێك لە مرۆڤ پەرەستی، کە دەیانگوت: دونیا هەمووی هیچە، هەستی هیچە، لە ئاسماندا هچ دەنگوباسێك نیە،

بونەوەر بێ ئامانجە، بێ هەستە بێ مەبەستە، بێ ڕۆحە، سروشت سەرانسەرە لە تاریکی و نەفامی و بێ ئەقڵی و نادادی.

سێیەم: پێویستیی هەمیشەیی مرۆڤ بە خودا

خودا بۆ مرۆڤ پێویستیەکی هەمیشەیی و فەلسەفی و عاتیفیە. دەبینین مرۆڤی ئەمڕۆ نغرۆی مادەبووە توشی چەندین گرفت و بێهیوایی و نارەحەتی بووەتەوە و هەمیشە سەرقاڵە، ئەلێکسس کارل دەڵێت: مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە وای لێهاتووە کەمتر بوارێکی هەیە بۆ بیرکردنەوە قوڵەکان سەبارەت بە بابەتە عاریفیەکانی خود، بەجۆرێك خەریکی گوزەراندنی ژیانە. بە گوتەی پۆڵ سیمۆن ئیتر چاوەڕێی هیچ شتێکیتر ناکات بێجگە گەشتنی پاسەکەی، کەمتر هەستدەکات پێویستی بە خودا هەیە، بەڵام ئەم جۆرە ژیانکردن و تێڕوانینە وای لێکردووە هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ و نارەحەتیدا ژیان بگوزەرەنێت. ئەوەی دەیبینین لە ژیانی تاك و کۆمەڵگە هەمووی نیشاندەری ئەوەن پێویستیەکی زۆریان بە ئیمان و باوەڕە بۆ ڕزگاربوون لەو قەیرانانە. وەک ئیسماعیل ڕاجی فارووقی دەڵێت: «کێشەی جیهانی مۆدێرن ئەوە نییە کە بڕوای بە خودا نییە، بەڵکو ئەوەیە کە خودایەکی "بێدەنگ" یان "پەراوێزخراو"ی دەوێت.» بەڵام تەوحیدی ئیسلامی خودا دەخاتە ناو جەرگەی ژیانەوە؛ لەرێگەی پاراستنی گیانی مرۆڤەکان، ڕێزگرتن لە عەقڵیان، و دابینکردنی ژیانێکی پڕ لە کەرامەت. پاراستنی گیان و عەقڵ، لە ڕاستیدا پەرستنی خودایە لە جوانترین وێنەیدا. هەروەک خودا دەفەرموویت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ (سورة الرعد: ٢٨). خودا لە مێژوودا وەك تیۆرێکی فەلسەفی باسنەکراوە، بەڵکو وویژدانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دەشتەکی و مێژوویی بەردەوام پڕبووە لە خودا و خوداکان، بە دەستەواژەیەکی گشتیتر هەستێکی ئاینی بووە، چونکە

مێژوو لە هەر شوێنێکدا مرۆڤ دۆزیبێتیەوە خودای لە تەنیشیتا بینیوە. (مەسەلەی خودا هەرچەندە گەورەترین میحوەری فەلسەفەیە بەڵام تاکە بابەتی فەلسەفەش نەبووە و ناشێت). بەڵکو بەردەوام چینەکانی مرۆڤایەتی لە هەر شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و مەدەنیدا لە هەر سەردەم قۆناغێك و هەر ڕەگەزێکدا بوبن بە توندی لەبەرانبەر فەلسەفەوە هەستیاریان هەبووە، لە زاناترین کەس بۆ نەخوێندەوارتریان پێوە سەرقاڵبوون و بەناو ناخیشیاندا ڕۆچوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوداپەرەستی لە دایکبوونی ئەندێشە نییە، بەڵکو یەکێکە لە پێویستیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ. کۆمەڵەی کۆن بریتیە لە کۆمەڵگەیەکی ئاینی، میحوەری هەر شارێکیش، پەرەستگا یان زیارەتگای ئەو شارە بووە. یەکێك لە پێویستیە عاتیفیەکانی مرۆڤ بە خودا بریتیە لە هەستکردن بەهێزێکی ڕەها و پەناگەیەکی دڵنیا ئاراستە و مانایەکی دیاریکراو پیرۆز، کە لە هەموو جیهانی هەستیدا ئەم پێویستە بەناوی دووانەی (باوەڕبوون بە دوو ئافەرێنەر وەك ئەهریمەن و ئاهورەمزدا لای زەردەشت و زروانی تاریك و زروانی ڕووناك لای مانی و مەزدەك) بە بڕاوی ئەم دوو ئاینە هەردوکیان خودان، یان سیانی (باوەڕبوون بە سێ خودایی لای برەهمای هیندی و فیلون زانای یەهودی و هەروەها سێ خودایی باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لا مەسیحیەکان کە لەژێر کاریگەری ڕۆمی کۆندا سەریهەڵداوە، یان چەندین خودایی (وەك لای عەرەبەکان و ڕۆمانیە کۆنەکاندا هەبووە باوەڕیان بە دەیان خوداوەند هەبووە)، بتپەرەستی لای عەرەبەکان و ئەستێرەناسی لای مەزهەبی صابیئین ئەمجۆر لە فرە خودایيە کێشەی ئاڵۆزی بۆ دروستدەکات و هەستی لە بەرامبەریەوە دەبێتە گۆڕەپانی هێزە دژ و پێچەوانەکانی یەکتری وەك ئەوانەی پێشوو. ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە ژیانیدا شوێنکەوتەی ئەندێشە و بیروباوەڕێکە کە هەیەتی. هەربۆیە یەکتاپەرەستی تەنها شێوەی خودا

پەرەستیە کە دڵنیایی و ئارامی دەدات بە مرۆڤ و دەیکاتە کەسێکی پابەند و مانا ئاراستە دەبەخشێتە هەستی، بە مانایەکیتر یەکتاپەرەستی هەموو شوێنەوارە ئیمانە مەزهەبیەکان لە ژیانی مادی و مەعنەوی مرۆڤدا دەگرێتەوە. هاتنی ئیسلام بۆ وەڵامدانەوەیەکی ڕۆحیی بوو بۆ ئەو هەموو پەرتەوازیە بوو کە لە ئارادابوو. هێزی و دەسەڵات لە ئیسلامدا بە دەست خودای تاقانەیە شەیتانێکی خاوەن هەیدز و توانا و دەسەڵات کە بتوانێت بەربەرکانێی خودا بکات بوونی نیە، کێبەرکێکاری خودا نییە، بەڵکو بەندە خودایە، شەیتان بونەوەرێکی سەرکەشە لە فەرمانەکانی خودا، نەك دژ و بانگەشەکاری خودایی. دوو جەمسەری ئیسلام تەنها لە جیهانی ناخی مرۆڤدایە ئەم دوو جەمسەرە ئیسلام بانگەشەی بۆ ناکات بەڵکو کێبڕکێیەکە لە ناخی مرۆڤ لەسەر ڕاکێشانی دڵی ئەو کەسە بۆ چاکە یان خراپە. شەڕی نێوان دوو خودایی بوونی نییە، ئەو ململانێیەی هەیە لە نێو دڵی مرۆڤدایە.

سێ بەندی کۆیلایەتی؛ دژەکانی یەکتاپەرستی

هەڵسوکەوتی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕەکەیەتی. زۆربەی تاوان، گوناە، و دواکەوتنەکانی مرۆڤایەتی لە سێ سەرچاوەی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن کە دژایەتیی ڕۆحی تەوحید دەکەن: نەفامی و ترس و قازانجە، ئەم سێ هۆکارە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر یەکتاپەرەستی و لەناوی دەبات. یەکێکیتر لە هۆکارەکانی شیرك ئەوەیە مرۆڤ کەسێك یان شتێك لە باش و خراپی ژیانی خۆیدا بە کاریگەر بزانێت، یان لە کەسێك بترسێت یان ئومێدی بە کەسێك هەبێت، یان باوەڕمان بە کەسایەتیەك هەبێت و باوەڕمان بە ئەساڵەت و بنەڕەتی هەبێت و بە جۆرێك هەرچیەکی ووت قبوڵی بکەین هەرچی ووت بێ چەندوچون گوێڕایەڵی بین ئەمەش جۆرێکە لە شیرك. ئەگەر ئازادی

خۆمان فرۆشت یان کەسیکمان بە خاوەنی خۆمان زانی یان بانگەشەی کەسێکمان قبوڵکرد کە خۆی بە خاوەنی ئێمە دەزانێت ئەمەش جۆرێکە لە شیرك. کەسێك پشت بە پارە ببەستێت و بەتاکە چارەسەری کێشەکانی بزانێت و دڵنیا بێت لێی یان ملکەچبکات بۆ پارە یان بۆ کەسێکی دەوڵەمەند. فیرعەون و نەمرود بانگەشەی ئەوەیان نەکردوە کە زەوی و ئاسمانەکان و مرۆڤیان دروستکردوە و هەندێکیشیان باوەڕیان بە خودای خوداکان هەبووە، تەنها بانگەشەیەك دەیانکرد ئەوەبوو خۆیان بە خاوەنی خەڵك زانیوە. دەیانگوت چارەنوسی ئێوە بە ژیان و مردن لەدەست ئێمەدایە، ڕۆزی و سەربەرزی و خۆشیتان لەژێر دەستی ئێمەدایە، بە ویست و ئارەزوی خۆیان حوکمداریان کردووە، کێیان ویستوە نانیان پێداوە و کێیان نەوەیستوە برسیان کردووە، فیرعەون کاتێ بە گەلەکەی وت: ﴿فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى﴾ لێرەدا مەبەست لە وشەی (رَبُّكُمُ)ئەوە نییە ئێوەم دروستکردوە، بەڵکو بە واتای ئەوە دێت من خاوەنی ئێوەم هەرجۆرێك بیردەکەمەوە ئێوەش دەبێت ئاوا بیربکەنەوە. وەك دەستەواژەی قورئان ئەمانە تەکەبوریان کردووە. هەرکەسیش قەبوڵی کردبێ هاوبەشی بۆ خودا داناوە. یەکتاپەرستی؛ شۆڕشە دژی "نەفامی، ترس، قازانج "بەڵام یەکتاپەرەست تەنها لە خودا دەترسێت و تەنها هیوای بەو هەیە، چونکە دەزانێت: «واعلم أن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك، ولو اجتمعوا على أن يضروك بشيء لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك» (فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ).

هۆکاری یەکەم: نەفامی (زانستی ڕووت لە بەرامبەر حیکمەتدا):

نەفامی (جهل) بە مانای دژە زانست نییە، چون زانیاریە سروشتیەکان وەك بیرکاری، هونەر، ماف و ئەدەبیەکان، هەرگیز نابنە ڕێگر لەبەردەم مرۆڤ لە نەکردنی تاوان و ستەم و نادادی، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەی لە بنەڕەتدا تاوانکارن شێوەی تاوان و ئەنجامدانی تاوانەکانیان دەگۆڕێت، تەنانەت ڕوبەڕەکەی فراوانتر دەکات، هەرەکو چۆن ئەمڕۆ نەتەوە خاوەن شارستانیەکان کە بەرزترین قۆناغی زانست و تەکنەلۆژیایان هەیە، دەستدەکەن بە خراپترین جۆری کاولکاری و داگیرکاری ستەم و هەڵخەڵەتاندن و دەسترێژی و خراپەکاری، بردنی سەروەت و سامانی گەلانی ژێردەستە و بێدەسەڵات، بەڵام شێوازەکەی لە ڕابردوو جیاوازە ئەگین ستەمکردنەکە لەوەی ڕابردوو زۆرجار خراپترە. کەواتە بونی زانست و پێشکەوتنە خێراکان و داهێنانە نوێیەکان مرۆڤی خراپەکاری لی خراپە دورنەخستوەتەوە بەڵك خراپتر و پەستتری کردوە بۆ ئەنجامدانی تاوان. هەر لەبەر ئەوەیە مەولەوی فارسی دەڵێت ئەمجۆرە زانستە زانستی ئاخوڕە (زانستی مشکی کوێر)، کە هێلانەی پێچ و قەمچ دروستدەکات و بە هۆشیاریەوە خۆی لەبەرچاو وندەکات، لە هاتنە دەرەوە و سەیرکردی ڕووناکی و ئاسمان بێزارە. مەبەست لە نەفامی دژی حیکمەت و داناپی و ئاگاییە، نەك زانست بەوجۆرەی سۆکرات لێکدانەوەی بۆ کردووە. حەکیم بە هیچ جۆرێك توشی تاوان نابێت، هەموو خراپە و کەموکورتە ئەخلاقیەکان لە نەفامیەوە سەرچاوە دەگرن. جیاوازی بنچینەیی ئەوەیە کە نەخوێندەواری واتە بێتوانایی لە خوێندنەوە و نووسیندا، لە کاتێکدا نەزانی بریتییە لە کەمی زانیاری، هۆشیاری، ئاگایی یان تێگەیشتن لە بوارێکی دیاریکراودا. لەوانەیە مرۆڤ خوێندەوار بێت بەڵام ناهۆشیار بێت. مەبەست لە حیکمەت زانستێکە تێکەڵ بە ئاگایی مرۆیی و ئەخلاقی تاك و ویژدانی زیندوو و کەسایەتی

کۆمەڵایەتی و خاوەن کردار و عەقیدەیەکی ڕاست و ناسینی هەق بێت. بە جۆرێك کە ئەو ڕێڕەوی سروشتەکانی بونەوەردا دەهێڵێتەوە و بە ئاڕاستەی ئەقڵگەر و ڕاستدا دەیهاوێژێت، لە لادان و کەوتن و زاڵبوونی هەوا و ئارەزووە پەست و دەستدرێژکارەکان دەیپارێزێت و دوری دەخاتەوە. زانایەکی پەست و خۆفرۆش و تاوانبار و هەلپەرەست هەیە کە بە ئاسانی و سادەیی دەکەوێتە خزمەتی دەسەڵات و سامانەوە لەبەرانبەر خۆپەرەستی و پارە و پول هەواو ئارەزوەکانیەوە هیچ هەستیاری و سڵەمینەوەیەك لە بەرانبەر هیچ خراپەیەکدا نیشان نادات، مرۆڤێکیش هەیە زانست و زانیاری ئەوتۆی نییە بەڵام نەکەوتوەتە گێژاوی هەواو و ئارەزوەکانیەوە لەبەرانبەر ترسناکترین گۆڕەپانی کوشتنی کەسایەتی مرۆڤەکاندا بەهێز و خۆڕاگرە، بە ڕاستی و حیکمەتەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، هەروەکو بڵێی دەستی لە نێو دەستتی ڕێنمایکارێکی بە توانا و زرنگ و لێهاتوودایە بە جۆرێك کە سەرانسەری بوونی ڕاستی و کەسایەتی و شەرافەتی لێدێت، بێجگە لە جوانی و دڵنیایی و خۆڕاگری و بەهێزی لە نێوچاوانیدا هیچ شتێکیتر نابینرێت. جیاوازی ئەم دووجۆرە مرۆڤە چییە؟ جیاوازێکی زۆر هەیە لە نێوان حەکیمێکی نەخوێندەواری خاوەن هێزێکی ویژدانی بەئاگی خاوەن نورێکی ئیلاهی لە ناو دڵیدا لەگەڵ زانایەکی نەفامی چاوچنۆکی بێویژدان. زانا کەسێکە کە زانست لە کەناری کەسایەتی مەعنەوی ئەودایە، حەکیمیش کەسێکە کە کەسایەتییەکەی لە نێو زانستدا بەهێزبوبێت و ڕەگ و ڕیشەی داکوتابێت. پەیامهێنەران کە شارستانێت و ژیاریان دروستکردوە بونەتە ڕێنمایکاری مرۆڤایەتی کە گەورەترین پشك و بەشیان لە گۆڕانکاری ئەخلاقی و ڕۆحی کۆمەڵگادا هەبووە لە زانایان و فەیلەسوفان نەبوون، بەڵکو زۆربەیان شوان و کرێکار و خاوەن پیشەبوون، تەنانەت لە زۆربەی کاتیشدا خوێندەواریان نەبووە، قورئان هەمیشە کتاب و حیکمەت

بەیەکەوە دەهێنێت، سیفەتی (امی) وەك تایبەتمەندیەکی ئەرێنی دەیداتە پاڵ پەیامهێنەر، کە ئاگایی و ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتن فێری مرۆڤ دەکەن لەو کاتەی کە هیچی نیە، شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی پەسەندیش لەوکاتەی هەموو شتێکی هەیە.

هۆکاری دووەم: ترس (ترس لە فەرمانڕەوا بەرامبەر ترس لە دادوەر):

تێگەیشتنی قووڵ لە یەکتاپەرستی، ڕەگ و ڕیشەی هەر ترسێکی زەلیلکەر لە ڕۆحی مرۆڤدا دەکوژێت و ناخی لە دڵەڕاوکێی وجودی پاک دەکاتەوە. مرۆڤی یەکتاپەرست لەبەردەم تاقیکردنەوەکاندا ناچێتە دواوە و لەرزۆک نییە؛ ئەو ناچار نییە هەمیشە لە ململانێی شاردنەوەی ڕاستییەکاندا بێت یان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاران خۆی بدزێتەوە، چونکە باوەڕی وایە خودا تاکە هێزی ڕەهایە لە گەردووندا و سەرجەم هێزە مادی و زەوینییەکان لە بەرامبەر ئەودا دەستەوەستان و بێتوانان. قورئانی پیرۆز ئەم ڕاستییە بە ڕوونی دەردەخات کاتێک دەفەرموێت: (فَلَا تَخْشَوُهُمْ وَاخْشَوْنِ) (البقرة: ١٥٠). بۆ تێگەیشتن لە جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ چەمکی ترسدا، دەکرێت هێما بۆ دوو جۆری جیاواز لە ترس بکەین:

ترس لە فەرمانڕەوا (دکتاتۆر): دارمانی وجودی و کۆیلایەتیی کتوپڕ

ئەمە ترسێکی کوێرانەی بێ بنەمایە؛ دڵەڕاوکێیەکی هەمیشەیی کە لە هیچ یاسایەکی گەردونی یان پێوەرێکی ئەقڵانییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بوون و نەبوونی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە میزاجی لێڵ و گۆڕاوی ستەمکارێکەوە. لە ژێر سایەی دیکتاتۆریەتدا، "بێتاوانی" چەکێکی بێبڕشتە و نابێتە قەڵغان؛ چونکە ژیانی مرۆڤ لە نێوان چرکەیەک و چرکەیەکی تردا، تەنها بەندە بە وەهمێک یان تەوژمێکی تووڕەیی

فەرمانڕەواوە، کە دەکرێت بەبێ هیچ هۆکارێک، تەواوی مێژوو و ئایندەت پان بکاتەوە. ئەم ترسە، ژەهرێکی کوشندەیە کە مرۆڤ لە جەوهەرە بەرزەکەی دادەماڵێت. ستەمکار تەنها جەستەکان زیندانی ناکات، بەڵکو هێرش دەکاتە سەر سەروەریی ئەقڵ و ئیرادە و دەیانهاڕێت؛ تا کار دەگاتە ئەوەی مرۆڤ لە ناوەوە بڕووخێت و ببێتە سێبەرێکی بێ شوناس، کە تەنانەت بوێریی ئەوەی نەبێت لە خەیاڵەکانی خۆشیدا ئازاد بێت. ئەمە گەورەترین سووکایەتییە بەو کەرامەتەی خودا بەخشیوێتی بە مرۆڤ؛ چونکە مرۆڤ لە بوونەوەرێکی خاوەن بڕیارەوە کەم دەکاتەوە بۆ تەنها ئامرازێکی بێڕۆح لە شانۆگەریی دەسەڵاتداردا. لێرەدا، تەنها بە چەسپاندنی مانای ڕاستەقینەی یەکتاپەرستی لە ناخدا، مرۆڤ دەتوانێت لەم زنجیرە دەروونییە ڕزگار بێت و تێبگات کە تەمەن و ڕزق و چارەنووس، تەنها لە دەستی پادشای ڕاستەقینەدایە، نەک بوونەوەرێکی لاوازی سەر زەوی.

ترس لە دادوەر (یاخود ترس لە خودا): ترس لە دادوەری ڕەها (خودا)، هاوکێشەیەکی تەواو پێچەوانەی ترسی لە ستەمکارە؛ لێرەدا سەرچاوەی ترسەکە، غەدر و زۆرداریی دادوەر نییە، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاشکاو و توندی مرۆڤە لەگەڵ دەرئەنجامی سەرپێچی، لادان و عەیبەکانی خۆیدا. کاتێک مرۆڤ لە خودا دەترسێت، لە دادی ئەو دەترسێت نەک لە ستەمی؛ چونکە بە تەواوی دڵنیایە کە لەو حەرەمەدا، سزادان لە دەرەوەی لۆژیکی عەدالەت و بێ پاساو بوونی نییە. کاتێک مرۆڤ لە دادپەروەری ڕەها (خودا) دەترسێت، لە ڕاستیدا لە پێوەرە جێگیر و لۆژیکییەکانی دادی دەترسێت نەک لە زۆرداری، چونکە بە تەواوی دڵنیایە کە خودا بەبێ لۆژیک و بێ پاساو سزای هیچ بوونەوەرێک نادات. لێرەوە، ئەم ترسە، بە پێچەوانەی ترسی یەکەم، مرۆڤ زەلیل و شەرمن ناکات، بەڵکو دەبێتە دایک بۆ لەدایکبوونی

"ویژدانی زیندوو". پارێزەرێکی ناوەکییە کە ڕۆحی مرۆڤ لە تاوان و غەفڵەت پاک دەکاتەوە و بەرەو لوتکەی کەماڵی ئەخلاقی بەڕێی دەکات. لەم جیهانبینییەدا، یاساکانی پاداشت و سزا لەسەر بنەمای عەدالەتێکی نەگۆڕ دارێژراون، نەک لادانی کتوپڕ و ئارەزووی تێکدەری دەسەڵاتدارێک. خودا وەک چاودێرێکی هەمیشەیی ئاگاداری سەرجەم کار و کردەوەکانمانە و پاداشت و سزاکانی لەسەر بنەمای عەدالەت داناوە، نەک دەستێوەردانی کتوپڕی بێ لۆژیک: (وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ) (فصلت: ٤٦). بۆیە، کاتێک ڕۆحی تەوحید لە ناخی مرۆڤدا جێگیر دەبێت، تەنها یەک ترس لە دڵیدا دەمێنێتەوە کە ئەویش ترسی دادپەروەریی خوداییە، ئەمەش وا دەکات لەبەردەم سەرجەم "فەرمانڕەوا" و بتە مادییەکانی زەویدا بە سەربەرزی و ئازادی ڕابوەستێت.

هۆکاری سێیەم: قازانج و بەرژەوەندیخوازی (ڕەگەکانی شیرک):

پراگماتیزمی کوێر و ڕاکردنی نەزۆک بەدوای سەرابی قازانجی کاتیدا، ناخی مرۆڤ تووشی "شەپۆلێکی شۆڕبوونی ڕەوشتی" دەکات؛ دۆخێک کە تێیدا چەورەی و ماستاوچێتی، دەبنە پەردەیەک بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی تاوان. ئەم هەرەس هێنانە ناوەکییە، مرۆڤ لە شۆێنی شایستەی خۆی لە لوتکەی ئازادیدا دادەماڵێت و دەیخاتە خوار پلەی ئاژەڵ؛ چونکە ئاژەڵ لە ژێر فەرمانی بێدەنگی غەریزەدا بێتاوانە، بەڵام مرۆڤی نوقمی تەماع، بە هۆشیارییەکی ساردەوە، کەرامەتی خۆی لە بازاڕی بەرژەوەندیدا دەفرۆشێت. ئەوانەی بە ڕاستی هەست بە بوونی خودا دەکەن، دەزانن کە سەرچاوەی قازانج و ڕزق تەنها لای ئەو کاتەیە و مرۆڤ تەنها ئەرکی سەرشانیەتی بە ڕێگەی حەڵاڵ و پاک هەوڵ بدات و خۆی لە فرتوفێڵ بەدوور بگرێت. قورئانی پیرۆز لەمبارەیەوە تیشک

دەخاتە سەر ئەوەی کە تەنها ترسی بێبنەما لە برسیەتی و دۆڕانی مادی، مرۆڤ بەرەو بێئەخلاقی دەبات: (الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاءِ وَاللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا). مرۆڤی تەماعکار شوناس و کەسایەتییەکی جێگیری نییە؛ ئەو وەک "کامێلیۆن" (حەربا) وایە، هەمیشە ڕەنگی خۆی بەپێی ڕەنگی خاوەن دەسەڵاتەکان دەگۆڕێت. بوونی ئەم مرۆڤە لە کەسایەتییەکی سەربەخۆوە دەبێتە "بوونێکی ئیداریی بێڕۆح"؛ ئەو زیاتر حیساب بۆ ژمارەی بانکەکەی دەکات نەک بۆ کەرامەتی. کاتێک دەچێتە بەردەم ئاوێنە، جەستەیەکی مردووی بێمانا دەبینێت، چونکە جەوهەری مرۆیی خۆی تەکاندووە و پارەکەی بووەتە جێگرەوەی ناخی. ئەمە ڕێک ئەو چەمکەیە کە فەیلەسوفی ئەڵمانی کارڵ مارکس بە "نامۆبوونی مرۆڤ لە خودی خۆی" ناوی دەبات، کاتێک مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی کاڵا و سامانەکەی. لەم پێناوەدا، مرۆڤی بەرژەوەندیخواز بە پێچەوانەی ئیمان و ویژدانی خۆیەوە قسە دەکات، دەنووسێت، تۆمەت دەبەخشێتەوە، و دۆستایەتی و دوژمنایەتی دەکات. ئەمەش گەورەترین جۆری "شیرکی شاراوەیە"؛ چونکە لە دڵیدا هێزی بەخشینی ڕزق و نفع و زیانی داوەتە دەست غەیری خودا. پێغەمبەر ﷺ بە توندی هۆشداری لەم جۆرە بەندایەتییە مادییە دەدات و دەفەرموێت: «تَعِسَ عَبْدُ الدِّينَارِ، وَعَبْدُ الدِّرْهَمِ...» (تیاچێت و سەرشۆڕ بێت کۆیلەی دینار و کۆیلەی درهەم...). لێرەوە دەتوانین تێبگەین کە بۆچی سیستەمی "دیکتاتۆریەت" گەورەترین دوژمنی مرۆڤایەتییە؛ چونکە دیکتاتۆر تەنها جەستە کۆنترۆڵ ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی دروستکردنی کلتوری "ترس و برسیەتی" سەرجەم کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە لە ناو شوناسی خۆیدا دەتوێنێتەوە. کۆمەڵگەیەکی ملیۆن کەسیی بەرژەوەندیخواز کە تەسلیمی دکتاتۆر دەبن، لە ڕاستیدا تەنها یەک مرۆڤی تێدایە کە دیکتاتۆرەکەیە، و ئەوانی

تر هەموو بوونەتە ئامرازی بێئیرادە؛ بوونەتە چاویلکە، پێنووس، پاسەوان، دەمانچە و جاسووسی ئەو. لێرەدا، یەکتاپەرستی وەک هێزێکی ڕادیکاڵ دێت بۆ تێکشکاندنی ئەم هاوبەشدانانە، تا ناخی مرۆڤ لە ترسا یان لە برسا کڕنۆش بۆ مرۆڤێکی تر نەبات.

یەکتاپەرستی ڕێگە بە دەرکەوتن و بڵاوبونەوەی ئەمجۆرە نەخۆشیانە نادات. کەسی یەکتاپەرست نە هۆکارەکانی ترس و قازانج دەبینێت لە ژیانیدا نە هەستیشیان پێدەکات، پێیوایە تەنها دوو جەمسەر بوونیان هەیە، خودا و غەیری خودا، هەموو ئومێد و ترس و خۆشویستی و دەسەڵات و ئیرادەکان لەو جەمسەرەدان کە خودایەە بەدەر لەوە ئیتر هیچ نییە، بەمشێوەیە کە هەموو لاوازی و ترس و تەماعەکان لە ڕحی مرۆڤدا دەسڕێتەوە، بێجگە لە خودا کڕنوش بۆ کەس نابات بێجگە لەویش ستایشی هیچ کەسی تر ناکات. بێ ڕێکەوت نییە پەیامهێنەر شۆڕشەکەی بە دروشمی یەکتاپەرستی دەستپێکرد" (قولوا لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ تُفلِحوا)، ئەم وشەی تفلحوا تەنها زاراوەیەکی ئاینی ئاسایی نییە، مەبەستیش ئەوە نییە بە تەنها بە وتنی ئەم ووشەیە لە دوا ڕۆژ ڕزگارت دەبێت. تفلحوا مانایەکی زۆر فراوانی هەیە، سەرفرازی لە هەر کۆت و بەندێك، لە هەر ئەشکەنجە و ئازارێك لەم دونیا و دوارۆژدا دێتە ڕێت، ڕزگاربوون لە هەرشتێك کە ڕێگرە لە ئازادی مرۆڤ، ڕزگاربوون لە چاوەڕوانی، چاوتێبڕین، چاوچنۆکی، چێژ، هەوا و هەوەس، کۆیلایەتی، قۆرغکردن، خەڵەتاندن و درۆکردن، لاسایکردنەوە، بەرژەوەندی، خۆپەرەستی، ماستاوچێتی، خۆلکاندن بە خەڵکەوە. هەموو ئەو زنجیرە پەستانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی پێچاونی بە بە دەست و پێ و ڕۆح و کەسایەتی و مرۆڤایەتیمانەوە، هەموو ڕۆژێك زیاتر و توندتر دەبنەوە، ستەمکاری دوێنێ وەك سیستەمی وەحشیەتی سەرمایەداری ئەمڕۆی لێهاتووە. کۆیلایەتی جەستەی بوەتە کۆیلایەتی عەقڵی، لە کۆیلایەتی

تاکەوە بوەتە کۆیلایەتی بە کۆمەڵ. دوێنێ ئەرباب و کوێخا بوون ئەمڕۆ دامودەزگا و کولتور و ڕاگەیاندن. کۆیلایەتی ئێستا خراپترە لەوە ڕابردوو، چونکە کۆیلایەتی دوێنێ پەتێك بوو لە ملدا، بەڵام لەمڕۆدا بووەتە سیستەمێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و کلتوری درۆینە لە دڵ و مێشکی مرۆڤەکاندا، بە جۆرێك هەست ئەکەیت ئازادی بەڵام کۆیلەیت، دوێنێ مرۆڤیان دیل دەکرد بەڵام ئەمڕۆ ئەقڵیان کۆیلە کردوە و بێ ئەوەی ئاگادار بێت دەیگۆڕن. جاران خاکیان داگیر دەکرد ئەمڕۆ ڕۆح و فەرهەنگ و مێژوو و شارستانیەت. مرۆڤی ئەمڕۆ کرمێکە کە بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت لە نێو هێلانە قوڕینەکەیدا کە سەرقاڵی دروستکرنیەتی خۆی خەفە دەکات و دەخنکێت. ئەم دروشمە: ڕوونە، هەستپێکراوە، پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانە، کورت و پوختە، سادەیە، بە بڕشتە، لەگەڵ هیچ دروشمێك تردا تێکەڵ نابێت.

٢- فریشتەکان: جیهانی ووزە و کارگێڕی شاراوە

باوەڕبوون بە فریشتەکان تەنها باوەڕ نییە بە بونەوەرە نورانییەکان، بەڵکو دانپێدانانە بەوەی کە ئەم گەردوونە خاوەن سیستەم و ئەقڵە. فریشتەکان نوێنەری یاسا نەگۆڕەکانی خودان لە گەردووندا. فریشتەکان؛ گیانی یاسا و دیپلۆماسییەتی گەردوونین. باوەڕبوون بە فریشتەکان دانپێدانانە بەوەی کە ئەم جیهانە "ئەقڵانییە". فەیلەسوفی گەورە (ئیبن سینا) فریشتەکان بە "ئەقڵە دابڕاوەکان" ناو دەبات؛ لای ئەو فریشتە تەنها بونەوەرێکی نورانی نییە لەو دیو هەورەکان، بەڵکو ئەو هێزە مانا بەخشەیە کە نایەڵێت ماددە لە "پشێوی"دا بمێنێتەوە. ئەگەر یەکتاپەرەستی "یاسای بنەڕەتی" بێت، ئەوا فریشتەکان "کارگێڕی" و جێبەجێکاری ئەو یاسایەن. لێرەدا زانست و ئیمان دەبنە یەك؛ ئەوەی زانا مادییەکان بە "یاسای کێشکردن" یان "سیستمی خۆر" ناوی دەبەن،

لە ڕاستیدا جوڵەیەکی فریشتەییە کە ویستی خودا دەگەیەنێتە جەستەی گەردوون.
شکاندنی تەنیایی و بونیادی ویژدانی زیندوو؛ مرۆڤی مۆدێرن تووشی "تەنیاییەکی ترسناک" بووە، چونکە وا هەست دەکات لە گەردوونێکی بێدەنگ و بێباکدا دەژی، بەڵام (محەمەد ئیقبال) دەڵێت باوەڕ بە غەیب پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ گەردووندا لە پەیوەندییەکی "من و ئەو" (ماددە) دەگۆڕێت بۆ "من و تۆ" (زیندوێتی). کاتێک دەزانیت "تۆمارکار" (الرقيب والعتيد) هەیە، مانا دەبەخشیتە ئازارە شاردراوەکانت؛ ئەو چاکەیەی کە کەس نەیبینیوە، فریشتە بینیویەتی. ئەمە مرۆڤ لە "نیهیلیزم" و بێمانایی دەپارێزێت. وەك (مەولانا) دەڵێت: "تۆ تەنها نیت، جیهانێک لە پاسەوان و هاوڕێی غەیبی دەورت گەمارۆ داویت، بەڵام چاوی ماددی نایانبینێت." ئەمە ئەو لوتکەی بەرپرسیارێتییەیە کە وا لە مرۆڤ دەکات تەنانەت لە تەنهاییەکانیشیدا "حەکیم" بێت، چونکە دەزانێت گەردوون لە بەرانبەر ڕەفتارەکانیدا "بێدەنگ" نییە.

ئەڵقەی نێوان ویست و ماددە؛ لە فەلسەفەی (مەلا سەدرا)دا، جیهان یەک پارچە جوڵەیە، و فریشتەکان لێرەدا ڕۆڵی "نێوەندگیر" دەبینن. (هێنری کۆربین) پێی وایە بەبێ فریشتە، مەودای نێوان خودای ڕەها و مرۆڤی سنووردار دەبێتە بۆشاییەکی مەحاڵ. فریشتەکان ئەو "ووزە" پیرۆزەن کە مەعریفە دەهێنن بۆ ناو ئەقڵی پەیامهێنەران و سروشت دەجوڵێنن بۆ خزمەتی ژیان. ئەمە ئەو سیستمە داڕێژراوەیە کە "خۆڕسکی" و "هەڕەمەکی" لەم گەردوونەدا ناهێڵێت؛ هەموو دڵۆپە بارانێک فریشتەیەکی لەگەڵە، ئەمە تەعبیرێکی سیمبولییە بۆ ئەوەی کە هیچ گەردێک لەم بوونەدا بێ ناسنامە و بێ ئامانج نییە.
ڕزگاربوون لە بتی سەبەبییەت؛ ئەم باوەڕە مرۆڤ لە "پەرستنی ماددە" ڕزگار دەکات. مرۆڤی ناهۆشیار وادەزانێت "دەرمان" یان "پارە" بە تەنها

دەیپارێزن، بەڵام باوەڕ بە فریشتە پێمان دەڵێت کە ئەمانە تەنها ئامرازن و هێزێکی تر لە پشتیانەوەیە. (ئیمام غەزالی) فریشتەکان بە "سەربازەکانی خودا" وەسف دەکات، بەڵام نەك بۆ کوشتن، بەڵکو بۆ پاراستنی هاوسەنگیی نێوان "دڵ و گەردوون". کەسێك کە یەکتاپەرەست بێت و باوەڕی بەم سوپا نورانییە هەبێت، ترسی لای نامێنێت، چونکە دەزانێت لە ناو ماڵی خودایەکی گەورەدا دەژیت کە هەموو سووچێکی پڕە لە ژیان و ئاگایی، نەک لە ناو تاقیگەیەکی ساردی بێگیان. ئەمەیە ئەو "حیکمەتە" کە یەکتاپەرەستی دەکاتە ڕۆح و فریشتەکانیش دەکاتە ئەو جومگانەی کە جوڵەی ئەم ڕۆحە لە ناو جەستەی ماددەدا ڕێکدەخەن. پەیامهێنەرانیش، کە خۆیان حەکیمی ڕاستەقینە بوون، ئەم ڕاستییەیان بۆیە فێرکردین تا هەمیشە هەست بەو "پاڵپشتە" گەردوونییە بکەین کە هیچ دیکتاتۆر و هێزێکی مادی ناتوانێت بیوەستێنێت.

٣- کتێبە ئاسمانییەکان: پردی نێوان ئەقڵ و سروش

کتێب تەنها کاغەز و مەرەکەب نییە، بەڵکو نەخشەی ڕێگایە. مرۆڤایەتی هەمیشە پێویستی بە سەرچاوەیەکی "پیرۆز" هەبووە بۆ جیاکردنەوەی حەق و باتڵ، چونکە ئەقڵی مرۆڤ زۆرجار دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی و هەواو ئارەزوو. کتێب وەك پردی نێوان "ئەقڵی زەوی" و "سروشی ئاسمان" دەستوورێکە دژی هەوا و ئارەزوو. کۆمەڵگە پێویستی بە سەرچاوەیەکی "سەروو-مرۆیی" هەیە بۆ دادپەروەری. ئیمام غەزالی ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەر مرۆڤەکان تەنها شوێن ئەقڵی خۆیان بکەون، ئەوا "بەرژەوەندی" دەبێتە پێوەری حەق، چونکە ئەقڵی هەر کەسەو لە خزمەت کێشە کەسییەکانیدایە. کتێبە ئاسمانییەکان لێرەدا ڕۆڵی "یاسای باڵا" دەبینن کە کەس لە سەرروویەوە نییە. بەبێ کتێب، "خودپەرەستی" (نەرجسییەت) دەبێتە ئایین؛ هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆی حەڵاڵ و حەرام دادەتاشێت. کتێب "من"ی مرۆڤ دەشکێنێت و

دەیکاتە بەشێک لە سیستمێکی گەردوونی کە تێیدا هەمووان لەبەردەم پەیامێکی یەکگرتوودا یەکسانن.

مرۆڤ بونەوەرێکی سنووردارە، بەڵام تینووی ناسینی "ڕەها"یە. ئیمانوێل کانت پێی وایە ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێت بە تەنها بگاتە ناسینی خود و جیهانی غەیب، لێرەدا کتێبی ئاسمانی وەک "تەواوکەری ئەقڵ" دێتە کایەوە. (ئیبن ڕوشد) لەم بارەیەوە دەڵێت: "شەریعەت (کتێب) و حیکمەت (فەلسەفە) دوو خوشکی شیری یەکترن." کتێب ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە ئەقڵ بە تەنها پێی ناگات، نەک بۆ ئەوەی ئەقڵ بپەکبخات، بەڵکو بۆ ئەوەی ئاڕاستەی بکات. وەک مەولانای ڕۆمی دەڵێت: "کتێب وەک مانگ وایە، ڕێگاکە نیشانی ڕێبوار دەدات لە تاریکیدا، ئەگینا چاو (ئەقڵ) هەر هەیە بەڵام بێ نوور ن نابینێت". ئەم شۆڕشە مەعریفییە لە یەکەمین چرکەساتی دابەزینی سروشەوە دەستی پێکرد، کاتێک قورئان فەرمانی بە ئەقڵ کرد لە "دیلیی نەریت" ڕزگار بێت:﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ [العلق: ١]واتە: بخوێنەوە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە.

ڕزگارکردنی ئەقڵ لە "ئەفسانە" لە ڕووی مێژووییەوە، بەرلە هاتنی کتێبە ئاسمانییەکان، مرۆڤ لە ژێر باری قورسی "ئەفسانە و ئەدۆنیسەکان"دا بوو؛ بۆ هەموو دیاردەیەک خودایەکی وەهمی هەبوو. کتێب هات و بە یەک وشە (تەوحید) مرۆڤی لە هەزاران ترسی بێبنەما ڕزگار کرد. هێگڵ پێی وایە ئایینە یەکتاپەرستەکان "ئاگایی مرۆڤیان گەیاندە قۆناغی ئازادی". کتێب هانی ئەقڵی دا کە لە جیاتی پەرستنی سروشت، لە سروشت بکۆڵێتەوە. یەکەم وشەی قورئان (إقرأ - بخوێنەوە) شۆڕشێکی ناسیۆنالیزمی یان سیاسی نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی "مەعریفی" بوو؛ گۆڕینی مرۆڤ بوو لە "دیلیی نەریت" بۆ "ئازادیی فیکر." ئەگەر

یەکتاپەرەستی "ئامانج" بێت، کتێبەکان "بەرنامە"ن. بەبێ کتێب، مرۆڤ لە "خودپەرەستی"دا دەمایەوە و هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆی خودایەکی بۆ خۆی دادەتاشی.

٤- باوەڕ بە پەیامهێنەران: نموونەی باڵای مرۆیی (الأسوة الحسنة)

پەیامهێنەران ئەو "حەکیمە" ڕاستەقینانەن کە هاتوون تا بیسەلمێنن کە یەکتاپەرەستی تەنها "تیۆرێکی فەلسەفی" نییە، بەڵکو "شێوازێکی ژیانە."

پەیامهێنەران لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تەنها گواستنەوەی چەند دەقێکی ئایینی نەبووە، بەڵکو ئەوان هاتوون تا بیسەلمێنن کە یەکتاپەرەستی تەنها "تیۆرێکی فەلسەفی" نییە کە لە کتێبخانەکاندا تۆزی لێ بنیشێت، بەڵکو "شێوازێکی ژیانە" کە لە ناو جەرگەی واقیعدا پیادە دەکرێت. بۆیە قورئان ژیانی ئەوانی کردووەتە تاقە پێوەری ڕاستەقینە بۆ مرۆڤی کامڵ: ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ [الأحزاب: ٢١] واتە: بەڕاستی لە ژیان و ڕەفتاری پێغەمبەردا (د.خ) نموونەیەکی باڵا و جوانتان هەیە بۆ چاو لێکردن. وەک (محەمەد ئیقبال) دەڵێت: "جیاوازی نێوان عاریف و پەیامهێن ئەوەیە کە عاریف نایەوێت لەو دۆخە ڕۆحییە قووڵەی تێیدایە بگەڕێتەوە، بەڵام پەیامهێن دەگەڕێتەوە ناو مێژوو تا سیستمێکی نوێ بنیاد بنێت". لە ئازارەوە بۆ ڕزگاری؛ پەیامهێنەران هەمیشە لە "پەراوێز"ی کۆمەڵگەوە هاتوون (شوان، کرێکار، هەژار) نەک لە ناو کۆشک و تاقیگە فەلسەفییەکانەوە. ئەمە پەیامێکی قووڵی تێدایە؛ ئەوان لە ناو جەرگەی ئازارەکانی خەڵکەوە هەڵقوڵاون تا مانا بدەنەوە بە مرۆڤبوون. پەیامهێنەران هاتن تا مرۆڤ لە کۆیلایەتیی مرۆڤ ڕزگار بکەن و بیکەنە بەندەی خودا، چونکە بەندایەتی بۆ خودا لوتکەی ئازادییە. کاتێک مرۆڤ تەنها خودا دەپەرستێت، لە هەموو "خوداکانی سەر

زەوی" ئازاد دەبێت. ئەمە ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەیە کە پەیامهێنەران بەرپایان کرد؛ گۆڕینی سیستمی "سەردار و ژێردەست" بۆ سیستمی "برایەتی لە ژێر سایەی یەکتاپەرەستیدا."

مێژووی پەیامهێنەران مێژووی شکاندنی بتەکانە، بەڵام نەک تەنها بتی دارین و بەردین، بەڵکو بتی دەسەڵات و بتی پارە. ئەوان نیشانیان داین کە حەکیم کەسێکە بۆ "هەق" دەژی، نەک بۆ "بەرژەوەندی". وەک (تۆماس کارلایڵ) لە کتێبی "پاڵەوانەکان"دا دەڵێت: "پەیامهێن ئەو کەسەیە کە لە ناخی خۆیدا هەقیقەتێکی بینیوە و ناتوانێت لەبەرانبەر درۆکانی دەوروبەری بێدەنگ بێت". ئەوان مرۆڤی "ئاسۆیی"یان گۆڕی بۆ مرۆڤی "ستوونی" کە دەڕوانێتە مانا. پەیامهێنەران وەک (ئیبراهیم و موسا و محەممەد - دروودی خودایان لەسەر بێت) ڕووبەڕووی ئەو فیرعەونانە بوونەوە کە دەیانویست ویژدانی مرۆڤ داگیر بکەن. ئەوان سەلماندیان کە یەکتاپەرەستی هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە زنجیری ستەمکاران دەپچڕێنێت. پەیامهێنەران مرۆڤیان لە "نامۆبوون" ڕزگار کرد مانایان بەخشی بە وجوود. (ئیریك فرۆم) دەڵێت مرۆڤی مۆدێرن پێویستی بە مانا هەیە تا تووشی داڕووخان نەبێت. پەیامهێنەران مانیفێستۆیەکی وجوودییان پێشکەش کرد کە تێیدا مرۆڤ تەنها ئامێرێکی مادی نییە، بەڵکو خەلیفەی خودایە لەسەر زەوی. ئەم باوەڕە هەموو ئەو "ترس و دڵەڕاوکێیانە" دەسڕێتەوە، چونکە مرۆڤ دەبەستێتەوە بە هێزێکی ڕەهاوە کە لە هەموو کێشە و قەیرانەکان گەورەترە. پەیامهێن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تەنها پۆستەچییەک نەبووە، بەڵکو "مامۆستای بوون" و نموونەی باڵای کرداری بووە. ڕۆڵی پەیامهێن لە سێ ڕەهەندی سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە: زانایان دەڵێن "کتێب تیۆرە و پەیامهێن کردارە". پەیامهێن نیشانی دا کە چۆن دەکرێت مرۆڤ لە ناو جەنجاڵی بازاڕ، جەنگ و سیاسەتدا، هێشتا بە یەکتاپەرەستی و بە ئەخلاق بمێنێتەوە.

ئەو حەکیمە نەخوێندەوارانە بوون کە شارستانیەتیان بنیادنا، چونکە حیکمەتیان لە سروشەوە وەردەگرت نەک لە کتێبخانە وشکەکان. شکاندنی زنجیری ستەمە، "پەیامهێنەران نەهاتن تەنها باس لە میتافیزیک بکەن، بەڵکو هاتن تا هاوسەنگیی هێز لەسەر زەوی بگۆڕن." ئەوان نوێنەری ویژدانی بێدەنگی مرۆڤایەتی بوون دژی فیرعەون و چەوسێنەرەکان. پەروەردەی ڕۆحی (لە ئاسۆییەوە بۆ ستوونی): پەیامهێن مرۆڤی "ئاسۆیی" (کە تەنها بیری لای سک و غەریزەیە) گۆڕی بۆ مرۆڤی "ستوونی" (کە دەڕوانێتە ئاسمان و مانا). ئەوان نیشانیان دا کە "ئازادی" لە ناوەوە دەست پێ دەکات؛ کاتێک لە ناوەوە لە ژێر باری "نەفامی، ترس، و قازانج" ئازاد بوویت، هیچ دیلکردنێکی دەرەوە کارت تێناکات. کتێب وەک "نوور" وایە و پەیامهێن وەک "ڕێنیشاندەر". بەبێ کتێب، مرۆڤ لە تاریکیدا سەرگەردان دەبوو، و بەبێ پەیامهێنیش، کتێب تەنها دەبووە فەلسەفەیەکی تیۆری کە نەیدەتوانی دڵی مرۆڤەکان بێنێتە جۆش. پەیامهێنەران بوون کە وایان کرد "یەکتاپەرەستی" لە دەقێکی سەر کاغەزەوە ببێتە هەوێنی گەورەترین و مرۆییترین شارستانیەتەکانی مێژوو.

٥- باوەڕ بە ڕۆژی دوایی: ئاسۆی دادپەروەری و نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤ.

ڕۆژی دوایی مانا بەخشینە بە دادپەروەری؛ ئەم بنەمایە وەڵامێکی توندی فەلسەفییە بۆ ئەو دیدگایەی کە دەڵێت "ژیان بێ ئامانجە". ئەگەر ڕۆژی دوایی نەبێت، ژیان دەبێتە "کۆمیدیایەکی ڕەش" کە تێیدا زاڵم سەرکەوتوو دەبێت و مەزڵومیش هەر دەچەوسێتەوە. ئەگەر ژیان بە مردن کۆتایی بهاتایە، ئەوا مێژووی مرۆڤایەتی دەبووە گەورەترین شکستی ئەقڵانی. ئیمانوێل کانت پێی وایە "پێویستە" ڕۆژی دوایی هەبێت، چونکە لەم ژیانەدا "بەختەوەری" و "شایستەیی" (چاکەخوازی)

هەمیشە یەکناگرنەوە؛ زۆرجار مرۆڤە چاکەکارەکان ئازار دەچێژن و خراپەکارانیش لە خۆشیدان. لێرەدا قیامەت دەبێتە ئەو "زەرورەتە ئەقڵانییەی" کە هاوسەنگی بۆ بوون دەگەڕێنێتەوە" وەڵامی فەلسەفی "بێهودەیی" دەداتەوە. فیکتۆر فرانکل، کە لە ناو جەرگەی ئازارەکانی ئۆردوگاکانی نازییەکانەوە فەلسەفەی "مانا"ی داهێنا، دەڵێت: "مرۆڤ تەنها کاتێک دەتوانێت بەرگەی ئازار بگرێت کە مانایەکی تێدا ببینێت." ڕۆژی دوایی گەورەترین مانا بەخشە؛ ئەو دەڵێت هیچ فرمێسکێک، هیچ ئارامگرتنێک لەسەر ستەم، و هیچ هەوڵێکی پاک بێ وەڵام نامێنێتەوە. لێرەدا قیامەت "کۆمیدیای ڕەش"ی ژیان دەگۆڕێت بۆ "درامایەکی پیرۆز" کە کۆتاییەکەی سەرکەوتنی هەقە.

باوەڕ بە ڕۆژی دوایی، ویژدان لە خەوی بەرژەوەندی ڕادەچڵەکێنێت. کاتێک مرۆڤ دەزانێت "بەرپرسیارە(Responsibility) "، ئیتر قازانجی کاتی و مادی ناکاتە پێوەری ڕەفتارەکانی. دۆستۆیۆفسکی بە قووڵی دەڵێت: "ئەگەر خودا و نەمریی ڕۆح (ڕۆژی دوایی) بوونی نەبێت، ئەوا هەموو شتێک ڕێگەپێدراوە." واتە بەبێ قیامەت، ئەخلاق دەبێتە گرێبەستێکی لاوازی کۆمەڵایەتی کە هەر کاتێک هێزمان هەبوو دەتوانین بیبەزێنین. بەڵام قیامەت ئەو "دادگا ناوەکییەیە" کە مرۆڤ ناچار دەکات تەنانەت لە تاریکیشدا ڕاستگۆ بێت. ئیمام غەزالی دەڵێت: "ئەو کەسەی باوەڕی بە قیامەتە، وەک کەسێک وایە کە لە بەردەم پاشایەکی دادپەروەردا ڕاوەستابێت؛ هەموو چرکەیەکی ژیانی بە حیساب دەزانێت." ئەمە ئەو "ترسە لە دادوەرە" کە باسمان کرد، ترسێک کە مرۆڤ بەرەو کەماڵ و پاکی دەبات. باوەڕ بە ڕۆژی دوایی ڕزگاربوون لە دڵەڕاوکێی مەرگ؛ مرۆڤی مۆدێرن لە مەرگ دەترسێت چونکە وەک "نەمان" دەیبینێت. بەڵام لە دیدی یەکتاپەرەستیدا، مەرگ تەنها "کۆچکردنە". مەولانای ڕومی دەڵێت: "مردن بۆ من کەمتر نییە لە لەدایکبوون؛ مەگەر نابینی کە

دەنکە گەنم کاتێک دەخرێتە ژێر خاک، نافەوتێت، بەڵکو دەبێتە گوڵەگەنمێکی سەوز؟" ئەم تێڕوانینە مرۆڤ لەو ترس و دڵەڕاوکێیە ڕزگار دەکات کە لە ئەنجامی "بێمانایی" دروست دەبێت. کاتێک دەزانیت ژیان گەشتێکە و نیشتمانی ڕاستەقینە لەو دیو مەرگەوەیە، ئیتر بۆ دونیا و مادیات خۆت ناپوکێنیتەوە.

وێنایەک لەو دیو پەردەوە؛ ساتەوەختی هەقیقەت، ئێستا وا هەست بکە کە لەو ساتەدایت؛ ئەو ڕۆژەی کە قورئان بە "یوم الفصل" (ڕۆژی جیاکردنەوە) ناوی دەبات. ئەو ڕۆژەی کە "نەفامی" دەگۆڕێت بۆ "یەقین"؛ ئیتر هیچ پەردەیەک لەسەر چاوەکان نامێنێت (فبصرك اليوم حديد). ئەو ڕۆژەی کە "ترس" لە ستەمکاران دەبێتە "دڵنیایی" بۆ مەزڵومان؛ چونکە تەنها یەک دەسەڵاتدار هەیە (لمن الملك اليوم؟). ئەو ڕۆژەی کە "قازانج" تەنها لە "پاکیی دڵدا" کورت دەبێتەوە (إلا من أتى الله بقلب سليم). وەک ئیبن قەیم دەڵێت: "لە ڕۆژی دواییدا، هەموو ئەو نهێنییانەی کە لە ناختدا شاردووتەتەوە، دەبنە شێوەیەک و دەردەکەون." کەواتە قیامەت تەنها کات نییە، بەڵکو "شوێنکەوتەی کردارەکانمانە". ئەو بەهەشت و دۆزەخەی کە باس دەکرێت، لە ڕاستیدا لەم دنیایەوە دەست پێ دەکات؛ کەسی یەکتاپەرەست لێرەدا لە بەهەشتی "دڵنیایی"دایە، و کەسی هاوبەشدار لە دۆزەخی "پەرتەوازی و ترس"دایە. ڕۆژی دوایی گەورەترین "نەخێر"ە بەرانبەر بەو کەسانەی کە دەڵێن مرۆڤ هەرەس دێنێت. قیامەت واتە: "هەق هەرگیز نامرێت". ئەم باوەڕە تاکە هێزە کە دەتوانێت مرۆڤ بکاتە پاڵەوانێک کە لە هیچ هێزێکی مادی نەترسێت، چونکە چاوی لە ئاسۆیەکی بەرزترە کە تێیدا خودا خۆی دادوەر و خۆی شاهیدە.

٦- باوەڕ بە قەزاو قەدەر: هاوسەنگی نێوان ئیرادە و تەسلیمبوون

قەزاو قەدەر ترسناکترین و قوڵترین باسی فەلسەفییە، بەڵام لە ئیسلامدا وەك "هێزی دەروونی" بەکاردێت مرۆڤ لەناو ئەم سیستمەدا خاوەن ئیرادەیە بۆ هەڵبژاردن، بەڵام دەرئەنجامەکان لە دەستی هێزێکی باڵادایە. ئەمەش وادەکات مرۆڤ نە لە کاتی سەرکەوتندا "خۆبەگەورەبین" بێت و نە لە کاتی شکستیشدا "بێهیوای ڕەها" بێت. باوەڕ بە قەزاو قەدەر نەهێشتنی ترس و تەماح، کاتێك مرۆڤ باوەڕی وایە کە "ڕۆزی" و "تەمەن" تەنها بەدەست خودایە، ئیتر بۆ قازانج ماستاو بۆ دەسەڵاتدار ناکات و لە ترسی مردنیش ملی کەچ ناکات. ئەمە ئەو "ئازادییە ڕەهایە" دروست دەکات کە مرۆڤ دەکاتە پۆڵا لەبەرانبەر دیکتاتۆرەکاندا. ئەم بابەتە، واتە باوەڕبوون بە قەزا و قەدەر، ئەو گرێکوێرە مێژووییەیە کە مرۆڤایەتی هەمیشە هەوڵی داوە پێ کێشەی بکات. بۆ ئەوەی ئەم مانا قووڵانە بە سادەیی بگات، دەبێت وەک "نەخشەیەک" ببینین کە تێیدا خودا ئەندازەی کێشاوە و مرۆڤیش تێیدا ڕەنگەکان دادەنێت.

باوەڕبوون بە قەزا و قەدەر، گەورەترین مەتەڵی مێژووی مرۆڤایەتییە، بەڵام کاتێک لە ڕوانگەی حەکیمانەوە سەیری دەکەین، دەبینین ئەم بابەتە نەک کۆت و زنجیر نییە، بەڵکو "نەخشەی ئازادی"یە. ئەم سیستمە لایەنی ئەخلاقی، وجوودی و مەعریفی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە ڕەهەندە پیرۆزەکانەوە.

قەزاو قەدەر زانستە یان ناچارکردن؟ لە قووڵایی فەلسەفەدا، قەدەر بریتییە لە "سیستمی عەقڵانیی گەردوون". وەک ئیمامی عەلی (ڕەزای خودای لێبێ) بە جوانی وێنای دەکات، ئیرادەی مرۆڤ لە ناو بازنەی زانستی خودادایە، نەک لە ژێر گوشاری زۆرەملێدا. خودا فەرمانی پێ کردووین بە ئارەزووی خۆمان، ئەمە واتە "ئازادی" بەشێکە لە قەدەری

خودا. کاتێک ئیمامی عومەر دەفەرمویت: "ڕاکردن لە قەدەرێکی خوداوە بۆ قەدەرێکی تری خودایە"، مانا فەلسەفییەکەی ئەوەیە کە گەردوون پڕە لە "یاسای جێگرەوە"؛ تۆ کە لە دیوارێکی لەرزۆک ڕادەکەیت، یاسای "خۆپاراستن"ت هەڵبژاردووە دژی یاسای "کەوتن"، و هەردووکیان هەر لە ناو سیستمی خوداداں. لێرەدا ناصر سوبحانی بە دیدێکی مۆدێرن ئەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: قەدەر وەک "کۆدی گەردوون" وایە. خودا نەیوسیوە تا تۆ "ناچار" بیت، بەڵکو چونکە "دەیزانی" تۆ چی هەڵدەبژێریت، بۆیە نووسراوە. ئەمە ململانێی نێوان جەبرییەت و ئیرادە کۆتایی پێ دەهێنێت؛ خودا ئەندازیارە و مرۆڤیش یەکێکە لە گرنگترین پارچەکانی ئەو نەخشەیە کە بە ئیرادەی خۆی ڕەنگەکان دادەنێت.

قەدەر چارەسەری "دڵەڕاوکێی وجوودی" دەکات، مانا لە ناو دڵنیاییدا دەبەخشێت. محەمەد فەتحوڵلا گویلەن قەدەر وەک "کێوی دڵنیایی لە ناو دەریای گومانی مرۆڤدا" دەبینێت. کاتێک مرۆڤ دەزانێت "ڕێکەوت" بوونی نییە و هەموو شتێک بە حیسابە، خەمۆکیی ڕابردوو و ترسی داهاتوو لای نامێنێت. بە ووتەی گویلەن، باوەڕ بە قەدەر مرۆڤ لە "هەژموونی ماددە" ڕزگار دەکات؛ چونکە ڕابردوو دەسپێرێت بە ڕەحمەت و داهاتووش بە متمانە. ئەمە هاوتایە لەگەڵ دیدی ڤیکتۆر فرانکل کە پێی وایە مرۆڤ تەنها بە "مانا" دەژی. فرانکل دەڵێت تەنانەت ئەگەر هەموو شتێک لە مرۆڤ وەربگیرێتەوە، ئازادیی "هەڵبژاردنی هەڵوێست" لە بەرانبەر قەدەردا هەر دەمێنێت. ئەمە ئەو شوێنەیە کە ئایین و دەروونناسی یەکدەگرنەوە؛ قەدەر کارەساتەکە دیاری دەکات، بەڵام ئیرادەی تۆ "مانای" کارەساتەکە دیاری دەکات. قەدەر بزوێنەری داهێنانە نەک تەمەڵی. مەولانای ڕومی بە زمانێکی عاریفانە دەڵێت ئەو دڕدۆنگییەی کە دەڵێیت "بیکەم یان نەیکەم؟" خۆی گەورەترین

بەڵگەیە بۆ ئیرادە. قەدەر وەک "نورێک" وایە ڕێگاکە ڕوون دەکاتەوە، بەڵام هەنگاوەکان هیی تۆن.

محەمەد ئیقبال ئەم مانایە دەباتە لوتکە و قەدەر وەک "داهێنان" پێناسە دەکات. لای ئیقبال، مرۆڤی یەکتاپەرەست ئەوەندە بەرز دەبێتەوە کە دەبێتە هاوبەشی داهێنانی قەدەری خۆی. ئەو دەڵێت مرۆڤ نابێت کۆیلەی قەدەر بێت، بەڵکو دەبێت ئەوەندە گەورە بێت کە خودا لە کاتی نووسینی قەدەردا پرسی پێ بکات. ئەمە لوتکەی ئازادیی فیکرییە کە تێیدا مرۆڤ لە جەبرییەتەوە دەگۆڕێت بۆ بونەوەرێکی "چالاک و بەرپرسیار."

باوەڕ بە قەدەر وای کردووە کە یەکتاپەرەستەکان لە بەرانبەر هیچ زاڵمێکدا نەچەمێنەوە ببێتە هێزێکی بونیادنەر. کاتێک دەزانیت تەمەن و ڕزق بە دەستی قەدەرە نەک بە دەستی فیرعەونەکان، ئازایەتییەکی بێوێنەت بۆ دروست دەبێت. کاک ناصر سوبحانی جەختی دەکردەوە کە باوەڕ بە قەدەر مرۆڤ دەکاتە چالاکترین بونەوەر؛ چونکە دەزانێت لە سیستمی خوداییدا هیچ هەوڵێک بێ ئەنجام نییە. مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی سەلماندی کە قەدەر نەک تەمەڵی دروست ناکات، بەڵکو متمانەیەک بە سیستم دەبەخشێت کە مرۆڤ هان دەدات تا سنوورەکانی مەعریفە ببڕێت.

لێرەدا بە تێهەڵکێشکردنی دیدگای زانایان و فەیلەسوفان، بابەتەکە لە پێنج ڕەهەندەوە کورت دەکەینەوە:

١ .ڕەهەندی فەلسەفی: هاوسەنگی نێوان "یاسا" و "ئازادی" لە فەلسەفەدا باسەکە لە دەوری "جەبرییەت" و "ئیرادە" دەسوڕێتەوە. قەدەر لێرەدا بە مانای ئەوە دێت کە گەردوون "سیستماتیک"ە و هیچ

شتێک هەڕەمەکی نییە. ناصری سوبحانی لێرەدا دیدێکی زۆر مۆدێرنی هەبوو؛ ئەو دەیگوت قەدەر واتە "یاسا (القانون)". خودا یاسای بۆ هەموو شتێک داناوە، وەک ئەوەی ئۆکسجین و هایدرۆجین ئاو دروست دەکەن. یەکێک لە قەدەرە (یاسا)کانی خوداش ئەوەیە کە "مرۆڤ خاوەن ئیرادە بێت". کەواتە کاتێک تۆ بڕیار دەدەیت، تۆ پێچەوانەی قەدەر ناجوڵێیتەوە، بەڵکو پیادەی قەدەرێکی تری خودا دەکەیت کە ناوی "ئازادیی هەڵبژاردنە."

٢ .ڕەهەندی دەروونی: چارەسەری "دڵەڕاوکێ" و "خەمۆکی" مرۆڤی مۆدێرن بەردەوام لە "داهاتوو" دەترسێت و بۆ "ڕابردوو" غەمبارە. باوەڕ بە قەدەر ئەم دوو نەخۆشییە چارەسەر دەکات: محەمەد فەتحوڵلا گویلەن دەڵێت: "باوەڕ بە قەدەر، مرۆڤ لە ژێر باری قورسی ڕووداوەکان ڕزگار دەکات." کاتێک تووشی کارەساتێک دەبیت، قەدەر پێ دەڵێت: "ئەمە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزێکی حەکیمدایە و بێ ئامانج نییە." ئەمە مرۆڤ لە داڕووخان دەپارێزێت.

وەک فیکتۆر فرانکل دەڵێت، مرۆڤ کاتێک دەزانێت "مانایەک" لە پشتی ئازارەکانییەوە هەیە، بەرگەی دەگرێت. قەدەر ئەو مانا گەورەیەیە کە دەڵێت هیچ فرمێسکێک بە خۆڕایی نارژێت.

٣ .ڕەهەندی ئایینی و عیرفانی: "زانست" نەک "ناچارکردن" هەڵە تێگەیشتن لە ئایین وادەکات خەڵک وابزانن قەدەر واتە خودا ئێمەی ناچار کردووە. بەڵام زانایانی وەک ئیمام غەزالی و ئیبن تەیمییە ڕوونی دەکەنەوە کە قەدەر "زانستی خودایە." خودا لە سەروو "کات"ەوەیە. بۆ ئەو، ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو یەک ساتن. ئەوەی خودا دەیزانێت کە تۆ دەیکەیت، وەک "بینین" وایە نەک وەک "ناچارکردن." گویلەن نموونەیەکی جوان دەهێنێتەوە و دەڵێت: قەدەر وەک "نەخشەی

ئەندازیار" وایە. ئەندازیارەکە نەخشەکەی کێشاوە، بەڵام نەبووەتە هۆی ئەوەی دیوارەکە خۆی دروست بێت؛ ئەوە "ئیرادەی مرۆڤە" کە نەخشەکە دەکاتە بینا.

٤ .ڕەهەندی مێژوویی: بزوێنەری شارستانیەت؛ زۆرجار دەوترێت باوەڕ بە قەدەر دەبێتە هۆی تەمەڵی، بەڵام مێژوو پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت. موسڵمانانی سەردەمی زێڕین کاتێک باوەڕیان بە قەدەر هەبوو، گەیشتنە لوتکەی زانست. چونکە تێگەیشتبوون کە "هەوڵدان" بەشێکە لە قەدەر. کاک ناصر سوبحانی جەختی دەکردەوە کە "تەمەڵی و خۆبەدەستەوەدان" لادانە لە قەدەر. چونکە خودا قەدەری وایە کە ئەوەی نانەوێت، برسی بێت. کەواتە گەڕان بەدوای ڕزقدا، ڕاکردنە لە قەدەرێکی خودا (برسییەتی) بەرەو قەدەرێکی تری خودا (تێریی).

٥. ڕەهەندی هزری (ڕۆشنبیری): متمانە بە سیستم؛ لێرەدا قەدەر واتە متمانە بەوەی کە ئەم گەردوونە "خاوەنی هەیە." کاتێک مرۆڤ وا هەست دەکات ژیان "ڕێکەوت"ە، تووشی دڵەڕاوکێیەکی وجوودی دەبێت. بەڵام قەدەر پێمان دەڵێت کە تەنانەت کەوتنی گەڵایەکی دار بە حیسابە. ئەم بیرکردنەوەیە وادەکات مرۆڤ لە بەرانبەر زاڵمەکاندا نەچەمێتەوە، چونکە دەزانێت تەمەن و ڕزق لە دەستی "قەدەر"دایە نەک لە دەستی مرۆڤەکان. ئەمە لوتکەی ئازادیی فیکرییە.

بە کورتی باوەڕ بە قەدەر واتە:
لە ڕابردوودا: "سەبووری و ڕازیبوون" (ڕزگاربوون لە خەم).
لە داهاتوودا: "هیوا و پلان" (ڕزگاربوون لە ترس).
لە ئێستادا: "ئیرادە و بەرپرسیارێتی" (ڕزگاربوون لە بێهودەیی).

وەک زانایان و فەیلەسوفان کۆکن لەسەری، قەدەر ئەو حیکمەتە باڵایەیە کە دەڵێت: "تۆ لە گەردوونێکی بێ خاوەندا سەرگەردان نیت؛ هەموو هەنگاوێکت حیسابە و هەموو ئازارێکیشت مەبەستێکی لە پشتە." ئەمە ئەو پاکێجە یەکگرتووەیە کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئارامیی ڕەها و ئازادیی ڕاستەقینە.

کورتەیەک بۆ وەڵامی پرسیارە قورسەکان: ئەگەر مرۆڤێک لێت بپرسێت: "بۆچی خودا دەمنوسێت بۆ دۆزەخ و دواتر سزام دەدات؟" خودا نەینوسیوە تا تۆ بیکەیت، بەڵکو چونکە دەیزانی تۆ بە ئیرادەی خۆت دەیکەیت، بۆیە نوسیوێتی. قەدەر وەک "ڕووناکی" وایە بۆ داهاتوو (هیوامان پێ دەبەخشێت) و وەک "سەبووری" وایە بۆ ڕابردوو (خەمەکانمان دەڕەوێنێتەوە). ئەمە ئەو "پاکیجە" پیرۆزەیە کە مرۆڤ لە دۆخی "ئامێر"بوون دەردەهێنێت و دەیکاتە "بەرپرسیارێکی ئازاد" لە ژێر سایەی میهرەبانیی خودادا.

باسی پێنجەم: پێنج پەرستشەکانی ئیسلام لە ڕێوڕەسمەوە بۆ بیناکردنی شارستانیەت

لەم بەشەدا، پێنج ئەڵقە نەبڕاوەکەی هۆشیاریی ئیسلامی (تەوحید، فریشتەکان، کتێبەکان، پەیامهێنەران، و قیامەت) لە قاڵبی باسە تیۆرییە وشکەکان ڕادەماڵین؛ گەشتێک بە ناو قووڵاییە فیکری، فەلسەفی و سۆسیۆلۆژییەکانیاندا دەکەین تا نیشان بدەین چۆن ئەم بنەمایانە، ویژدانی مرۆڤ لە ژێر باری کۆیلایەتیی ماددە و مێژوو ڕزگار دەکەن و ڕێڕەوی ژیان بەرەو کەرامەت و ئازادییەکی ڕەها ئاراستە دەکەن. هاوکات، دەروازەیەک بەرەو پەرستشەکان لە ئیسلامدا دەکەینەوە تا بیسەلمێنین کە ئەوان تەنها کۆمەڵێک جووڵەی فیزیایی یان وتەی بێدەنگ نین، بەڵکو وەک ئیبنی عاشوور لە مقاصد الشریعةدا ئاماژەی بۆ دەکات، پرۆسەیەکی قووڵن بۆ چاکسازیی تاک و کۆمەڵگا، و نەخشەیەک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ، خودا، و گەردوون دادەڕێژن.

١- شایەتمان: ئاسۆیەکی گەردوونی بۆ ڕزگاریی وجودی و شۆڕشی کەرامەت

شایەتمان (لا إله إلا الله) لە قووڵترین ڕەهەندی فەلسەفیدا تەنها ڕستەیەکی تیۆلۆژی یان ئینتیمایەکی ئایینی نییە، بەڵکو وەک ئیسماعیل ڕاجی فاروقی و عەلی عیزەت بێگۆڤیچ وێنای دەکەن، گەورەترین و گشتگیرترین "مانیفێستی ئازادی"یە کە مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیبێتی. ئەم وشەیە لە جەوهەری بونیادیدا، کردەیەکی گەورەی "نەفی و جێگیرکردن"ە؛ نەفیکردنی هەموو ئەو دەسەڵاتە ستەمکار، بتە فیکری و خوداوەندە درۆینانەی کە دەیانەوێت ئیرادەی مرۆڤ کۆیلە بکەن، و جێگیرکردنی سەروەریی ڕەها بۆ تاکە یەک سەرچاوەی پیرۆز کە خودایە. ئەمە ئەو خاڵە وەرچەرخانەیە کە تێیدا "فیزیا" و "میتافیزیا" بەیەک

دەگەن؛ ئەگەر مرۆڤ تەنها بەرهەمی ماددە بێت، ئەوا کۆیلەی یاسا سروشتییەکانە، بەڵام شایەتمان دەیسەلمێنێت کە مرۆڤ پەیوەستە بە "ڕەها"وە، ئەم پەیوەندییەش بنەمای چەمکی پیرۆزی "جێنشینی" (الخلافة) دروست دەکات، کە مرۆڤ لە "بەرکار"ێکی بێدەسەڵاتەوە دەگۆڕێت بۆ "کاراکتەرێکی کارا" و بەرپرسیار لە مێژوودا.

لەلایەکی ترەوە، وەک ئیمامی فەخرەدینی ڕازی لە مفاتیح الغیبدا شرۆڤەی دەکات، تەوحید پرۆسەی پاککردنەوەی عەقڵە لە "وەهمی پیرۆزکردنی مەخلوق". کاتێک مرۆڤ دەڵێت (لا إله)، لە ڕاستیدا هەموو ئەو "تاغوت" و بتە مۆدێرنانە ڕەت دەکاتەوە کە وەک عەبدولوەهاب مەسیری و ڕێنێ گینۆن ئاماژەی بۆ دەکەن، مرۆڤیان تێدا زیندانی کراوە؛ چ ئەوانەی لە شێوەی ستەمکاری سیاسییەوە دەردەکەون، یان ئەوانەی لە شێوەی "سەرمایەداریی دڕندە" و "بەرژەوەندی ماددی" کە مرۆڤ دەکەنە ئامێرێکی بێ ڕۆح و پاشکۆی ئامێرەکان. ئەم ڕوانگەیە بە تەواوی لەگەڵ دیدی ئیمامی ئەبو حەنیفەدا یەکدەگرێتەوە کە تەوحید وەک "عەقڵانیەتێکی ئازاد" و بەرپرسیارێتییەکی مەعریفی دەبینێت؛ لای ئەو، شایەتمان واتا ئازادکردنی عەقڵ لە کۆیلایەتیی خورافات و پاشکۆیی، و بەستنەوەی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بە خالقەوە بێ نێوەندگیریی هیچ دەسەڵاتێکی مرۆیی کە بیەوێت مافی خودایی بۆ خۆی قۆرخ بکات.

ئەم هاوسەنگییە لە نێوان عەقڵ و واقیعدا، لای ئیمامی مالیک و مالیک بن نەبی ڕەهەندێکی شارستانی وەردەگرێت. تەوحید لای ئەوان تەنها "تیۆری" نییە، بەڵکو "واقیعبینییەک" و داینەمۆیەکی کردەییە کە "مرۆڤی دەستەمۆ" (القابل للاستعمار) دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی بونیادنەر. شایەتمان لای ئەوان واتا ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای "دادپەروەری و یەکسانی" کە لەناو مامەڵەی بازاڕ و ڕەفتاری ڕۆژانەدا

ڕەنگ بداتەوە. ئەم دادپەروەرییە لای ئیمامی شافیعی وەک "سەروەریی یاسای باڵا" بەرجەستە دەبێت، تا کەرامەتی مرۆڤ لە ئارەزووی ستەمکاران و یاسا ناسەقامگیرە مرۆییەکان بپارێزێت. لێرەوە تەوحید دەبێتە "قەڵغانێکی یاسایی" کە تێیدا هیچ مرۆڤێک بۆی نییە مرۆڤێکی تر کۆیلە بکات، چونکە هەموان لە کڕنۆشبردندا یەکسانن. لە لوتکەی ئەم تێکۆشانەدا، ئیمامی ئەحمەد بن حەنبەل مۆدێلی "جێگیریی وجودی"مان پێشکەش دەکات؛ شایەتمان لای ئەو واتا "نەخێر" وتن بەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە دەیەوێت دەستکاریی ویژدانی ئازادی مرۆڤ بکات. ئەمە قووڵترین مانیفێستی بەرگرییە؛ مرۆڤێک کە تەنها لە خودا بترسێت، هیچ قامچی و زیندانێکی زەوی ناتوانێت ئیرادەی بشکێنێت. ئەم جێگیرییە ئەو "بناغە مەعنەوییە"یە کە وەک تەها عەبدولڕەحمان و محەمەد ئیقبال دەڵێن، مرۆڤ لە "پەرتبوونی وجودی" ڕزگار دەکات و دەیکاتە خاوەن ئامانجێکی یەکگرتوو. تەوحید لوتکەی یەکپارچەیی کەسایەتییە؛ ناکرێت مرۆڤ لە مزگەوتدا یەکتاپەرست بێت و لە سیاسەت و ئابووریدا شوێنی "هەوا و ئارەزوو" بکەوێت.

بەم شێوەیە، شایەتمان دەبێتە پرۆسەیەکی بەردەوام بۆ گەڕانەوەی "کارایی" بۆ مرۆڤ و تێپەڕاندنی ئەو پووچگەراییە مەعریفییەی کە سیستەمە ستەمکارەکان بەرهەمی دەهێنن. وەک ئیبن تەیمیە ئاماژەی بۆ دەکات، جەوهەری تەوحید لەوەدایە کە دڵت لە کۆیلایەتیی "هەموو شتێک" پاک بکەیتەوە جگە لە خودا، چونکە لە چرکەساتی بوون بە "عەبدی خودا"، مرۆڤ لە هەمان چرکەدا دەبێتە "گەورە و ئازادی" هەموو گەردوون. ئەمە تەنها دەروازەی ئایین نییە، بەڵکو "کۆتایی هەموو کۆیلایەتییەکان" و دەستپێکی مێژوویەکی نوێیە کە تێیدا مرۆڤ

وەک جێنشینێکی ئازاد، داهێنەر و شکۆمەند لەسەر زەوی دەردەکەوێتەوە.

٢- نوێژ: داینەمۆی ڕێگری لە "نامۆبوون"

لەو جیهانەی کە ماکس ڤێبەر وەک "قەفەسی ئاسنین (Iron Cage) " وێنای دەکات—جیهانی عەقڵانییەتی سارد و ماددەگەراییەک کە ڕۆحی مرۆڤ تێیدا وشک دەبێت—نوێژ تەنها ئەرکێکی ئایینیی وشک نییە، بەڵکو وەک تەها عەبدولڕەحمان دەڵێت: "پرۆسەیەکی ڕۆحیی کارایە" بۆ گۆڕینی مرۆڤ لە بوونێکی ئاسۆیی و سنووردارەوە بەرەو حزوورێکی ستوونی و بێسنوور. کاتێک بەندایەتی دەبێتە ئازادی، وەک چۆن عەلی عیزەت بێگۆڤیچ جەختی لێ دەکاتەوە، نوێژ گەورەترین ڕاهێنانە بۆ ئازادی. لە ساتەوەختی سوجدەبردندا، مرۆڤ نزمترین خاڵی جەستەی دەخاتە سەر زەوی، بەڵام ڕێک لەو ساتەدا بەرزترین پلەی شکۆ بەدەست دەهێنێت. ئەمە ئەو پارادۆکسە جوانەیە کە دەیسەلمێنێت؛ "ئەو کەسەی تەنها بۆ خودا سوجدە دەبات، هەرگیز لە دەرەوەی نوێژدا بۆ هیچ ستەمکار و هێزێکی زەمینی سەر دانەنەوێنێت." لێرەدا نوێژ دەبێتە قەڵغانێک دژی ئەو "کۆیلایەتییە ڕەمزییە"ی پێیەر بۆردیۆ و ئەو "سیستەمە پووچە"ی ئالان دۆنۆ باسی دەکەن کە جیهانی مۆدێرن هەوڵ دەدات مرۆڤ لەناو شتە بێمانا و کاتییەکاندا غەرق بکات. نوێژ لێرەدا دەبێتە "شۆڕشێکی مەعنەوی".، چونکە مرۆڤ لە هەرچی سووکایەتییە ڕزگار دەکات مەبەست دەبەخشێتە ئێستا و ئومێد دەبەخشێتە پاشەڕۆژ.

بۆ محەمەد ئیقبال، نوێژ "دووبارە دارشتنەوەی خود"ە لەناو "ئامێر"دا. لە جیهانێکدا کە مرۆڤ بەهۆی پیشەسازییەوە بووەتە پارچەیەکی بێ ڕۆح لە ئامێرێکی گەورە (وەک ئەوەی کازێنسکی هۆشداری لێ دەدات)،

نوێژ دێت و کاتی مرۆڤ لە چنگ "کاتە میکانیکییەکە" ڕزگار دەکات. لێرەدا، وەک چۆن ڤیکتۆر فرانکل باس لە گەڕان بەدوای مانادا دەکات، نوێژ دەبێتە ئەو جێگەیەی کە مرۆڤ تێیدا "مانا" دەدۆزێتەوە. دەستنوێژ و نوێژ وەک شۆڕشێکی مەعنەوی، مرۆڤ لەو پیسییە فیکری و ڕەوشتییانە دادەماڵن کە جیهانی ماددی پێوەی چسپاندووە. قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (إن الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر). ئیمامی قورتوبی باس لەوە دەکات کە ئەم ڕێگرییە بەرهەمی ئامادەیی دڵە؛ نوێژکەر کاتێک لەبەردەم "اللّٰه أکبر"دا دەوەستێت، وەک فەخری ڕازی دەڵێت، هەموو گەردوون لە دوای پشتی خۆی فڕێ دەدات. ئەم پاکبوونەوەیە سیمایەکی گەشاوە بە نوێژکەر دەبەخشێت؛ سیما و نوورێک کە زەمەخشەری بە شوێنەواری حەقیقەت لەسەر ڕوخسار ناوی دەبات. ئەم گەشانەوەیە ڕەنگدانەوەی ئەو "ئاشتییە ناوەکییە"یە کە مرۆڤ لە دڵەڕاوکێی "هەبوون و خاوەندارێتی" (ئێریک فرۆم) ڕزگار دەکات.

نوێژ لێدانی زەنگی بێدارییە بۆ سەید قوتب، پەیوەندیی نێوان دڵۆپەیەک و سەرچاوەیەکی بێ کۆتاییە. وەک چۆن ئەرستۆ و ئیبن ڕوشد لەسەر هاوسەنگی عەقڵ و ڕۆح دواون، نوێژ ئەو خاڵی بەیەکگەیشتنەیە کە ناهێڵێت مرۆڤ لەناو جەنجاڵی "لیڤایەتان"ی تۆماس هۆبزدا ببێتە ژمارەیەکی بێبایەخ. وەک چۆن مەولانا لە "مەسنەوی"دا دەفەرموێت، نوێژ ئەو ئاوازەیە کە ڕۆحی نامۆی مرۆڤ بەرەو نیشتمانی ئەسڵیی خۆی دەباتەوە. لە سەردەمێکدا کە مانا غائیبە، نوێژ تەنها ڕێگەیە بۆ ئەوەی وەک "مرۆڤ" بمێنینەوە و لە ژێر بەرگی "ئارایشی دین"دا، بگەینەوە بە کرۆک و ڕەسەنایەتیی ئیمان. نوێژ، دواین سەنگەری پاراستنی مرۆڤایەتی و تاکە پەنجەرەی ڕووناکییە لە قەفەسی تاریکی ماددەدا.

٣- ڕۆژوو: شۆڕش دژی "نەفسی دەستەمۆ"

ڕۆژوو تەنها وەستان لە خواردن و خوارنەوە نییە، بەڵکو وەک ئیمامی غەزالی لە "إحياء علوم الدين"دا دەڵێت: "ڕۆژوو نیوەی ئارامگرییە"، و ئارامگریش بنچینەی ئیمانە. ئەم پرۆسەیە لای زانایانی گەورەی وەک ئیبن قەییمی جەوزییە، وەک "مەشقێکی باڵای ڕاهێنان" دەردەکەوێت کە تێیدا مرۆڤ لە ژێر چەپۆکەی ئارەزووەکان ڕزگار دەبێت و دەبێتە خاوەنی ڕەهای نەفسی خۆی. ڕۆژوو لە "هەبوون"ەوە بۆ "بوون" لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرییەکەی ئێریک فرۆم (الإنسان بين المظهر والجوهر)، مرۆڤی مۆدێرن غەرقی "هەبوون" بووە (خاوەندارێتی و بەکاربردن). ڕۆژوو دێت و ئەم هاوکێشەیە هەڵدەگەڕێنێتەوە؛ مرۆڤ فێر دەکات کە "مانا" لەوەدا نییە چەندت هەیە و چەند دەخۆیت، بەڵکو لەوەدایە چەند "ئیرادەت" هەیە. وەک عەلی شەریعەتی ئاماژەی پێ دەدات، ڕۆژوو "نەخێر"ێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو هێزە ماددییانەی دەیانەوێت مرۆڤ بکەنە کۆیلەی پێداویستییە بایۆلۆژییەکان. ئەمە لوتکەی ئازادییە؛ چونکە تەنها مرۆڤ دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی، لەبەردەم غەریزەکانیدا ڕابوەستێت. بۆ مالیک بن نەبی ڕۆژوو وەک بناغەی شارستانییەتە، کێشەی شارستانییەت کێشەی "مرۆڤ"ە. مرۆڤێک کە نەتوانێت بەسەر ئارەزووی خواردنیدا زاڵ بێت، ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی بەهێز بنیاد بنێت. ڕۆژوو ئەو ئامرازەیە کە "مرۆڤی خاوەن ئیرادە" بەرهەم دەهێنێت؛ ئەوەی بن نەبی بە "شروط النهضة" ناوی دەبات. کاتێک ئیرادەی تاکی کۆمەڵگە بەهێز بوو، ئیدی دەتوانێت بەرەو گۆڕانکاریی گەورە هەنگاو بنێت و لە کۆیلایەتیی کلتووری و ئابووری ڕزگاری بێت. ڕۆژوو میعراجی ڕۆح و جوانکاریی دەروونە، ڕافعی ڕۆژوو وەک "سیمایەکی گەورەی جوانی" دەبینێت. ئەو پێی وایە ڕۆژوو دەروونی مرۆڤ شەقڵ دەدات و لە توندی و زبریی ماددە پاکی دەکاتەوە.

ئەمە ئەو ساتەیە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە "نەرمیی دڵ" دەکات. ئەم نەرمییە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە "خودی" خۆی بێتە دەرەوە و هەست بە ئازاری ئەوانی تر بکات. لێرەوە، بیرکەوتنەوەی هەژاران تەنها سۆزێکی کاتی نییە، بەڵکو وەک صادق ڕافعی دەڵێت: "ڕۆژوو وای لێ دەکەیت هەژارێکی تێرت خۆش بوێت، نەک هەژارێکی برسی." چونکە کاتێک خۆت تامی برسێتی دەکەیت، هاوسۆزییەکەت دەبێتە کردەیی و ڕاستەقینە.

لە ڕووی زانستییەوە، دۆزینەوەکانی یۆشینۆری ئۆسۆمی (Yoshinori Ohsumi) - براوەی خەڵاتی نۆبڵ - دەربارەی ئۆتۆفاجی(Autophagy) ، سەلماندی کە برسیبوونێکی کاتی و ڕێکخراو، وای لە خانەکانی جەستە دەکات دەست بکەن بە "خۆپاککردنەوە" و خواردنی پاشماوە زیانبەخشەکان. ئەمەش هەمان ئەو لایەنەیە کە د. جەیسۆن فەنگ (Dr. Jason Fung)جەختی لێ دەکاتەوە؛ کە ڕۆژوو باشترین چارەسەرە بۆ ڕێکخستنەوەی هۆرمۆنەکان و پاراستنی جەستە لە نەخۆشییەکانی سەردەم (وەک شەکرە و قەڵەوی). لێرەدا ئایین و زانست یەک دەگرنەوە؛ جەستە پاک دەبێتەوە تا ڕۆح بتوانێت بە ئاسانی بەرەو ناسینی خودا گەشت بکات. کاریگەری لەسەر کرداری مرۆیی و هاوکاریی کۆمەڵایەتی؛ موفەسیری گەورە ئیبن کەسیر ئاماژە بەوە دەدات کە پێغەمبەر (د.خ) لە ڕەمەزاندا لە هەموو کەس بەخشندەتر بووە. ڕۆژوو مرۆڤ لە "کۆڵەواربوونی دەروونی" ڕزگار دەکات. کاتێک مرۆڤ تامی برسێتی دەکات، ئەو پەیوەندییە ڕەمزییەی کە بۆردیۆ باسی دەکات، دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی مرۆیی قووڵ. هاوکاریکردنی هەژاران لێرەدا دەبێتە "ئەرکێکی وجوودی" نەک تەنها چاکەیەک. وەک عەلی بێگۆڤیچ دەڵێت: "ڕۆژوو جەستە برسی دەکات تا ڕۆح تێر بێت"، و ڕۆحی تێریش ئەو ڕۆحەیە کە خەمخۆری گشتە. ڕۆژوو، وەک ئەوەی مەولانا لە

"مەسنەوی"دا وێنای دەکات، ئەو دەرمانەیە کە ژەهری مادده لە جەستە دەردەکات. ئەگەر بە دیدگای تەها عەبدولڕەحمان سەیری بکەین، ڕۆژوو "ئەخلاقێکی کردەیی"یە کە مرۆڤ لە ئاژەڵبوونی بایۆلۆژییەوە بەرەو فریشتەیی ڕۆحی بەرز دەکاتەوە. ڕۆژوو، تەنها مانگرتن لە نان نییە، بەڵکو ژیانەوەی ئیرادەیە لە سەردەمی غەیبەتی مانا و جەنجاڵیی ئارەزوودا.

٤- زەکات: دادپەروەریی ئابووری و هاوسۆزیی مرۆیی

لە سۆسیۆلۆژیای قۆرخکارییەوە بۆ فینۆمینۆلۆژیای ڕزگاری، زەکات لە فەلسەفەی ئیسلامیدا، بە تایبەت لە دیدی ئەبو حامیدی غەزالی و یوسف قەرزاویدا، تەنها وەک "میکانیزمێکی دارایی" یان لێبڕینی باج پێناسە ناکرێت، بەڵکو وەک "شۆڕشێکی وجودی" دەردەکەوێت دژی سەنتەرییەت وێناکردنی مادده. غەزالی لە (إحياء)دا زەکات وەک پردێک دەبینێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخەی کە ئەریک فرۆم بە "خاوەندارێتی " ناوی دەبات؛ لێرەدا مرۆڤ بە بەخشینی بەشێک لە ماڵەکەی، لە ڕاستیدا "بوون"ی خۆی لە ژێر ڕکێفی کۆیلایەتیی مادده ڕزگار دەکات و دەچێتە ناو کایەی بوونی مەعنەوییەوە وەک چۆن دوورکهایم باسی "پەیوەستبوونی کۆمەڵایەتی" دەکات، زەکات ئەو "گرێبەستە پیرۆزە"یە کە ناهێڵێت کۆمەڵگە تووشی هەڵوەشانەوە ببێت. ئەمە تەنها چارەسەری هەژاری نییە، بەڵکو وەک سامی عامری و محەمەد راتب نابلسی ئاماژەی پێ دەدەن، گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ فیترەتی "بەخشندەیی" و ڕزگاربوونیەتی لە "چڵێسی" کە بنەمای زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکانی سەردەمە. کاتێک ئیبن تەیمیە لە (السياسة الشرعية)دا زەکات وەک ستراتیژێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بۆ شکاندنی قۆرخکاری (Monopoly)وێنا دەکات، لە ڕاستیدا کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنکە داراییانە دەکات کە دەبنە سەرچاوەی ستەمکاری. ئەم

تێڕوانینە ڕێک ئەو خاڵەیە کە تێیدا فیکری ئیسلامی لەگەڵ ڕەخنە توندەکانی نوام چۆمسکی بۆ سەرمایەداریی بێسنوور یەکدەگرێتەوە. چۆمسکی پێی وایە "هێزی دارایی" دەبێتە ئامرازی چەوساندنەوە و "پیشەسازیی ڕەزامەندی" بۆ سپیکردنەوەی نادادی بەکاردێنێت؛ بەڵام زەکات، وەک نەجمەدین ئەربەکان جەختی لێ دەکاتەوە، کۆڵەکەی "سیستەمی دادپەروەر"ە کە ناهێڵێت سەرمایە ببێتە "دەوڵەت لە نێوان دەوڵەمەندەکاندا." لە ڕووی ئابوورییەوە، زەکات گەورەترین دوژمنی "چەقبەستوویی" و کۆکردنەوەی بێ کەڵکە. بە پێچەوانەی تێزی "لیڤایەتان"ی تۆماس هۆبز کە کۆمەڵگە بە جەنگی هەمووان دژی هەمووان دەبینێت، زەکات سوڕی خوێن (سەرمایە) لە جەستەی بازاڕدا دەپارێزێت.

زەکات لای عەبدولوەهاب مەسیری فلتەری ئەخلاقی و ئامرازێکی "سەنتەربڕی"یە (Transcendence) کە ڕێگری دەکات لەوەی مرۆڤ ببێتە کۆیلەی "سیستەمی بێبایەخی" پاککردنەوەی ئەم ئەرکە وەک فلتەرێک کار دەکات بۆ پاککردنەوەی ماڵ لە هەر پیسی و گومانێکی حەرام، و پاککردنەوەی نەفس لە "چڵێسی" کە بنەمای زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکانی سەردەمە، وەک ئەوەی ڤیکتۆر فرانکل لە گەڕان بەدوای مانادا باسی دەکات. بە دیدی عەلی عیزەت بێگۆڤیچ، زەکات تێکەڵکردنی "ئیسلام لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا"یە؛ ماددەیە بەڵام بۆ ئامانجێکی ڕۆحی. ئەمە لەگەڵ تێزی مالک بن نەبی یەکدەگرێتەوە کە هەستانەوەی شارستانی بە ڕێکخستنی (مرۆڤ، خاک، کات) دەبینێت. زەکات لێرەدا بۆ هەژاران کەرامەتیان دەپارێزێت و لە "پاشماوەی گەشە"وە دەیانکاتە "بکەری ئەخلاقی". ئەمە وەک ڤیکتۆر هۆگۆ لە (بێناوەکان)دا ئاماژەی پێ دەدات، شکۆ بۆ مرۆڤە شکاوەکان دەگەڕێنێتەوە. وە بۆ کۆمەڵگە وەک چۆن دوورکهایم باسی

"پەیوەستبوونی کۆمەڵایەتی" دەکات، زەکات ناهێڵێت کۆمەڵگە تووشی هەڵوەشانەوە (Anomie) ببێت. لای سەعید نورسی، ئەمە جێبەجێکردنی میهرەبانیی ئیلاهییە لە زەویدا بۆ دروستکردنی هاوسەنگی. زەکات لای شاتبی مەقسەدێکی باڵایە بۆ پاراستنی "ماڵ" و "نەفس". ئەمە ئەو مۆدێلە "ئەخلاقییەی نوێگەری"یە کە محەمەد ئیقبال و تەها عەبدولڕەحمان خەونی پێوە دەبینن؛ ئیقبال پێی وایە زەکات "هێزی داراییی" لە چنگ "ئیبلیسە سیاسییەکان" دەردەهێنێت و دەیکاتە وزەیەک بۆ بونیادنانی خودی باڵا.." ئەمەیە ئەو دادپەروەرییەی کە مەسعود محەمەد بە عەقڵە وردەکەی و هەژار موکریانی بە ڕۆحە پڕ لە ئازارەکەی بۆ مرۆڤایەتییان دەویست؛ گۆڕینی "ئابووریی چەوسێنەر" بۆ "ئابووریی میهرەبانی".

محەمەد عومەر شابرا و یوسف قەرزاوی پێیان وایە زەکات و قەدەغەکردنی ڕیبا، تەنها سیستەمی داراییی نین، بەڵکو "پاککردنەوەی وجودی" مرۆڤن. وەک ئەریک فرۆم دەڵێت: مرۆڤ نابێت لەناو "خاوەندارێتی"دا ون بێت، قورئانیش دەڵێت ماڵ و سامان "وەسیلە"ن نەک "ئامانج". فەرموودەی "خير الناس من نفع الناس" بنەمای "ئابووریی خزمەتگوزار" دادەڕێژێت، کە تێیدا مرۆڤ لە سەنتەردایە، نەک قازانج. قورئان خێزان بە ﴿مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ وەسف دەکات. لای ئادەم گیونەش و بیرمەندانی هاوچەرخ، ئەمە "هێمنیی دەروونی"یە کە مرۆڤ بۆ داهاتوو ئامادە دەکات. وەک تەها عەبدولڕەحمان دەڵێت: "پەروەردە بەبێ ڕەوشت، دەبێتە زانستێکی وێرانکەر". فەرموودەی "أكمل المؤمنين إيماناً أحسنهم خلقاً" ئیمان دەبەستێتەوە بە ڕەفتاری ڕۆژانە، ئەمەش ئەو "ئیتیک"ە بەرزەیە کە ڤیکتۆر فرانکل بە تەنها ڕێگای ڕزگاریی مرۆڤی دەزانی لەناو پوچگەراییی مۆدێرنەدا.

٥- حەج: کۆنگرەی جیهانی و یەکسانیی گەردونی

حەج پرۆسەی دارنینی پێستی نەفس و گەیشتنە بە حەرەمی پیرۆزی حەق. حەج بە چەمکی "میقات" و پۆشینی جلی ئیحرام دەستپێدەکات. سپێتیی ئیحرام، سڕینەوەی هەموو ئەو ناسنامە، ڕەنگ، ناو و نیشانە جیاکەرەوانەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا خۆی پێوە دەنازێنێت، ئیمامی غەزالی لە (إحیاء علوم الدین)دا دەڵێت: "کاتێک جلی ئیحرام دەپۆشیت، تۆ تەنها قوماشێک ناگۆڕیت، بەڵکو کفنی ئارەزووەکانت دەپۆشیت و هەموو ڕوخسارە ساختەکانی دونیای دەرەوە فڕێ دەدەیت.". لێرەدا، فەیلەسوف، پادشا، بازرگان و کرێکار لە یەک قاڵبدا دەتوێنەوە. ئەم قۆناغە یەکەم، پێمان دەڵێت؛ بۆ ئەوەی بەرەو حەق بەڕێ بکەویت، دەبێت سەرەتا لەو "بتە دەرەکییانە" ڕزگارت بێت کە سیستمی سیاسی و ئابوری دەرەکی بەسەر تۆدا سەپاندوویانە.

دوای ڕۆیشتن بە ناو وێستگەکانی عەرەفە و موزدەلیفەدا، حاجی دەگاتە "مینا". مینا لە فەلسەفەی زمانەوانیدا لە "تەمەننا" و ئاواتەوە هاتووە؛ واتە ئەو جێگەیەی کە ئاوات و خولیا کاتی و شەهوەتە دونیاییەکانی مرۆڤی تێدا چڕ دەبێتەوە. لێرەدایە کە لوتکەی شانۆگەرییەکە دەستپێدەکات:

هاویشتنی بەردەکان: مانیفێستی ڕاهێنانی ئیرادە و هاویشتنی بەردی هۆشیارییە بۆ تێکشکاندنی ناوەندەکانی سستی و لادان. حاجی لەم کاتەدا، گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی ئەو هێزە دەرەکییانە دەکات کە دەیانەوێت لە ڕێڕەوی مرۆڤایەتی لای بدەن. مرۆڤ پێش ئەوەی بگاتە ئاستی "فیداکاریی باڵا" لە وێستگەی قوربانیکردندا، و پێش ئەوەی چەقۆ لە گەردنی "ئیسماعیلی ناخی" (عەزیزترین و توندترین پاشکۆی دونیایی کە کۆتی کردووە) بدات، دەبێت سەرەتا لە ڕێگەی ئەم بەردانەوە هێزی

خۆی لە "نیشانەگرتن لە بەربەستەکان" و ڕاوەدووڕانی سەرنجکێشەرە فریودەرەکانی دەرەوە بسەلمێنێت. ئەمە تاقیکردنەوەی یەکجاریی ئاوەزە؛ پاککردنەوەی دەوروبەرە لە گەردەلوولی مادده، بۆ چوونە ناو کایەی پیرۆز و ئازادیی ڕەهای ڕۆح.

قوربانیکردن، لوتکەی شۆڕشی وجودییە. پاش ئەوەی لە ڕێگەی "جەمرات"ەوە گشت کارتێکەرە فریودەرەکانی دەرەوەت ڕامالی، ئێستا کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ گەورەترین و عەزیزترین بت لە ناخی خۆتدا: "ئیسماعیلی وجودت." لێرەدا چەقۆکە لە گەردنی ئاژەڵێک نادرێت، بەڵکو دەخرێتە سەر گەردنی ئەو خاڵە لاوازە، پێگە، یان بەرژەوەندییە دونیاییەی کە دڵتی کۆت کردووە؛ ئەمە سەربڕینی ترس و چڵێسییە بۆ لەدایکبوونەوە لە کایەی ئازادیی ڕەهادا.

حەج لە قووڵاییی فیکری عەلی شەریعەتی و مەقاسیدناسیی ئیبنی عاشووردا، تەنها گەشتێکی جوگرافی نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی (Existential) یان وجودییە؛ کۆچکردنە لە "خۆت"ەوە بەرەو "خودا"، و لە "پەراوێز"ەوە بۆ "سەنتەر". ئەم گەڕانەوەیە بۆ سەنتەر (کەعبە) هێمایەکە بۆ یەکبوونی ئاراستەی مرۆڤایەتی لەناو فرەیی و ئاڵۆزییەکانی ژیاندا. مرۆڤەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی جلوبەرگ، زمان و ستایلی ژیانەوە "جیاوازیی چینایەتی" دروست بکەن تا پێگەی خۆیان بسەلمێنن. بەڵام لە حەجدا، پۆشینی (ئیحرام) دەبێتە پرۆسەیەک بۆ "ڕووتکردنەوەی ئۆنتۆلۆژی"؛ لێرەدا هەموو ئەو نیشانە سیمبۆلیانەی کە مرۆڤەکان لە یەکدی جیا دەکەنەوە دەسڕێنەوە. وەک عەلی عیزەت بێگۆڤیچ ئاماژەی پێ دەدات، ئەمە بەرجەستەکردنی ڕەهای یەکسانییە؛ لەوێدا "مەسیری جیاواز" بوونی نییە، بەڵکو تەنها یەک مەسیر هەیە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئایەتی: «إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ

أَتْقَاكُمْ» (الحجرات: ١٣)ە. لە حەجدا، "تەقوا" دەبێتە تەنها پێوەری بوون، چونکە هەموو پێوەرە مادییەکان لە دەرەوەی بازنەی تەواف جێماون. ئیبنی عاشوور لە (التحرير والتنوير)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حەج "کۆنگرەی گەردوونیی ئیسلامە". ئەم بزووتنەوەیە (تەواف) هێمایەکە بۆ تێکەڵبوونی تاک لەناو کۆدا بەبێ ئەوەی شوناسی مرۆیی خۆی لەدەست بدات. مەولانای ڕۆمی پێی وایە تەوافکردن بە دەوری کەعبەدا، هێمای گۆڕینی سەنتەری تاکی موسڵمانە؛ مرۆڤ لە "خۆسەنتەری" (Egocentrism) دەردەچێت و خودا دەکاتە تەوەر و سەنتەری وجودی خۆی، وەک چۆن ئەستێرەکان بە دەوری ناوەندەکەدا دەسووڕێنەوە. عەلی شەریعەتی حەج وەک "شانۆیەکی مەزن" وێنا دەکات کە تێیدا هیچ "ئەکتەرێک" نییە، هەمووان پاڵەوانن و هەمووان یەک ڕۆڵ دەگێڕن: ڕۆڵی مرۆڤی ڕەها.

فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە وتاری ماڵاواییدا ئەم حەقیقەتە دەچەسپێنێت: «لا فضل لعربي على أعجمي... إلا بالتقوى». حەج دەیسەلمێنێت کە شارستانیەتی ڕاستەقینە ئەو شارستانیەتە نییە کە جیاوازیی ڕەگەزی و زمانی بەرهەم دەهێنێت، بەڵکو ئەوەیە کە "مرۆڤبوونی پاک" دەکاتە بنەما. حەج ڕەجمکردنی "بتە ناوەکییەکان"، ڕێوڕەسمی ڕەجمکردنی شەیتان (جەمرات) لای شەریعەتی، هێمایە بۆ ڕاپەڕین دژی سێکوچکەی (ستەم، چەوساندنەوە، و فێڵ) کە لە مێژوودا شێوەی جیاوازیان گرتووە. بیرمەندی گەورە د. عەلی شەریعەتی لە کتێبی *«حەج»*دا دەڵێت: "ئیسماعیلی تۆ کێیە یان چییە؟ شەرەفتە؟ پێگەتە؟ پارەتە؟ داهاتووتە؟... هەرچییەک بێت کە ڕێگرە لەوەی دەنگی حەق ببیستیت، ئەو شتە ئیسماعیلی تۆیە. تۆ لە جەژنی قورباندا ئاژەڵ سەر نابڕیت، بەڵکو دێیت بۆ ئەوەی ئەو خاڵە لاوازە سەربڕیت کە کۆتی کردوویت."

ئەمە جێبەجێکردنی مانیفێستی: «فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى» (البقرة: ٢٥٦)ە. حاجی بە بەردگرتنە "تەماح" و "خۆپەرستی" و "پلەوپایە"، خۆی لەو کۆت و زنجیرانە ڕزگار دەکات کە ناهێڵن بگاتە لوتکەی مرۆڤبوون. حەج پرۆسەیەکی "کیمیایی"یە؛ مرۆڤێکی "مسۆگەر" وەردەگرێت و مرۆڤێکی "ئازاد" بەرهەم دەهێنێتەوە. وەک فەرموودەکە دەڵێت: «رجع من ذنوبه كيوم ولدته أمه» (البخاري). ئەم "گەڕانەوەیە بۆ ڕۆژی لەدایکبوون" لای بیرمەندانی وەک تەها عەبدولڕەحمان، گەڕانەوەیە بۆ "پەیمانە ئەزەلییەکە" (میثاق)، لێدانی فۆرماتە لە هەموو ئەو کلتوور و نەریتە دەستکردانەی کە مرۆڤیان تێدا زیندانی کراوە. بیرمەند و فەیلەسوفی ناودار مەلیک شەهباز (مالکۆم ئێکس) دوای ئەوەی سەردانی حەجی کرد، لە نامەیەکدا نووسی:"لە ژیانمدا ئەوەندە ڕێز و برایەتی ڕاستەقینەم لە نێوان مرۆڤەکاندا نەبینیوە، لە حەجدا بینیم چۆن مرۆڤی سپی پێست و ڕەش پێست شان بە شانی یەک دەوەستان؛ حەج و جەژنی قوربان گەورەترین هێزن بۆ لەناوبردنی شێرپەنجەی ڕەگەزپەرستی لە جیهاندا."

ئەم پێنج پایەیە بەیەکەوە وەک "گرێبەستێکی وجودی" کار دەکەن؛ شایەتمان بیرکردنەوە ڕزگار دەکات، نوێژ ڕۆح ڕێکدەخات، ڕۆژوو ئیرادە بەهێز دەکات، زەکات کۆمەڵگا پاکدەکاتەوە، و حەج یەکێتیی مرۆڤایەتی دەسەلمێنێت. وەک شاتیبی لە الموافقاتدا ئاماژەی بۆ دەکات، هەموو ئەم پەرستشانە بۆ پاراستنی "بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ"ن لە دنیا و قیامەتدا، تا مرۆڤ لە ژێر سایەی "سیستەمێکی دادپەروەر"دا بژی.

باسی شەشەم: پێنج زەروریاتەکە ڕوحی شەریعەت و گەوهەری شارستانیەت.

لەم باسەدا، تیشک دەخەینە سەر ئامانجی شەریعەتی ئیسلامی لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و مرۆیی؛ سیستەمێکی زیندوو کە بناغەکەی لەسەر حیکمەت و بەرژەوەندیی خەڵک بونیادنراوە. وەک ئیبن قەییمی جەوزی دەڵێت: «شەریعەت هەمووی دادپەروەری و ڕەحمەتە؛ هەر حوکمێک لە دادەوە بگوێزرێتەوە بۆ ستەم، لە شەریعەت نییە، ئەگەر بە سەدان لێکدانەوەش بخرێتە پاڵی.» لێرەوە، مەقاسید دەبێتە پێوەرێک بۆ ناسینەوەی خودی ئایین لە وەهم و خوێندنەوەی چەوت.

لەم سۆنگەیەوە، گەشتێکی فیکری بەرپا دەکەین لە حەرفیەتی دەقەوە بۆ مەبەستی شارستانی؛ ئەو وەرچەرخانە مەعریفییەی کە ئیمامی شاتبی لە الموافقاتدا پایەکانی چەسپاند کاتێک ڕایگەیاند: «مەبەستی خودا لە دانانی شەریعەت، هێنانەدیی بەرژەوەندیی مرۆڤە لە دونیا و دوارۆژدا»، تا حوکمەکان لە ئامانجەوە بگۆڕێت بۆ ئامرازی خزمەت، و ئیبن عاشووریش جەختی کردەوە کە دەبێت "مەبەستە گشتییەکانی ئوممەت" بکەر و داینەمۆی بونیادی جیهانی بن. لە کۆتاییدا، دێینە سەر شیکاریی "پێنج کۆڵەکەکەی بوون" (الكليات الخمسة)؛ ئەو پێنج زەروریاتە باڵایەی کە بەبێ ئەوان هاوسەنگیی وجودی داهەرەسێت، و ئیسلام وەک چوارچێوەیەکی گەردوونی دایڕشتوون تا ژیانێکی کەرامەتمەند، بەڕێز و شایستە بۆ مرۆڤایەتی زامن بکات، کە بریتین لە:

١ .پاراستنی ئایین

ئاین وەك یەكەم زەروریەتی مرۆڤ دادەنرێت بۆ ڕێكخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودایە. هەر لەبەر ئەوەشە خودای گەورە هەموو پەیامهێنەرانی ناردووە بۆ ئەوەی خودا بپەرەستن و هاوبەشی بۆ پەیدا نەكەن، خودای گەورە دەفەرموێت: [ومَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ]. لە ئایەتێكیتردا خودای گەورە دەفەرموێت: [وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ]. بۆ پاراستنی ئاین پێویستە مرۆڤ خۆی بپارێزێت لە هاوبەشدانان، خورافات، داهێنراو، سەرپێچی وتاوان. ئازادی وەک یەکەمین عیبادەت؛ ئایین تەنها کۆمەڵە پەرستشێکی ڕووت نییە، بەڵکو ڕێکخەری پەیوەندیی مرۆڤە لەگەڵ بووندا. بەڵام وەک ئیبن عاشور ئاماژەی پێ دەدات، پاراستنی ئایین بەبێ "ئازادی" مەحاڵە. پاراستنی ئایین واتە پاراستنی "هەڵبژاردنی ئازادانەی مرۆڤ"، چونکە بڕوایەک بە زۆر سەپێنرابێت، لە ڕووی شەرعییەوە پووچەڵە. لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی و بەرپرسیارێتی داوە بە مرۆڤ بە ویستی خۆی بەبێ زۆرلێکردن باوەڕ بهێنێت هەموو هەوڵکیش دەخاتەگەڕ بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە پەرەستنی حەز ئارەزووەوە بۆ پەرەستشی خودای تاقانە. ئیبن عاشور هاتووە زاراوەی (ئازادی بیروباوەڕەکان)ی خستوەتەڕوو، توێژەرانیتری هاوچەرخی وەك ئەحمەد ڕەیسونی و محمد ئەلزوحەیلی و محمد شەبیر، دەستەواژەی (ئازادی باوەڕ)یان وەك مەبەستەكانی شەریعەت داناوە. لەژێر ڕۆشنای ئەم ئایەتە پیرۆزانە: [لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ] وە لە ئایەتێکتردا خودا دەفەرموێ: [وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ]. موحەمەد غەزالیش لە کتێبی (نحو تفعيل مع القرآن لكريم)دا چەمكەكانی دادپەروەری و ئازادی خستوەتە نێو پێویستیە زەروریەكانەوە. مصطفی زەڵمی پێیوایە، مەسەلەی بابەتی وەرگرتی

جزیەش لە ئیسلامدا لە ئاینەکانیتر پەیوەست نیە بەزۆر بە موسڵمانکردنیان بەڵکو پەیوەستە بە پاراستن و بەرگریکردن لێیان. لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا تەنانەت زانایەك لەبەر ئەوەی داهێنانێکی کردووە و تیۆرێکی ئاشکرا کردوە سزا دراوە، بەلایەنی کەم هەمووومان ڕوداوەکەی گالیلۆ دەزانین، ڤیکتۆر هۆگۆ لەبارەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا باس لەوە دەکات پاپا و قەشەکان بەناوی بەرگری لە ئاینی مەسیحیەت چ ستەمێکیان لە زانست و زاناکان کرددوە.بەڵام لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلام هیچکاتێك زانایەك نەیوتوە تەنها قسەکەم من هەقە، ئەبوو حەنیفە وتوێتی: گەر بەڵگەکانی من نازانیت کار بە بۆچونەکانم مەکە، ئەمەی من دەیڵێم باشترین بۆچونە کەسێك لەوە باشتر دەزانێت با بیڵێت. هەروەها جارێکیان ئیمامی شافعی بە ئەبو ئیسحاقی گوت: هەرچیەك دەڵێم چاولێگەری و تەقلیدم مەکەرەوە، خۆت بیربکەرەوە. لەکێشەو ململانێ فیکریەکاندا، لەبەریەککەوتنی ئازادانەی بیروڕادا فیکری نوێ و کامڵ دروست دەبێت. لێرەدا پێویستە بەرچاو ڕوونبین مەبەستیان لە زانایانە چون هەموو کەسێك بەبێ زانست ناتوانێت بیروڕای سەربەخۆی هەبێت.

٢ .پاراستنی گیان

پاراستنی ژیان و عەقڵ؛ لە ڕەهەندی شەرعییەوە بۆ کەرامەتی مرۆیی و پیرۆزیی ژیان؛ لە "ماف"ەوە بۆ "ئەرک "

لە فەلسەفەی مەقاسیدی شەریعەتدا، پاراستنی گیان (حفظ النفس) تەنها پرسێکی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو وەک بەرزترین پیرۆزی دوای ئایین پۆلێن دەکرێت. ئەم تێڕوانینە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤ "بونیادنراوی خودایە" و تێکدانی ئەم بونیادە بە گەورەترین تاوان دەژمێردرێت. لە جیهانبینی ئیسلامیدا، مرۆڤ چەق و مێحوەرە؛ هەموو

گەردوون بۆ ئەو تەرخان کراوە و ئەویش بۆ "ناسین و ئاوەدانی" تەرخان کراوە. لێرەوە، پاراستنی گیان و عەقڵ تەنها دوو فەرمانی ئایینی نین، بەڵکو دوو کۆڵەکەی سەرەکین بۆ پاراستنی مانا لە بووندا.

ئیسلام چەمکی "سەروەری مرۆڤ بەسەر جەستەی خۆیدا" فەلسەفەی ژیانە وەک "ئەمانەت" نەک "موڵک "لە چوارچێوەی ئەمانەتدا کورت دەکاتەوە. ژیانی مرۆڤ لە شەریعەتدا تەنها کۆمەڵێک ماف نییە کە دەوڵەت یان کۆمەڵگا پێی ببەخشن، بەڵکو پیرۆزییەکی ڕەهایە کە لە سەرووی هەموو دەسەڵاتەکانەوەیە. ژیان لای مرۆڤ موڵکێکی تایبەت نییە تا بە ویستی خۆی کۆتایی پێ بهێنێت، بەڵکو سپاردەیەکە. دیاردەی خۆکوژی وەک خیانەت لە سپاردەیە کاتێک پێغەمبەر ﷺ هەڕەشەی سزا لەوانە دەکات کە کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن، دەیەوێت ئەو ڕاستییە فەلسەفییە بچەسپێنێت کە: "تۆ خاوەنی خۆت نیت، تۆ ئەمانەتی خودایت لای خۆت". وەک ئیبن تەیمیە ئاماژەی پێ دەدات، تەنانەت "مانگرتن تا مردن"یش جۆرێکە لە بەزاندنی ئەم سنوورە، چونکە پاراستنی گیان لە پێشترە لە هەر ئامانجێکی تری زەوی، ئەمەش ئاماژەیەکی قووڵە بۆ پاراستنی شکۆی ژیان.تەنانەت مانگرتن؛ وەک ئیمامی مەسروق (بە گێڕانەوەی ئیبن تەیمیە) ئاماژەی پێ دەدات، هەر کەسێک لە برساندا بمرێت و نان نەخوات، بە خۆکوژ دەژمێردرێت؛ چونکە خودا ڕێگەی داوە لە کاتی زۆر لێبوودا (إضطرار) حەرامەکان بەکاربهێنرێن بۆ ڕ ڕزگارکردنی ژیان. دیالەکتیکی قیساس (کوشتن بۆ ژیان)، دەستەواژەی قورئانی ، پارادۆکسێکی قووڵە. لێرەدا سزا دەبێتە قەڵغانی ژیان. وەک ئیبن عاشور دەڵێت، کوشتنەوە "تینوێتی بۆ خوێن" نییە، بەڵکو "تۆقاندنی بکوژە" بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە سایەی ئاسایشدا گەشە بکات. ئەمە بەدیهێنانی "ژیانی گشتی"یە لەسەر حیسابی سزادانی تاوانبار و ترساندنی بکوژ و گەرەنتی مانەوەی هەزاران بێتاوان

دەکات. کەرامەت؛ مەرجی بنەڕەتیی ژیان هەروەک د. یوسف ئەلقەرزاوی و فەقیهە هاوچەرخەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، "پاراستنی گیان" تەنها ڕێگریکردن لە مردن نییە، بەڵکو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤە. ژیانێک کە تێیدا مرۆڤ لە کەرامەت و ئازادی داماڵرابێت، لە ڕووی مەقاسیدییەوە ژیانێکی ناتەواوە. تێد کازێنسکی (Unabomber) هۆشداری دەدات کە "سیستەمی تەکنەلۆژی مرۆڤی لە سروشت دابڕیوە و جەستەی کردووەتە ئامێر". لێرەوە پابەندبوون بە "یاساکانی هاتوچۆ" و "خوێن بەخشین" دەبنە پەرستش، چونکە هەموویان لە خزمەت یەک ئامانجدان: مانەوەی شکۆمەندانەی مرۆڤ. سەروەریی عەقڵ؛ پاسەوانی لێپرسراوێتی ئەگەر گیان "هەوێنی بوون" بێت، ئەوا عەقڵ "قیبلەنومای بوون"ە. بێ عەقڵ، مرۆڤ لە ئەرکی "خەلافەت" و ئاوەدانی دەکەوێت. ئیمامی غەزالی لە (المستصفى)دا جەخت دەکاتەوە کە بەبێ عەقڵ نە دین جێبەجێ دەبێت و نە دونیا ئاوەدان دەبێتەوە. عەقڵ لای غەزالی ئەو تیشکەیە کە ڕێگەی "دڵ" و "دونیا" بەیەکەوە ڕووناک دەکاتەوە. هەروەها حەرامکردنی سەرخۆشکەرەکان ئەمە تەنها قەدەغەکردنی ماددەیەک نییە، بەڵکو پاراستنی "سیستەمی تێگەیشتنە". هەر شتێک عەقڵ پەکبخات (مەشروب، موخەدرات، یان بیری توندڕەوی و خورافە)، شەڕە لە دژی گەوهەری مرۆڤایەتی. لە جیهانی ئەمڕۆدا، پاراستنی عەقڵ ڕووبەرێکی فراوانتری گرتووەتەوە کە دەکرێت بەم خاڵانە دای بڕێژین:

بەرەنگاربوونەوەی نەزانی: بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بیری زانستی وەک فەرزێکی مەقاسیدی.

پاراستنی سەرمایەی فیکری: ڕێگریکردن لە "کۆچی مێشکەکان" بە دابینکردنی ژینگەیەکی شایستە بۆ زانایان، چونکە لەدەستدانی عەقڵێکی زانا، لەدەستدانی بەشێکە لە ئاوەدانیی زەوی.

دژایەتی خورافە: عەقڵ کاتێک دەپارێزرێت کە لە چوارچێوەی "تێفکرین لە گەردوون"دا کار بکات، نەک لەناو کۆت و زنجیری بیری چەقبەستوودا.

٣ .پاراستنی ئەقڵ

پێویستە لەوە تێبگەین کە "پاراستنی عەقڵ" لە فەلسەفەی ئیسلامیدا تەنها پاراستنێکی فیزیکی نییە (وەک قەدەغەکردنی مەی)، بەڵکو پاراستنی "کارکردی عەقڵە". عەقڵێک کە نەتوانێت بەرهەم بهێنێت، عەقڵێک کە پرسیار نەکات، یان لە ژینگەیەکدا بێت کە ڕێزی لێ نەگیرێت، یان بە خورافات گەمارۆ درابێت، بە عەقڵێکی "پەککەوتە" و زیندانیی دەژمێردرێت. فارابی لە کتێبی "آراء أهل المدينة الفاضلة"دا دەڵێت: "عەقڵ تەنها بۆ ناسینی ماددە نییە، بەڵکو بۆ گەیشتنە بە کامڵبوونی ڕۆحی." لە دژی خورافەت و ژەهری فیکری؛ عەقڵ، "مەنای تەکلیف" و جیاکەرەوەی مرۆڤە لە ئاژەڵ. ئیبن ڕوشد لە (فصل المقال)دا دەڵێت: "عەقڵ و شەریعەت دوو خوشکی شیرینن و هەرگیز دژ بەیەک ناوەستنەوە." ئەگەر گیان هەوێنی بوون بێت، ئەوا عەقڵ "قیبلەنمای بوون"ە. بەبێ عەقڵ، مرۆڤ لە ئەرکی ئاوەدانی زەوی دەکەوێت و دەبێتە بوونەوەرێکی ئاسۆیی کە تەنها بۆ غەریزە دەژی. ئیمامی غەزالی لە (المستصفى)دا دەڵێت: "بەبێ عەقڵ نە دین جێبەجێ دەبێت و نە دونیا ئاوەدان دەبێتەوە." عەقڵ لای ئەو ئەو تیشکەیە کە ڕێگەی "دڵ" و "دونیا" بەیەکەوە ڕووناک دەکاتەوە.

مەسەلەی پاراستنی عەقڵ قەتیسنەکراوە لە مەسەلەی حەرامکردنی سەرخۆشکەرەکان و موخەدرات، بەڵکو پاراستنیەتی لە "جەهل و لاساییکردنەوەی کوێرانە ڕێگە نەدەیت 'بێبایەخی' مێشکت داگیر بکات، ڕێگە نەدەیت 'خورافەت' پەنجەرەکانی تێفکرانت دابخات. دکتۆر تەها جابر ئەلعەللوانی پێی وایە پاراستنی عەقڵ پێویستی بە "ئیجتیهاد" هەیە. پاراستنی عەقڵ واتە ڕزگارکردنی لەو کۆت و زنجیرانەی کە ناهێڵن مرۆڤ داهێنان بکات. هەروەها پاراستنێتی لە خورافەت؛ خورافەت بریتییە لە "پەکخستنی یاساکانی هۆکار و ئەنجام" (السببية). ئایین هاتووە تا مرۆڤ لە کۆیلایەتی شتی بێبنەما ڕزگار بکات و بیخاتە سەر شاڕێی تێفکرین. وەك شێخ محەمەد عەبدە لە کتێبی (رسالة التوحيد)دا جەخت دەکاتەوە کە ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی عەقڵ لە ژێر دەستی خورافات دەربهێنێت. پاشان پاراستنی سیستەمی عەقڵیی نەتەوەیە. کۆچی مێشکەکان (Brain Drain) وەک خوێنبەربوونی عەقڵی وایە؛ دکتۆر جاسم سوڵتان (سەرمایەی مرۆیی) لە پڕۆژەی (إعداد القادة)دا باس لەوە دەکات کە "پاراستنی عەقڵ" لەم سەردەمەدا واتە پاراستنی "سەرمایەی فیکری" وڵاتێک کە نەتوانێت زانایانی خۆی تێر بکات و قەدریان بگرێت، عەقڵی خۆی بە دیاری دەداتە وڵاتانی تر." هەربۆیە فەراهەمکردنی زەمینەی زانستی، ئازادیی فیکری و مووچەی شایستە بۆ زانایان، بەشێکی دانەبڕاوە لە واجباتی شەرعی بۆ پاراستنی نەتەوە لە پاشکۆیەتیی زانستی. قەرزاوی لە کتێبی (السياسة الشرعية)دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەرکی دەوڵەتە ژیانێکی شایستە بۆ زانایان دابین بکات. ئەو دەڵێت: "کۆچی مێشکەکان بۆ وڵاتانی بێگانە بەهۆی هەژاری یان ستەمی سیاسی، یەکێکە لە گەورەترین تاوانەکان دژ بە بەرژەوەندیی نەتەوە، چونکە ئەمە بەتاڵکردنەوەی ئوممەتە لە عەقڵی خۆی." هەروەها ئیبن خەلدون لە (المقدمة)دا دەڵێت: "وێرانبوونی شارستانییەت لە کەمبوونەوەی

ئەهلی عیلم و پیشەوەری لێهاتوو دەستپێدەکات." کاتێک دەوڵەت ژینگەیەک نارەخسێنێت بۆ مانەوەی عەقڵەکان، خەریکی تاوانێکی گەورەیە، چونکە "پاراستنی عەقڵ" پێویستی بە "پاراستنی شکۆی خاوەن عەقڵ" هەیە. عەقڵێک کە تەنها خەریکی "ترێند" و شتی بێمانای سۆشیاڵ میدیا بێت، عەقڵێکی "داگیرکراوە". پاراستنی عەقڵ، واتە پاراستنی لە "هەژموونی چێژە کاتییەکان" کە مرۆڤ لە ئامانجە گەورەکەی (ئاوەدانی زەوی) دوور دەخەنەوە. ئالان دۆنۆ لە کتێبی "نظام التفاهة"دا دەڵێت: "سیستەمی ئێستا داوای عەقڵی قووڵ ناکات، بەڵکو عەقڵی 'مام ناوەند'ی دەوێت کە کار بکات و پرسیار نەکەیت." ئیسلام لە ڕێگەی بەرنامەکەیەوە دەیەوێت عەقڵ لەم "پەستکردن و بچووککردنەوەیە" بپارێزێت. کیندی یەکەمین فەیلەسوفی ئیسلامی بوو کە دەیگوت: "حەقیقەت هیچ مرۆڤێک بچوک ناکاتەوە، حەقیقەت لە هەر شوێنێک بێت دەبێت وەری بگرین.".

٤ .پاراستنی وەچە

خێزان تەنها یەکەیەکی کۆمەڵایەتی نییە؛ خێزان ئەو "بەرزەخە پیرۆزەیە" کە تێیدا نەفس ئارام دەبێتەوە، عەقڵ گەشە دەکات، سامان مانا پەیدا دەکات، و ئایین دەبێتە واقیع. بەبێ پاراستنی وەچە و خێزان، مرۆڤایەتی دەبێتە کاروانێکی بێ مەنزڵ کە لە بیابانێکی چۆڵدا بەرەو هەڵدێر دەڕوات. خێزان وەک قەڵای پەروەردە؛ مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ تەنها مەبەست نییە، بەڵکو "مانەوەی نەوەیەکی تەندروست" مەبەستە. دروستکردنی ئینسان وەک باڵاترین پەیامی بوون. ئەگەر بپرسین: بۆچی خێزان؟ وەڵامەکە لای شەریعەت تەنها ڕێکخستنی غەریزە نییە، بەڵکو "پاراستنی ڕەوتی مێژووە". خێزان ئەو خاکەیە کە تێیدا "وەچە" دەبێتە بەردەوامیی شکۆی خودایی لەسەر زەوی. لێرەدا، "پاکداوێنی" تەنها ڕەوشت نییە، بەڵکو قەڵغانێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە "بێناونیشانی" ڕزگار

بکات. کاتێک قورئان دەفەرموێت: [فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ]، دەرگایەک بۆ ئاوەدانی دەکاتەوە. بەڵام کاتێک دەفەرموێت: [وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا]، دەیەوێت مرۆڤ لە دارمان بپارێزێت. چونکە وەک ئیبن عاشور دەڵێت: "تێکەڵبوونی ڕەچەڵەک واتە هەڵوەشانەوەی بەرپرسیارێتی؛ ئەگەر منداڵ باوکی دیار نەبێت، کەس نابێتە سێبەری، و کۆمەڵگەی بێ سێبەر بەرەو دارمان دەچێت."

ئیمامی قەرافی لێرەدا چەمکی "ئابڕوو"ی وەک زەروریەتێکی سەربەخۆ زیاد کرد، چونکە تۆمەتبارکردنی خەڵک تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە. لە دیدگای هاوچەرخی وەک دکتۆر محەمەد عەلی بار، تەنانەت پشکنینی پزیشکیی پێش هاوسەرگیری بەشێکە لە پاراستنی وەچە، بۆ ئەوەی نەوەیەک نەیەتە دنیاوە کە نەخۆشییە گواستراوەکان بیفەوتێنن. مەقاسید لێرەدا لە "نیکاح"ەوە دەگۆڕێت بۆ "پاراستنی مافی منداڵ و سیستەمی خێزان." لای ئەحمەد ڕەیسونی، پاراستنی وەچە بەبێ "مافی منداڵ" کایەیەکی پووچە. ئەگەر منداڵ لە ژینگەیەکی پڕ لە توندوتیژی و جەهلدا گەورە بێت، ئێمە مەقاسیدمان کوشتووە. لێرەوەیە جاسم موتەوع و ئادەم گیونەش پێمان دەڵێن: "منداڵ ئەمانەتێکی پاکە (فطرة) و ئەرکی خێزان پاراستنی ئەو پاکییەیە لە ژەهری دەرەوە." کاتێک لە قووڵایی مەقاسیددا لە "پاراستنی وەچە" دەدوێین، باس لە بونیادنانی ناوەندێک دەکەین کە تێیدا کەرامەتی مرۆیی و جوانیی ڕۆحی بەیەک دەگەن، چونکە وەک چۆن شەریعەت خێزان بە سەنگەری پاراستنی مرۆڤایەتی دەزانێت، گەورە بیرمەندانی جیهانیش لەم ڕاستییەدا هاودەنگن. دۆستۆڤیسکی بەو پەڕی قووڵییەوە پێمان دەڵێت کە هیچ حەقیقەت و ئایدۆلۆژیایەک لە جیهاندا شایەنی ئەوە نییە بە فرمێسکی منداڵێکی بێتاوان بەدەست بێت، ئەمەش ڕێک هاوتایە لەگەڵ ئەو پیرۆزییەی کە شەریعەت بە گیانی منداڵی بەخشیوە، لەولاوەش

تۆلستۆی خێزان وەک تاقە پەناگە دەبینێت کە مرۆڤ تێیدا فێری "خۆشەویستییەکی بێبەرامبەر" و بێ غەرەز دەبێت. ئەم بەهایە تەنها پرسێکی سۆزداری نییە، بەڵکو پارێزەری ناسنامەی نەتەوەیە؛ جۆرج ئۆریۆڵ هۆشداریمان دەداتێ کە سیستەمە ستەمکارەکان هەمیشە یەکەمجار هێرش دەکەنە سەر عاتیفەی خێزانی بۆ ئەوەی مرۆڤ لە مرۆڤبوون داماڵن و بیچڕێنن تا بیکەنە ئامێرێکی بێ ئیرادە، هەروەک چۆن گۆستاڤ لۆبۆن جەخت دەکاتەوە کە نەتەوەیەک خێزانی نەبێت، تەنها دەبێتە جەماوەرێکی سەر لێشێواوی بێ مێژوو. لە ڕەهەندی بەردەوامبوونی جوانیشدا، شکسپیر لە سۆنێتەکانیدا مەرگ بەوە دەبەزێنێت کە مرۆڤ نەوەیەک لە دوای خۆی جێبهێڵێت کە هەڵگری چاکە و جوانییەکانی بێت، گۆتەش ئەم بازنەیە تەواو دەکات و خێزان بەو قوتابخانە باڵایە دادەنێت کە مرۆڤ تێیدا بۆ یەکەمجار تامی ڕۆحانیەت و مانا گەورەکان دەکات. ئەم نەوەیە نابێت تەنها کۆپییەکی ڕابردوو بن، بەڵکو وەک بێرنارد شۆ و عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان کۆکن لەسەری، خێزان دەبێت ببێتە بێشکەی "عەقڵی ئازاد" و ڕێگە نەدات نەریتە چەقبەستووەکان ببنە زنجیر لە دەست و پێی فیکری نەوەی نوێ. ئەم پێگەیاندنەش کاتێک تەواو دەبێت کە ڕەهەندی ماددی و جەستەیی فەرامۆش نەکرێت؛ هەر بۆیە لای محەمەد عومەر شابرا و دکتۆر محەمەد عەلی بار، پاراستنی وەچە لە سەردەمی نوێدا واتە دابینکردنی ژیانێکی ئابووریی سەربەخۆ و پاراستنی تەندروستیی نەوەکان، چونکە هێنانەدی نەوەیەکی شکۆمەند و بەهێز، باڵاترین جۆری عیبادەت و گەورەترین ئەرکی مەقاسیدییە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی.

٥ .پاراستنی سامان

ماڵ وەک بڕبڕەی پشتی شارستانیەت؛ ماڵ "قوام الحیاة" (ڕاوەستێنەری ژیانە). لە قورئاندا وشەی کار و ماڵ بە سەدان جار دووبارە بووەتەوە تا پێمان بڵێت بەبێ ئابوورییەکی بەهێز، ئایین و نەفس ناپارێزرێن. لەم قۆناغەدا، سامان چیتر تەنها کاغەز و زێڕ نییە، بەڵکو "ئازادی"یە. کاتێک ئیسلام ماڵ بە "قوام" ناودەبات، مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤی هەژار، ئیرادەی لەدەستداوە. وەک چۆن چیخۆف لە چیرۆکەکانیدا تیشک دەخاتە سەر "مرۆڤە بچووکەکان" کە بەهۆی نەبوونی سامانەوە دەبنە بوونەوەرێکی شەرمن و ترسنۆک لەبەردەم دەسەڵاتدا، مەقاسیدی شەریعەت دەیەوێت بە پاراستنی سامان، ئەو "ترسە وجودییە" بنبڕ بکات. مرۆڤێک کە خاوەنی بژێوی خۆی بێت، دەتوانێت خاوەنی "نا" بێت لەبەردەم ستەمدا. لێرەوە پاراستنی سامان دەبێتە پاراستنی شکۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی. پاراستنی سامان لای خودا، تەنها پاراستنی گیرفانی دەوڵەمەند نییە، بەڵکو پاراستنی بڕبڕەی پشتی نەتەوەیەکە تا لەبەردەم پێویستیدا نەچەمێتەوە. ماڵ ئەو تیشکەیە کە تاریکیی هەژاری دەرەوێنێتەوە و ڕێگە دەدات عەقڵ و ئیمان لە ژینگەیەکی ئارامدا گەشە بکەن. هەر بۆیە ئابوورییەک کە کەرامەت بەرهەم نەهێنێت، لە دیدی مەقاسیددا ئابوورییەکی 'سەفیهە' و شایەنی گۆڕینە، چونکە خودا ماڵی داناوە تا مرۆڤ پێی 'ڕاست بێتەوە' (قواماً)، نەک پێی بکوژێتەوە. ئیمامی ڕاغیبی ئەسفەهانی دەڵێت: "ئاوەدانکردنەوەی زەوی بەبێ کار و بەدەستهێنانی ماڵ مەحاڵە." پاراستنی ماڵ لای زانایانی وەک جاسر عەودە لە "ڕێگری لە دزی"یەوە گۆڕاوە بۆ "گەشەپێدانی ئابووری و دادپەروەریی دابەشکردن". هەر بۆیە دکتۆر قەرزاوی لە (فقه الزكاة)دا بانگەوازی ئەوە دەکات کە هەر ماڵێکی گەشەکردوو دەبێت زەکاتی لێ بدرێت، چونکە ئامانجی زەکات

"کۆتایهێنانە بە هەژاری" نەک تەنها دەستگرتنی هەژار. هەژاری عەقڵ و شکۆ دەکوژێت" و مرۆڤی برسی ناتوانێت بەرگری لە ئازادییەکانی بکات. جۆرج ئۆریۆڵ و جاسر عەودە لە یەک خاڵدا یەکدەگرنەوە: ئابوورییەک کە تەنها لە خزمەت کەمینەیەکدا بێت، عەقڵی زۆرینە کۆیلە دەکات. لە سیستەمی "بێبایەخی" (Mediocracy)دا، سامان وەک ئامرازێک بۆ کڕینی بێدەنگی بەکاردێت. بەڵام سیستەمی زەکات لای قەرزاوی و شابرا، نایەوێت هەژار تەنها نانێکی هەبێت بۆ خواردن، بەڵکو دەیەوێت هەژار "بکاتە خاوەن کار". ئەمە گۆڕانکارییەکی مەقاسیدییە لە "بەخشەری دەستکورت"ەوە بۆ "بەرهەمهێنەری سەربەخۆ". ئەمە ئەو شوێنەیە کە بێرنارد شۆ دەڵێت "هەژاری تاوانە"؛ چونکە هەژاری ڕێگرە لەوەی مرۆڤ بگاتە ئەو پلە باڵایەی کە خودا بۆی داناوە. ئیمامی ڕاغیبی ئەسفەهانی و گۆتە کۆکن لەسەر ئەوەی کە "کارکردن" جۆرێکە لە عیبادەتی گەردوونی. زەوی بەبێ جوڵەی دەستی مرۆڤ، تەرمێکی بێگیانە. پاراستنی ماڵ لێرەدا واتە "پاراستنی وزەی ئاوەدانکردنەوە". کاتێک قورئان دەفەرموێت [وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ]، مەبەست لێی ئەوەیە کە گەڕان بەدوای سەرمایەدا، گەڕانە بەدوای "فەزڵی خودا"دا. لێرەدا سامان چیتر "ماددە" نییە، بەڵکو دەبێتە "نوور" کاتێک دەگۆڕێت بۆ کارگەیەک، بۆ باخچەیەک، یان بۆ زانکۆیەک کە خزمەتی نەوەکانی داهاتوو دەکات. لە کۆتاییدا، پاراستنی ماڵ تەنها کۆکردنەوەی ژمارە نییە، بەڵکو وەک عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان ئاماژەی بۆ دەکات، بریتییە لە بونیادنانی عەقڵێکی ئابووری کە بزانێت چۆن سامان لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بەکاربهێنێت. ئەم تێکهەڵکێشبوونەی پێنج زەروریەتەکە نیشانی دەدات کە بەبێ "ماڵ"، نە ئایین بە جوانی جێبەجێ دەبێت و نە نەفس و عەقڵ و وەچە لە مەترسییەکانی برسیەتی و سوکایەتی دەپارێزرێن، ئەمەش ئەو یەکپارچەییەیە کە مەقاسیدی

شەریعەت وەک ستراتیژییەک بۆ بونیادنانی شارستانیەتێکی شکۆمەند پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات.

مەقاسید وەک پرۆژەی ژیان؛ زانایانی نوێ (وەک جەمالەدین و عەتییە) ئاماژەی پێ دەدەن، ئەم پێنج زەروریەتە پێنج خانەی جیاواز نین، بەڵکو سیستەمێکی یەکگرتوون. هەر هەوڵێک بۆ ئاییندارییەک کە عەقڵ تێکبشکێنێت، یان پاراستنی ماڵێک کە کەرامەتی مرۆڤ وردوخاش بکات، لەگەڵ مەقاسیددا نایەتەوە. شەریعەت هاتووە تا مرۆڤ بکاتە "جێگری خودا لەسەر زەوی"، ئەم جێگرایەتییەش تەنها بە هاوسەنگیی نێوان "ڕۆح و عەقڵ و ماڵ" بەدی دێت.

باسی حەوتەم: سیمای پەیامهێن؛ سپێدەیەک لە نێوان شمشێری قەیسەر و خەیاڵی حەکیماندا.

لەم تەوەرەدا، سێ هێزی بونیادنەری مێژوو ڕادەکێشینە ناو شیکارییەکی فەلسەفیی قووڵ: "قەیسەر" وەک هێمای هێزی ڕووت و سیستەمی دژە ڕۆح، "حەکیم" وەک نوێنەری ئەقڵی دابڕاو کە لە خەڵوەتی ئەندێشەدا زەوی و ئازارەکانی بیرچووە، و "پەیامهێن" وەک سپێدەیەک کە لە نێوان ئەم دووانەدا هەڵدێت. لێرەدا دەیسەلمێنین چۆن پەیامهێنەران وەک "داینەمۆی مێژوو" هاتن تا بە میهرەبانییەکی دانسقە و سادەییەکی قووڵ، مرۆڤ لە ژێر چەپۆکی (تیغ و تەزویر)ی قەیسەرەکان و گۆشەگیریی بێوەیِ حەکیمەکان ڕزگار بکەن. ئەوان تەنها یاسایان نەهێنا، بەڵکو مرۆڤی نوێیان بونیادنا؛ مرۆڤێک کە تێیدا میحراب و تاقیگە، دوعا و دەرمان، لە یەک ئاوازی گەردوونیدا یەک دەخات. دەمووچاوە دیارەکانی مێژوو، قەیسەر و حەکیم و پەیامهێنەران.

١- قەیصەر: فەلسەفەی هێزی ڕووت

قەیصەر (پاشا) وەک بونەوەرێکی میکانیکی بەو شێوەیەی مێژوو وێنای دەکات، قەیصەر تەنها مرۆڤێک نییە، بەڵکو سیستەمێکی "دژە ڕۆحە". تۆماس هۆبز لە کتێبی (لیڤایەتان)دا وێنای دەسەڵاتێکی وا دەکات کە وەک دێوەزمەیەک وایە؛ هەموو ئیرادەکان دەخوات تا تەنها ئیرادەی خۆی بمێنێتەوە. قەیصەر لە ڕوانگەی فرێدریك نیتشەوە، وێنای ئەو "ئیرادەی هێزەیە" کە لە ئەخلاق داماڵدراوە. لای قەیصەر، چاکە واتە "سەرکەوتن" و خراپە واتە "تێکشکان". ئەو شمشێرەی خوێنی لێدەچۆڕێت، تەنها ئامراز نییە، بەڵکو تاکە "پێوەری ڕاستی"یە لای ئەو.؛ ئەمە ڕێک وێنای ئەو عەقڵیەتەیە کە قورئان لەسەر زمانی فیرعەونەکان بۆمان باس دەکات کە دەیانوت: «مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَىٰ» (غافر: ٢٩)، واتە:

تەنها ئەو ڕاستییە هەیە کە من دەیبینم و هیچیتر. نیکۆلا ماکیاڤێلی لە کتێبی (شازادە)دا دەڵێت: "بۆ حاکم باشترە کە لێی بترسن، نەک خۆشیان بوویت." قەیصەر ئەم قسەیەی گەیاندووەتە لوتکە؛ ئەو دەزانێت خۆشەویستی کارێکی ئارەزوومەندانەیە، بەڵام ترس کارێکی ناچارییە، ئەویش تەنها مامەڵە لەگەڵ "ناچاری"دا دەکات. ئەم لوتکەی خۆبەگەورەزانینە وای لێدەکات بانگەشەی خودایەتی بکات، وەک چۆن قورئان دەفەرموێت: «فَحَشَرَ فَنَادَىٰ فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ» (النازعات: ٢٣-٢٤). دەرباری قەیصەر پڕە لەو کاراکتەرانەی کە ئیبن خەلدون ناویان دەنێت "چەورە و پاشکۆکان". ئەمانە ئەرکیان ئەوەیە جەستە زبر و نارێکەکەی قەیصەر بە بەرگی "پیرۆزی" بپۆشن:

جەلاد: وەک میشێل فۆکۆ لە کتێبی (چاوێری و سزادان)دا باسی دەکات، جەلاد لێرەدا "تەکنیککاری هێزە". ئازار و ئەشکەنجە لای قەیصەر نیشاندانی دەسەڵاتە بەسەر جەستەی مرۆڤەکاندا.

شاعیر و شیکەرەوەکان: ئەم ڕۆشنبیرانە، وەک گرامشی دەڵێت، "ڕۆشنبیرانی عەلوەچی"ن؛ ئەرکیان پاراستنی هەژموونی قەیصەر و گۆڕینی ستەمە بۆ "قەدەر". ئەمانە نموونەی زیندووی ئەو ئایەتەن کە دەفەرموێت: «فَانْسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ»؛ واتە ئەو زانایانەی خودا مەعریفەی پێ بەخشین، بەڵام وەک مار پێستی خۆیان لە بەها ئەخلاقییەکان داماڵی (فَانْسَلَخَ) تا ببنە پاشکۆی دەسەڵات. کاتێک ڕۆشنبیر لە حەقیقەت دادەماڵرێت، دەبێتە نێچیری شەیتانی ستەم، ئیتر زانستەکەی لەبری ڕزگاری، دەبێتە "تەزویر" بۆ شەرعیەتدان بە خوێن و تێرکردنی ئارەزووەکانی قەیصەر. لە ئەنجامدا، ئەمانە لە مێژوودا دەبنە «مِنَ الْغَاوِينَ»؛ چونکە مەعریفەی خۆیان دۆڕاند لە پێناو مانەوە لە سێبەری تەرمێکی گەورەی وەک قەیصەردا.

فاڵگرەکان: نوێنەری ئەو "میتافیزیکا چەوتەن" کە قەیصەر بەکاریان دێنێت بۆ شەرعیەتدان بەو کارە ناعەقڵانییانەی ئەنجامی دەدات.

قەیصەر هەموو جیهانی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام وەک ئێریک فرۆم دەڵێت، ئەو تووشی نەخۆشی "خاوەندارێتی (Having)" بووە لەبری "بوون (Being)". ئەو وادەزانێت بە کۆکردنەوەی سامان و کەنیزەک و زێڕ، مانایەک بۆ ژیانی دەدۆزێتەوە، بەڵام بە گوتەی ژان پۆڵ سارتەر، ئەو لە "بێماناییەکی قووڵ"دا دەژی. چونکە هەموو ئەوانەی لە دەوروبەریدان، "ئەو"یان ناوێت، بەڵکو "ترس و پارەکەی" ئەویان دەوێت. د. عەلی شەریعەتی بە جوانی وێنای دەکات و دەڵێت: "قەیصەر، یان ئەو (تیغ)ەی کە مێژووی پێ شەق دەکرێت، هەمیشە هاوپەیمانە لەگەڵ (تەزویر) و (زێڕ)". واتە سێ جەمسەری ستەم: شمشێر (زۆر)، دراو (پەستان)، و درۆ (فێڵ). قەیصەر ئەو کاراکتەرەیە کە مێژوو وەک "تەرمی گەورە" وێنای دەکات. ئەو لە کاتی ژیانیدا مردووە، چونکە "مرۆڤایەتی" لە دەست داوە. وەک تۆماس کارلایڵ ئاماژەی پێ دەدات، قەیصەرەکان "پاڵەوانی درۆزنن"؛ ئەوان بە هێزی دەرەکی گەورەن، بەڵام لە ناوەوە وێرانەن. بەزم و سەرمەستییەکەی تەنها بۆ ئەوەیە کە "بێدەنگیی مەرگ" کە لە ناو ناخیدایە نەبیستێت. ئەو دەزانێت کە بە ڕۆشتنی، تەنها وەک "نەفرەتێکی مێژوویی" دەمێنێتەوە، بۆیە زیاتر خوێن دەڕێژێت تا ناوی خۆی لە بەردەکاندا هەڵبکۆڵێت، بێئاگا لەوەی کە "نوور"ی پەیامهێنەران بەبێ شمشێر و زێڕ، هەموو بەرد و دڵەکانی بڕیوە. قەیصەر شکستی مرۆڤە لە بەرانبەر ئارەزووی "خودا بوون"دا. ئەو دەیەوێت هەموو شتێک بێت، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێتە "هیچ".

٢- حەکیم، عەودالأنی حەقیقەت لە نێوان عەرشی قەیسەر و ئازاری کۆیلەکاندا

هەندێ ڕۆشنبیری لە هەموو سەردەم و نەتەوەیەك، هەندێکجار لە دەرگای قەیصەر و هاونشینی جەلاد و چەورە و خواجەکانە، هەندێکجاریش لە خەڵوەتی خۆیدایە، بە ناو خەیاڵ و ئەندێشەکاندا ڕۆچوە و گەشتوەتە کەشکەشانی فەلەك، زەوی و خەڵك و زەمانی بیرچوەتەوە. فَرَس کُشته از بس که شب رانده است سحرگه به منزل مَدد مانده است. ئەسپەکەی لەپێ کەوتووە و مردووە لەبەر ئەوەی هەموو شەو بێداربووە، ئێستا کە بەیانییە و کاتی گەیشتنە، لە مەنزڵگا و شوێنی مەبەست دواکەوتووە.

ئەم حەکیمە عەودالی تێگەشتنە لە حەقیقەت و ڕاستیەکانی جیهان، نغرۆیە لە حاڵەتە نامۆ و تێڕامانە قوڵەکانی خۆیدا، بەندکراوی گروپی کەمی بیرمەندان و ڕۆشنبیران و هەڵکەوتەکانی ناو کۆمەڵگەی هاوچەرخی خۆیەتی، هەمیشە دوورکەوتوو لە بەشی پەستی و نابەجێی ئەم جیهانە و حەزو ئارەزوە مرۆڤایەتیەکان و نەخەوێندەوارەکانی کۆمەڵگە. خەڵکی ئاسایی لە سوقرات و ئەرستۆ و کیندی و فارابی و ئیبن سینا تێناگەن، تەنها ئەوانە نەبێ حەزیان لە فەلسەفە و لۆژیکە. ئەفلاتون پێیوایە سروشتی لە دایکبوونی مرۆڤەکان دابەشبوون بە دوو بەشەوە: ئازاد و کۆیلە؛ هەندێك مرۆڤ لە بنەڕەتدا هەر بە کۆیلایەتی لەدایکبوون، ئەگەر کۆیلەکان پلەی بەرزبکرێتەوە کۆمەڵگە تێکدەچێت. لە ئێرانی کۆنیشدا ئەنەوشیروان بیرکردنەوەی بەوجۆرە بووە، کاتێ پێڵاو دورێك داوا لە ئەنەوشیروان دەکات ڕێگە بە منداڵەکەی بدات بە پارە بخوێنێت، ڕێگای پێنادات و دەڵێت: ئەگەر بێت و کوڕی پینەچی بخوێنێت ئەوکات دەبێتە مامۆستای شازادە و نەجیبزادەکان ئەوەش ڕێگەپێدراو نییە. شوارتزی بیرکاریزانی فەرەنسی دەڵێت:

یۆنانیەکان بەو هەموو هەڵکەوتووی و لە ڕادەبەریەی لە فەلسەفە و هونەردا هەیانبوو نەیانتوانی تەنها تایەکیش دروستبکەن، چونکە بارە قورسەکان دەخرانە سەرشانی خەڵکە بێچارەکە و بەندەکان، ژمارەی ئەمانە ئەونە زۆربوون کە بیرمەندان نەیاندەتوانی ئاشنایەتیان لەگەڵدا پەیدا بکەن. حەکیمێک کە زەوی و خەڵکی بیرچووە، وەک ئەو کەسە وایە کە قورئان وەسفی دەکات: «مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا» (الجمعة: ٥). زانستێک کە تەنها "بار" بێت و نەبێتە "جوڵە"، حەکیمەکە دەکاتە کاراکتەرێکی بێوەی و بێدەنگ لە ئاست ستەمی قەیصەردا. حەکیمەکان لەبەر ئەوەی "زمانی جەماوەر" نازانن، هەمیشە لە مێژوودا بە غەریبی ماونەتەوە. حەکیمی ڕاستەقینە ئەو کەسە نییە کە تەنها لە "خەڵوەت"دا بێت، بەڵکو ئەو کەسەیە کە وەک سوقرات دێتە ناو بازاڕ، بەڵام وەک پەیامهێنەران خەمی ڕزگارکردنی "کۆیلەکان" و "نەخوێندەوارەکان"ی هەیە. حەکیمێک کە لە "کەشکەشانی فەلەک" بێت و ئازاری سەر زەوی نەبینێت، مێژوو وەک "ئەسپێکی مردوو" جێی دەهێڵێت کە هەرگیز ناگاتە مەنزڵگای ڕزگاری.

٣- پەیامهێنەران؛ فەلسەفەی پەیامهێنەران لە نێوان زەبری شمشێر و میهرەبانیی دڵاندا

یەکێکیتر لە دەموچاوەکانی مێژوو پەیامهێنەرانن، سیمایەکی خۆشەویست و لەبەر دڵانیان هەیە، لە هەڵسوکەوتیاندا ڕاستگۆیی و دڵسۆزی زیاترە لە شانازی و هێز. لە نێوچاوانیاندا شتێکی نهێنی هەیە کە چاوەکان بۆلای خۆیان ئەبڵەق دەکەن، نهێنیەك کە هەروەك سپێدە دیار و بەرچاوە، بەڵام وەك ڕازێکی غەیبی نادیارە، بە جۆرێك سادەترین نیگاکان ئەو نهێنیە بە سادەیی دەبینن، بەڵام ئاڵۆزترین هەڵکەوتنەکان بە ئەستەم دەتوانن ببینن. لە سیما و ڕۆشتن و تەماشاکردن و بێدەنگی و

نانخواردن و نیگاکردن و ئاوازی سەرنجڕاکێشی قسەکانیان و عەتری بۆنی ئەندێشەیان ژیان و گوزەرانیان بە باشی هەستپێدەکەین. پەیامهێنەران فەرمانڕەوایانی بێ ڕکابەری دڵە سادە و سەرکەشەکانی مێژوون، کە ڕامیانکردوە جڵەویان گرتوەتە دەست. بە هێمنی و میهرەبانی و داناییانەوە توانیویانە کاروانە گەورەکانی مرۆڤایەتی ڕامبکەن وبیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە هەرکاتێ کاروانێك ڕێگەی ونکردبێت و یان لە جوڵە وەستابێت، یەکێك لەو پەیامهێنەرانە کتوپڕ لە گۆشەیەکی نادیارەوە دەرکەوتووە و ئومەتی هێناوەتە جوڵە، یان ڕێگەی تازە و نوێی بۆ کردوونەتەوە، هەم داینەمۆی جوڵەی مێژوون و هەمیش چرای ڕوناکی ڕێگاکەی. مێژوو پڕە لە ژەنەڕاڵ و پاشا کە بە زەبری شمشێر جەستەی مرۆڤەکانیان کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام پەیامهێنەران تاکە کەسانێکن کە بە "میهرەبانییەکی دانسقە" جڵەوی دڵە سەربەرزەکانیان گرتووەتە دەست. ئەمە ئەو جیاوازییەیە کە فەیلەسوفی وەک (تۆماس کارلایڵ) لە کتێبی "پاڵەوانەکان"دا باسی دەکات؛ پەیامهێن هێزەکەی لە "ڕاستگۆییەکی ڕەها"وە سەرچاوە دەگرێت. ئەو نهێنییەی لە نێوچاوانیاندایە، هەمان ئەو "نوور"ەیە کە سادەترین مرۆڤەکان دەیناسنەوە، چونکە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ویژدانەوە، بەڵام ئەقڵە ئاڵۆز و لوتبەرزەکان لێی بێبەشن، چونکە ئەوان بەدوای "بەرژەوەندی"دا دەگەڕێن نەک "هەقیقەت. پەیامهێنەران وەک "داینەمۆی مێژوو"، هەرکاتێك کاروانێك ڕێگەی ونکردبێت، پەیامهێنێك دەرکەوتووە. داینەمۆی جوڵەی مێژوو، پەیامهێنەران ئەو "حەکیمە نەخوێندەوارانە" بوون کە مێژوویان گۆڕی. ئەوان نیشانیان دا کە ئازادی لە "بەندایەتیی خودا"دایە. پەیامهێنەران "کۆتاییهێنەرن بە چەقبەستوویی". کاتێک کۆمەڵگە دەبێتە زۆنگاوێکی گەنیوی ئەفسانە و ستەم، پەیامهێن وەک گەردەلوولێک دێت و ئاوەکە دەخاتە جوڵە.

ئیبن خەلدون پێی وایە هیچ شارستانیەتێکی گەورە بەبێ "پەیامێکی ئایینی" دروست نەبووە، چونکە تەنها پەیامهێنەران دەتوانن "ئەنانیەت" و "خۆپەرستیی" مرۆڤەکان بشکێنن و بیانکەنە یەک دەستە بۆ ئامانجێکی باڵا. ئەوان چرایەک بوون کە نەک تەنها ڕێگاکەیان ڕوون کردووەتەوە، بەڵکو وزەی جوڵەشیان بە کاروانەکە بەخشیوە. پەیامهێنەران تەنها "یاسا"یان نەهێناوە، بەڵکو "تام" و "جوانی"یان بە ژیان بەخشیوە، شۆڕشی نەرمیان ئەنجامدا. شێوازی نانخواردن، دانیشتنیان لە ناو هەژاران، و بێدەنگییە پڕ لە ماناکەیان، پەیامێکی پەروەردەیی قووڵتر بووە لە وتارە دوورودرێژەکان. فەتحوڵلا گویلەن لە وەسفی ئەم لایەنەدا دەڵێت: "پەیامهێنەران نوێنەری لوتکەی مرۆڤایەتین؛ ئەوان پێش ئەوەی بە زمان بانگەواز بکەن، بە سیما و هەڵسوکەوتیان ئیمانیان لە دڵی خەڵکدا دەچاند." ئەمە ئەو سحری حەڵاڵەیە کە وایکردووە سادەترین مرۆڤەکان گیانی خۆیان فیدای ئەو "ڕازە غەیبییە" بکەن کە لە نێوچاوانیاندا دەیانبیین. گەورەترین کاری پەیامهێنەران ئەوە بووە کە مرۆڤیان لە پەرستنی "مرۆڤ و ماددە" ڕزگار کردووە . وەک د. عەلی شەریعەتی دەڵێت: "پەیامهێنەران هاتن تا شکۆی مرۆڤ بگەڕێننەوە." کاتێک مرۆڤ تەنها لەبەردەم "خودایەکی مەزن"دا کڕنۆش دەبات، ئیتر هیچ دیکتاتۆر و هێزێکی سەر زەوی ناتوانێت کۆیلەی بکات، ڕزگارکەری ویژدانن لە "کۆیلایەتیی مرۆڤ". پەیامهێنەران ئەو "ئازادییە ڕاستەقینەیە"یان فێری مرۆڤایەتی کرد کە لە ناوەوە دەست پێ دەکات. پەیامهێنەران بە جۆرێک باسی غەیب و قیامەت و خودایان دەکرد، وەک ئەوەی بە چاو ببینن. ئەم یەقینە وای لێدەکردن لە ناو هەژارترین دۆخدا، لە ناو تەنهاییدا، گەورەترین ئومێد ببەخشنەوە. ئەوان تەنها "ڕێگەی نوێ"یان نەکردەوە، بەڵکو "مرۆڤی نوێ"یان دروست کرد؛ مرۆڤێک کە لە مەرگ نەدەترسا چونکە مەرگی

بە سەرەتای ژیانێکی ڕاستەقینە دەبینی. پەیامهێنەران ئەو "حەکیمە" ڕاستەقینانەن کە مێژوویان لە "بازنەیەکی بێمانا"وە گۆڕی بۆ "هێڵێکی ڕاست بەرەو کەماڵ". ئەوان نیشانیان داین کە حیکمەتی ڕاستەقینە لە وشە قورسەکاندا نییە، بەڵکو لەو "سادەییە قووڵەدایە" کە هەموو دڵێکی پاک دەتوانێت لێی تێبگات. ئەوان وەک سپێدە دەرکەوتن؛ هەم تاریکیی جەهلیان ڕەواندەوە و هەمیش نووریان بە داهاتووی مرۆڤایەتی بەخشی. ئەو نهێنییەی لە نێوچاوانی پەیامهێنەراندایە، هەمان ئەو "میهرەبانییە حەکیمانەیە" کە توانیویەتی ئەم هەموو دژانە بەیەکەوە کۆبکاتەوە. پەیامهێنەران تەنها مامۆستای ئەخلاق نەبوون، بەڵکو "کاتالیزۆری مێژوو" بوون. کاتێک کاروانێک دەوەستێت، واتە تووشی "چەقبەستوویی" یان یەکێک لەم لایەنگرییە توندانە بووە؛ یان تەنها بیری لە "ناوخۆ" کردووەتەوە و دونیا لێی تێکچووە، یان تەنها بیری لە "دەرەوە" کردووەتەوە و ڕۆحی مردووە. پەیامهێنەران وەک "سپێدە" دەردەکەوێن چونکە ڕێگەی نوێ دەکاتەوە مرۆڤ لە دیلیی یەک لایەنە ڕزگار دەکات. داینەمۆی جوڵەن ئیرادەی مرۆڤەکان دەخەنە گەڕ بۆ بونیادنانی شارستانیەتێک کە تێیدا "دوعا و دەرمان"، "میحراب و تاقیگە"، "جەنگ و ئاشتی" وەک یەک ئاواز لێدەدەن.

باسی هەشتەم: ئیسلام کۆکەرەوەی دژەکان

گومانی تێدا نییە ئیسلام کۆکەرەوەی هەموو دژەکانە، ئەم خوێندنەوەیە یەکێکە لە قووڵترین و وردترین جۆرەکانی "ئاییناسیی بەراوردکاری"، کە تێیدا ئیسلام وەک خاڵی هاوسەنگی (The Golden Mean) و کۆکەرەوەی جەمسەرە دژەکان دەردەکەوێت. ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە قورئان بە چەمکی «ئوممەتی وەسەت» گوزارشتی لێ دەکات: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ﴾ [البقرة: ١٤٣]. ئەم "وەسەتییەت"ە تەنها مانای ناوەندگیر نادات، بەڵکو بە مانای "کۆکەرەوەی باشییەکانی هەموو لایەنەکان" دێت. پەیامهێنەران، بە تایبەت پێشەوا محەمەد (د.خ)، توانیویانە ئەو پارچە پەرش و بڵاوانەی حیکمەت کە لە ئایین و فەلسەفەکانی تردا بە جیا هەن، لە ناو یەک چوارچێوەی گشتگیردا کۆبکەنەوە. ئەلێکساندەر دوجین باس لە "نەزەریەی چوارەمی سیاسەت" دەکات و دژی یەکڕەنگی جیهانە (Globalism). ئەو دەڵێت: "هەر نەتەوەیەک دەبێت بگەڕێتەوە بۆ شوناسی پیرۆزی خۆی." لائوتزویە (Laozi) چینی دامەزرێنەری ئایین و فەلسەفەی تاویزم (Taoism) بیر لە تاکەکان دەکاتەوە و سەیری ناوەوە دەکات، بەڵام کۆنفۆشیۆس دامەزرێنەری ئاین و فەلسەفەی کۆنفۆشیۆسیزمە پێچەوانەی ئەو بیر لە کۆمەڵگە دەکاتەوە سەیری دەرەوە دەکات. زەردەشتی فارسی دامەزرێنەری ئایینی زەردەشتی ڕوو دەکاتە ژیان و ئاگری داگیرساندووە، بەڵام بوزای هیندی دامەزرێنەری ئایین و فەلسەفەی بوزیزم لە ڕوناکی هەڵدێت وجەخت لەسەر گەیشتن بە ئاشتیی ناوەکی، بە دوای ئاگری شاراوەی نیرواندا دەگەڕێت.

١- ئیسلام و ئاینەکان؛ ئیسلام ڕێکخستنەوەی پارچە پەرتەوازەکانی حەقیقەت.

ئیسلام تابلۆیەکی تەواوکارییە؛ ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوە کە ئایینەکانی تر تەنها لە یەک گۆشەوە لێیان ڕوانیوە. گەورەیی ئیسلام لەوەدایە کە "شەریعەت" دەکاتە پاسەوانی "عیرفان"، تا نە مرۆڤ لە ناو ماددەدا ببێتە وەحش، و نە لە ناو ڕۆحییەتێکی پەرگیردا ڕاستییەکانی ژیان فەرامۆش بکات. ئیسلام ئایینی "ناوەڕاست" و هاوسەنگییە لە هەموو شتێکدا، ئیسلام کۆکەرەوەی حیکمەتە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکانە، تەنها یەک ڕەهەند ناگرێتە بەر، بەڵکو دەبێتە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەو چەمکە دژانەی کە ئایینەکانی تر لێک جیایان دەکەنەوە. لێرەدا بە درێژی و بە ڕەهەندی جیاواز ئەم بەراوردکارییە دەخەینە ڕوو:

یەکەم- تاویزم و کۆنفۆشیۆسیزم: ململانێی "تاک" و "کۆمەڵگە" لە چین، دوو جەمسەری دژبەیەک هەبوون:

لائوتزو (Laozi) جەختی لەسەر "تاک" و گەڕانەوە بۆ ناوەوە و سروشت دەکردەوە. ئەو دەیگوت مرۆڤ دەبێت وەک "ئاو" بێت، بێدەنگ و نەرم، و لە جەنجاڵی کۆمەڵگە دوور بکەوێتەوە تا دەگاتە "تاو" (ڕێگای ڕەها). ئەمە بانگەوازێک بوو بۆ گۆشەگیریی عاریفانە.

کۆنفۆشیۆس: ڕێک پێچەوانە بوو؛ ئەو تەنها سەیری "دەرەوە" و "کۆمەڵگە"ی دەکرد. بەلای ئەوەوە مرۆڤ تەنها لە ناو سیستەم، یاسا، ڕێزگرتن لە گەورە و ڕێکخستنی دەوڵەتدا مانا پەیدا دەکات.

ئیسلام وەک خاڵی بەیەکگەیشتن دێت و دەڵێت: پێویستت بە هەردووکیانە. ئیسلام وەک لائوتزو گرنگی بە "ناوخۆ" و پاککردنەوەی دڵ دەدات (تەزکیە)، بەڵام وەک کۆنفۆشیۆسیش ڕێگەت نادات لە

کۆمەڵگە دابب‌ڕێیت. پەیامهێنی ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت: "ئەو ئیمانداره‌ی تێکەڵی خەڵک دەبێت و ئارام دەگرێت لەسەر ئازارەکانیان، باشترە لەوەی گۆشەگیر دەبێت." لێرەدا ئیسلام "تەنیایی لە ناو قەرەباڵغیدا" دروست دەکات؛ دڵت لای خودا بێت (وەک تاو) و دەستت لە ناو دەستی خەڵکدا بێت (وەک کۆنفۆشیۆس).

دووەم: زەردەشت و بوزا: ململانێی "ڕووناکی" و "نیرڤانا" لە نێوان دوو شارستانیەتی گەورەی تردا، دیسان دژایەتییەک دەبینین:

زەردەشت: ئایینی ژیان و چالاکییە. زەردەشت ڕوو دەکاتە ئاوەدانی، کشتوکاڵ و داگیرساندنی ئاگری ڕووناکی بۆ شەڕ دژی تاریکی. ئایینەکەی ئایینی "ئاکار"ـە لە ناو جەرگەی ژیاندا.

بوزا: لە ڕووناکی و چالاکییەکانی ژیان هەڵدێت. بەلای بوزاوە ژیان "ئازار"ـە و بۆ ڕزگاربوون لێی دەبێت ئارەزووەکان بکوژرێن تا دەگەیتە "نیرڤانا" (کوژانەوەی ئاگری ئارەزوو). بوزا بەدوای بێدەنگی و سکۆنی ڕەهادا دەگەڕێت.

ئیسلام وەک کۆکەرەوە دێت و "ئاگری زەردەشت" و "ئارامیی بوزا" تێکەڵ دەکات. ئیسلام وەک زەردەشت داوای ئاوەدانکردنەوەی زەوی دەکات و دەڵێت "خودا حەزی لە بەندەی خاوەن پیشەیە"، بەڵام وەک بوزا ڕێگەت نادات ببیتە کۆیلەی ماددە. ئیسلام دێت و "ئاگر و ڕووناکی" تێکەڵ دەکات؛ نەک لە ئارەزوو ڕادەکات و نەک تێیدا نوقم دەبێت. ئیسلام «دنیای بۆ قیامەت دەوێت». ئەمە بەرجەستەکردنی فەرموودەکەی پەیامهێنە (ﷺ): «لا رَهبانيةَ في الإسلامِ»، بەڵام لە هەمان کاتدا دەفەرموێت: «كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ».

ئیسلام ئاگری زەردەشت بۆ ئاوەدانی بەکاردێنێت، بەڵام بە ساردی و ئارامیی "نیروانا"ی بوزا ئاڕاستەی دەکات.

سێیەم: مەسیحییەت و یەهوودییەت: "ڕۆح" و "یاسا" ئەمە نزیکترین نموونەیە بۆ تێگەیشتن لە گشتگیریی ئیسلام:

یەهوودییەت: جەختی زۆر لەسەر "یاسا"، "شەریعەت" و سزای جەستەیی دەکردەوە. ئایینێکی ماددی و ڕەق بوو لە جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا.

مەسیحییەت (لە دیدە فۆلکلۆرییەکەیدا): زیاتر جەختی لەسەر "خۆشەویستی"، "لێبوردەیی" و "ڕۆحانییەت" دەکردەوە و شەریعەت و یاساکانی فەرامۆش کردبوو.

ئیسلام هات و وتی: "مرۆڤ نە تەنها جەستەیە و نە تەنها ڕۆح." ئیسلام وەک یەهوودییەت خاوەن شەریعەت و یاسایەکی وردە (بۆ پاراستنی سیستم)، بەڵام وەک مەسیحییەت "ڕۆح" و "ئیحسان" دەکاتە ناو جەرگەی یاساکانەوە. لە ئیسلامدا دادپەروەری هەیە (یاسا)، بەڵام لێبوردەییش لوتکەی چاکەیە (ڕۆح).

چوارەم: یارسان و ئێزدی: گەڕان بەدوای "پیرۆزی" و "ڕەسەنایەتی"

یارسان (ئەهلی حەق): جەختی زۆر لەسەر "پاکیی دەروون" و "ڕاستی" (حەقیقەت) دەکاتەوە. ئەوان بڕوایان بەوەیە کە خودا لە سیما و پیرەکاندا دەردەکەوێت. یارسانەکان بڕوایان بە "تەجەلی" (Incarnation) هەیە. دەڵێن خودا لە جەستەی مرۆڤە پیرۆزەکاندا (وەک سوڵتان سەهاک) دەردەکەوێت. واتە سنووری نێوان خودا و مرۆڤ لای ئەوان تەمومژاوییە؛ مرۆڤ دەکرێت ببێتە مەزهەری خودا.

ئێزدی: پارێزەری کولتوورێکی دێرین و "تاکخواییەکی" تایبەتن کە تێیدا (تاووسی مەلەک) ڕۆڵی نێوەندکار دەبینێت. جەختیان لەسەر پاراستنی ڕەچەڵەک و سروشتە. بڕوایان بە خودایەکی تاق و تەنها هەیە، بەڵام ئەو خودایە کاروباری گەردوونی سپاردووە بە "تاووسی مەلەک" و حەوت فریشتەکە. لێرەدا خودا دوورە و نێوەندکار (تاووسی مەلەک) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودادا.

ئیسلام وەک یارسان دەڵێت "دڵ ئاوێنەی خودایە"، بەڵام پیرۆزییەکە بۆ خودا دەگەڕێنێتەوە نەک مرۆڤ، ئیسلام نایەوێت "خودا" و "مرۆڤ" تێکەڵ بکات، ئیسلام دەڵێت مرۆڤ دەبێتە "جێنشینی"ی خودا، بەڵام نابێتە "خودی" خودا، وەك ئەوەی یارسانەکان بڕوایان بە چەمکی "تەجەلی" هەیە؛ واتە خودا لە ناو مرۆڤە پاکەکاندا (پیرەکان) ڕەنگ دەداتەوە. وەک ئێزدی دەڵێت "خودا یەکە"، بەڵام ئەو یەکتاییە ڕەها دەکات و لە هەموو وێنایەکی ماددی پاکی دەکاتەوە. ئیسلام حیکمەتی ئەم ئایینانەی لە چوارچێوەی "تەوحید"ێکی گەردوونیدا ڕێکخستووەتەوە. هەروەها ئیسلام پەیامێکی گەردونی و کراوەیە بۆ هەمووان، بەڵام یارسان و ئێزدی ئایینی "داخراون" (واتە تەنها بە میرات دەگوازرێنەوە). هەروەها ئیسلام خاوەنی "شەریعەت" و سیستمێکی یاسایی وردە بۆ ژیانی ڕۆژانە، لە کاتێکدا لەم دوو ئایینەدا لایەنی "ڕەمزی" و "بێدەنگی" و "عیرفان" زاڵترە بەسەر لایەنی یاساییدا. ئیسلام وەک "تابلۆ تەواوکارییەکە" دەڵێت: "تەنها بێدەنگی و عیرفان بەس نین بۆ بەڕێوەبردنی ژیان". بۆیە ئیسلام "شەریعەت"ی هێنا. شەریعەت ئەو چوارچێوەیە کە ڕێگە نادات عیرفان ببێتە "خەیاڵپلاوی" و ڕێگە نادات ماددەگەری ببێتە "وەحشیگەری".

٢- سەرمایەداری و سۆسیالیزم: "هاوسەنگیی مادی و مەعنەوی.

لێرەدا ئیسلام وەک سیستمێکی سێیەم (The Third Way) دەردەکەوێت کە ڕەخنەگر و تەواوکەری هەردوو جەمسەرە دژەکەی مۆدێرنێتەیە.

سەرمایەداری (Capitalism): "باڵادەستیی تاک و بازاڕ"تێڕوانین: جەخت لەسەر ئازادیی ڕەهای تاک، خاوەندارێتی تایبەت و کێبڕکێ دەکات. دروشمی "لێگەڕێ با کار بکات، لێگەڕێ با تێپەڕێت"یە. دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازیی گەورەی چینایەتی، چەوساندنەوەی هەژار و وێرانکردنی ڕۆحیەت لە پێناو ماددەدا.

سۆسیالیزم (Socialism): "باڵادەستیی کۆمەڵگە و دەوڵەت"تێڕوانین: جەخت لەسەر یەکسانیی ڕەها، خاوەندارێتی گشتی و دابەشکردنی سامانی دەوڵەت دەکات. دەیەوێت "تاک" بتوێنێتەوە لە ناو بەرژەوەندیی گشتیدا. دەبێتە هۆی کوشتنی داهێنانی تاکەکەسی، نەهێشتنی هاندەر بۆ کارکردن و دروستبوونی دیکتاتۆریەتی دەوڵەت.

ئیسلام دێت و لە هەر یەکەیان "خاڵە بەهێزەکان" وەردەگرێت و خاڵە لاوازەکان ڕاست دەکاتەوە، ئیسلام ڕێز لە "ئیرادەی تاک" و "خاوەندارێتی تایبەت" دەگرێت. دەڵێت مرۆڤ مافی خۆیەتی دەوڵەمەند بێت و بازرگانی بکات، چونکە ئەمە هاندەرە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی بەڵام سەرمایەداری تەنها "شکۆی سەر زەوی" دەبینێت و زۆرجار ڕەهەندی ڕۆحی فەرامۆش دەکات. لە ئیسلامدا سەرمایە ئامرازە نەک ئامانج، لە ڕێگەی (زەکات و سەدەقە و حەرامکردنی ڕیبا)وە ڕێگری لەوە دەکرێت کە سەرمایە تەنها لای چینێکی کەم بێت، بە پێچەوانەی سەرمایەدارییەوە کە کێبڕکێی بێبەزەییانە ئەسڵە.

سۆشیالیزم (بەتایبەت مۆدێلە کلاسیکەکەی) لایەنی "ئاسمانی" و ڕۆحی مرۆڤی پشتگوێ خستووە و هەوڵی داوە مرۆڤ تەنها وەک "کەرەستەیەکی ئابووری" ببینێت. ئیسلام دەڵێت: ناتوانیت دادپەروەری بەدی بهێنیت ئەگەر "دڵەکان" چاک نەکەیت، چونکە مرۆڤ تەنها نان نییە، بەڵکو "ڕۆحیشە".

ئیسلام ڕێگەی بە"کەڵەکەبوونی سامان" نادات لای چینێکی دیاریکراو. بە سیستمی زەکات، سەدەقە و حەرامکردنی ڕیبا (سوود)، سامان لە دەستی دەوڵەمەندەکان دەردەهێنێت و دەیداتە هەژارەکان. ئەمە "یەکسانیی کۆمەڵایەتی" دروست دەکات بەبێ ئەوەی زوڵم لە دەوڵەمەند بکات. جیاوازیی گەورەی ئیسلام لەگەڵ سەرمایەداری و سۆسیالیزم ئەوەیە هەردووکیان "ماددی"ن و قیامەتیان نییە. بەڵام ئیسلام "مانا" دەبەخشێت بە ئابوری. لە ئیسلامدا پارە پەیداکردن تەنها بۆ کڕینی کاڵا نییە، بەڵکو "پەرستش"ـە. ئەگەر سەیری هەموو ئەمانە بکەین (لە لائوتزو و بوزاوە تا سەرمایەداری و سۆسیالیزم)، دەبینین پەیامهێنەران هاتوون تا مرۆڤ لە "یەك لایەنی" ڕزگار بکەن. ئەگەر مرۆڤ تەنها ڕوو بکاتە ناوەوە (وەک پارسان یان بوزا)، زەوی وێران دەبێت. ئەگەر تەنها ڕوو بکاتە دەرەوە و مادده (وەک سەرمایەداری)، ڕۆحی دەمرێت. پەیامهێنەران ئەو "نهێنییە سپێدە ئاسایە"یان پێ بوو کە پێمان دەڵێت: "هەم دنیا ئاوەدان بکەرەوە و هەم دڵت لای خودا بێت." ئیسلام کۆکەرەوەی هەموو دژەکانە چونکە سیستمێکە بۆ "مرۆڤی کامڵ"؛ ئەو مرۆڤەی کە دەتوانێت لە بازاڕدا سەرمایەدارێکی سەرکەوتوو بێت، بەڵام لە شەودا عاریفێکی دڵسۆز و لە کۆمەڵگەشدا خزمەتکارێکی سۆسیالیست بێت. ئەمەیە ئەو "کاروانە ونبووەی" کە پەیامهێنەران ڕێگەکەیان بۆ ڕوون کردەوە. هەروەها ئیسلام پەیامێکی "تەواوکارییە". ئەگەر لائوتزو و بوزا پارچەیەکی حەکیمانەیان پێ بووبێت، و

کۆنفۆشیۆس و زەردەشتیش پارچەیەکی تر، ئەوا پەیامهێنی ئیسلام (د.خ) هاتووە تا هەموو پارچەکان بخاتەوە ناو تابلۆ ئەسڵییەکە. ئەو نهێنییەی لە سیما و بێدەنگی و نیگایاندا هەیە، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوان لە سەرچاوەیەکەوە تێراو بوون کە هەموو دژەکان تێیدا دەبنە یەک: "خودای تاق و تەنها". پەیامهێنەران فەرمانڕەوای دڵەکانن چونکە ئەوان "مرۆڤیان وەک خۆی" ناسی، بە هەموو پێداویستییە ڕۆحی و مادییەکانییەوە، و ڕێگەیەکیان بۆ کێشان کە تێیدا مرۆڤ هەم لە سەر زەوی بە شکۆ بژی و هەم لە ئاسماندا جێگەی هەبێت. ئەمە قووڵکردنەوەی ئەو باسەیە کە تێیدا ئیسلام وەک "خاڵی ناوەند و کۆکەرەوە" دەردەکەوێت، نەک تەنها لە نێوان فەلسەفە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، بەڵکو لە نێوان ئایینە نێوخۆییەکان و سیستمە ئابوری و سیاسییە هاوچەرخەکانیشدا.

٣- حەڵاڵ و حەرام: ئەندازیاریی ئازادی و پاراستنی "بوون"

پەیامهێنەران هاتن تا بیسەلمێنن کە حەڵاڵ و حەرام "بەربەست" نین لەبەردەم مرۆڤ، بەڵکو "کەنارگیرین" بۆ ئەوەی مرۆڤ لە دەریای غەریزە و سەرلێشێواویدا نوقم نەبێت. ئەگەر یەکتاپەرەستی شێوازێکی ژیان بێت، ئەوا حەڵاڵ و حەرام ئەو یاسا کارگێڕییانەن کە ئەو ژیانە ڕێکدەخەن تا مرۆڤ لە "کۆیلایەتیی ماددە"وە بەرەو "سەروەریی ڕۆح" هەنگاو بنێت.

حەرام وەک "قەڵغانی پاراستن" (نەک زەوتکردنی ئازادی) لە ڕوانگەی پەیامهێنەرانەوە، هەر شتێک حەرام کرابێت، لەبەر ئەوە نییە کە خودا بیەوێت مرۆڤ بێبەش بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو شتە زیان بە "ماکی مرۆڤایەتی" دەگەیەنێت. حەرامکردنی سەرخۆشکەرەکان پاراستنی "عەقڵ"ە؛ چونکە مرۆڤی بێ عەقڵ ناتوانێت خەلیفەی خودا بێت.

هەروەها حەرامکردنی ڕیبا و ستەم پاراستنی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی"یە؛ بۆ ئەوەی سیستمی (سەردار و ژێردەست) کە پەیامهێنەران دژی وەستانەوە، دووبارە لە قاڵبی ئابووریدا سەر هەڵنەداتەوە. وە حەرامکردنی زینا پاراستنی "سیستمی خێزان و شکۆی مرۆڤ"ە؛ تا مرۆڤ لە ئاستی غەریزەیەکی کاتییەوە بەرزبێتەوە بۆ ئاستی بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی. حەڵاڵ وەک "پانتاییەکی بێکۆتایی بۆ داهێنان" پەیامهێنەران نیشانیان داین کە بازنەی حەڵاڵ زۆر فراوانترە لە بازنەی حەرام. حەڵاڵ تەنها ڕێپێدان نییە، بەڵکو "پیرۆزکردنی ژیانە". کاتێک پەیامهێنێک وەک (داود) خەریکی پیشەسازی دەبێت، یان (محەمەد - د.خ) بازرگانی دەکات، پێمان دەڵێن کە کارکردن، چێژبینینی پاک، و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، هەمووی پەرستشن. حەڵاڵ واتە گۆڕینی "عادات" (ڕەفتارە ئاساییەکان) بۆ "عیبادات" (پەرستش) لە ڕێگەی نییەتێکی پاکەوە. وەک چۆن ئیبراهیم بتە بەردینەکانی شکاند، حەڵاڵ و حەرامیش هاتوون تا بتی "من" و "ئارەزووی کاتی" بشکێنن. مرۆڤێک کە دەتوانێت لەبەر خاتری بنەمایەکی باڵا دەست لە پارەیەك و پارویەکی حەرام یان چێژێکی کاتی هەڵبگرێت، ئەوە ئەو مرۆڤە "ئازادە"یە کە پەیامهێنەران دەیانویست دروستی بکەن. ئازادی لای پەیامهێنەران "ئەنجامدانی هەرچی ئارەزووت لێیە" نییە، بەڵکو "توانای وتنی (نا)یە بەو شتانەی کۆیلەت دەکەن."حیکمەتی حەرامکردن لەوەدایە کە مرۆڤ فێر ببێت 'سەروەری' خۆی بێت، نەک 'کۆیلەی' غەریزەکانی. حەڵاڵیش ئەو ڕێگایەیە کە مرۆڤ تێیدا بێ ترس و بە شکۆوە بەرەو خودا گەشت دەکات".

پەیامهێنەران وەک "ئەندازیارانی ڕۆحی مرۆڤایەتی"، حەڵاڵ و حەرامیان نەکردە زنجیر بۆ دەست و قاچمان، بەڵکو کردیانە باڵ بۆ ڕۆحمان؛ تا لە جەنجاڵی ماددەدا، ڕێگای ڕاست بەرەو مانا بدۆزینەوە. ئەوان

سەلماندیان کە ژیانێک بێ سنووربەندی ئەخلاقی (حەرام)، تەنها بێسەروبەرەییە، نەک ئازادی. پەیامهێنەران ئەو حەکیمانە بوون کە دەیانزانی مرۆڤایەتی پێویستی بە "یاسایەکی ڕەها" هەیە تا لە هەوا و ئارەزووی کاتی ڕزگاری بێت. ئەم بابەتانە، کاتێک بە وردی و لە چوارچێوەی "بەرژەوەندیی گشتی" و "سەلامەتیی مرۆڤایەتی" دەخوێنرێنەوە، دەبنە هۆکار بۆ ئارامیی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لەو پاشاگەردانییەی کە ئەمڕۆ جیهانی مۆدێرنی تووشی قەیرانی ناسنامە و هەڵوەشانەوەی کردووە. ئەم بابەتە تەنها ڕێسای سادە نین، بەڵکو "تەلارسازییەکی وجوودی و کۆمەڵایەتین" کە دەیەوێت مرۆڤ لە کائینێکی غەریزییەوە بگۆڕن بۆ بونەوەرێکی ئامانجدار. یاسا (حەڵاڵ و حەرام) وەک کۆت و زنجیر نییە، بەڵکو وەک "کەناری ڕووبار" وایە؛ ئەگەر کەنار نەبێت، ڕووبارەکە دەبێتە لافاو و هەموو شتێک وێران دەکات، بەڵام کەنارەکان ئاڕاستەی دەکەن تا بگاتە دەریا. ئاین نەهاتووە ببێتە پۆلیسی دەروونمان، هاتووە ببێتە ئەندازیاری ئازادیمان. فێرمان دەکات کە مرۆڤی گەورە ئەو کەسە نییە کە هەموو شتێک دەکات، بەڵکو ئەو کەسەیە کە دەزانێت چی ناکات، تا بتوانێت ببێتە ئەوەی کە دەبێت بێت". ئەم سیستەمە (حەڵاڵ و حەرام) تەنها بۆ دواڕۆژ نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لێرە و ئێستا، لەسەر ئەم زەوییە، مرۆڤ بە شکۆوە بژی و کۆمەڵگەیەک دروست بکات کە تێیدا متمانە، عەشق و دادپەروەری بنەمای بن، نەک غەریزەی کاتی و پاشاگەردانی.

٤- کارکردن و سوود خواردن: ململانێی نێوان بەرهەمهێنان و ڕووتاندنەوە.

کارکردن لە ئیسلامدا تەنها بۆ ئەوە نییە کە پارەیەک پەیدا بکەیت و بژیت، بەڵکو ئامانجی هاتنی تۆیە بۆ سەر ئەم زەوییە. کاتێک خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: (هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا)، واتا ئەو

ئێوەی دروستکردووە تا زەوی ئاوەدان بکەنەوە. ڕێک لێرەوە، کارکردن لە تەنها "ناچارییەک بۆ بژێوی" دەبێتە "پەرستش و عەقیدە".

ئەم بابەتە ململانێی نێوان کارکردن (حەڵاڵ) و سوودخۆری (حەرام)، ململانێی نێوان ئاودانی ژیان و ڕووتاندنەوەی ماندووبوونە. ململانێی "بوونیادنان" و "وێرانکاری"ـە کارکردن تەنها ئامرازێک نییە بۆ پەیداکردنی بژێوی، بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ هاوشێوەی سروشت ببێتە "بەخشندە". لە بەرامبەردا، سوودخۆری (ڕیبا) وەک مشەخۆرێک وایە کە لەسەر جەستەی ماندووی ئەوانی تر دەژی. "بوون" بەرامبەر "خاوەندارێتییەکی پوچ" فەیلەسوفی ناودار ئێریک فرۆم باس لە دوو جۆر ژیان دەکات: (بوون) و (خاوەندارێتی). کارکردن واتا گۆڕینی بیرۆکە بۆ مادده، گۆڕینی ئارەقەی نێوچەوان بۆ نان. مرۆڤ لە کاتی کارکردندا خۆی دەدۆزێتەوە. مرۆڤ لە ڕێگەی کارەکەیەوە شێوە بە جیهان و بە خۆشی دەدات." کارکردن "حەڵاڵە" چونکە بەهایەک بۆ گەردوون زیاد دەکات. سوودخۆری فەلسەفەی "پارە بۆ پارە"یە. لێرەدا مرۆڤ هیچ بەهایەک بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو تەنها "کات" دەفرۆشێتەوە. بەو پێیەی "کات" هی خودایە نەک مرۆڤ، فرۆشتنەوەی بە سوود، دەستدرێژییە بۆ سەر مافی خودایی و پوچکردنەوەی مانا لە ئابووریدا. کارکردن "ئەمانەتە"، بەڵام سوودخۆری "خیانەتە" لەو دەرفەتەی کە خودا پێی داویت بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی.

"کار" وەک میحرابی پەرستشە لە دیدی پێغەمبەراندا، هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان نزا لە مزگەوت و چەکوش وەشاندن لە ئاسنگەریدا. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: "ئەو دەستەی کار دەکات، خودا خۆشی دەوێت." ئەمە گەورەترین مەدالیایە بۆ کرێکاران. پەیامهێن

داود (سەلامی خودای لێ بێت): پاشا بوو، بەڵام تەنها لە ڕەنجی دەستی خۆی نانی دەخوارد. ئەمە پێمان دەڵێت: سەروەری لە کارکردندایە، نەک لە دانیشتن. مرۆڤ جێنشینی خودایە لەسەر زەوی؛ ئەرکی ئەو "ئاوەدانکردنەوەیە". سوودخۆر ئاوەدانکەرەوە نییە، بەڵکو "داگیرکەری ماندووبوونی ئەوانی ترە". ئایین سوودی حەرام کردووە چونکە "کوشتنی بەزەییە". خودا دەیەوێت پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان (قەرز) لەسەر بنەمای "ئیحسان" بێت، نەک لەسەر بنەمای "ڕووتاندنەوە."

کارکردن بە مرۆڤ هەستی "گرنگی" و "جێگیربوون" دەبەخشێت. مرۆڤی بێکار تووشی پووچگەرایی (Nihilism) دەبێت. کارکردنی حەڵاڵ دەروون ئارام دەکات چونکە مرۆڤ دەزانێت ئەوەی دەیخوات مافی کەسی تێدا نییە. سوودخۆر هەمیشە لە دڵەڕاوکێدایە؛ دڵەڕاوکێی ئەوەی نەکا قەرزدارەکە مایەپووچ بێت. ئەو لە مرۆڤەکان وەک "ژمارە" دەڕوانێت نەک وەک "بونەوەر". ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەقبوونی دڵ و تەنهاییەکی کوشندە. "شانازیی بەرهەم" بەرامبەر "دڵەڕاوکێی مشەخۆری" سوودخۆری وا دەکات پارە لە دەست کۆمەڵە کەسێکی کەمدا کۆببێتەوە (خوێنڕێژیی دارایی)، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی چینایەتییەکی توند. وەک نموونەی "کەناری ڕووبار" کە باسم کرد؛ سوودخۆری وەک لافاوێک وایە کە کەنارەکانی ڕەوشت تێکدەشکێنێت. کاتێک پارە بەبێ کارکردن زیاد دەکات، هەڵاوسان دروست دەبێت، هەژار هەژارتر دەبێت و دەوڵەمەندیش بەبێ ماندووبوون دەوڵەمەندتر. ئەرستۆ دەڵێت: "قێزەونترین جۆری پەیداکردنی پارە سوودخۆرییە، چونکە لێرەدا پارە لە ڕێگەی پارەوە پەیدا دەبێت، نەک لە ڕێگەی ئەو مەبەستەی کە پارەی بۆ دروستکراوە (ئاڵوگۆڕ)". مێژوو پێمان دەڵێت هەر شارستانییەتێک تەمەڵی و "ژیان لەسەر ڕەنجی ئەوانی تر" تێیدا بڵاوبووبێتەوە، بەرەو دارمان چووە. لە سەردەمی مۆدێرندا، قەیرانە

دارایییە گەورەکانی جیهان (وەک ٢٠٠٨) هەمووی بەهۆی "بڵقی سوودخۆری" و مامەڵەکردن بە پارەیەکەوە بوو کە لە ڕاستیدا بوونی نەبوو (پارەی خەیاڵی). ئیسلام دەیەوێت ئابوورییەک دروست بکەن کە تێیدا "مرۆڤ سەنتەر بێت نەک ژمارە." ئەبو سعود، یەکێک لە پسپۆڕانی ئابووریی ئیسلامی، دەڵێت: حەڵاڵ واتا تێکەڵبوونی ڕۆح و مادده. کاتێک کار دەکەیت، تۆ بەشێک لە تەمەنت دەدەیت بەو بەرهەمە. بەڵام سوودخۆر دەیەوێت بەبێ بەخشینی هیچ چرکەیەک لە تەمەنی خۆت، تەمەنی ئەوانی تر بکڕێتەوە."

سوود بۆچی "جەنگی دژ بەخودا"یە؟ لە دەقە ئایینییەکاندا، توندترین دەربڕین بۆ سوودخۆری بەکارهاتووە (جەنگ لەگەڵ خودا). بۆچی؟ سروشت لەسەر گەشە و بەرهەم دروستبووە. سوودخۆری دەیەوێت بەبێ چاندن، دروێنە بکات. ئەمە دژایەتی کردنی یاسای ژیانە. سوودخۆری برایەتی دەکوژێت. کاتێک من پارەت پێ دەدەم و چاوەڕێی زیادەی لێ دەکەم، من هاوکاری تۆ نیم، بەڵکو بازرگانی بە "پێویستی و کاتژمێرەکانی ژیانت" دەکەم. قەرزدارێک کە ناتوانێت سوودەکان بداتەوە، دەبێتە کۆیلەی قەرزدەرەکە. پەیامهێنەران هاتن تا مرۆڤ لە کۆیلایەتی مرۆڤ ڕزگار بکەن، بۆیە دەبوو زنجیری سوو بپچڕێنن. کارکردن (حەڵاڵ) وەک ڕەگی دار وایە؛ لە قوڵایی زەویدایە، ماندوویەتی و خۆڵی پێوەیە، بەڵام بەرهەمەکەی سێبەر و میوەیە بۆ هەمووان. بەڵام سوودخۆری (حەرام) وەک کەڕوو (Mould) وایە؛ لە بێدەنگیدا گەشە دەکات، هیچ ڕەگێکی نییە، بەڵکو تەنها ئەو جەستەیە دەڕزێنێت کە لەسەری نیشتووە. پەیامهێنەران "ئەندازیاری ئازادی" بوون چونکە پێیان وتین: "بە ڕەنجی خۆت بژی تا سەروەری خۆت بیت، نەک بە مژینی خوێنی ئەوانی تر ببیتە کۆیلەی چاوچنۆکیی خۆت." کارکردن ڕێگای گەیشتنە بە "دەریا"، بەڵام سوودخۆری ئەو زۆنگاوەیە کە مرۆڤ تێیدا

دەگەنێت. محەمەد باقر سەدر لە کتێبە ناودارەکەی (اقتصادنا)، کە بە سەرچاوەی یەکەمی فەلسەفەی ئابووریی مۆدێرنی ئیسلامی دادەنرێت، باس لەوە دەکات کە: کار، سەرچاوەی بەهایە؛ ئەو پێی وایە پارە بە تەنها "نەزۆکە". پارە ناتوانێت پارە بەرهەم بهێنێت مەگەر لە ڕێگەی کارەوە. سوودخۆری (ڕیبا) هەوڵێکی "ناڕەوا"یە بۆ ئەوەی پارە وەک کائینێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لە گوتارەکانیدا جەختی دەکردەوە کە "سوود" دەبێتە هۆی ئەوەی سەرمایە لەدەستی چینێکی کەمدا قەتیس بمێنێت (تداول الثروة بین الأغنیاء فقط). ئەمەش ئەو "کەنارگیرە" ئەخلاقییەی کە پەیامهێنەران دایاننابوو بۆ پاراستنی هەژاران، تێکدەشکێنێت. هەروەها دەڵێت: ئیسلام نەهاتووە تەنها ئابووری ڕێکبخات، بەڵکو هاتووە مرۆڤی ئابووری پەروەردە بکاتەوە"؛ مرۆڤێک کە تێبگات بەختەوەری لە "قازانجی بێ ڕەنج"دا نییە، بەڵکو لەو "ئارامییە"دایە کە دوای کارێکی حەڵاڵ و خزمەتێکی ڕاستەقینە بە دەست دێت. ئەگەر کارکردن "هەناسەدانی ئابووری" بێت، ئەوا سوودخۆری شێرپەنجەی ئابوورییە. ئابووریناسی گەورەی جیهانی، جۆن مەینارد کینز، هەرچەندە لە ناو سیستمی سەرمایەداریدا بوو، بەڵام لە کتێبی (The General Theory) ئاماژە بەوە دەکات کە پووچەڵکردنەوەی وەبەرهێنان، کاتێک ڕێژەی سوود بەرز بێت، خەڵک پارەکانیان لە بانک دادەنێن و کارگە و پرۆژە ناکەنەوە دەبێتە هۆی بەربەستی گەشەی ئابوری ئەمە واتا "تەمەڵی ئابووری." کینز پێشبینی دەکرد کە ڕۆژێک دێت مرۆڤایەتی دەگاتە ئاستێک کە ڕێژەی سوود بگاتە سفر، چونکە تەنها لەو کاتەدا سەرمایە بە ڕاستی لە خزمەت بەرهەمهێناندایە نەک لە خزمەت کۆکردنەوە.

زانایانی وەک دەیڤید گرێبەر لە کتێبەکەیدا «قەرز: پێنج هەزار ساڵی یەکەم». باس لەوە دەکات کە چۆن سوود (Interest) بەدرێژایی مێژوو

ئامرازێک بووە بۆ بەکۆیلەکردنی گەلان، سوودخۆری مۆدێرن (قەرزی نێودەوڵەتی) وای کردووە وڵاتانی هەژار هەمیشە لە ژێر ڕکێفی وڵاتانی دەوڵەمەند بن. کاتێک قەرز و سوود دەبێتە بنەما، "متمانە" کە ڕەگێکی حەڵاڵە دەمرێت و "چاوچنۆکی" کە ڕەگێکی حەرامە گەشە دەکات. کارکردن (حەڵاڵ) "ئیگۆ" دەشکێنێت و مرۆڤ فێری دانبەخۆداگرتن دەکات. سوودخۆری (حەرام) "ئیگۆ" دەئاوسێنێت و مرۆڤ تووشی وەهمی "خوداوەندی" دەکات (کە دەتوانێت بەبێ جوڵە، جیهان بخاتە ژێر باری قەرز). حەڵاڵ "پرد" دروست دەکات (کارەکان پێویستییان بە یەکترە)، بەڵام سوودخۆری "دیوار" دروست دەکات (چینایەتی).

باسی نۆیەم: ڕوونکردنەوەی هەندێك بابەتی گوماناوی سەبارەت بە ئافرەت

لە جەنجاڵی مۆدێرنێتە و هاواری فیکریی هاوچەرخدا، پرسی ئافرەت لە ئیسلامدا زۆرجار وەک گۆڕەپانی ململانێیەک وێنا دەکرێت کە تێیدا ڕەگەزەکان لە جەنگێکی هەمیشەیی دان بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان. تێڕوانینە باوەکان، بەهۆی تەمومژی خوێندنەوە دابڕاوەکان و سەپاندنی نەریتە ڕەقەکان بەسەر دەقە پیرۆزەکاندا، شەریعەتیان وەک قەڵایەکی داخراو نیشانداوە کە دەیەوێت باڵەکانی ئافرەت کۆت بکات. بەڵام ئەم تەوەرە، تێپەڕینە لەو بەرگرییە ساویلکە و پاساوهێنەرە ڕووکەشانە؛ لێرەدا ئێمە دێینە ناو قووڵایی "تەلارسازییەکی وجوودی" کە تێیدا ئیسلام وەک هێڵکارییەک بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی سروشتی و کەرامەتی مرۆیی دەردەکەوێت. ئەم بەشە، ڕوانینێکی قووڵە بۆ تێپەڕاندنی "نامۆبوون لە حەقیقەت". لێرەدا ئەو پێنج مەتەڵە فیکرییەی کە لە دەوری پێگەی ئافرەت تەنراون، بە زمانێکی عاریفانە، هاوچەرخ و کۆمەڵناسیی لێک دەدەینەوە، بە پشتبەستن بە کەنزە فیکرییەکانی (مورتەزا موتەهەری، عەلی شەریعەتی، ناصر سوبحانی، غەزالی، ویڵ دیۆرانت و ئیریک فرۆم).

١- فرەژنی: لە نێوان "واقیعبینی" و "دادپەروەری"

فرەژنی؛ ئەندازیاریی قەیران و جێگیرکردنی کەرامەت؛ هەڵوەشاندنەوەی وەهمی "چێژگەراییی کاتی" و گواستنەوەی چەمکەکە بۆ کایەی "تەوەرەیی بەرپرسیارێتیی وجوودی". فرەژنی وەک قەڵغانێکی ئۆنتۆلۆجیی واقیعبینانە لێکدەدرێتەوە کە ڕێگە نادات مرۆڤ لە ژێر چەپۆکی تەنیایی و بێپەنایدا بتوێتەوە؛ دەرچەیەکی بەشکۆیە کە لە لوتکەی تاقیکردنەوەیەکی ویژدانیی توندا کە ناوی «دادپەروەریی

درەوشاوە»یە، شوناسی ئافرەت دەپارێزێت. زۆرجار فرەژنی وەک ئارەزوو دەبینرێت، بەڵام لە ئیسلامەوە، سیستمێکی پاراستنی کۆمەڵایەتی بووە. ئەم بابەتە دەستخستنە سەر یەکێک لە هەستیارترین و لە هەمان کاتدا "واقیعیترین" پارچەکانی ئەو تابلۆیە کە پێی دەوترێت "شکۆی مرۆڤ لەسەر زەوی". فرەژنی کاتێک لە چوارچێوەی "حەکیمانە" و "کۆمەڵایەتی"دا لێک دەدرێتەوە، لە کایەی "چێژ" دەردەچێت و دەچێتە کایەی "بەرپرسیارێتی" فەلسەفەی "فرەژنی" نەک وەک چێژ، بەڵکو وەک "قەڵغانی کۆمەڵایەتیە". بۆ ئەوەی پیاو بزانێت ئەمە تەنها چێژ نییە، بەڵکو تاقیکردنەوەیەکی ئەخلاقی گەورەیە، پێغەمبەر ﷺ هۆشدارییەکی توند دەدات و دەفەرمووێت: مَنْ كَانَتْ لَهُ امْرَأَتَانِ فَمَالَ إِلَى إِحْدَاهُمَا، جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَشِقُّهُ مَائِلٌ (رواه أبو داود والترمذي) واتە: هەر کەسێک دوو ژنی هەبێت و مەیلی (نا دادپەروەرانە) بدات بۆ لای یەکێکیان، لە ڕۆژی قیامەتدا دێت لە کاتێکدا لایەکی جەستەی لار بووەتەوە.

مورتەزا موتەهەری لە کتێبی "سیستمی مافەکانی ئافرەت لە ئیسلامدا" دیدگایەکی زۆر جیاواز پێشکەش دەکات دەڵێت فرەژنی لە بنەڕەتدا بۆ "دیفاع لە مافی ئەو ئافرەتانەیە" کە بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی (وەک جەنگ) شانسی هاوسەرگیرییان نەماوە وە فرەژنی لە ئیسلامدا نەک بۆ چێژ، بەڵکو وەک چارەسەری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و مافێک بۆ ئافرەتانی بێسەرپەرشت دانراوە. ئەو پێی وایە ئەگەر فرەژنی قەدەغە بکرێت، ئەو ئافرەتانە بێبەش دەبن لە مافی "دایەنی و دایکایەتی" و "دروستکردنی خێزان". جەخت دەکاتەوە کە ئیسلام فرەژنی "دانەهێناوە"، بەڵکو "بەرەو کەمبوونەوە و ڕێکخستنی" بردووە. بە دانانی مەرجی دادپەروەری، ئیسلام پیاوی خستووەتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی ئەخلاقیی گەورە کە زۆرجار پیاو ناتوانێت تێیدا

سەرکەوتوو بێت، مەگەر خاوەن پلەیەکی بەرزی ڕۆحی بێت. لێرەدا "دادپەروەری" نەک تەنها مەرجە، بەڵکو "سزایەکی ویژدانییە"؛ ئیسلام دەڵێت ئەگەر نەتوانی دادپەروەر بیت، تەنها مافت هەیە یەک ژن بهێنیت. ئەمە لوتکەی قورسیی ئەرکەکەیە. ئیسلام کاتێک هات "فرەژنی" دانەهێنا، بەڵکو "ڕێکیخست". پێش ئیسلام پیاو بە بێ سنوور ژنی دەهێنا و هیچ مافێکیان نەبوو. شەریعەتیش دەڵێت فرەژنی لە ئیسلامدا "داهێنان" نییە، بەڵکو "دیراسەکردنی قەیرانە". ئەو پێی وایە ئیسلام بەم کارە ڕێگەی لە "پێشێلکردنی شکۆی ئافرەت" گرتووە لە پەیوەندییە شاراوە و بێبەرپرسیارەکاندا، هەروەها ئیسلام نەیویستووە "فرەژنی" بکاتە ئەسڵ، بەڵکو ویستوویەتی وەک "دەرچەیەک" بیهێڵێتەوە تا مرۆڤ لە نێوان (تەنیایی و بێبەرگی) و (پەیوەندی نادروست و ناشەرعیدا)، ڕێگەی سێیەم کە یان ئەوەتا لە ناو خێزانێکی شەرعی و بە شکۆدا (خێزانی یاسایی و بەڕێزە) جێگەیان بێتەوە.

پاش جەنگەکان، کاتێک ڕێژەی پیاوان کەم دەبووەوە، فرەژنی ڕێگر بوو لە دروستبوونی دیاردەی "بێوەژنێتی" و بێسەرپەرشتی. (ئێدوارد وێستەرمارک)، کۆمەڵناسی ناسراو، پێی وایە فرەژنی لە هەندێک بارودۆخدا زەرورەتێکی مێژوویی بووە بۆ پاراستنی نەوە. ئیسلام یەکەم سیستەم بوو کە "فرەژنی بێ سنوور"ی ڕێکخست و مەرجی "دادپەروەریی ڕەها"ی بۆ دانا. ئیسلام کاتێک هات، فرەژنیی وەک دیاردەیەکی بێسەروبەر لەناو کۆمەڵگەدا بینی، بۆیە هەستا بە سنووردارکردن و ڕێکخستنی. قورئانی پیرۆز بنەمای ئەم ڕێکخستنەی لەسەر دوو چەمکی سەرەکی "چارەسەری کێشەی بێسەرپەرشتی" و "دادپەروەری" داناوە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً﴾ (سورة النساء: ٣) واتە: ئەوەی بەدڵتانە لە ئافرەتان بیخوازن، دوو دوو، یان سێ سێ، یان چوار

چوار، بەڵام ئەگەر ترسان لەوەی ناتوانن دادپەروەر بن، ئەوا تەنها یەک دانە. (ویڵ دیۆرانت) لە "چیرۆکی شارستانیەت"دا ئاماژە بەوە دەکات کە فرەژنی لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا بووەتە هۆی پاراستنی ڕەچەڵەک و کەمکردنەوەی منداڵی بێباوک. فرەژنی لە ئیسلامدا "دیراسەکردنی قەیرانە" نەک "هاندانی چێژگەرایی"، ئامانج لێی ئەوەیە هیچ ئافرەتێک لە کۆمەڵگەدا بێ ناسنامە و بێ پەناگە نەمێنێتەوە.

٢- میرات: هاوسەنگیی "ئەرکی مادی" و "مافی خاوەندارێتی"

سیستمی میرات؛ جەمسەرگیریی ئەرک نەک پۆلێنی ڕەگەز؛ گۆڕینی هاوکێشەکە لە "باڵادەستیی بایۆلۆجی"یەوە بۆ "بارگرانیی وجوودی". ئیسلام لێرەدا یەکسانیی ژمارەیی ڕووکەشی کردووەتە قوربانیی «دادپەروەریی گشتگیر»؛ تا تەلارسازیی دارایی لەسەر بنەمای "چیای ئەرکەکان" بونیاد بنێت نەک "ڕەگەزی جەستەکان"، و ئافرەت وەک جەوهەرێکی ئابووریی سەربەخۆ و پارێزراو بمێنێتەوە. لە فەلسەفەی یاسایی ئیسلامدا، دابەشکردنی میرات لەسەر بنەمای "ڕەگەز" نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای "بەرپرسیارێتیی دارایی"یە. ئافرەت لە ئیسلامدا "خاوەندارێتییەکی ڕەها"ی هەیە. ئەوەی وەریدەگرێت بۆ خۆیەتی و هیچ ئەرکێکی نییە خەرجی کەس بکات. بەڵام پیاو، میراتەکەی "ئەرکێکی لەسەرە"؛ ئەو دەبێت نەفەقەی دایک، خوشک، ژن و منداڵەکانی بدات، کەواتە ڕەخنەی "نیوەبوونی میرات" تەنها سەیرکردنی نیوەی تابلۆکەیە. لە ئیسلامدا پیاو بەرپرسی یەکەمە لە (نەفەقە)؛ ئەو دەبێت مارەیی بدات، خەرجی ماڵ و منداڵ و تەنانەت خەرجی خوشک و دایکی لەسەر بێت ئەگەر پێویست بکات. لە بەرانبەردا، ئافرەت چی وەردەگرێت بۆ خۆیەتی و هیچ ئەرکێکی دارایی لەسەر نییە. زانایانی یاسا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئیسلام لە زۆرتر لە ٣٠ حاڵەتدا میراتی ئافرەت یەکسان دەکات لەگەڵ پیاو یان زیاتری دەداتێ، و تەنها لە چەند

حاڵەتێکی دیاریکراودا دەبێتە نیوە، ئەوەش بەهۆی "قورسایی ئەرکی دارایی" لەسەر شانی پیاو. زانایان دەڵێن ئەگەر ژن و پیاو لە میراتدا وەک یەک بن، ئەوا پیاو لە ڕووی داراییەوە تووشی داڕووخان دەبێت چونکە خەرجییەکانی زیاترە، و ژنیش دەبێتە خاوەن سەرمایەیەکی بێ ئەرک. ئیسلام لێرەدا "دادپەروەریی گشتگیر"ی پیادە کردووە نەک "یەکسانیی ڕووکەش". ئەم تێڕوانینە قووڵە پەیوەستە بە فەلسەفەی (قەوامە) کە لە بنەڕەتدا بەرپرسیارێتییە نەک دەسەڵات، هەروەک لە ئایەتی ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ...﴾ دا هاتووە و دەیسەلمێنێت کە پیاو بووەتە "قەڵغانی دارایی" بۆ خێزان، چونکە وشەی (قەوامە) لە (قیام)ەوە هاتووە و بە واتای هەستان بە ئەرک دێت، ئیسلامیش نەیویستووە ئافرەت بخاتە ژێر گوشاری کارکردنی قورس بۆ پەیداکردنی بژێوی، بۆیە بژێوی خستووەتە سەر پیاو. ناصر سوبحانی ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت، دەبێت "کۆی شەریعەت" وەک یەک سیستەم ببینین. ناکرێت میرات لە نەفەقە جیا بکەینەوە، یان حیجاب لە پاراستنی خێزان جیا بکەینەوە. ئیسلام پێی وایە "ماف" و "ئەرک" وەک دوو باڵی باڵندە وان؛ ئەگەر یەکێکیان کەم بێت، کاروانەکە دەوەستێت. نیشانیانی داین کە دادپەروەری (Justice) تەنها "یەکسانیی ژمارەیی" نییە، بەڵکو ئەوەیە کە هەر شتێک لە شوێنی خۆیدا دابنرێت.

٣- خۆداپۆشین (حیجاب): فەلسەفەی "شکۆ" نەک "کۆتکردن"

خۆداپۆشین (حیجاب)؛ ڕاپەڕینی مانا دژی ڕووکەشگەرایی: ڕاگەیاندنی سەروەریی ڕەهای «ئەقڵ و جەوهەر» بەسەر «غەریزە و ماددە»دا. حیجاب پۆشاک نییە، بەڵکو شۆڕشێکی ئۆنتۆلۆجییە دژی "کاڵابوونی مرۆڤ" و نامۆبوونی جەستە لە سێبەری مۆدێرنێتەدا؛ دەرکەوتنی ئافرەتە وەک قەوارەیەکی مەعریفی و ڕۆحی، نەک وەک تابلۆیەکی ڕازاوە بۆ بازاڕی غەریزەکان. خۆداپۆشین، پاراستنی ناسنامەی مرۆیی ئافرەتە

لەوەی تەنها وەک "کاڵایەکی سێکسی" تەماشا بکرێت، هەروەها شۆڕشە دژی "کاڵابوون" ئەمە قووڵترین ڕەهەندی دەروونییە. لە جیهانی مۆدێرندا، جەستەی ئافرەت کراوەتە "ئامرازی ڕیکلام". خۆداپۆشین دێت تا بڵێیت: "من مرۆڤم، نەک جەستە". قورئانی پیرۆز ئەم فەلسەفەیە لە ئایەتێکی کورت و پوختدا کۆدەکاتەوە و دەفەرمووێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ (سورة الأحزاب: ٥٩) وشەی (يُعْرَفْنَ) لوتکەی گۆڕینی "ناسین"ە لە ناسینێکی ڕواڵەتی و جەستەییەوە بۆ ناسینێکی مەعریفی و مرۆیی. حیجاب لێرەدا ڕاگەیاندنی سەروەریی "ئەقڵ"ە بەسەر "غەریزە"دا؛ ئیسلام دەیەوێت جەستە وەک پەرژینێک بێت بۆ پاراستنی ماناکانی ناوەوە، نەک ببێتە "کاڵایەک" کە بەهای ئافرەت لە چوارچێوەی جوانییەکی کاتی و مادی تاقیبکرێتەوە. کاتێک قورئان دەفەرموێت (فَلَا يُؤْذَيْنَ)، ئاماژەیە بۆ ڕزگارکردنی ئافرەت لە گەورەترین ئازاری مۆدێرنە، کە ئەویش "ئازاری کاڵابوون" و بەکارهێنانی جەستەیە وەک ئامرازی ڕیکلام و چێژ. حیجاب قەڵغانێکی فیکرییە کە دەڵێت: "من بوونێکی سەربەخۆم، نەک تەنها وێنەیەکی ڕازاوە بۆ تێرکردنی چاوی بینەر." لێرەدا خۆداپۆشین نابێتە کۆت، بەڵکو دەبێتە "ئازادی لە کۆیلایەتیی ماددە".

(ئێریک فرۆم) باس لەوە دەکات کە مرۆڤی مۆدێرن تووشی "نامۆبوون" بووە و وەک شت سەیری دەکرێت. حیجاب پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو لە "ڕووبەرێکی غەریزی"یەوە دەگوازێتەوە بۆ "ڕووبەرێکی مرۆیی و عەقڵانی."پاراستنی شوناس و کلتووره (فرانتس فانون) لە باسی جەزائیردا ئاماژە بەوە دەکات کە حیجاب بووەتە هێمایەک بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی و "سەربەخۆیی فیکری" لە بەرانبەر داگیرکاریی کلتووری. ئیسلام دەیەوێت ئافرەت بە "ئەقڵ و ئەخلاقەکەی" لە کۆمەڵگەدا

بناسرێتەوە نەک بە جەستەی. وەک (فەتحوڵڵا گویلەن) دەڵێت: "حیجاب تەنها قوماشێک نییە، بەڵکو قەڵغانێکی مەعنەوییە کە ڕێز و شکۆ دەبەخشێتە ئافرەت وای لێدەکات لە ناوەندی چاوە چاوچنۆکەکاندا پارێزراو بێت". ناصر سوبحانی دەڵێت: "حیجاب ئازادییە بۆ ئافرەت، چونکە ڕێگری دەکات لەوەی پیاوان بە چاوی چێژ سەیری بکەن و ناچاریان دەکات ڕێز لە کەسایەتی و فیکری بگرن." ئەمە جۆرێکە لە "پاراستنی وزەی دەروونی" بۆ ناو خێزان.

ئیسلام دەیەوێت "خێزان" بپارێزێت، چونکە خێزان یەکەمین و گرنگترین قەڵای مرۆڤایەتییە. پەیامهێنەران وەک "داینەمۆی مێژوو" نیشانیان داین کە بەبێ ئەخلاق و یاسا، مرۆڤایەتی ون دەبێت. ئەوان بەو سادەییە قووڵەی خۆیانەوە، توانییان کاروانەکان ڕێکبخەن و مانا بدەنەوە بە هەموو چرکەیەکی ژیانمان.

٤- قەوامە: "سەروەریی خزمەتگوزاری" نەک "سەپاندنی دەسەڵات"

قەوامە؛ پیرۆزیی خزمەت نەک هەژموونی دەسەڵات: لێکدانەوەی چەمکەکە وەک سپاردنی پاسەوانیی کارگێڕی نەک دیکتاتۆریەتی پیاوسالاری. قەوامە(سەرپەرشتیارێتی)، کۆڵەکەیبوونی پیاوە لە بەردەم زریانی واقیعدا، تا ئاسایشی مادی و مەعنەوی دابین بکات؛ بەمەش پێگەی ئافرەت ئازاد دەکات تا وزە چالاکەکە ڕۆحی و پەروەردەییەکەی بۆ بونیادنانی مرۆڤایەتی تەرخان بکات. قەوامە زۆرترین کێشەی تێگەیشتنی لەسەرە. لە ڕاستیدا قەوامە "ئەرکێکی کارگێڕییە" نەک ئیمتیازێکی ڕەگەزی. هەر دامەزراوەیەک (تەنانەت خێزانیش) پێویستی بە سەرۆکێک هەیە بۆ ڕێکخستنی کارەکان. وەک (ناسر سوبحانی) ئاماژەی پێ دەدات، قەوامە جۆرێکە لە "دابەشکردنی کار. "پیاو کراوە بە بەرپرسی دەرەوە و پاراستنی داراییی، نەک لەبەر ئەوەی لە ژن بەڕێزترە،

بەڵکو چونکە پێکهاتەی جەستەیی و دەروونیی ئەو بۆ ئەم ئەرکە ئامادەکراوە. قەوامە ڕاستەوخۆ بە "نەفەقە"وە بەستراوەتەوە. پیاو قەوامە چونکە "خەرجکەرە". ئەگەر پیاو خەرجی ماڵ نەدات، قەوامەی دەروەشی نامێنێت. ئەمە "ئەو پەڕی دادپەروەرییە" کە بارگرانیی پەیداکردنی بژێوی لەسەر شانی ئافرەت لادراوە. ئافرەت پێویستی بە هەستکردن بە "ئاسایش (Security) "هەیە. قەوامەی پیاو وەک قەڵغانێک وایە کە ژن لە جەنجاڵی و توندوتیژییەکانی بازاڕ و دەرەوە دەپارێزێت تا بتوانێت وزە دەروونییەکەی بۆ پەروەردە و ئارامیی ناوماڵ تەرخان بکات. (عەلی شەریعەتی) پێی وایە قەوامە بۆ پاراستنی "کۆڵەکەی خێزانە". ئەگەر پیاو بەرپرسیارێتی هەڵنەگرێت، خێزان بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت. قەوامە واتا پیاو "خزمەتکار و پاسەوانی" خێزانەکەیەتی. قوامەت خزمەتە نەک سەرداری، هەروەك ئیمام غەزالی لە کتێبی (إحياء علوم الدين)دا، لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی و تەسەوفییەوە سەیری قەوامە دەکات: پێی وایە قەوامە تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ "ئیگۆ"ی پیاو. پیاو کە دەبێتە "قەوام"، ئەرکی ئەوەیە دان بەخۆدا بگرێت بەرامبەر سۆزی ئافرەت و بە نەرمی ڕەفتار بکات. هەروەها دەڵێت: "خێزان وەک وڵاتێکی بچووک وایە؛ ئەگەر یەک سەرپەرشتیاری دڵسۆزی نەبێت، پاشاگەردانی تێدا دروست دەبێت." لای ئەو، قەوامە واتا پیاو ببێتە "کەنار" بۆ ئەو "ڕووبارە" سۆزەی کە لە دەروونی ئافرەتدا هەیە، تا هەردووکیان پێکەوە بگەنە کەناری ئارامی. وەک دانایان دەڵێن: "قەوامە وەک ئەو چوارچێوەیەیە کە تابلۆیەک دەپارێزێت؛ تابلۆکە (ئافرەتە) بەهای ڕاستەقینەیە، بەڵام چوارچێوەکە (پیاوە) ئەرکی ئەوەیە ئەو جوانییە لە دەستدرێژی و تێکچوون بپارێزێت". ئەمە ئەو "تەلارسازییە وجوودییە"یە کە نایەڵێت مرۆڤ ببێتە کۆیلەی غەریزە، بەڵکو دەبێتە بونەوەرێکی ئامانجدار کە لە ناو

خێزانێکی ئارامدا، گەشت بەرەو خودا دەکات. موتەهەری لە کتێبی (مافەکانی ژن لە ئیسلامدا) یەکێک لە قووڵترین شیکردنەوە فەلسەفییەکان دەخاتە ڕوو: هاوتایی نەک یەکسانی، موتەهەری دەڵێت: "ژن و پیاو وەک یەکن لە مرۆڤبووندا، بەڵام وەک یەک نین لە پێکهاتەی دەروونی و فیزیکییدا." قەوامە دانپێدانانە بەم "جیاوازییە جوانە." ئەو قەوامە بە سیستمی پاراستن "بیمەی دەروونی و مادی" بۆ ژن دەبینێت. پیاو ئەرکییەتی پارە پەیدا بکات و ژنیش ئەرکییەتی "ژیان" دروست بکات. لێرەدا قەوامە وەک "کۆڵەکەیەک" وایە کە ژن دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت تا بتوانێت لە جیهانی داییکایەتی و پەروەردەدا داهێنان بکات.

٥- شایەتیدان (الشهادة): پسپۆڕی و بونیادی دەروونی

شایەتیدان و بڕیاردان؛ تەواوکاریی وجوودی و سەنتەری حەقیقەت؛ ڕزگارکردنی چەمکەکە لە گۆشەگیریی کەمکردنەوەی ژیری، بۆ ئاستی ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیی دەروونی و دەمارگیری. لێرەدا ئافرەت لە کایە سروشتییەکانی خۆیدا دەبێتە "سەنتەری تاقانەی حەقیقەت"، و لە گۆڕەپانی بڕیاری سیاسیشدا هاوبەشێکی ڕەسەنە بۆ بەرجەستەکردنی «خەلافەتی گەردوونی» بە حیشمەت و پاراستنی ڕۆحی خێزانەوە. شایەتیدان "ماف" نییە تا بڵێین ژن بێبەش کراوە، بەڵکو "بەرپرسیارێتی و بارگرانییە". خودا دەیەوێت لە دادگادا ڕاستی مێژوویی وەک خۆی بگوازرێتەوە. ڕەخنەی "نیوەبوونی شایەتیدانی ژن" تەنها لە چەند حاڵەتێکی داراییی دیاریکراودایە، نەک لە هەموو شوێنێک. ئیسلام ڕێز لە "پسپۆڕی" دەگرێت. لەو سەردەمەدا (تەنانەت ئێستاش لە زۆر جێگە)، پیاوان زیاتر لە ناو بازاڕ و مامەڵە داراییە قورسەکاندابوون. قورئان دەفەرموێت ئەگەر یەکێکیان بیری چوو، ئەوی تریان بیری بخاتەوە. ئەمە بۆ "دڵنیاییە (Reliability) "نەک بۆ کەمکردنەوەی ژیریی ژن.

زانایانی وەک (محەمەد قتب) ئاماژە بەوە دەکەن کە سۆز و عاتیفە لە ئافرەتدا زاڵترە (ئەمەش خاڵی هێزیەتی بۆ دایکایەتی). لە کێشە و دادگاکاندا کە توندوتیژی و ململانێی تێدایە، ئافرەت ڕەنگە لە ژێر کاریگەریی سۆزدا بڕیار بدات، بۆیە بوونی هاوەڵێکی تر بۆ پشتگیریی دەروونییەتی. زانایانی یاسا دەڵێن لەو شتانەی تایبەتن بە ئافرەتان (وەک کاروباری منداڵبوون، عەیبەکانی ناوماڵ و هتد)، تەنها شایەتیدانی ژن وەردەگیرێت و شایەتیدانی پیاو ڕەتدەکرێتەوە. لێرەدا ژن دەبێتە "سەنتەر"ئیبن قەییم دەڵێت: "شایەتیدان مەبەست لێی دەرکەوتنی ڕاستییە." ئەگەر ڕاستی لای ژن بێت، ئەو دەبێتە سەنتەر. لێرەدا دەردەکەوێت کە ئیسلام سەیری "ڕەگەز" ناکات، بەڵکو سەیری "شوێنی ڕووداوەکە" دەکات. محەمەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا: لە تەفسیری (المنار)دا ئاماژە بەوە دەکەن کە قورئان فەرموویەتی: (أن تضل إحداهما فتذكر إحداهما الأخرى). وشەی "تضل" لێرەدا بە مانای ونبوونی زانیاری دێت لە ناو جەنجاڵی دەروونیدا. ئەوان دەڵێن: "ئەمە پەیوەندی بە عەقڵەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سەرقاڵی و گرنگیپێدانەوە هەیە." ژنێک کە سەرقاڵی بونیادنانی مرۆڤە (پەروەردە)، سروشتییە وەک پیاوێکی ناو بازاڕ وردەکاریی کڕین و فرۆشتنی قورسی لە یاد نەمێنێت. لێرەدا ئیسلام "تەواوکاری" پیادە دەکات نەک "ڕکابەری" وەک (محەمەد غەزالی) دەڵێت: ئەوانەی تەنها باسی نیوەبوونی شایەتیدانی ژن دەکەن، وەک ئەو کەسە وان کە دەڵێت وەیل بۆ نوێژخوێنان' (ويل للمصلين) و بەشەکەی تری ئایەتەکە ناخوێنێتەوە. ئیسلام سیستمی تەواوکارییە، نەک سیستمی ڕکابەری ڕەگەزی". ئەمە ئەو "تەلارسازییە وجوودییە"یە کە مرۆڤ لە ژێر سایەیدا هەست بە ئارامی دەکات، چونکە دەزانێت یاساکان بۆ پاراستنی ئەون، نەک بۆ سوکایەتی پێکردنی. ئەمە "تەلارسازییەکی وجوودییە"؛ ئیسلام سەیری ڕەگەز ناکات، بەڵکو

سەیری "شوێنی ڕووداوەکە" دەکات. لەو شوێنەی ئافرەت تێیدا پسپۆڕە، شایەتیدانی پیاو ڕەت دەکرێتەوە و ئافرەت دەبێتە "سەنتەری حەقیقەت". ئەمە یەکسانییەکی ڕووکەش نییە، بەڵکو دادپەروەرییەکی واقیعییە بۆ پاراستنی شکۆی مرۆڤ و دەرکەوتنی ڕاستی بێ ئەوەی کەس تووشی داڕووخانی دەروونی بێت.

٥- خۆکاندیدکردنی ئافرەت: لە بەیعەتی مێژووەوە بۆ پەرلەمانی واقیع"

کایەی سیاسیی ئافرەت؛ لە وەکالەتەوە بۆ شورا و ئەرکی وجوودی؛ گۆڕینی شوناسی سیاسیی ئافرەت لە "نوێنەرایەتییەکی ڕووکەشی مۆدێرن"ەوە بۆ "هاوبەشییەکی ڕەسەنی شورا". ئیسلام لێرەدا دان بە باڵادەستیی عەقڵی سیاسی و لێهاتوویی مێژوویی ئافرەتدا دەنێت، مێژووش شایەتیی دەرکەوتنی عەقڵی ستراتیژیی ئافرەت دەدات (وەک پێگەی نەرم و بڕیاردەری ئوم سەلەمە لە قەیرانی حودەیبییەدا) کە توانی کێشی مێژوو بگۆڕێت. سڕینەوەی ئەم وزە مەعریفییە بە واتای شێواندنی تەلارسازیی کۆمەڵگە و ئیفلیجکردنی نیوەی عەقڵی زیندووی مرۆڤایەتی دێت. خۆکاندیدکردنی ئافرەت لێرەدا نەک وەک ڕاکردن بەدوای دەسەڵاتی دەستکرددا، بەڵکو وەک ئەرکێکی پێکهاتەیی، حەتمیەتێکی ئەخلاقی و میحرابێکی وجوودی بەرجەستە دەبێت؛ شۆڕشێکە بۆ مانا بەخشینەوە بە سیاسەت، کە تێیدا حیشمەتی جەوهەری و قووڵایی کەرامەتی خێزان دەبنە کەرەستەی یەکەم بۆ داڕشتنەوەی نژیاروانیی دەوڵەت و ڕزگارکردنی مرۆڤ لە پاشاگەردانیی واقیع.

خۆکاندیدکردنی ئافرەت بۆ کایە گشتییەکان، تەنها وەڵامدانەوەیەک نییە بۆ پێویستییەکی سیاسی، بەڵکو گوزارشتە لە گەشەکردنی "فیقهی واقیع". وەک شێخ ئەبولحەسەن نەدەوی ئاماژەی پێ دەدات، ئیسلام نەهاتووە مرۆڤ سەرکوتبکات، بەڵکو هاتووە تا "وزە مرۆییەکان" بە

ئاڕاستەی خێردا بخاتە گەڕ. لێرەدا دەتوانین ڕای موجتەهیدان لە چەند خاڵێکی جەوهەریدا کۆبکەینەوە:

أ: جیاکاری لە نێوان "ویلایەتی گەورە" و "وەکالەت:" جێگیرکردنی پێناسی یاساییِ پەرلەمان وەک (عقد الوكالة) یان وەکالەتی نوێنەرایەتی. بنەمای شەرعی لێرەدا بەستراوەتەوە بە دروستیی بریکارنامە (الوكالة) بۆ ئافرەت بە کۆدەنگی فەقیهەکان (الإجماع الفقهاء) لە تەواوی ئەو کایانەی کە نیابەت و جێگرەوەیی وەردەگرن. زۆربەی موجتەهیدانی هاوچەرخ، وەک شێخ یوسف قەرزاوی (لە پەرتووکی فقه الدولة)، د.فەیسەڵ مەولەوی، و هيئة كبار العلماء لە ئەزهەر، جەخت لەسەر جیاکارییەکی ڕیشەیی دەکەنەوە. لێرەدا، فەقیهـ و یاسادانەری گەورەی عێراقی د.عەبدولکەریم زێدان لە پەرتووکی (المُفَصَّل في أحْكَامِ المَرْأَةِ) دەسەلمێنێت کە دەستووری مۆدێرن و پەرلەمان، ناچنە ژێر خانەی (الولاية العظمى) کە سەرۆکایەتیی ڕەهای پێشەوایەتیی گشتییە (الإمامة الكبرى)، بەڵکو وەک وەکالەتێکی گشتی و دەستەجەمعی «وەکالەت، نوێنەرایەتی و شورا» دەبینرێن. کە شەرعەن بۆ ئافرەت دروستە. هاوکات بیرمەندی گەورە ئیمامی مەودودی (لە کایەی پێداچوونەوە فقهییەکانیدا لەسەر دەستووری پاکستان) ئاماژەی بەوە کردووە کە بەشداریی ئافرەت لە ئەنجومەنی یاساداناندا وەک دەنگی ڕاوێژکاری و لێهاتوویی پسپۆڕی، هیچ بەربەستێکی شەرعیی نییە و هاوئاهەنگە لەگەڵ بنەمای گشتیی پێغەمبەر (د.خ): «إِنَّمَا النِّسَاءُ شَقَائِقُ الرِّجَالِ» (صحيح أبي داود).

ب: حیشمەت وەک مەرجی "ئیجتیهادی پراکتیکی:" موجتەهیدان جەخت دەکەنەوە کە بەشداریی ئافرەت نابێت ببێتە هۆی تێکدانی شیرازەی ئەخلاقی. نەدەوی لێرەدا دەڵێت: ئافرەت کاتێک دەچێتە ناو سیاسەت، نابێت ڕەگ و ڕیشەی خۆی کە "حەیا و شکۆیە" لەدەست

بدات. ئەگەر لە پێناو سیاسەتدا ئەم ڕەگ و ڕیشەیە ببڕێت، شوناسی خۆی دەدۆڕێنێت. حیشمەت لێرەدا تەنها پۆشاکێکی جەستەیی نییە، بەڵکو ئیلتیزامێکی شەرعی و ستراتیژییە کە ڕێگە دەدات ئامانجی باڵای ئایەتی ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ لە ناو جەرگەی دەسەڵات و دامەزراوەکاندا بەرجەستە ببێت. د. عەلی شەریعەتی لە پەرتووکی (فاطمة هي فاطمة) و زانای هاوچەرخ ناصر سوبحانی پێکەوە دەگەنە ئەو دەرەنجامە فەلسەفییەی کە حیشمەت و باڵاپۆشیی ئافرەت لە گۆڕەپانی بڕیاردا، گەورەترین شۆڕشی مانایە دژی "کاڵابوونی جەستە" کە سێبەری مۆدێرنێتە سەپاندوویەتی؛ ئەم پێناسە نوێیە هاوکێشەی ململانێکان لە ڕووکەشێکی بینراوەوە دەگۆڕێت بۆ «جەوهەرێکی فیکری و مەعریفی» کە تەواوی بازنەی سیاسی ناچار دەکات کڕنۆش بۆ ئەقڵ و کەرامەتی ئەو بەرن. باڵاپۆشی لێرەدا هاوکێشەی ململانێیەکە لە "جەستەیەکی بینراو بۆ چێژ"ەوە دەگۆڕێت بۆ «جەوهەرێکی فیکری و مەعریفی»؛ ئەم پۆشاکە هێزەکانی تری ناو بازنەی بڕیار ناچار دەکات کڕنۆش بۆ ئەقڵ و توانای پێشەنگایەتیی ئافرەتەکە بەرن، نەک بۆ ڕووکەشی دەرەوەی. د. محەمەد عیمارە کۆتایی بە دۆسیەکە دەهێنێت و دەڵێت: ئەم پاراستنە ئەخلاقییە تاکە گەرەنتییە کە ناهێڵێت داڕووخانی شیرازەی کۆمەڵگە ببێتە باجی دەرکەوتنی سیاسیی ئافرەت.

ج: فەرموودەی (لن يفلح قوم..) و خوێندنەوەی نوێ: دۆسیەی (لن يفلح قوم..)؛ لە هۆکاری مێژووییەوە بۆ فەلسەفەی دامەزراوەیی: ڕزگارکردنی دەق لە قەتیسبوونی ڕووکەش و گواستنەوەی بۆ ناو قووڵایی "فیقهی مقاصد و سیاسەتی شەرعی". موجتەهیدانی وەک شێخ محەمەد غەزالی و شێخ مستەفا زەرقا، مێژووییبوون و هۆکاری گوتنی ئەم فەرموودەیەیان ڕوون کردووەتەوە (کە سەبارەت بە گرتنەدەستی کورسیی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بوو لەلایەن کچەکەی کیسراوە)؛ ئەوان

دەیسەلمێنن کە مەبەستی دەقەکە پاشایەتیی ڕەهای تاکەکەسی و ستەمکاریی ئەو سەردەمە بووە، کە تێیدا سەرۆک کۆنترۆڵی ڕەهای بەسەر چارەنووسی گەلاندا هەبوو. د. یوسف قەرزاوی و بیرمەندی یاسایی د. تاریق بەشری جەخت دەکەنەوە کە سیستەمی سیاسیی هاوچەرخ (پەرلەمان و دەزگا دیموکراتییەکان) لەسەر بنەمای "سەرۆکایەتیی تاکەکەس" بونیاد نەنراوە، بەڵکو سیستمێکی دامەزراوەیی کۆمەڵێیە. لێرەوە، ئافرەت کاتێک دەچێتە ناو پەرلەمان یان جومگەکانی بڕیاردان، وەک سەپێنەرێکی تاقانەی دەسەڵات دەرناکەوێت، بەڵکو دەبێتە ئەندامێکی کارا و ڕەسەن لە ناو پرۆسەی پیرۆزی «أَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ»؛ بەم خوێندنەوە نوێیە، هاوکێشەکە لە "ململانێی ڕەگەزی" دەر دەچێت و دەگۆڕێت بۆ تەواوکاریی فیکری لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا.

د: پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی (المصلحة المرسلة): گواستنەوەی پرسی بەشداریی سیاسیی ئافرەت لە چوارچێوەی "ئارەزوویەکی فێمینیستی"یەوە بۆ سەر ئاستی "پێویستییەکی پێکهاتەیی و شەرعی". شێخ ئەبولحەسەنی نەدەوی هەمیشە جەختی دەکردەوە کە «ئایین بۆ خزمەتی مرۆڤە»، ئەمەش ڕێککەوتنە لەگەڵ فەلسەفەی مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة) لای ئیمامی شاتبی کە ئاڕاستەی یاسا بەستنەوەی کایەکانە بە بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە. بیرمەندانی وەک د. محەمەد عیمارە و د. ڕەئوف شەلەبی هۆشداری دەدەن کە دوورخستنەوەی ئافرەت لە کایەی بڕیاردان، نەک تەنها ئیفلیجکردنی نیوەی توانای دەروونی و فیکریی ئوممەتە، بەڵکو هۆکارە بۆ ئەوەی کێشە جەوهەرییەکانی خێزان، دایکایەتی و منداڵان لە ناو یاساکاندا بێ شوناس و بێ بەرگریکار بمێننەوە. لێرەوە، موجتەهیدان چەمکی خۆکاندیدکردنی ئافرەتیان لە چوارچێوەی "ڕێپێدانی سادە"وە گۆڕی بۆ ئاستی «فەرزی کیفایە»؛ ئەرکێکی نیشتمانی و شەرعیی حەتمی کە ئەگەر پێکهاتەیەکی

پسپۆڕ لە ئافرەتان بە حیشمەتەوە پێی هەڵنەستن، تەواوی کۆمەڵگە لە ڕووی ئەخلاقی و سیاسییەوە تووشی گوناه دەبێت، چونکە ناتوانرێت دادپەروەریی گشتگیر بەبێ هاوسەنگیی هەردوو ڕەگەز لە ناو جەرگەی دەسەڵاتدا بەدی بهێنرێت.

گشتگیرییەی دەسەڵاتی خودا لە "ئەرەبێسک" و نەخشە ئەندازەییەکاندا دەردەکەوێت کە هیچ سەرەتا و کۆتاییەکیان نییە. تیتۆس بورکێت، فەیلەسوفی هونەری ئیسلامی، دەڵێت: "هونەری ئیسلامی ئامانجی ئەوە نییە لاسایی سروشت بکاتەوە، بەڵکو دەیەوێت جەوهەری شتەکان نیشان بدات کە ئەویش جوانییەکی ڕەهایە". لێرەدا تەلارسازی دەبێتە عیبادەت؛ کاتێک تەلارسازێک نەخشێکی ئەندازەیی ورد دەکێشێت، لە ڕاستیدا خەریکی گوزارشتکردنە لە ڕێکی و جوانیی دروستکراوەکانی خودا. لە ڕوانگەی ئەم زانایانەوە، تەلارسازیی ئیسلامی "پەیکەرسازیی فەزا"یە نەک "پەیکەرسازیی بەرد". ئەوەی ئەم هونەرە لە تەلارسازیی مۆدێرن جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لێرەدا فۆرم تەنها بۆ خزمەتی مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆ شکاندنی غووروری مرۆڤ و یادخستنەوەی گەورەیی خالقە. هەر کەوانەیەک، هەر تیشکێکی ڕووناکی و هەر بۆشاییەکی حەوشەیەک، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە: "جیهان تەنها نیشانەیەکە بۆ حەقیقەتێکی گەورەتر." هونەری ئیسلامی لەسەر بنەمای "ناوەند" (Center) کار دەکات. هەر وەک چۆن گەردوون لە خاڵێکەوە دەستی پێکردووە و بەرەو ئەو دەگەڕێتەوە، تەلارسازیش لێرەدا دەبێتە وێناکردنی ئەم گەڕانەوەیەکە بە شێوەی "حەوشەی ناوەندی" ڕەنگی داوەتەوە.

بۆشایی (Space)وەک پیرۆزی: بە پێچەوانەی تەلارسازیی ڕۆژئاوا کە گرنگی بە "بارستایی" و "دیوار" دەدات، لە تەلارسازیی ئیسلامیدا "بۆشایی" گرنگە. بە پێچەوانەی کلێساکانی گۆتیک کە بەردەکان بەرەو سەرەوە دەڕۆن بۆ ئەوەی "شکۆ" نیشان بدەن، لە مزگەوتدا، تەلارساز هەوڵ دەدات "هەستکردن بە قورسایی بەرد" نەهێڵێت. دیوارەکان بە نەخشی ورد و ڕووناکی وا لێ دەکرێن کە وەک "پەردەیەکی تەنک" دەربکەون، نەک دیوارێکی کۆنکرێتیی قورس. تەلارسازیی ئیسلامی (دژە-پەیکەریی) زۆرجار لە دەرەوە ساکارە؛ هەموو جوانی و قووڵاییەکەی لە "ناوەوە" و لەناو ئەو بۆشاییەدایە کە مرۆڤ تێیدا نوقم دەبێت.

حەوشەی مزگەوت یان ماڵە کۆنەکان نوێنەرایەتی "دڵ" دەکەن؛ شوێنێکی ئارام کە تێیدا مرۆڤ لە جەنجاڵی دەرەوە جیا دەبێتەوە و ڕوو لە ئاسمان (بەرەو سەرەوە) دەکات.

نەخشی ئەندازەیی (Arabesque): ئەم نەخشانە کۆتاییيان نییە. کاتێک سەیری دیوارێکی نەخشێنراو دەکەیت، چاوەکانت ناچنە سەر یەک خاڵی دیاریکراو، بەڵکو بەردەوام دەسووڕێنەوە. ئەمە وێنەیەکی بچووککراوەی "بێکۆتایی خودا"یە لە ناو سنووری ماددەدا.

"موقەرنەس" (Muqarnas): گۆڕینی ماددە بۆ ڕووناکی، یەکێک لە سەرسوڕهێنەرترین داهێنانەکان "موقەرنەس" یان ستوونی هەڵواسراوە. لە ڕووی فیزیکییەوە، موقەرنەسەکان وەک کلۆگۆشت و شانەی هەنگ وایە کە قورسایی قوبەکان ڕادەگرن. لێرەدا تەلارساز دەیەوێت "قورسایی بەرد" بشکێنێت. کاتێک تیشکی خۆر دەکەوێتە سەر موقەرنەسەکان، سێبەر و ڕووناکی وا دەکەن وا هەست بکەیت دیوارەکان قورس نین و لە ئاسمانەوە هەڵواسراون. ئەمە ئاماژەیە بۆ فەلسەفەی "فەنابوون"؛ کە هەموو شتێکی ماددی لە بەرامبەر گەورەیی ڕووناکیدا (نور) وەک تەومژ دەردەکەوێت. نادر ئەردەلان پێی وایە ئەمە بۆ ئەوەیە "قورسایی ماددە" بشکێنرێت و مرۆڤ هەست بە سووکی و ئارامی بکات لە حزووری خودادا.

سیمبۆلیزمی قوبە و منارە: نوێنەرایەتی زەوی و ئاسمان، قوبە (The Dome): نوێنەرایەتی ئاسمان و جیهانی مەلەکوت دەکات. شێوە بازنەییەکەی نیشانەی تەواوەتی و بێکۆتاییە. چوارگۆشەی بنکە؛ زۆرجار قوبە لەسەر بنکەیەکی چوارگۆشە دروست دەکرێت. چوارگۆشە هێمایە بۆ "زەوی" و چوار لایەکەی پردی گواستنەوە، ئەو شوێنەی کە چوارگۆشەکە دەبێت بە بازنە (گواستنەوەی دیوار بۆ قوبە)، هونەریترین و ئاڵۆزترین بەشە. ئەمە لە دیدی فەلسەفییەوە باس لە "پەیوەندی نێوان زەوی و ئاسمان" یان "مرۆڤ و خودا" دەکات.

منارە، وەک پەنجەی شایەتمان وایە؛ ئاراستەی "ئەلف"ی یەکتاپەرستییە. هەروەک ئایەتی: "إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ".
لە تەلارسازیی ئیسلامیدا، دیوارەکان "قسە دەکەن". خەتخۆشی (تەجەللیی وشەی خودا) تەنها بۆ جوانکاری نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بیناکە ببێتە کتێبێکی کراوە، دیوارەکە نابێتە تەنها کەرەستەی بیناسازی، بەڵکو دەبێتە "زارێک" بۆ گوتنی زیکری خودا. کاتێک ئایەتەکان بە شێوەی کوفی یان ثلث لە دەوری دیوارەکان دەسووڕێنەوە، فەزایەکی "دەنگی-بینراو" دروست دەکەن کە مرۆڤ لەناو وشە پیرۆزەکاندا نوقم دەکات، نووسینی ئایەتەکان لەسەر دیوارەکان، بیناکە لە "بێدەنگی" دەردەهێنێت. لە ماڵە کۆنەکاندا، حەوشە لە ناوەڕاستدایە و ڕووی لە ئاسمانە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە "دڵی مرۆڤ" دەبێت کراوە بێت بۆ سەرچاوەی ڕووناکی و لە دەوروبەریدا دیوار هەبێت بۆ پاراستنی لە جەنجاڵی دەرەوە.
تەلارسازیی ئیسلامی هەوڵێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ناو "جوانی"دا نوقم بکات تا لەو ڕێگەیەوە بگاتە "دروستکاری جوانی". هەر وەک فەرموودەی "إن الله جميل يحب الجمال "ئاماژەی بۆ دەکات، ئەم هونەرە دەیەوێت جیهان بکاتە مزگەوتێکی گەورە کە تێیدا هەموو گۆشەیەک و هەموو کەوانەیەک، یادخەرەوەی ئەو حەقیقەتە بێت کە" :لا إله إلا الله." لە تەلارسازیی ئیسلامیدا مەبەست ئەوەیە مرۆڤ هەست بە "ئارامی و حزوور" بکات. ئەوە تەلارسازییەکە کە ناتەوێت سەرنجت بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەڵکو دەیەوێت سەرنجت بخاتە سەر "ئەو"ی ڕەها.

٢- فەلسەفەی بوون و پزیشکی: مرۆڤ وەک "گەردوونێکی بچووک"

ئەگەر گەردوون "مرۆڤێکی گەورە" بێت، ئەوا مرۆڤ "گەردوونێکی بچووکە". ئەمە وا دەکات پزیشکی تەنها مامەڵە لەگەڵ ئەندامەکان نەکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزانە بکات کە گەردوون بەڕێوە

دەبەن. ئەگەر سەیری ئەم "بونیادە مرۆییە" بکەیت بە چاوی وردبوونەوە، نەک بە چاوی تێپەڕین، دەبینیت کە خودا لەم جەستە بچووکەدا، گەردوونێکی لێکتنراوی کۆکردووەتەوە؛ مرۆڤ لێرەدا کورتکراوەی نێوان عەرش و فەرشە. پزیشکی لای ئێمە، نەک تەنها چارەسەری"علاج"ی دەردەکانە، بەڵکو "سیاسەتی جەستەیە" و هونەری ڕێکخستنی ئەو سوپایەیە کە لە ناو دەمارەکاندا دەجەنگن. پزیشکی لە دیدی ئیسلامیدا تەنها زانستێکی ماددی نییە بۆ چاککردنەوەی جەستە، بەڵکو "هونەری پاراستنی هاوسەنگیی ڕۆح و جەستەیە ."ئەم زانستە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا بە "صناعة الطب" ناودەبرێت، کە تێیدا پزیشک وەک "حەکیم" دەردەکەوێت؛ واتە کەسێک کە نەک تەنها دەرمان دەناسێت، بەڵکو لە حیکمەتی دروستکردنی مرۆڤیش تێدەگات. مۆسیقای بایۆلۆژی و چەمکی "ئیعتیدال" ئیبن سینا پێی وابوو تەندروستی بریتییە لە هاوسەنگیی جەستە. ئەمڕۆ، پزیشکی بەناوبانگی ئەمریکی و نووسەری کتێبی The Biology of Belief، د. بروس لیپتۆن (Bruce Lipton)، دەیسەلمێنێت کە خانەکانی جەستەمان تەنها بە جینیاتی ئێمە بەڕێوە ناچن، بەڵکو ژینگەی دەروونی و "بڕواکانمان" کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بایۆلۆژیای جەستە هەیە. ئەمە هاوتایە لەگەڵ فەلسەفەی پێغەمبەر (د.خ) لە بایەخدان بە جۆری خۆراک وەک بنەمای بنەڕەتی. ڕازی جەخت لەسەر "پزیشکیی دەروونی " دەکاتەوە و پێی وایە ڕۆح و جەستە پێکەوە نەخۆش دەکەون، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئایەتی" :فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا "(البقرة: ١٠) ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات کە نەخۆشییە مەعنەوییەکان (حەسەدی، کینە، دووڕوویی) دەبنە هۆی نەخۆشیی فیزیکی کە نیشان دەدات چۆن نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی ئاوێتەن، لە زانستی نوێ پشتڕاستی دەکاتەوە (Psychosomatic Medicine): کە زۆربەی

نەخۆشییە درێژخایەنەکان (وەک فشاری خوێن، شەکرە، کێشەی هەرس) ڕەگێکی دەروونییان هەیە. لە فەلسەفەی پزیشکیی ئیسلامیدا، جیاوازی هەیە لە نێوان چارەسەر (کارەکەی پزیشک) و (شیفا) دەرەنجامەکە کە لای خودایە، ئایەتی" :وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ " (الشعراء: ٨٠). ئەم ئایەتە پزیشک لە "ئیگۆ" (Ego) یان ئەو "غرورە" دەپارێزێت کە وا بزانێت ئەو "ژیانبەخشە". هەروەها چارەخوازیش بە ئومێدەوە دەبەستێتەوە بە سەرچاوەی ژیان، چونکە هەمیشە دەزانێت لە سەرووی دەرمانەوە، سەرچاوەیەکی تری شیفا هەیە (وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ). وەک پروفیسۆر مەجدی یەعقوب (پزیشکی بەناوبانگی دڵ) دەڵێت: "من تەنها دەمارەکان دەدوورمەوە، بەڵام هێزێکی تر هەیە کە وایان لێدەکات پێکەوە بنووسێن و چاک ببنەوە." پزیشکی ئیسلامی زانستێکە کە تێیدا "تاقیگە" و "میحراب" یەک دەگرن. پزیشکی حەکیم ئەو کەسەیە کە کاتێک سەیری خانەیەک دەکات، تەنها پرۆتین نابینێت، بەڵکو گەورەیی نەخشەیەک دەبینێت کە هەموو گەردوونی پێ بەڕێوە دەچێت. تەندروستی لێرەدا واتە: "سەماکردنێکی هاوسەنگ لەگەڵ یاساکانی خودا لە سروشتدا." قورئان جەخت لەسەر چەمکی "الطيبات" دەکاتەوە. "طيب" تەنها بە واتای "پاک" نایەت، بەڵکو بە واتای "پاکژ لە ڕووی لەرەلەر و وزەشەوە". لەم چوارچێوەیەدا، پاکژی (النظافة) تەنها لایەنێکی شکڵی نییە، بەڵکو گەڕانە بەدوای لەرەلەری "طيب". کاتێک مرۆڤ دەستنوێژ دەگرێت، تەنها ماددە لاناچێت، بەڵکو بارگە نەرێنییەکانی دەروون دادەماڵرێن و "وزەی بایۆلۆژی" جەستە ڕێکدەخرێتەوە. ئەمە پیرۆزکردنی جەستەیە وەک پەرستگایەک کە نابێت بە پیسی و ژەهر (ماددی یان مەعنەوی) ئالوودە بکرێت.

زانستی سەردەم (Epigenetics) دەیسەلمێنێت کە ژینگە، جۆری خۆراک و تەنانەت "میزاجی دەروونی" کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر

گۆڕینی ڕەفتاری جیناتەکانمان (DNA Expression) هەیە. فەرموودەی ڕێگری لە چوون و هاتن (کەرەنتینە) پەیامهێن (د.خ) دەفەرموویت: إِذَا سَمِعْتُمْ بِالطَّاعُونِ بِأَرْضٍ فَلَا تَدْخُلُوهَا، وَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَأَنْتُمْ بِهَا فَلَا تَخْرُجُوا مِنْهَا" (رواه البخاري ومسلم) واتە: "ئەگەر بیستتان نەخۆشی تاعوون (یان هەر پەتایەکی کوشندە) لە زەوییەکدا بڵاوبووەتەوە، مەچنە ناوی. وە ئەگەر لە زەوییەکدا بوون و پەتایەکە لێیدا، لێی مەچنە دەرەوە." بەر لەوەی پزیشکی بێتە ناو گۆڕەپانی "چارەسەر"، لە فەلسەفەی ئیسلامیدا وەک "پارێز" دەست پێ دەکات. ئەمە تەنها ڕێگری نییە لە ڤایرۆس، بەڵکو میتافیزیکای پاراستنی ئەو ئەمانەتەیە کە خودا پێی سپاردووین. ئیبن سینا دەڵێت: "پزیشکی زانستێکە پێمان دەڵێت چۆن تەندروستی بپارێزین." ئەمڕۆ زانستی نوێی Epigenetics (سەروو جینات) پشتڕاستی دەکاتەوە کە شێوازی ژیان و ژینگە دەتوانن ڕەفتاری DNA بگۆڕن؛ واتە ئەو "پارێز"ەی حەکیمەکان هەزار ساڵ پێش ئێستا باسیان دەکرد، لە ڕاستیدا "بەرنامەداڕشتنەوەی بایۆلۆژی" بووە بۆ مرۆڤ.

کاتێک پێغەمبەر (د.خ) بناغەی "کەرەنتینە"ی دانا و فەرمووی: "ئەگەر بیستتان نەخۆشی لە زەوییەکدا هەیە، مەچنە ناوی و لێشی مەچنە دەرەوە"، تەنها یاسایەکی تەندروستی دەرنەکرد، بەڵکو فەلسەفەی "ئیتیفاتی گەردوونی" و بەرپرسیارییەتی ڕەوشتیی چەسپاند. ئەمە نیشان دەدات کە تەندروستیی تاک و کۆمەڵ یەک تانوپۆن؛ هەر لادانێکی تاکەکەسی، هاوسەنگیی "گەردوونە گەورەکە" تێکدەدات. ئەم هاوسەنگییە لە "ئیعتیدال"ی جەستەیشدا ڕەنگدەداتەوە. فەرموودەی "سێیەکی بۆ خۆراک، سێیەکی بۆ ئاو، و سێیەکی بۆ هەناسە" تەنها ڕێجیمێک نییە، بەڵکو مۆسیقای بایۆلۆژییە. کەمخۆری ڕوح سوک دەکات و دەرفەتی "فڕین" بە مرۆڤ دەدات، چونکە جەستەیەک کە

بەردەوام خەریکی هەرسکردنی بێمانایە، وزەی بۆ داهێنان و عیبادەت نامێنێت. سەیر بکە چۆن برسییەتی دەبێتە "هێز"! لە کاتێکدا دونیا بەدوای Autophagyدا دەگەڕێت وەک دۆزینەوەیەکی نوێ، حیکمەتی پزیشکیی ئێمە هەزار ساڵە دەڵێت: "ڕۆژوو جەستە ناچار دەکات پاشماوەکانی خۆی بخوات." ئەمە جۆرێکە لە "خۆنوێکردنەوەی زەبرچەشتوو"؛ جەستە وەک قەقنەس لە ناو خۆڵەمێشی برسییەتیدا، ژیانێکی نوێ بۆ خانەکانی دەخولقێنێت. ئەمە تەنها پەرستش نییە، بەڵکو "نەشتەرگەرییەکی خوداییە" بۆ پاککردنەوەی ناوەوە لەو ژەهرانەی کە تێرخۆری کێشابوونی. وەرزشیش لێرەدا دەبێتە "جوڵەی حەکیمانە" بۆ ڕزگارکردنی جەستە لە پاشماوەکان و هاوسەنگکردنی کیمیای مێشک (ئیندۆرفین). تەنانەت خەویش سەمایەکە لەگەڵ ڕیتمی سروشتدا. ئایەتی "وَجَعَلْنَا النَّوْمَ سُبَاتًا" ئاماژەیە بۆ نوێبوونەوەی ژیان. زوو خەوتن دوای عیشا و هەستان لە بەرەبەیاندا، ڕێکخستنی جەستەیە لەگەڵ "ڕیتمی سێرکادیان" و لوتکەی دەردانی هۆرمۆنەکان. زانستی نوێ دەڵێت خەوی شەو "پاککەرەوەی مێشکە" (Glymphatic system)، وەک چۆن ئایین دەڵێت کاتی ئارامیی ڕوح و میعراجی مەعنەوییە.

٣- جوانیناسیی ڕێکخستنی جەستە: فەلسەفەی جوانپۆشی و کەشخەپۆشی لە کایەی ئیماندا

ژیان لە دیدگای ئیسلامیدا تابلۆیەکی تێکەڵە؛ تێیدا مۆسیقا ئارامیی ڕوحە، جلوبەرگ شکۆی جەستەیە، خۆراک پاکژیی ماددەیە، قسەکردن ڕەنگدانەوەی عەقڵە، و میوانداری لوتکەی مرۆڤدۆستییە. مرۆڤی باوەڕدار لێرەدا دەبێتە "هونەرمەندێک" کە لە هەموو جوڵەیەکیدا دەیەوێت "جوانیی خودایی" لە زەویدا بەرجەستە بکات "حەیا" دەبێتە هونەری شکۆ. جلوبەرگ لە فەلسەفەی وجودیدا، تەنها داپۆشەری "عەورەت" نییە، بەڵکو "پەرژینی دەروونە". مرۆڤ تاکە

بوونەوەرە کە "پۆشاک" دەپۆشێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی "کولتورییە" نەک تەنها "بایۆلۆژی". لە دیدگای ئایینیدا، جلوبەرگ یەکەمین هەنگاوی مرۆڤە بۆ دەرچوون لە سروشتی ئاژەڵی و چوونە نێو کایەی "تەکلیف و کەرامەت."

لە جیهانی ئەمرۆدا کە "مۆدە" زۆرجار وەک ئامرازێک بۆ بەکاڵاکردنی مرۆڤ بەکاردێت، تۆرستاین ڤێبلێین بەمە دەڵێت: "خەرجکردنی بەرچاو بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی چینایەتی"، گەڕانەوە بۆ چەمکە ئیستاتیکییەکانی (جوانیناسیی) قورئان و سوننەت، پێناسەیەکی نوێ بۆ "کەشخەیی" دەبەخشێت کە تێیدا جەستە نابێتە کاڵا، بەڵکو دەبێتە تابلۆیەک بۆ نیشاندانی نیعمەتی خودایی. کاتێک قورئان دەفەرموێت: "وَرِيشًا" (الأعراف: ٢٦)، لە دیدی قورئانیدا، پۆشاک تەنها بۆ داپۆشینی عەورەت نییە، بەڵکو وەک "ڕیش" (پەڕی باڵندە) وەسف کراوە. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جوانی بەشێکی دانەبڕاوە لە ئامانجی پۆشاک. مرۆڤی باوەڕدار کاتێک جلێکی ڕێک و خاوێن دەپۆشێت، لە ڕاستیدا سەرقاڵی "عیبادەتێکی بینراو"ە، چونکە نیشاندانی شکۆی دروستکراوەکانی خودا، دەربڕینی سوپاسگوزارییە. ڕۆلان بارت دەڵێت: مۆدە زمانێکی بێدەنگە؛ ئێمە کاتێک جلێک دەپۆشین خەریکی نووسینی ڕستەیەکین کە خەڵکی دەتوانن بیخوێننەوە.

ئیسلام دژی "جوانی" نییە، بەڵکو دژی "تەبەرج" (نمایشی بێمانا)یە. خودا مرۆڤی تەنها بە ڕووتی جێنەهێشتووە، بەڵکو "جوانی" بۆ دابەزاندووە. لێرەدا پۆشاک دەبێتە "دیالۆگێکی بینراو" لە نێوان مرۆڤ و خودادا. جلوبەرگ لای مرۆڤی حەکیم، نیشانەی سوپاسگوزارییە بۆ نیعمەتی بوون. وەک ئیمامی غەزالی دەڵێت: "جوانیی پۆشاک ئەگەر بۆ غروور نەبێت، عیبادەتە، چونکە نیشاندانی شکۆی دروستکراوی خودایە". جلوبەرگ تەنها قوماش نییە، بەڵکو "پەیامی ناسنامە"یە ئیبن

خەلدون لە "موقەدیمە"دا چەمکێکی بێوێنە دەخاتە ڕوو؛ ئەو پێی وایە پۆشاک "ئاوێنەی دەسەڵات و شکۆیە". کاتێک میللەتێک شکۆی دەرووونی دەشکێت، دەست دەکات بە لاساییکردنەوەی کوێرانەی پۆشاکی بێگانە (التقلید). لە زانستی کۆمەڵناسیدا، جلوبەرگ پێی دەوترێت "Pre-verbal Communication" (پەیوەندیی پێش-وتەیی). بەر لەوەی قسە بکەیت، جۆری پۆشاکەکەت پلەی "ئەخلاقی" و "ڕێزی کۆمەڵایەتیت" دیاری دەکات. مرۆڤی ئیماندار مۆدەی وەک ئامرازێک بەکاردێنێت بۆ چەسپاندنی "ویقار"، نەک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نادروست. ئەمە ئەو شوێنەیە کە تێیدا "سادەیی" (Minimalism)دەبێتە لوتکەی مۆدێرنە و ڕەسەنایەتی.

پاراستنی چەق و هێزی ناوەوە لە دەروونناسیی مۆدێرندا، چەمکێک هەیە بە ناوی"Enclothed Cognition"؛ واتە ئەو پۆشاکانەی دەیانپۆشین، کار لە شێوازی بیرکردنەوە و هەستی خۆبەگەورەزانین یان شەرمنیمان دەکەن. ئەمە تەواو تەریبە لەگەڵ دیدی ڤیلیام جەیمس کە جلوبەرگ بە بەشێک لە "خودی ماددی"ی مرۆڤ دەبینێت. حەیا لە ئیسلامدا "لاوازبوونی کەسایەتی" نییە، بەڵکو "کۆنترۆڵکردنی وزەیە". کاتێک مرۆڤ جەستەی خۆی بە شکۆوە دادەپۆشێت، لە ڕاستیدا بە بەرامبەر دەڵێت: "من تەنها جەستەیەک نیم بۆ بینین، بەڵکو عەقڵ و ڕۆحێکم بۆ ناسین." ئەمە لوتکەی "ئەتەکێتی مرۆیی"یە." ئیبن قەیمی جەوزی دەڵێت: "پۆشاک سێبەری دڵە؛ هەرچەندە دڵ خاوێنتر بێت، پۆشاکی دەرەوە بە ویقارتر و پاکتر دەبێت. مۆدەی ڕاستەقینە لای مرۆڤی تێگەیشتوو، تێکەڵکردنی "اصالة" (ڕەسەنایەتی) و "معاصرة" (هاوچەرخی)یە. ئیسلام ڕێگری لە جوانی نەکردووە، بەڵکو ڕێگری لە "تەبەرج" (نمایشکردنی بێمانا) کردووە. مۆدەی ئیسلامی بریتییە لە فەلسەفەی "Hidden Beauty" (جوانیی شاراوە)؛ جوانییەک کە

تەنها ئەو کەسانە دەبینن کە خاوەن زەوقێکی باڵان، تێدەگەن کە پۆشاک تەنها بۆ ئەوە نییە "سەیر بکرێت"، بەڵکو بۆ ئەوەیە وەک مرۆڤێکی خاوەن "مانا" و "شکۆ" دەربکەویت. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: "إن الله جميل يحب الجمال" (موسلیم). لێرەدا جوانی وەک سیفەتێکی یەزدانی دەبینرێت، و مرۆڤ دەبێت لە پۆشاکیدا ڕەنگدانەوەی ئەم جوانییە بێت، گایلز لیپۆڤێتسکی مۆدە وەک ئازادیی تاک دەبینێت، بەڵام ئەم ئازادییە لە دیدی ئیمانیدا لە "ئیعتیدال" (هاوسەنگی)دایە"؛ نە نوقمی ڕازاوەیی بێت کە ببێتە کۆیلەی ماددە، و نە ئەوەندە فەرامۆشی بکات کە ببێتە هۆی سوکایەتی بە مرۆڤبوونی.

٤- ژینگە لە ئەندازیاریی گەردوونەوە بۆ ئارامیی ڕۆح

کاتێک تەماشای زەوی دەکەین، لە بەردەم تابلۆیەکی ئەندازیاریی یەکجار وردda دەوەستین کە هیچ ڕێکەوت و بێسەروبەرییەکی تێدا نییە. قورئانی پیرۆز بە دێڕێکی کورت، بنەمای ئەم نەزمە گەردوونییەمان بۆ کورت دەکاتەوە و دەفەرموێت: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ [القمر: ٤٩] ئەم «قەدەرە» واتا هاوسەنگییەکی ماتماتیکی و کیمیایی قووڵ کە ئەگەر تەنها یەک گەردیلەی دەستکاری بکرێت، تەواوی تۆڕی ژیان تێکدەچێت. پاراستنی ئەم هاوسەنگییە لای مرۆڤی باوەڕدار، تەنها جێبەجێکردنی یاسایەکی حوکمەت نییە، بەڵکو ئەرکێکی عەقیدی و ناموسێکی ئەخلاقییە، چونکە تێکدانی ئەم نەزمە، ڕاگەیاندنی شەڕ و یاخیبوونە لە دژی حیکمەتی خودا.

ئەرکی مرۆڤ "جێنشینیە" نەک "خاوەندارێتی ڕەها" فەلسەفەی مۆدێرن لە نێوان دوو جەمسەردا سەرگەردانە: ئایا مرۆڤ سەنتەری گەردوونە و بۆی هەیە هەموو شتێک بۆ کەیفی خۆی بەکاربهێنێت، یان سروشت سەنتەرە؟ هاوکات پرسیار لە "دادپەروەریی نێوان نەوەکان" دەکرێت. ئیسلام دێت و فەلسەفەیەکی زۆر بەرزتر پێشکەش دەکات؛

تۆ خاوەنی ئەم زەوییە نیت، بەڵکو تەنها «ئەمین و جێنشینیت»: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾. خاوەنی ڕاستەقینە خودایە، تۆش وەک میوانێک یان فەرمانبەرێک نێردراویت تا چاکی بکەیت، نەک وێرانی بکەیت. فەیلەسوفی گەورەی مێژووی ئیسلام، ئیبن ڕوشد، لە کتێبی (الكشف عن مناهج الأدلة) سەرنجێکی قووڵ دەخاتە ڕوو و دەڵێت: «هەموو بوونەوەرەکان بەستراونەتەوە بە ژیانی مرۆڤەوە، ئەم گونجاندنە گەردوونییەش پێمان دەڵێت کە پاراستنی پێکهاتەکانی سروشت، بەشێکە لە پاراستنی خودی مرۆڤایەتی.»کاتێکیش باس لە مافی نەوەکانی داهاتوو دەکرێت، پێغەمبەر (د.خ) بە فەرموودەیەکی کورت تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان دەگۆڕێت: «إِنْ قَامَتِ السَّاعَةُ وَبِيَدِ أَحَدِكُمْ فَسِيلَةٌ، فَإِنِ اسْتَطَاعَ أَنْ لاَ تَقُومَ حَتَّى يَغْرِسَهَا فَلْيَفْعَلْ» (ئەگەر قیامەت هات و نەمامێک بە دەستی یەکێک لە ئێوەوە بوو، با بیچێنێت). ئەمە ترۆپکی فەلسەفەی بەردەوامییە؛ تەنانەت لە دوا چرکەی تەمەنی گەردوونیشدا، تۆ دەبێت ژیان بچێنیت، چونکە بەهای کارەکە لە خودی چاکەکارییەکەدایە، نەک لەوەی کێ دەیخوات.

چاندنی بەهای "دەستپێوەگرتن" و قەدەغەکردنی "ئیسراف"پەروەردەی نوێ (وەک تیۆرییەکانی جۆن دیوی) جەخت دەکاتەوە کە منداڵ لە ڕێگەی کارکردنی پراکتیکی لە ناو سروشتدا فێری بەرپرسیارێتی دەبێت. لای ئێمە، پەروەردەی ژینگەیی لەسەر بنەمای «شەرمکردن لە خودا و ڕێزگرتن لە نیعمەت» دروست دەبێت. پێغەمبەر (د.خ) کاتێک دەبینێت هاوەڵەکەی (سەعد) لە کاتی دەستنوێژگرتندا ئاو زۆر بەکاردەهێنێت، پێی دەفەرموێت: «ئەم بەفیڕۆدانە چییە؟» سەعد بە سەرسامییەوە دەپرسێت: ئایا لە ئاوی دەستنوێژیشدا ئیسراف هەیە؟ پەیامهێن دەفەرموێت: «بەڵێ، تەنانەت ئەگەر لەسەر ڕووبارێکی ڕژاو و خێراش بیت». ئیمامی غەزالی لە کتێبی (إحياء علوم الدين) لەسەر ئەم بنەمایە

دەنووسێت: «هەر کەسێک ئاو بەفیڕۆ بدات، یان درەختێک بەبێ هۆکار ببڕێت، یان سەرچاوەیەکی ژیان تێکبدات، ئەوا لە بازنەی "بەکارهێنان"ەوە دەرچووە و کەوتووەتە ناو "کوفران بە نیعمەت"، چونکە بەکارهێنانی بەخشیشەکانی خودا لە دەرەوەی ئامانجی خۆیان، ستەمە.». کاتێک منداڵ بەم پەروەردەیە گەورە دەبێت، پاراستنی ژینگە لای ئەو نابێتە ئەرکێکی قورسی یاسایی، بەڵکو دەبێتە عیبادەتێکی ناوەکی، چونکە دەزانێت: ﴿وَلَا تُسْرِفُوا ۚ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾.

دادپەروەریی گشتی و بەرەنگاربوونەوەی "فەساد"کۆمەڵناسیی مۆدێرن ڕەخنەی توند لە کلتوری بەکاربردن (Consumerism) دەگرێت کە تێیدا مرۆڤەکان تەنها بۆ چێژی کاتی شت دەکڕن و فڕێ دەدەن، و کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش زیاتر سروشتی ناوچە هەژارنشینەکان پیس دەکەن (Environmental Justice). قورئانی پیرۆز بە دێڕێکی ڕوون، ئاوێنەیەک دەخاتە بەردەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دە فەرموێت: ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ﴾ [الروم: ٤١] ئەم ئایەتە هاواری کۆمەڵناسیی ژینگەیە؛ پیسبوونی دەریاکان، گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی خاک، ئەنجامی چاوچنۆکیی دەستی مرۆڤە. فەقیهـ و بنەماڕێژی گەورە، ئیمامی شاتبی لە کتێبی (الموافقات) کاتێک باس لە "مەقاسیدی شەریعەت" دەکات، دەڵێت تێکڕای ئایین بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و دوورخستنەوەی زیان هاتووە. زانایانی مۆدێرن (وەک تاهیر بن عاشور) دەڵێن پاراستنی ژینگە لە پێشینەی پاراستنی نەفسی مرۆڤەکاندایە.کاتێک یاسای پێغەمبەر پێمان دەڵێت: «لاَ ضَرَرَ وَلاَ ضِرَارَ» (زیان گەیاندن بە خۆت و بە کەسانی تر لە ئیسلامدا نییە)، ڕێگا نادات لە پێناو قازانجی کارگەیەک یان تەکنەلۆژیایەک، ژینگەی خەڵک و کۆمەڵگە وێران بکرێت. لە مێژووشدا سیستەمی «الحِسبة - چاودێریی گشتی» کە ئیبن تەیمیە باسی دەکات، دەسەڵاتی دەدا بە

دەوڵەت کە سزای ئەو کەسانە بدات کە پاشماوە و بۆنی ناخۆش دەخەنە ناو ڕێگای گشتیی خەڵکەوە.

سروشت وەک نشینگەی ئارامیی ڕۆح، دەروونناسیی مۆدێرن دەڵێت دابڕانی مرۆڤ لە سروشت و قەتیسبوونی لە ناو شارە چیمەنتۆییەکاندا، هۆکاری سەرەکیی خەمۆکی و دڵڕاوکێی بەردەوامە. لە بەرامبەردا، قورئان کاتێک باس لە دروستبوونی باخچە و سەوزایی دەکات، سیفەتێکی دەروونیی پێدەبەخشێت: ﴿فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ﴾؛ واتا باخچەگەلێک کە «بەهجە» (شادی، گەشاوەیی و ئارامیی قووڵ) دەبەخشنە ناخی مرۆڤ. ئیبن قەییم جەوزی لە کتێبی (مفتاح دار السعادة) تێڕوانینێکی عاریفانەی ناوازە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: «ئەگەر مرۆڤ بە چاوی دڵ و تێڕامانەوە تەماشای دروستکراوەکانی خودا بکات؛ لە ڕەنگی ڕووەکەکان، جوانیی ئاسمان و ڕەوتی ئاوەکان، جۆرە گۆشەگیری و دڵگرانییەکی لێ دوور دەکەوێتەوە کە بە چێژەکانی تری دنیا دوور ناکەوێتەوە؛ چونکە گەردوون پەرتووکێکی کراوەیە بۆ ناسینی خودا و هێورکردنەوەی ڕۆح.» سروشت لای باوەڕدار شوێنی تەفەککورە و تێڕامانە. بۆیە کاتێک گەنجانی ئەم سەردەمە تووشی ترسی داهاتووی زەوی (Eco-Anxiety) دەبن بەهۆی وێرانکارییەکانی مرۆڤەوە، ئیسلام چەمکی تەوەککوڵ و ئومێدیان پێدەبەخشێت؛ ئێمە تا دوا چرکە بەرپرسیارین لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی خاک، ئاو و هەوا، و ئەنجامەکەش لای خودایەکی دادپەروەرە.

٥- فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی "پەیوەندیی ڕەسەن "

بیرکردنەوەی قووڵ لەم دیاردەیە و دارشتنەوەی بە پێوەرە ڕۆحی و کۆمەڵایەتییەکانی ئیسلام، نیشانمان دەدات کە ناسنامەی مرۆڤ چۆن لە پێوەرە ئاسمانییەکانەوە بەرەو ماتریالیزمێکی (ماددیگەرایی) ڕووالەتی کۆچ دەکات. ئیسلام هەر لە سەرەتاوە کێشەکە لە ڕیشەوە دەبینێت؛

تێکچوونی پەیوەندییە ئاسۆییەکان (مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ)، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ساردبوونەوەی پەیوەندییە ستوونییەکانە (مرۆڤ لەگەڵ خودا). «ئەم حەقیقەتە فەلسەفییە، ڕەنگدانەوەی تەواوی تیۆرییەکانی شا وەلیوڵا دەهلەوی یە؛ ئەو پێی وابوو کاتێک کۆمەڵگە دەگاتە لووتکەی پەرەسەندنی سیاسی و جیهانی، ئەگەر هاوسەنگیی ڕۆحی و دادپەروەریی ئاسمانی تێیدا نەمێنێت، پەیوەندییە مرۆییەکان لە جەوهەرەوە بەرەو داڕزان کۆچ دەکەن و گەندەڵی دەبێتە یاسای باو. هێزی بزوێنەری شارستانیەتی ئیسلامیش لە مێژوودا کە توانی جیهان بگۆڕێت، لەوەدابوو کە بە توندی پارێزگاریی لە پیرۆزیی ئەم دوو هێڵە دەکرد: "پەیوەندیی ستوونی" (گرێدراوی مرۆڤ بە خوداوە) و "پەیوەندیی ئاسۆیی" (هاوسۆزی و ئەخلاقی نێوان مرۆڤەکان).»

لە "پەیوەندیی ڕەسەن"ەوە بۆ "پەیوەستبوونی وەهمی"ئیسلام پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لەسەر بنەمای «سۆزی ڕاستەقینە و ئامادەیی دڵ» بنیات دەنێت، نەک هێما ساردەکانی سەر شاشە. کاتێک مرۆڤ دەبێتە خاڵێک لە تۆڕێکی دیجیتاڵیدا، جەوهەری پیرۆزی خۆی لەدەست دەدات. خودای گەورە لە باسی پەیوەندییە قووڵەکاندا دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ [الروم: ٢١] زانای کۆمەڵناسی "زیگمۆنت باومان" لە شیکردنەوەی ئەم دۆخەدا دەڵێت: «لەکاتی گۆڕانی پەیوەندییەکان بۆ پەیوەستبوونی ئەلیکترۆنی، مرۆڤ لەبری قووڵبوونەوە، پەیوەندییەکان "بەکاردێنێت" و بە ئاسانی دەستبەرداریان دەبێت؛ ئەمەش مرۆڤ تووشی جۆرێک لە تەنیایی دەکات کە تێیدا هیچ شتێک جێگیر نییە.» گۆشەگیری لە نێوان قەرەباڵغیدا (بێئاگایی لە جەوهەر)ئەم دڵەڕاوکێیەی ئێستا پێی دەڵێن (FOMO) — واتا ترسی بەردەوام لە دابڕان لە ژیانی ئەوانی تر — لۆجیکی سۆشیاڵ میدیایە. مرۆڤ لە ناو هەزاران هاوڕێی ڕووالەتیدا دەژی بەڵام

له ناخەوە تەنیا و غەریبە، چونکە چاوی تەنیا لەسەر درەوشانەوەی کاتیی ژیانی خەڵکی ترە: ﴿يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ﴾ [الروم: ٧] سزا دەروونییەکەی فەرامۆشکردنی خودا ئەوەیە کە مرۆڤ ناخی خۆی لەبیر دەباتەوە و هەمیشە هەست بە کەموکوڕی دەکات: ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ﴾.

جێگرتنەوەی مرۆڤ بە ئاژەڵ (هەڵهاتن لە بەرپرسیارێتی)یەکێک لە دیارترین دەرئەنجامەکانی دابڕانی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی مۆدێرندا، پەنابردنی مرۆڤە بۆ بەخێوکردن و خزمەتکردنی زیاد لە پێویستی سەگ و پشیلە لەبری خزمەتکردن و سەرپەرشتیکردنی مرۆڤ (وەک منداڵ، دایک و باوک، یان هاوسەر). مرۆڤی مۆدێرن لە ڕێگەی ئاژەڵەوە هەم دەیەوێت بۆشایی سۆزداری خۆی پڕ بکاتەوە، هەم لە بەرپرسیارێتییە ئەخلاقی و قورسەکانی پەیوەندیی مرۆیی ڕابکات. فەیلەسوفی فەرەنسی "ژان بۆدریار" ئاماژە بەوە دەکات کە: «ئاژەڵی ماڵی لە جیهانی مۆدێرندا بووەتە جێگرەوەیەک بۆ مرۆڤی ئامادەنەبوو (غایب). مرۆڤ ناتوانێت بەرگەی مەرجەکانی پەیوەندیی ڕاستەقینە بگرێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئاژەڵێک کە خۆشەویستییەکی بێ مەرج و بێ بەرپرسیارێتی پێ دەبەخشێت.» ئیسلام هەرچەندە فەرمانی بە بەزەیی هاتووە بەرامبەر بە ئاژەڵان (وەک چۆن لە فەرموودەی ئەو ئافرەتەدا هاتووە کە بەهۆی تینووکردنی پشیلەیەکەوە چووە دۆزەخەوە)، بەڵام هەرگیز ڕێگەی نەداوە پێوەرەکان تێکبچن و ئاژەڵ جێگەی شکۆی مرۆڤ ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ بگرێتەوە. جێهێشتنی دایک و باوکی بەساڵاچوو لە خانەی نەخۆشان و خەرجکردنی هەزاران دۆلار بۆ کات بەسەربردن لەگەڵ سەگ و پشیلەدا، نیشانەی تێکچوونی هاوسەنگی فیترەتی مرۆڤە.

بەکاڵاکردنی مرۆڤ و لەدەستدانی "شکۆ" سەرمایەداریی دیجیتاڵی مرۆڤ کەم دەکاتەوە بۆ «ئامرازێک» بۆ کۆکردنەوەی لایک و بینەر. بەڵام ئیسلام دەڵێت مرۆڤ خاوەن شکۆیەکی پیرۆزە کە نابێت بکرێتە کاڵایەک بۆ نمایش. پێغەمبەری خودا (ﷺ) پێوەرەکان ڕاست دەکاتەوە و دەفەرموێت:«كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ: دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ، التَّقْوَى هَاهُنَا — وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ» (صحيح مسلم) ئەم فەرموودەیە گەورەیی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ قووڵایی ناخی، نەک بۆ ئەو دەرکەوتە دەرەکییەی خەڵک لە سۆشیاڵ میدیا پێی سەرسام دەبن. سڕبوونی هاوسۆزی و پەرتبوونی سەرنج کاتێک پەیوەندییەکان دەبنە تێکست و زمانەکان لە پشت کیبۆردەکانەوە بریندار دەکەن، توانای هاوسۆزی ڕاستەقینە نامێنێت. ئیسلام کۆمەڵگەیەکی وەک یەک جەستە بنیاد دەکات: «مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ». هەروەها لە ژێر باری زانیارییە خێراکاندا، سەرنجی مرۆڤ پەرت دەبێت و لە قووڵبوونەوە دادەبڕێت. پێغەمبەر (ﷺ) یاسایەکی زێڕینمان پێدەڵێت: «مَنْ جَعَلَ الْهُمُومَ هَمًّا وَاحِدًا هَمَّ الْمَعَادِ كَفَاهُ اللَّهُ هَمَّ دُنْيَاهُ، وَمَنْ تَشَعَّبَتْ بِهِ الْأُمُورُ... لَمْ يُبَالِ اللَّهُ فِي أَيِّ أَوْدِيَتِهَا هَلَكَ» (سنن ابن ماجه)دەرئەنجامی ڕۆحی، مەودای نێوان دڵەکانی زۆر دوور خستووەتەوە. ڕێگەی ڕزگاربوون گەڕانەوەیە بۆ ئەو هاوسەنگییەی کە ئیسلام داوای دەکات: کوژاندنەوەی شاشەکان بۆ داگیرساندنی ڕووناکی ناوەوە، و پێشخستنی ماف و خزمەتی مرۆڤەکان بەسەر ئارەزووە کاتییەکاندا. کاتێک مرۆڤ ناوەوەی خۆی چاک دەکات، خوداش پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پڕ دەکات لە بەرەکەت و ڕەسەنایەتی.

٦ .دەروناسیی مۆدێرن و تەنگژەی "ڕووخانی ناخ"

بنیاتنانی شارستانیەت لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە، پێش ئەوەی پڕۆژەیەکی دەرەکی بێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی، پڕۆژەیەکی ناوەکییە بۆ ڕێکخستنی ناخی مرۆڤ. زانستی دەروونناسی (علم النفس) لە کلتوری ئیسلامیدا لوکسێکی زانستی نەبووە، بەڵکو «بڕبڕەی پشتی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و مەعریفی» بووە کە مێژووی مرۆڤایەتی گۆڕی. کاتێک سۆشیاڵ میدیا، تەکنەلۆژیا و سەرمایەداریی چاوچنۆک مرۆڤ لە فیترەتە ئەسڵییەکەی دادەبڕن، دەرئەنجامەکەی تەنیا شێواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو لێدانی کوشندەیە لە جەوهەری "ناخی مرۆڤ". دەروونناسیی مادیی ڕۆژاوایی مرۆڤی کورتکردووەتەوە بۆ تەنیا کۆمەڵە خانەیەکی بایۆلۆژی یان «ئامێرێکی غەریزی» و کێشە قووڵەکانی لە تاقیگەی دەرمانە کیمیاییەکاندا گەمارۆ دەدات.

بەڵام فەلسەفەی دەروونناسیی ئیسلامی کە لە کۆنەوە بنەمای لێبوردەیی و گەشەی شارستانیەتی پێکهێنا، دەیسەلمێنێت کە ڕووخانی دەروون، پێش هەر شتێک، دەرئەنجامی پچڕانی هێڵی ڕۆحی و بەتاڵبوونی تەواوی مرۆڤە لە «مانای بوون». لە ڕاستیدا، نهێنی سەرکوتنی شارستانیەتی ئیسلامی لە ڕابردوودا ئەوە بوو کە زانایانی وەک ئەبو زەید بەلخی و ئەبوبەکر ڕازی، مرۆڤیان وەک قەوارەیەکی یەکگرتوو (دەرون و جەستە) دەبینی؛ ئەوان کاتێک نەخۆشخانە دەروونییەکانی وەک "مارستان"یان لە بەغداد و قاهیرە دادەمەزراند، ئامانجیان تەنیا سڕکردنی ئازار نەبوو، بەڵکو گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بوو بۆ مرۆڤ تا بتوانێت ببێتە توخمێکی ئاوەدانکەرەوە لە گەردووندا. مرۆڤی هاوچەرخ سەرەڕای تێپەڕینی بە ناو خۆشگوزەرانیی ماددیدا، لە ناخەوە بەدەست جۆرێک لە پووچگەرایی و بێمانایی کوشندەوە دەناڵێنێت؛ دۆخێک کە لە دەروونناسیی مۆدێرندا بە

بۆشایی وجودی (Existential Vacuum) دەناسرێت. ڤیکتۆر فرانکڵ (پێشەنگی چارەسەر بە مانا) دەڵێت: «مرۆڤ کاتێک لە ناخەوە دەڕووخێت کە هیوا و مانایەک بۆ ژیانی شک نەبات. گەورەترین نەخۆشیی سەردەم خەمۆکیی بێمانایییە». ئیسلام چۆنیەتی ئەم ڕووخانە وجودییە بە وێنەیەکی قورئانیی زۆر تۆقێنەر و کاریگەر کێش دەکات، کاتێک ژیانی بێبڕوا بە کەوتنەخوارەوە لە لوتکەی ئاسمانەوە دەشوبهێنێت: ﴿وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ﴾ [الحج: ٣١] ڕەهەندی قووڵ: چەمکی (مَكَانٍ سَحِيقٍ) ڕێک ئەو تەمومژ و قووڵاییە تاریکەی خەمۆکی و سەرگەردانییەیە کە مرۆڤ تێیدا شوناسی خۆی ون دەکات. کاتێک مرۆڤ پاڵپشتە ڕۆحییەکەی دەپچڕێت، لە کێشکردنی ئاسمانی دەردەچێت و وەک گەڵایەکی وشک دەبێت لەبەر دەم زەبری باوبۆرانەکانی دنیادا.

پرۆفیسۆر د. مالیک بەدری (باوکی دەروونناسیی ئیسلامی مۆدێرن) لە کتێبە مێژوویەکەیدا «تەنگژەی دەروونناسانی موسڵمان»، ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ ئاراستەی تیۆرە کورتبینەکانی ڕۆژاوا دەکات. ئەو پێی وایە فرۆید و سکینەر، مرۆڤیان کورتکردەوە بۆ تەنیا غەریزەی سێکسی (Libido) یان کاردانەوەی میکانیکی ڕووت، و لایەنی ڕۆحی و فیترەتی پیرۆزی مرۆڤیان فەرامۆش کرد؛ ئەمەش گەورەترین شکستی زانستی بوو لە تێگەیشتن لە دەروونی مرۆڤدا. ئالوودەبوونی دۆپامین و سڕبوونی دەروونی و شاشە ڕووناکەکان و چێژە خێراکان مرۆڤیان تووشی جۆرێک لە «سڕبوونی دەروونی» کردووە. مێشک بەردەوام هۆرمۆنی دۆپامین (دڵخۆشیی کاتی) دەرژێنێت لە ڕێگەی لایک و بەکاربردنی بەردەوامی ڤیدیۆ کورتەکانەوە، بەڵام ئەم چێژە ڕووالەتییە ناخ تێر ناکات، بەڵکو مرۆڤ تینووتر و قەلەقتر دەکات. ئیمامی ئیبنولقەییمی جەوزی سەدەها

ساڵ پێش ئێستا ئەم پەرتبوونە دەروونییەی بە وردی شیکردووەتەوە و دەڵێت: «لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا پەرتبوون و پاشاگەردانییەک هەیە کە هیچ شتێک کۆی ناکاتەوە تەنیا ڕووکردنە خودا نەبێت، و تێیدا تەنیایی و غەریبییەک هەیە کە هیچ شتێک نەیڕێت تەنیا ناسینی خودا و نزیکبوونەوە لەو نەبێت.» ئەم تێڕوانینە، یاسای ڕەهای سیستمە دەروونییەکەی مرۆڤمان بیر دەخاتەوە کە تێربوونی ڕاستەقینە تەنیا لە یەک وێستگەدا کورت دەکاتەوە:﴿أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ [الرعد: ٢٨] ئیسلام دەروونی مرۆڤ وەک کۆمەڵە ڕەفتارێکی دەرەکی نابینێت، بەڵکو وەک قەوارەیەکی دینامیکی دەبینێت کە بەهۆی کاریگەرییە دەرەکی و ناوەکییەکانەوە دەگۆڕێت (لە نەفسی ئەممارەوە بەرەو لووامە و پاشان موتمەئینە). ئیمامی غەزالی (پێشەنگی دەروونناسیی ناسینی و گشتگیر) لەم بارەیەوە دەنووسێت: دەروونی مرۆڤ وەک ئاوێنە وایە. تا تاوان، غەفڵەت و پەیوەستیی مادی بە جیهانی دەرەوە زیاتر بێت، ژەنگێکی ڕەش لەسەر ئاوێنەکە دەنیشێت. لەو کاتەدا مرۆڤ ناتوانێت جوانیی ڕاستی و هاوسەنگیی ناخی خۆی ببینێت و تووشی دڵتەنگی و شێواوی دەبێت. ڕووخانی دەروونی خەڵکی لە سەردەمی مۆدێرندا، لە تێکچوونی چەمکی "ژیانی تەسک" (المعيشة الضنك)ەوە سەرچاوە دەگرێت. کاتێک مرۆڤ هەموو هۆشیاری و خەمەکانی تەنیا لە چوارچێوەی مادده و دەرکەوتەدا کورت دەکاتەوە، سزا دەروونییەکەی بریتی دەبێت لە بەردەوامیی دڵەڕاوکێ و نەبوونی بەرەکەت لە کات و سۆزدا: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا﴾ [طه: ١٢٤] مانای قووڵ: (ضَنكًا) مەرج نییە تەنیا هەژاری بێت، بەڵکو غەرقبوونە لە ناو دڵەڕاوکێی بەردەوام، ترسی لەدەستدان، حەسادەت بردن بە ژیانی خەڵکی لە سۆشیاڵ میدیا، و هەستکردن بە بەتاڵی سەرەڕای هەبوونی پارە و پۆست. ئەمە ڕێک پێناسەی خەمۆکیی هاوچەرخە.

"نامۆبوونی دەروونی" یان "تەنگژەی وجودی" مرۆڤی مۆدێرن، بە گۆڕینی حەبە دژە خەمۆکییەکان یان پەنابردن بۆ گەشتە کاتییەکان چارەسەر نابێت. وەک چۆن زانای مۆدێرنی وەک "کارڵ یۆنگ" دانی پێدا ناوە، مرۆڤ پێویستییەکی بایۆلۆژی و دەروونیی جێگیری بە "ئاین و ڕۆحییەت" هەیە بۆ ئەوەی بە تەندروستی بمێنێتەوە. ڕێگەی ڕزگاربوون — وەک د. مالیک بەدری جەختی لێ دەکاتەوە — تەنیا گەڕانەوەیە بۆ «تەزکیەی نەفس» (تزكية النفس)؛ واتا پاککردنەوەی ئاوێنەی ناخ لە ژەنگی تەکنەلۆژیا و ماددەی بەکاربەر، و ئاشتکردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ فیترەتە ڕەسەنەکەیدا. کاتێک ناخ لە قەرەباڵغی و ژاوەژاوی دنیا دوور دەکەوێتەوە و لەگەڵ خالقیدا یەک دەگرێت، ئەو ئارامی و سەکینەیەی بۆ دەگەڕێتەوە کە هیچ هێزێکی دەرەکی لەسەر زەوی ناتوانێت بیڕوخێنێت. جەوهەری دەروونناسی لە ئیسلامدا لەوەدایە کە ناهێڵێت مرۆڤ ببێتە گەڵایەکی وشک و بێپەنا لەبەردەم گەردەلوولی دنیادا؛ بەڵکو بە "کێشکردنی ئاسمان" جێگیری دەکات. مەزنیی شارستانیەتی ئیسلامی لە خشتی ساردی تەلارسازییەکانیدا نەبوو، بەڵکو لەوەدابوو کە «ئاشتیی دەروونی» کردە ژێرخانی پێشکوتنی مادی. ئەوان سەرەتا ناخی مرۆڤیان لە دڵەڕاوکێ ڕزگار کرد، پاشان جیهانیان ئاوەدان کردەوە. ئەمڕۆ، لە ناو تەنگژە و پووچگەرایی سەردەمدا، گەڕانەوە بۆ ئەم فەلسەفەیە تەنیا هەڵبژاردن نییە، بەڵکو «تاقە دەرچەی ڕزگاربوونی» مرۆڤی هاوچەرخە لەو بۆشاییە وجودییەی تێیکەوتووە.

٧- شوناس و کلتور؛ ستراتیژیی "جێگیربوونی ڕەسەن و جووڵەی هاوچەرخ"

چۆن مرۆڤ شوناس و عورفی خۆی لە گەردەلوولی جیهانگیریدا بپارێزێت؟ وەڵامی ئەم هاوکێشەیە لە دەستەواژەیەکی قورئانیدا کورت دەبێتەوە:﴿أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ﴾ [إبراهيم: ٢٤] ئیسلام

«نەزمێکی ڕەسەنی بزوێنەرە»؛ نە کلتورێکی چەقبەستووی مێژووییە لە ڕابردوودا بەسترابێت، و نە عەقڵییەتێکی شلە لە ناو کلتوری هاوردەکراودا بتوێتەوە.

جیاکردنەوەی ئایین لە خەبۆڕی کلتور (تێکەڵبوون و لێڵی و شێواوی) بۆ بەرگری لە شوناس، دەبێت جەوهەری وەحی لە عادات پاک بکرێتەوە. د. عەلی وەردی هۆشداری دەدات لە "دووفاقی کەسایەتی" کاتێک کلتوری خێڵەکی بەرگی پیرۆزی دەپۆشێت. لێرەدا فەقیهی مەزن ابن عاشور دێت و دەڵێت: ئیسلام نەهاتووە بۆ پیرۆزکردنی عورفی زەمەنی، بەڵکو بۆ چەسپاندنی مەقاسید و بەها ڕەهاکان هاتووە. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:«إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ صَالِحَ الْأَخْلَاقِ» (مسند أحمد)ئەم فەرموودەیە سەلمێنەری ئەوەیە کە ئیسلام عورفە چاکەکان (صالح الأخلاق) دەهێڵێتەوە و ئەوانی تر دەگۆڕێت. خۆگونجاندنی ڕاستەقینە لێرەوە دەست پێدەکات. ڕزگاربوون لە گۆشەگیری شوناس جیهانگیری مرۆڤ دەکاتە بەکارهێنەرێکی کوێرانە. بیرمەند مالیک بن نەبی پێی وایە پاشکۆیی کلتوری دەرئەنجامی "ئامادەیی ناوخۆییە بۆ ژێردەستەیی". فەیلەسوف د. تەها عەبدولڕەحمان دەڵێت: نابێت بەهاکانی ڕۆژاوا کۆپی بکرێن، بەڵکو دەبێت لە ناو زمان و کلتور و پێوەرە ڕۆحییەکانی خۆمانەوە مۆدێرنیتەیەکی ئیسلامیی بەرهەمهێنەر دابهێنین. ئەمە یاسایەکی قورئانییە بۆ ڕێگری لە توانەوەی کلتوری: ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ﴾ [المائدة: ٤٨] سەروەریی ئەخلاق بەرامبەر بە دەوڵەتی ساردی یاسا. پرۆفیسۆر وائیل حەلاق دەسەلمێنێت کە مۆدێرنیتە لە ڕێگەی یاسای ساردی ماتریاڵیستییەوە، جیهانی لە سیستمی ئەخلاقیی ڕەسەن ڕووتکردەوە. بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشە بە گەڕانەوە بۆ پێوەری "تەقوا و کەرامەت" دەبێت. کاتێک خێزان و بەزەیی کۆمەڵایەتی دەکەینە نەزمی ژیانمان، قەڵایەک بونیاد دەنێین کە جیهانگیری ناتوانێت

بیروخێنێت، چونکە خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ [الحجرات: ١٣] فلتەرکردنی جیهانی دیجیتاڵی بەرامبەر بە مۆدێرنیتەی شل، تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیی نوێ و کلاسیک (مارکس، ڤێبەر، دورکهایم، باومان، بیونگ-چول هان، شۆشانا زوبۆف، هارتمووت ڕۆزا، شەری تورکل) پێکەوە پشکنینی پزیشکیی کۆمەڵگەی هاوچەرخمان پێدەدەن؛ جیهانگیری لە ڕێگەی "سەرمایەداریی چاودێری" و "مۆدێرنیتەی شل"ەوە، مرۆڤی تووشی لێکترازان، خێرا بوونی شێتانە، و سەرلێشێواوی کلتوری (Anomie) کردووە. لێرەدا ئیسلام وەک هێزێکی بزوێنەر (بەو مانایەی ماکس ڤێبەر باسی دەکات) دێتە کایەوە، دژی کۆمەڵگەی ماندوێتی و چاودێری، ئیسلام شکۆی مرۆڤ دەپارێزێت ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾؛ مرۆڤ لە کاڵایەکەوە دەکاتەوە بە خەلیفە، و لە ڕێگەی حزووری دڵەوە لە گۆشەگیری ڕزگاری دەکات، بیونگ-چول هان پێیوایە مرۆڤی سەردەمی نوێ لە ژێر دروشمی "تۆ دەتوانیت هەموو شتێک بکەیت"دا، خۆی خۆی دەچەوسێنێتەوە. سۆشیاڵ میدیا وایکردووە مرۆڤ تەنیا پۆستی خۆی نیشان بدات، ئەمەش بووەتە هۆی "دەرکردنی ئەویتر" (واتا نەمانی پەیوەندیی ڕەسەن لەگەڵ مرۆڤی ڕاستەقینەدا). مرۆڤەکان تەنیا لەگەڵ دەنگی خۆیاندا دەژین و کۆمەڵگە بووەتە هێلانەی تەنیایی و خەمۆکی. هان دەیسەلمێنێت کە پێوەستبوونی دیجیتاڵی لە ناخەوە مرۆڤ تووشی ڕووتانەوەی ڕۆحی دەکات، کە ئەمەش هاوتەبایە لەگەڵ ئایەتی: ﴿فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ﴾. دژی خێرا بوون و تەنیایی پشت شاشەکان، ئیسلام لە ڕێگەی پەرستشەکان و پێشخستنی مافی واقیعیی مرۆڤەکان (سەردانی نەخۆش، گەیاندنی ڕەحم) هاوسەنگی بۆ کات و دڵەکان دەگەڕێنێتەوە، وەک فەرموودە زێڕینەکەی پێغەمبەر (ﷺ): «مَنْ جَعَلَ الْهُمُومَ هَمًّا وَاحِدًا هَمَّ الْمَعَادِ كَفَاهُ اللَّهُ هَمَّ دُنْيَاهُ» (سنن ابن ماجه). دەرئەنجام ئێمە دژی

تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی سەردەم ناوەستینەوە، بەڵکو دژی فەلسەفەی مادیی پشت کەرەستەکان دەوەستینەوە. خۆپاراستن و خۆگونجاندن کاتێک یەکدەگرن، کە لەنگەرێکی قورسی ئیمانی و ئەخلاقیمان لە ناو ئەم جیهانە شلەدا هەبێت؛ کاتێک مرۆڤ ناوەوەی خۆی چاک دەکات، خوداش پێگەی شارستانییەکەی لە سەر زەمین بەهێز دەکات.

باسی سیانزەیەم: بەرەو بەختەوەری؛ لە بەندایەتیی "من"ەوە بۆ ئازادیی ڕۆح.

ئەم تەوەرە گەشتێکی پڕ لە ئومێد و خۆشبەختییە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ لە تەنیایی و "من"ی خۆپەرستەوە بەرەو ئاشتیی ناخی و ڕووناکیی حەق. لێرەدا، جەژنەکان وەک کەرنەڤاڵی سەرکەوتنی ئیرادە و گۆڕینی جوانیی دڵ بۆ شادییەکی بێنراو وێنا دەکرێن، کە تێیدا قوربانی کەرەستەی خۆشەویستی و هاوسۆزییە. پاشان، وەرزش وەک بەخشەرێکی مژدەی تەندروستی و بووژێنەرەوەی کیمیای مێشک دژ بە خەمۆکی دەخرێتە ڕوو. لە کایەی گەشتکردنیشدا، سەفەر دەبێتە پەنجەرەیەک بۆ دڕاندنی بێزاری و چێژوەرگرتن لە جوانییەکانی سروشت وەک سوپاسگوزارییەکی عەقڵانی. لە کۆتاییدا، بە چوونە ناو "سەمفۆنیای خامۆشی"، دەبینین چۆن بێدەنگی دڵ ئارام دەکاتەوە، خوێندنەوە تەمەن نوێ دەکاتەوە، و تێڕامانیش زانیارییەکان دەگۆڕێت بۆ حیکمەت، تا مرۆڤ بە زەردەخەنە و هاوسەنگییەوە حەقیقەتی بەختەوەریی ڕاستەقینە بچێژێت.

١- جەژنەکان؛ مانۆڕی ڕزگاربوونی ڕۆحن لە زیندانی ماددە و تێپەڕاندنی "من"ی خۆپەرست.

جەژنی ڕەمەزان (سەرکەوتنی ئیرادە): ئاهەنگی سەرکەوتنی مرۆڤە بەسەر غەریزەکانیدا پاش مانگێک لە ڕاهێنان (Delayed Gratification). پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ: فَرْحَةٌ عِنْدَ فِطْرِهِ...». ئیبنولقەییمی جەوزی لە *«الفوائد»*دا دەڵێت: "خودا چێژە حەڵاڵەکانی بۆ ماوەیەک قەدەغە کرد، تا لە جەژندا تامێکی باڵاتری پێ ببەخشێت؛ ئەمە فێرمان دەکات کە تەنها بە ئارامگرتن لەسەر ئارەزووەکان دەگەینە جەژنی ڕاستەقینەی ڕۆحی".

پۆشینی پۆشاکی جوان و دەربڕینی شادی لە ڕۆژی جەژندا، تەنها نیشاندانی خۆشگوزەرانییەکی ڕواڵەتی نییە، بەڵکو گۆڕینی "جوانیی ناوەکیی ڕۆح"ە بۆ "شێوازێکی بینراو لەسەر جەستە". پۆشینی جلی نوێ ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی مرۆڤە بەسەر ژەنگی ڕۆژگار و ماندوێتیی عیبادەتدا؛ جۆرێکە لە گەشبینیی بوونی کە تێیدا مرۆڤ ڕەنگەکانی گەردوون لە بەرگی خۆیدا ڕێکدەخاتەوە تا هاوئاهەنگیی نێوان ئینسان و سروشت نیشان بدات.خۆشی دەربڕین لێرەدا دەبێتە تێکشکاندنی یاسای خەمۆکی و سەلماندنی ئەوەی کە ژیان، سەرەڕای تاقیکردنەوەکان، شایەنی ژیان و پیرۆزکردنە. ئەمە بەرجەستەکردنی ئایەتی قورئانە کە دەفەرموێت: ﴿قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا﴾ [یونس: ٥٨] شادی لەم ڕۆژەدا جۆرێکە لە سوپاسگوزاریی بەرز، کە تێیدا مرۆڤ بە پۆشاکە پاکەکەیەوە ڕێز لەو گۆڕانکارییە ناوەکییە دەگرێت کە لە مانگی ڕابردوودا لە ڕۆحیدا دروست بووە. جەژنەکان وەک هێزێکی ڕاکێشەری کۆمەڵایەتی (Social Cohesion) کار دەکەن بۆ سڕینەوەی نامۆبوون و چینایەتی و تواندنەوەی جیاوازییەکان، لە ڕیزی نوێژ و خوانی جەژندا، پلەبەندیی کۆمەڵایەتی نامێنێت. قورئان دەفەرموێت: ﴿لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا وَلَـٰكِن يَنَالُهُ التَّقْوَىٰ مِنكُمْ﴾ [الحج: ٣٧]. جەژن تەنها سەردانیکردنێکی سارد نییە، بەڵکو دەرمانی سڕینەوەی ئەو ڕق و کینە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە درێژایی ساڵدا لە دەمارەکانی کۆمەڵگادا کڵۆ دەبن. ئیمامی غەزالی لە *«إحياء علوم الدين»*دا دەڵێت: "جەژن بۆ پۆشینی جلی نوێ نییە، بەڵکو بۆ تۆکمەکردنی گرێی خۆشەویستی و سڕینەوەی ڕقە؛ ئەوەی دڵی پاک نەکاتەوە، تامی جەژنی نەچەشتووە".

زەکاتی سەرفترە (أَغْنُوهُمْ عَنْ طَوَافِ هَذَا الْيَوْمِ) و دابەشکردنی قوربانی، گۆشت و پارە لە کاتۆگۆڕیی "کاڵا" دەردەکەن و دەیانکەنە "دیاریی مرۆیی". شا وەلیوڵا دەهلەوی لە *«حجة الله البالغة»*دا دەنووسێت:

"حیکەمەتی قوربانی، بڕینی ڕەگی ڕەزیلییە لە ناخی مرۆڤدا و هێنانەکایەی خوانێکی گشتییە کە هەموو چینەکان تێیدا یەکسان بن". پرۆسەی قوربانیکردن، پرۆسەیەکی فراوانی دابەشکردنی سامانی خۆراکییە بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا (خۆت، خزمەکانت، و هەژاران). زانای مەزن ئیمامی شارەزانی (الشارزني) لە فەلسەفەی ئەم دابەشکارییەدا دەڵێت: "نەهێشتنی هەژاری لە ڕۆژی جەژندا تەنها یارمەتیدانێکی داراییی نییە، بەڵکو هێنانەکایەی هاوسەنگییەکی دەروونییە لە بازاڕ و کۆمەڵگادا، تاوەکو هەژار هەست نەکات لە ڕۆژی خۆشیدا لە پەراوێزدایە."

جەژنەکان پەیامی سەربەخۆیی فیکری و پرۆگرامی پەروەردەیی پراکتیکین. سەربەخۆیی سیاسی و کولتوری، گۆڕینی جەژنە کۆنەکان بۆ جەژنی ڕەمەزان و قوربان لەلایەن پێغەمبەرەوە (د.خ) (إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَبْدَلَكُمْ بِهِمَا خَيْرًا مِنْهُمَا)، هەنگاوی یەکەم بوو بۆ پاراستنی شوناس. ئیبنی خەلدون لە *«المقدمة»*دا دەڵێت: "کۆمەڵگا لاوازەکان چاو لە بەهێزەکان دەکەن؛ دیاریکردنی جەژنی سەربەخۆ، هەنگاوی یەکەم بوو بۆ پاراستنی سەروەریی فیکری و شوناسی نەتەوەیی موسڵمانان". جەژن نەفسی مرۆڤ لەسەر سوپاسگوزاری (وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) گۆش دەکات. فەیلەسوفی پەروەردەیی جۆن دیۆی پێی وایە پەروەردە لە ڕێی "ئەزموونکردنی کردارییەوە" دەبێت. زانا ئیبن جەوزی لە *«صيد الخاطر»*دا دەڵێت: "منداڵەکانتان بە ڕەفتارتان پەروەردە بکەن نەک بە وتار؛ کاتێک منداڵ لە جەژندا بەخشندەیی گەورەکان دەبینێت، بەهاکان ڕاستەوخۆ دەبنە بەشێک لە وجودی ئەو".

جەژنی ڕەمەزان ئاهەنگی سەرکەوتنە بەسەر "ناوەوەی خۆتدا" (ئارەزووەکان)، و جەژنی قوربان ئاهەنگی سەرکەوتنە بەسەر "دەرەوەی خۆتدا" (تێپەڕاندنی چڵێسیی ماددە). وەک چۆن حەسەنی بەسری

فەرموویەتی: «كُلُّ يومٍ لا يُعصَى اللّٰهُ فيهِ فَهو عيدٌ» (هەر ڕۆژێک سەرپێچی خودای تێدا نەکرێت، جەژنە). قوربانیکردنش ئەو کردەوە پاڵەوانانەیەیە کە مرۆڤ لە زیندانی تەنگی "من" ڕزگار دەکات و دەیباتە ناو ئاسۆی فراوانی "ئێمە" و بەندایەتی ڕاستەقینە. جەژنەکان وێستگەی وزەبەخشین بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە ناخماندا بە زیندویی بمێنێتەوە.

٢- قوربانیکردن؛ لە قوربانیی مادییەوە بۆ تەقوای وجودی

قوربانیکردن لە دیدگای قورئانی پیرۆز و فیکری ئیسلامیدا، تەنها ڕێوڕەسمێکی میکانیکیی خوێنڕشتن یان دابەشکردنی گۆشت نییە، بەڵکو لوتکەی شۆڕشی وجودیی مرۆڤە دژ بە ڕەسەنبوونی ماددە و زیندانی خۆپەرستی. ئەم ئاکتە کاتگۆرییەکی پێکهاتەیییە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆح لە کۆیلایەتیی توندترین پاشیلییە دونیاییەکان. تێپەڕاندنی "من" بەرەو "حەق" و شکاندنی بتی خودپەرستی ململانێی هەمیشەیی مرۆڤ لە ژیاندا، بەستراوەتەوە بە غەریزەی "خاوەندارێتی و پاراستنی پارچە خۆشەویستەکانی دونیا". قوربانیکردن دێت بۆ ئەوەی ئەم هاوکێشەیە تێکبشکێنێت. کاتێک چەقۆ لە گەردنی قوربانییەکە دەدرێت، لە ڕاستیدا چەقۆ لە "گرێی خۆپەرستی (Egoism)" و چڵێسیی ناخ دەدرێت. مەولانای ڕۆمی لە کتێبی «المثنوي المعنوي»دا بە قووڵییەکی عیرفانییەوە دەڵێت: "نەفسی تۆ بەرانێکە، بۆیە هەر ئێستا لە جەژنی قورباندا بکوژە و سەری ببڕە، ئەگەر دەتەوێت بگەیتە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆح."ئەم تێڕوانینە هاوتەریبە لەگەڵ چەمکی "پەسەندکردنی باڵا" لای فەیلەسوفانی وەک ئامانوێل کانت لە «نقد العقل العملي»، کە تێیدا مرۆڤ لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی یاسای ڕەوشتیی باڵاوە، غەریزە نزمەکانی فیدای پرەنسیپە نەگۆڕەکان دەکات. قورئانی پیرۆز ئەم ڕاستییە وجودییە ڕووت دەکاتەوە کاتێک دەفەرموێت: ﴿لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا وَلَـٰكِن يَنَالُهُ التَّقْوَىٰ مِنكُمْ﴾ [الحج: ٣٧] ئەم ئایەتە جەخت لەوە

دەکاتەوە کە بەهای پرۆسەکە لە خودی ماددەکەدا نییە (گۆشت و خوێن)، بەڵکو لەو گۆڕانکارییە ناوەکییەیە کە لە هۆشیاریی مرۆڤدا ڕوودەدات؛ گۆڕانی "من"ی مادی بۆ "تەقوا"ی وجودی.

مێژووی قوربانیکردن لە حەزرەتی ئیبراهیمەوە وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت. لە کاتێکدا شارستانییەتە کۆنەکان (وەک مایاکان و فینقییەکان) مرۆڤیان دەکردە قوربانی بۆ ڕاگرتنی دڵی خوداوەندە توورەکان، ئیسلام هات بۆ تێکشکاندنی ئەم خولگەی توندوتیژییە—وەک چۆن رێنێ جیرار لە تیۆری "بەرانی قوربانی"دا لە کتێبی «Violence and the Sacred» باس لە گۆڕینی قوربانی لە مرۆڤەوە بۆ ئاژەڵ دەکات وەک ڕێزگرتنێک لە هۆشیاری و گیانی مرۆڤ. د. عەلی شەریعەتی لە کتێبی «حەج»دا ئەم چەمکە دەگوازێتەوە بۆ ناخی مرۆڤ: "ئیسماعیلی تۆ کێیە یان چییە؟ شەرەفتە؟ پێگەتە؟ پارەتە؟ داهاتووتە؟... هەرچییەک بێت کە ڕێگرە لەوەی دەنگی حەق ببیستیت، ئەو شتە ئیسماعیلی تۆیە. تۆ لە جەژنی قورباندا ئاژەڵ سەر نابڕیت، بەڵکو دێیت بۆ ئەوەی ئەو خاڵە لاوازە سەربڕیت کە کۆتی کردوویت."ئەم هێمایە دەلالەتە لە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆت و زنجیرەکانی سەر زەوی. لێرەدا مرۆڤ فێری "پچڕانی ئارەزوومەندانە" دەبێت لەو شتانەی کە بوونەتە بتی سەردەم.

لە جیهانی هاوچەرخدا، کۆمەڵگا تووشی داڕووخانی پەیوەندییەکان بووە. زیگمۆنت باومان لە کتێبی «تەنیایی لە نێو قەرەباڵغیدا (کۆمەڵناسیی سەردەمی شل)»، باس لەوە دەکات کە چۆن سەرمایەداریی نوێ مرۆڤی گۆشەگیر کردووە و پەیوەندییەکانی کردووەتە کاڵایەکی کاتی. لە بەرامبەر ئەم "کۆمەڵگە شلەدا"، قوربانیکردن وەک ئامرازێکی پتەوکەر دێتە کایەوە. ئیبن خلدون لە «مقدمة ابن خلدون»دا ئاماژە بە چەمکی

"عەسەبیەت" (پەیوەستیی کۆمەڵایەتی) دەکات وەک بزوێنەری سەرەکیی مانەوەی کۆمەڵگاکان. قوربانیکردن لە ڕێگەی کۆکردنەوەی خەڵک و دابەشکردنی بەخشینەکان، جۆرێک لە "عەسەبیەتی ڕۆحی و مرۆیی" دروست دەکات کە تێیدا چینە جیاوازەکان تێکەڵ دەبن. ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە لە فیکری مالیک بن نەبی لە کتێبەکانی «شروط النهضة» و «میلاد مجتمع»دا، وەک گۆڕانی مرۆڤ لە "تەوەرێکی غەریزی"یەوە بۆ "تەوەرێکی کۆمەڵایەتی" سەیر دەکرێت، کە تێیدا ئایین تۆڕی پەیوەندییەکان لە بەرژەوەندیی تایبەتییەوە دەگۆڕێت بۆ هاوپشتیی گشتی.

قوربانیکردن مۆدێلێکی مرۆیی ناوازە پێشکەش دەکات کە دژ بە چڵێسیی سەرمایەداری دەوەستێتەوە (کە ماکس ڤیبەر لە «الأخلاق البروتستانتية وروح الرأسمالية»دا وەک کۆکردنەوەی بێبەزەییانەی سامان وەسفی دەکات). شا وەلیوڵا دەهلی لە کتێبی «حجة الله البالغة»دا دەنووسێت:"حیکمەتی قوربانیکردن، بۆ بڕینی ڕەگی ڕەزیلی و مادیگەراییە لە ناخی مرۆڤدا، و هێنانەکایەی جۆرێکە لە خوانی گشتی کە تێیدا هەموو چینەکان لە یەک کاتدا چێژ لە نیعمەتەکان وەردەگرن."سیستمی دابەشکاریی قوربانی (سێیەک بۆ ماڵ، سێیەک بۆ خزم، سێیەک بۆ هەژاران) کە لەلایەن فەقیهەکانی وەک ئیبن تیمیە لە «السياسة الشرعية» و شاتبی لە «الموافقات»دا جەختی لێکراوەتەوە، گۆشت لە کاتۆگۆریی "کاڵایەکی گرانبەها" دەردێنێت و دەیکاتە "دیارییەکی مرۆیی". ئەم گۆڕانکارییە، لە تێڕوانینی کۆمەڵناسی هاوچەرخی وەک پیێر بۆردیۆ لە «زمان و دەسەڵاتی ڕەمزی»، وەرگێڕانی سەرمایەی مادییە بۆ سەرمایەی ڕەمزی (Symbolic\, Capital)؛ واتە گۆڕینی پارە و دارایی بۆ خۆشەویستی، متمانە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کە لوتکەی دادپەروەریی داراییە وەک ئەوەی نەجمەدین ئەربەکان لە

«دیدی ئێمە و سیستەمی دادپەروەر»دا داوای دەکات. قوربانیکردن پرۆسەیەکی گەورەی پاکبوونەوەی دەروونییە. سیگمۆند فرۆید لە کتێبی «تۆتەم و تابۆ»دا پێی وایە قوربانیکردن ئامرازێکی دەروونییە بۆ پاکبوونەوە لە هەستی تاوانبارێتی (Guilt). بەڵام لە دەروونناسیی ئیسلامیدا، وەک ئەوەی ئەبو زەید ئەلبەلخی لە کتێبی «مصالح الأبدان والأنفس» و ئەبو بەکر ڕازی لە «الطب الروحاني» ئاماژەی پێدەدەن، قوربانیکردن گەڕانەوەی هاوسەنگییە بۆ نێوان نەفسی ئامارە و نەفسی متمانەپێکراو. کاتێک مرۆڤ بە دەستی خۆی سامانەکەی دەبەخشێت، جۆرێک لە "واتادۆزی" لە ژیانیدا دروست دەکات، وەک ئەوەی ڤیکتۆر فرانکل لە کتێبی «الإنسان يبحث عن المعنى»دا باسی دەکات؛ مرۆڤ کاتێک ئامانجێکی باڵاتری هەبێت، دەتوانێت بەسەر خەمۆکی و پووچگەراییدا زاڵ بێت. فۆرمی بەخشین لێرەدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی بوون و دابینکردنی جۆرێک لە "بەرگریی دەروونی و ڕۆحی" وەک ئەوەی لە توێژینەوەکانی کێنت پارگامێنت (Kenneth\, Pargament) لەسەر دەروونناسیی ئایین و خۆڕاگری هاتووە.

قوربانیکردن پاکردنەوەی نەفس و ناوەکییکردنی بەهاکان و مۆدێلسازیی کرداری لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە، قوربانیکردن مەزنترین مۆدێلی کردارییە. فەلسەفەی پەروەردەیی هاوچەرخ، وەک ئەوەی جۆن دێوی باسی دەکات (کە لە کتێبی «فەلسەفەی پەروەردە لای جون دێوی» جەخت لەسەر "فێربوون لە ڕێگەی ئەزموونکردن و کارکردنەوە" دەکاتەوە. قوربانیکردن تەنها دەقێکی تیۆری نییە کە بۆ منداڵ بخوێندرێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەرجەستەیە.کاتێک منداڵ لە ناو خێزاندا دەبینێت کە باوکی بە دەستی خۆی عەزیزترین سامانی دەبەخشێتە کەسانی پێویست، ئەم دیمەنە بە قووڵی لە نەستیدا نەخش

دەبێت. ئەمە لە زانستی پەروەردەدا پێی دەوترێت "ناوەکییکردنی بەهاکان" (Value, Internalization).وەک چۆن ئیمام غەزالی لە کتێبی «إحياء علوم الدين»دا لە بەشی پەروەردەکردنی نەفسی منداڵاندا جەختی لێدەکاتەوە، یان وەک ئەوەی ئادەم گیونەش لە «پەروەردەی ڕۆحی منداڵ»دا باسی دەکات؛ مرۆڤ لێرەوە گۆش دەکرێت کە گەورەیی و مرۆڤایەتی لە "بەخشیندایە نەک لە وەرگرتندا". مرۆڤ لە خودپەرستیی منداڵانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بەرپرسیارێتیی گەورەیی بەرامبەر بە گەردوون.

٣- فەلسەفەی وەرزش و مانیفێستۆی بەهێزی لە فیکری ئیسلامیدا.

وەرزش لە تێڕوانینی سادەدا تەنها ئاکتێکی میکانیکیی کاتی نییە بۆ سوتاندنی کالۆری یان گەورەکردنی ماسولکە، بەڵکو لە قووڵایی فەلسەفەی ئیسلامیدا، "شۆڕشێکی وجودی و تەکلیفێکی شەرعییە" بۆ ڕزگارکردنی جەستە لە زیندانی سستی و گۆڕینی بۆ ئامرازێکی سەرکردایەتی لەسەر زەوی. جەستە لە ئیسلامدا پاشکۆیەکی بێبایەخ نییە، بەڵکو «ئەمانەتێکی خودایی» و بارگیرێکی پیرۆزە کە بەبێ تەندروستیی ئەو پڕۆژەی عیبادەت و ئاوەدانکردنەوەی گەردوون پەکی دەکەوێت. ئیسلام دژ بەو فەلسەفە کۆنانە وەستایەوە کە جەستەیان وەک "زیندانی ڕۆح" کەم سەیر دەکرد. قورئانی پیرۆز هێزی جەستەیی دەکاتە مەرجی سەرکردایەتی ﴿وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ﴾ [البقرة: ٢٤٧] پێغەمبەری خوداش (ﷺ) دەفەرموێت: «إِنَّ لِجَسَدِكَ عَلَيْكَ حَقًّا»؛ ئەم مافەش لای فەقیهەکان و زاهیدەکان تەنها بە نان و ئاو جێبەجێ نابێت، بەڵکو بە ڕاگرتنی کارایی و وزەی جەستەیە.

ژیانی هاوچەرخ مرۆڤی تووشی جۆرێک لە "شەلەلی جوڵەیی" کردووە؛ پێشکەوتن جەستەی سڕ کردووە و کردوویەتییە ئامرازێکی نیشتەنی.

وەرزش لێرەدا دەبێتە مانیفێستۆی ڕزگاربوون. پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە پەنای بە خودا دەگرت لە نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی. پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە دەفەرموو: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ». زانای مەزن ئیمامی ئیبنولقەییمی جەوزی لە کتێبی «زاد المعاد»دا پێشەنگایەتییەکی پزیشکیی دەگمەن نیشان دەدات و دەڵێت:"جوڵە بنچینەی ژیانە. وەرزشی جەستەیی پاشماوە گەنیوەکانی نێو دەمارەکان دەسوتێنێت و ناهێڵێت ببنە نەخۆشی. ئەوەی جوڵە پشتگوێ بخات، هێزی ئەندامەکانی کز دەبێت."ئەم تێڕوانینە هاوتەریبە لەگەڵ گوتەی باوکی پزیشکیی جیهانی هیپۆکرات" (Hippocrates) کە دەڵێت: ئەو ئەندامانەی وەرزشیان پێدەکرێت تەندروست دەمێننەوە و درەنگ پیر دەبن، بەڵام ئەوانەی سست دەکرێن، ئاسان تووشی نەخۆشی دەبن. لە ڕوانگەی پزیشکیی مۆدێرنەوە، وەرزش تەنها ڕێگری لە جەڵتە و قەڵەوی ناکات، بەڵکو ئەندازیاریی مێشک ڕێکدەخاتەوە. پزیشک و دەروونناسی ناوداری جیهانی د. جۆن ڕەیتی (Dr.\, John\, Ratey) لە زانکۆی هارڤارد لە کتێبی ناوداری خۆیدا «Spark» دەسەلمێنێت کە:"وەرزش تەنها بۆ جەستە نییە، بەڵکو بۆ مێشکە. ڕاهێنانی جەستەیی دەبێتە هۆی دەردانی پرۆتینی (BDNF) کە من پێی دەڵێن (کیمیای پیتاندنی مێشک)؛ ئەم ماددەیە خانەکانی مێشک نوێ دەکاتەوە و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی لە ڕەگەوە هەڵدەکێشێت." ئەمەش حیکمەتی فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕوون دەکاتەوە: «الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ». هەروەها پزیشکی ئەڵمانی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ ئۆتۆ وۆربێرگ (Otto\, Warburg) دەسەلمێنێت: "شێرپەنجە لەو ژینگانەدا گەشە دەکات کە ئۆکسجینیان کەمە. وەرزش جەستە پڕ دەکات لە ئۆکسجین و ڕێگری لە گەشەی خانە شێرپەنجەییەکان دەکات." لێرەوە حیکمەتی وتەکەی حەزرەتی عومەر دەردەکەوێت: «عَلِّمُوا أَوْلادَكُمُ

السِّبَاحَةَ وَالرِّمَايَةَ وَرُكُوبَ الْخَيْلِ» (مەلەوانی، تیرئەندازی و ئەسپیاری بە منداڵەکانتان فێر بکەن).

لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە، وەرزش پرۆسەی "ناوەکییکردنی بەهاکان"ە مرۆڤ لە کاتی کێبڕکێدا فێری ئارامگرتن لەسەر ئازار، پابەندبوون بە یاسا، و قبوڵکردنی شکست دەبێت بە ڕۆحێکی بەرزەوە. ئیمام غەزالی لە کتێبی «إحياء علوم الدين»دا لەسەر پەروەردەی منداڵ دەڵێت:"پێویستە دوای ماندوێتیی خوێندن، ڕێگە بە منداڵ بدرێت وەرزش و یاریی بکات تاوەکو ڕۆحی ببوژێتەوە، چونکە قەدەغەکردنی جوڵە دڵی منداڵ دەمرێنێت و ژیرییەکەی کز دەکات." ئەم تێڕوانینە هاوتەریبە لەگەڵ فەلسەفەی هاوچەرخ کە پێیان وایە وەرزشیش باشترین تاقیگەی کرداریيە بۆ گۆشکردنی مرۆڤ لەسەر خۆڕاگری و دیسپلین. ئیسلام وەرزش لە دۆخی کاتبەسەربردنی بێهودە دەردێنێت و دەیکاتە هۆکاری دۆستایەتی. پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ "ڕوکانە"دا کە پاڵەوانی زۆرانبازیی عەرەب بوو، پشتی دا زەویدا، تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئیسلام ئایینی سەرکەوتن و شکۆیە نەک سستی و شۆڕشگێریی کاتی. بەڵام لە هەمان کاتدا، یاسای ئەخلاقی بۆ دادەنێت؛ پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «إِذَا قَاتَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْتَنِبِ الْوَجْهَ» (ئەگەر کێبڕکێ یان ململانێتان کرد، دووربکەونەوە لە لێدانی دەموچاو). ئەمە لوتکەی پاراستنی کەرامەتی ڕکابەرە. وەرزش لێرەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە گەرمەی کە مالیک بن نەبی لە کتێبی «ميلاد مجتمع»دا باسی دەکات؛ گۆڕانی وزەی بایۆلۆژیی مرۆڤ لە غەریزەیەکی تاکەکەسییەوە بۆ هێزێکی بونیادنەری کۆمەڵایەتی کە کینە و جیاوازییە چینایەتییەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا دەسڕێتەوە.

دەرەنجام وەرزش لە ئیسلامدا پەرستشێکی جوڵاوە کاتێک بە نییەتی پاراستنی تەندروستی و بەهێزی ڕاهێنان دەکەیت، هەر دڵەکوتییەک و هەر تنۆکە ئارەقەیەکت لە تەرازووی چاکەکاندایە، وەک بەرجەستەکردنی ئایەتی ﴿اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ﴾ [سبأ: ١٣]، وەرزش بکە، چونکە خودا حەزی بە ئومەتێکی بەهێز، ئازا و ڕووناکبیرە، نەک کۆمەڵگەیەکی نەخۆش، نیشتەنی و تەمبەڵ.

٤- گەشتکردن، تێپەڕاندنی ڕاهاتن و ئۆنتۆلۆژیای گەڕان

گەشتکردن، گەڕان و چێژوەرگرتن لە تێڕوانینی سەرەتاییدا وەک کاتبەسەربردنێکی کاتی یان دەربازبوون لە جەنجاڵی ژیان دەبینرێت، بەڵام لە قووڵایی فیکری فەلسەفیدا، تەنها گواستنەوەیەکی فیزیکی نییە لە خاڵێکی جوگرافییەوە بۆ خاڵێکی تر، بەڵکو «شۆڕشێکی ئێپیستمۆلۆژی (مەعریفی)»یە دژ بە دۆخی ڕاهاتن. مرۆڤ کاتێک لە شوێنێکدا جێگیر دەبێت، جیهانی دەوروبەری لای دەبێتە دۆخێکی سست و مردوو؛ سەفەر دێت بۆ ئەوەی ئەم پەردەی ڕاهاتنە بدڕێنێت و جیهان سەرلەنوێ وەک "دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر" و زیندوو نیشانی مرۆڤ بداتەوە. لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە، زەوی تەنها جێگایەک نییە بۆ ژیان، بەڵکو «دەقێکی خودایی وێناکراوە» کە پێویستی بە خوێندنەوە هەیە. قورئانی پیرۆز کاتێک فەرمانی گەشتکردن دەدات، چەمکی "سەیر" (السَّيْر) دەبەستێتەوە بە کارایی عەقڵ و دڵەوە: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا﴾ [الحج: ٤٦] لێرەوە، گەشتکردن دەبێتە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاریی ڕاستەقینە. ئاو کاتێک لە شوێنێکدا دەمێنێتەوە دەبێتە زۆنگاو و دەگەنێت، ڕۆحی مرۆڤیش بەبێ سەفەر تووشی چەقبەستوویی دەبێت. ئیمامی شافعی لە ڕوانگەیەکی دیالێکتیکییەوە بۆ ئەم جووڵەیە دەڕوانێت

و دەڵێت: "ملی ڕێ بگرە و کۆچ بکە، چونکە لە دابڕاندا گۆڕانکاریی ئەرێنی هەیە. من بینیم ڕاوەستانی ئاو خراپی دەکات؛ ئەگەر بڕوات پاک و خۆش دەبێت و ئەگەر بوەستێت ناگۆڕێت. شێریش ئەگەر لە دارستانەکەی جیا نەبێتەوە ناتوانێت ڕاو بکات، و تیریش ئەگەر لە کەوانەکەی جیا نەبێتەوە ناپێکێت". گەشتکردن تێکشکاندنی نامۆبوون و چێژ وەک سوپاسگوزاریی وجودی لە فەلسەفەی وجودی هاوچەرخدا (بەتایبەت لای مارتن هایدیگەر)، مرۆڤ هەمیشە لە مەترسیی کەوتنە ناو "ژیانی ڕۆژانەی گشتی و بێبایەخ"دایە، کە تێیدا تایبەتمەندیی خۆی ون دەکات. سەفەر مرۆڤ لەم نامۆبوونە ڕزگار دەکات، چونکە دەیخاتە ناو ژینگەیەکی نەناسراوەوە کە ناچاری دەکات بگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی و "ئامادەیی وجودی" خۆی تاقی بکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، چێژوەرگرتن لە جوانییەکانی گەردوون، کات بەسەربردنێکی سادە نییە، بەڵکو لوتکەی «سوپاسگوزاریی عەقڵانییە». خودا دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ﴾

[الأعراف: ٣٢] ئەم ئایەتە تێڕوانینی سۆفیانەی توندڕەوکە چێژەکانی دنیا بە پیس دەزانێت، ڕەت دەکاتەوە. فەیلەسوفی مەزن ئیبن ڕوشد پێی وایە تێڕامان لە جوانییەکانی دروستکراوانی خودا و چێژوەرگرتن لێیان، کورتترین ڕێگایە بۆ ناسینی حیکمەتی ڕەهای خودایی؛ چونکە جوانیی دەرەکی (سروشت) ڕەنگدانەوەی جوانیی ناوەکیی (سیفەتەکانی خودا)یە: «إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمِيلَ». سەفەر وەک تاقیکردنەوەی سۆسیۆ-فەسەفی. ئیمام ئەبو حامیدی غەزالی لە کتێبی «إحياء علوم الدين»دا تێڕوانینێکی زۆر قووڵ بۆ فینۆمینۆلۆژیای سەفەر دەخاتە ڕوو. ئەو پێی وایە کە دەروونی مرۆڤ پێش سەفەر لە دۆخێکی "شاراوە"دا دەبێت و تەنها لە ڕێگەی نامۆیی و نارەحەتییەکانی ڕێگاوە حەقیقەتی خۆی دەردەخات: "مانەوە لە نیشتمان و ڕاهاتن لەسەر دۆخەکان،

ڕەوشتە شاراوەکانی ناخ دادەپۆشێت، چونکە دەروون لەو دۆخەدا بەو شتە ڕاهاتووە کە لەگەڵ ڕەغبەتەکانیدا دەگونجێت. بەڵام کاتێک تووشی نارەحەتییەکانی سەفەر و نامۆیی دەبێت، ئەوکات قووڵایی ڕەوشتەکەی دەردەکەوێت، و بۆ خۆی و بۆ خەڵکیش ڕوون دەبێتەوە کە چەندە خاوەن دیسپلین و ئارامگرە". گەشت وەک پردی پێکەوەژیانە، مرۆڤ جێگیر هەمیشە وا دەزانێت کلتور، زمان و بیرکردنەوەی خۆی سەنتەری جیهانە. گەشت ئەم وەهمە تێکدەشکێنێت. کاتێک مرۆڤ کلتور و شارستانییە جیاوازەکان دەبینێت، تێدەگات کە حەقیقەتە مرۆییەکان فرەڕەهەندن. ئەمەش ڕێک بەرجەستەکردنی فەلسەفەی ئایەتی:

﴿وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾ [الحجرات: ١٣]چەمکی «لِتَعَارَفُوا» لێرەدا تەنها ناسینی ڕواڵەتی نییە، بەڵکو گەیشتنە بە هاوسەنگیی مرۆیی. گەڕیدەی گەورەی ئیسلامی ئیبن بەتووتە لە گەشتە ٣٠ ساڵەکەیدا نیشانی دا کە چۆن سەفەر، عەقڵی مرۆڤ لە دەمارگیریی تەسکی ناوچەییەوە دەگۆڕێت بۆ «جیهانبینییەکی گشتگیر. مەعریفەی ڕاستەقینە لە ڕێگەی "کارلێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژینگەی نوێدا دروست دەبێت، نەک لە چوارچێوەی تیۆرییە داخراوەکاندا. گەشتکردن و گەڕان، جۆرێکە لە "کۆچی وجودی" لە دۆخی هۆشیاریی خەوتووەوە بۆ دۆخی هۆشیاریی بێدار. چێژوەرگرتن لەم گەشتە، عیبادەتێکی فیکرییە کە تێیدا جەستە دەجووڵێت، عەقڵ فراوان دەبێت و ڕۆحیش لە زیندانی یەک شوێنی و یەک ڕەنگی ڕزگاری دەبێت. بەبێ سەفەر، مرۆڤ وەک لاپەڕەیەکی تاقانە دەمێنێتەوە لە کتێبێکی گەورەی بێ کۆتاییدا؛ سەفەر خوێندنەوەی تەواوی کتێبەکەیە.

٤- سەمفۆنیای خامۆشی: بەیاننامەیەک بۆ خوێندنەوە و بێدەنگی و تێڕامان

لە جیهانێکی شێتگیردا کە پیرۆزیی وشەی تێدا بەفیڕۆ دراوە و بەهاکان لە ژاوەژاوی ئامێرەکاندا خنکاون، گەڕانەوە بۆ سێگۆشەی «خوێندنەوە، بێدەنگی، و تێڕامان» تەنها هەڵبژاردنێکی فیکری نییە، بەڵکو کۆچێکی پیرۆزە بەرەو تاکە پەناگەیەک کە کەرامەتی مرۆیی و قووڵایی بوونمانی تێدا پارێزراوە. ئەم سێ کایەیە، سێ دەروازەی مێتافیزیکین بۆ تێپەڕاندنی ڕووالەت و نوقمبوون لە حەقیقەتی ڕەها. بێدەنگی، نەمانی قسە نییە، بەڵکو سەرەتای بیستنی ئەو دەنگە لاهووتیانەیە کە جەنجاڵی دنیا دەیانشارێتەوە. زانایان هەمیشە بێدەنگییان وەک هێلانەی حیکمەت دۆزیوەتەوە. ئیمامی عەلی (کرم الله وجهه) چەندە جوان دەروازەی ئەم حەقیقەتەمان بۆ دەکاتەوە کاتێک دەفەرموێت: (کاتێک عەقڵ کامڵ دەبێت، قسەکردن کەم دەبێتەوە). کاتێک زمان لە لەرینەوە دەکەوێت، عەقڵ دەست دەکات بە فڕین. بێدەنگی ئەو جێگایەیە کە تێیدا خود لە کێشکردنی زەمین ئازاد دەبێت. عارفی گەورە مەولانای ڕۆمی پێمان دەڵێت کە قسەکردن تەنها کەفی سەر دەریاکەیە، بەڵام بێدەنگی خودی دەریاکەیە: بێدەنگ بە، چونکە بێدەنگی پڕە لە دەنگ؛ وشەکان ناتوانن ئەوە بڵێن کە بێدەنگی دەیڵێت. زمانەکەت کورت بکەرەوە تاوەکو دڵت قسە بکات. لە فەلسەفەی هاوچەرخیشدا، فەیلەسوفی نەمسایی لوتڤیگ ڤیتگنشتاین لوتکەی تێڕامانی خۆی لە کۆتایی کتێبە بەناوبانگەکەیدا (Tractatus) لەم دێڕە کورتەدا کۆدەکاتەوە: "سەبارەت بەو شتەی کە ناتوانین قسەی لەسەر بکەین، دەبێت لێی بێدەنگ بین". ئەم بێدەنگییە، نەزانین نییە، بەڵکو دانپێدانانە بەوەی کە هەندێک حەقیقەتی وجودی هەن، هێندە گەورەن چوارچێوەی وشە ڕواڵەتییەکان ناتوانن لەخۆیان بگرن. ئەگەر بێدەنگی ئامادەکردنی

زەمینەی ڕۆح بێت، ئەوا خوێندنەوە چاندنی تۆوی مەعریفەیە تێیدا. یەکەم گوتاری خودایی بۆ زەوی بە ﴿اقْرَأْ﴾ دەستی پێکرد، چونکە خوێندنەوە شۆڕشێکی ئێپیستمۆلۆژییە دژ بە تاریکیی نەزانین. بیرمەندی گەورە ئەبو حەیانی تەوحیدی لە وەسفی کتێب و خوێندنەوەدا بە زمانێکی تەواو ئەدەبی دەنووسێت: "کتێب؛ پەرستشگایەکە بۆ عەقڵ، گەشتیارێکە کە هەرگیز ماندوو نابێت، و بێدەنگێکە کاتێک پێویستت پێیەتی قسەت بۆ دەکات و کاتێک بێدەنگ دەبیت، نهێنییەکانت ناخاتە ڕوو". خوێندنەوە تەمەنی تاکی مرۆڤ تێکدەشکێنێت. نوسەری ناودار جۆرج ر. ڕ. مارتن دەڵێت: "ئەو کەسەی دەخوێنێتەوە، پێش ئەوەی بمرێت هەزار ژیان دەژیت، بەڵام ئەو کەسەی ناخوێنێتەوە تەنها یەک ژیان دەژیت". کاتێک کتێبێک دەخوێنیتەوە، تۆ تەنها پیتەکان نابینیت، بەڵکو لەگەڵ عەقڵی پێشیناندا دەبیتە هاوسەفەر. فەیلەسوفی فەرەنسی ڕێنێ دێکارت ئەم پرۆسەیە بە کورتی و پوختی دەبەستێتەوە و دەڵێت: "خوێندنەوەی هەموو کتێبە باشەکان، وەک گفتوگۆکردن وایە لەگەڵ بەڕێزترین پیاوانی سەدەکانی ڕابردوودا کە نووسەری ئەو کتێبانەن". خوێندنەوە بەبێ تێڕامان (التَّفَكُّر)، وەک خواردنی وایە بەبێ هەرسکردن. تێڕامان ئەو کیمیایەیە کە زانیارییە خاوەکان دەگۆڕێت بۆ حیکمەتی قووڵ. قورئانی پیرۆز لە دەیان شوێندا مرۆڤ جێدەهێڵێت لەبەردەم پرسیاری: ﴿أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ﴾، چونکە بەبێ تێڕامان، گەردوون دەبێتە تابلۆیەکی بێ مانا. دانا و عارفی گەورە ئیمامی حەسەنی بەسری لە گرنگی ئەم کایەیەدا دەفەرموێت: (تێڕامانی کاتژمێرێک، چاکترە لە شەوەنوێژی شەوێک). بۆچی؟ چونکە شەوەنوێژ عیبادەتی ئەندامەکانی جەستەیە، بەڵام تێڕامان عیبادەتی عەقڵ و ناخە، کە مرۆڤ لە خودی عیبادەتەکەوە دەبات بەرەو ناسینی "پەرستراو". فەیلەسوفی مانا و بوون سۆرێن کێرکەگۆرد نائومێدیی مرۆڤی هاوچەرخ لە نەبوونی تێڕاماندا

دەبینێتەوە و دەڵێت: "مەترسیی گەورە لەدەستدانی قاچ یان دەست نییە، بەڵکو گەورەترین مەترسی ئەوەیە مرۆڤ لە ناو جەنجاڵیدا خۆی ون بکات و بیرچوونەوەی وجودی تووش بێت، چونکە کاتی بۆ تێڕامان نەهێشتووەتەوە". کاتێک مرۆڤ دەچێتە قووڵاییی تێڕامانەوە، سروشت لای دەبێتە کتێبێکی کراوە، وەک ئەوەی فەیلەسوفی ئەمریکی ڕاڵف والدۆ ئێمەرسۆن باسی دەکات: "لە ناو بێدەنگیی دارستانەکاندا، مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پاکی خۆی؛ لەوێدا هەموو شتێک پێت دەڵێت: بوەستە و تێبڕامە، تۆ بەشێکیت لەم قووڵاییە مەزنە".

ئەم سێ چەمکە لە ناخی مرۆڤدا کۆمەڵەیەکی بەهێز پێکدەهێنن؛ بێدەنگی کەشەکەت بۆ دەڕەخسێنێت، خوێندنەوە کەرەستەی خاوت پێدەبەخشێت، و تێڕامانیش ڕۆحی پێدا دەکات. زانای گەورە ئیمام غەزالی لە کتێبی «میزان العمل»دا بە جوانی ئەم تێکەڵاوبوونەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: "عەقڵ بەبێ خوێندنەوە و بیستنی حیکمەت کوێرە، و خوێندنەوەش بەبێ تێڕامان سەرگەردانییە، و تێڕامانیش بەبێ بێدەنگی مەحاڵە. ئەوەی دەیەوێت بە لوتکەی مەعریفە بگات، با زمانی زیندانی بکات، چاوەکانی بخاتە سەر دەقی دانایان، و عەقڵیشی ئازاد بکات لە نێوان زەوی و ئاسماندا". مرۆڤی ڕاستەقینە لە ناو تاریکەشەو و خامۆشیدا لەدایک دەبێت. کاتێک جیهان لە دەرەوە دەمارگیری و هاواریەتی، تۆ پەڕەی کتێبەکەت هەڵدەدەرەوە؛ لەو چرکەساتەدا، بێدەنگی دەبێتە مۆسیقایەکی نەرم، پیتەکان دەبنە تیشکی ڕووناکی، و تێڕامانیش دەبێتە ئەو باڵەی کە تۆ لە زیندانی کات و شوێن ڕزگار دەکات. وەک چۆن زانای مەزن ئیبنولقەییم دەڵێت: «دڵ سێ بەربەستی هەیە بۆ گەیشتن بە خودا: غەفڵەت، تاوان، و ساتی بێهودەیی قسەکردن؛ یەکەمیان بە زیکر لادەچێت، دووەمیان بە تەوبە، و سێیەمیان تەنها و تەنها بە بێدەنگی و تێڕامانێکی قووڵ نەبێت نادرێت.

باسی چواردەیەم: هەیبەتی یاسا و قەڵغانی ژیان: خوێندنەوەیەکی فیکری بۆ حیکمەتی سزاکان لە ئیسلامدا

سزا لە میتافیزیکای ئیسلامیدا، ئامرازێک نییە بۆ ئەشکەنجەی جەستە، بەڵکو پەیمانێکی ئیلاهیە بۆ پاراستنی هاوسەنگیی گەردوون و ڕاگرتنی کەرامەتی بوون. کاتێک مرۆڤ بە ئیرادەی ئازادی خۆی، سنووری پیرۆزییەکانی (ژیان، خێزان، عەقڵ و ڕەنج) دەبەزێنێت، یاسا وەک «ئاوێنەیەکی حەتمی» ڕووبەڕووی دەبێتەوە؛ نەک بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەڵکو بۆ گێڕانەوەی ئەو ئارامییەی کە تاوانەکە شێواندوویەتی. حیکمەتی باڵای ئەم سنوورە(الحدود) توندانە لەوەدایە کە ئەوان پەیامی ڕێگریکردنی پێشوەختەن؛ وەک «قەڵغانێکی مۆڕاڵی» ئەخلاقی، لە ویژدانی گشتیدا دەچەسپێن، تا بەر لەوەی تاوان لە واقیعدا لەدایکبێت، پاڵنەرە شەڕانگێزەکان لە قووڵایی دەروونیدا بپووکێننەوە. ئەم فەلسەفەیە، یاسا لە دەقێکی بێگیانەوە دەگۆڕێت بۆ قەڵغانێکی زیندوو، کە تێیدا پێنج مەبەستە هەمیشەییەکەی مرۆڤایەتی (نەفس، عەقڵ، ماڵ، ئابڕوو، و دین) دەپارێزرێن، تا شارستانییەت لە سایەی دادپەروەرییەکی ڕەهادا، ئارامیی ڕاستەقینە بچێژێت.

١-مێتافیزیکای بەردبارانکردن: ڕاپەڕینی گەردوون دژی ئاژەڵبوونی مرۆڤ

ڕاپەڕینی توندی گەردوون و سروشتە (بە کەرستەی بەرد) دژی دابەزینی مرۆڤ بۆ ئاستی ئاژەڵبوونی ڕەها، لە کاتی ئەنجامدانی خیانەتی هاوسەریدا. پێ دەنێینە ناو قووڵترین ڕەهەندی فەلسەفیی سزای ڕەجم؛ قورترستین سزای مرۆڤایەتی کە تەنها یاسایەک نییە بۆ کۆتاییهێنان بە جەستەیەک، بەڵکو هێمایەکی گەردوونییە بۆ ڕاگەیاندنی یەک ڕاستی: «پاراستنی پیرۆزیی خێزان، هاوتایە لەگەڵ پاراستنی خودی ژیان». لە فەلسەفەی ئیسلامیدا، مرۆڤ خەلیفەی خودایە لەسەر زەوی، ئەم

جێنشینییەش بەبێ یاسای ڕەها نابێت. کاتێک مرۆڤێکی هاوسەردار (المُحصَن)، کە سەرجەم دەرگاکانی حەڵاڵی بۆ واڵا کراوە، بە ئەنقەست دەچێتە ناو خاکی حەرامەوە، ئەو تەنها یاسایەکی زەمینی نەشکاندووە، بەڵکو خیانەتی لە «پەیمانە قورسەکەی» نێوان خۆی و خودا و خێزانی (مِّيثَاقًا غَلِيظًا) کردووە و عەقڵی خۆی خستووەتە خزمەت غەریزەیەکی ئاژەڵی کاتیەوە. لێرەدا، ئیمامی ئیبن قەییم ئەلجەوزی ڕای دەگەیەنێت کە دادپەروەریی ڕەها دەخوازێت سزاکەش دابەش ببێت بەسەر تەواوی ئەو جەستەیەی تێکەڵی چێژە حەرامەکە بووە، بۆیە بەرد بەکاردێت تا هیچ تاڵە دەمارێک بێبەش نەبێت لە سزادانەکەدا. ئەم لادانە، وەک شاه وەلیوڵا دەهلەوی دەڵێت، جۆرێکە لە «کوشتنی بە کۆمەڵی شارستانییەت»؛ چونکە خێزان کە ناوکی ڕێکخستن و دروستبوونی جیهانە تێکدەشکێنێت. ئەگەر دەرگای خیانەتی هاوسەری بە توندی دانەخرێت، سیستەمی متمانەی گشتی تووشی داڕووخان دەبێت. بەپێی «تیۆریی پەنجەرە شکاوەکان» لە زانستی تاوانناسیدا، ئەگەر لادانی بچووک یان سەرەکی بە توندی سزا نەدرێت، پەیامێک بە دەروونی گشتیدا بڵاودەبێتەوە کە کەرامەت و یاسا بێخاوەنن، ئەمەش وێرانکاریی گشتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. توێژینەوە کۆمەڵناسییەکانی زانکۆی هارڤارد (Harvard University) لەسەر مێژووی گەلان دەیسەلمێنن کە داڕووخانی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی مێژوو (وەک ڕۆمای کۆن) لەو ساتەوە دەستی پێکردووە کە پێکهاتەی خێزان سست بووە و خیانەتی هاوسەری بووەتە مۆدێلێکی ئاسایی. ڕەجم وەک بڕینەوەیەکی نەشتەرگەریی توند (Surgical Amputation) کار دەکات؛ بڕینی ئەندامێکی گەنیو بۆ ڕزگارکردنی تەواوی جەستەی کۆمەڵگە. هۆکاری ئامادەبوونی خەڵکیش (وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ) بۆ گواستنەوەی ئەم چەمکی ڕەتکردنەوەی تاوانەیە بۆ ناو ویژدانی گشتی نەوەکانی داهاتوو.

خیانەتی هاوسەری «تیرۆرکردنی دەروونیی» لایەنی مەغدورە. توێژینەوە هاوچەرخەکانی زانکۆی کامبریج (University of Cambridge) لەسەر دەروونناسیی خێزان دەیسەلمێنن ئەو شۆکە دەروونییەی (Trauma)لە خیانەتەوە لە ناخی هاوسەردا دروست دەبێت، لە ڕووی نیشانە کلینیکییەکانەوە هاوتایە بەو شۆکە قورسەی بەهۆی شەڕی چەکداری یان کارەساتی سروشتییەوە بەسەر مرۆڤدا دێت، کە تێیدا تاک متمانەی بە خود و بە جیهانی دەوروبەری لەدەست دەدات. ئیسلام بەم سزا توندە پەیامێک بە دەروونی مرۆڤەکان دەدات کە ناخی هاوسەرەکەت گۆڕەپانی یاری پـێکردن نییە. کاتێک مرۆڤ وێنای ئەم سزا ئاشکرایە دەکات، سیستەمی دەروونی خۆی کۆنترۆڵ دەکات (Self-Regulation)و غەریزە سەرکەشەکانی ڕام دەبن. تەنانەت لە ڕووی ئابووریشەوە، داتاکانی ناوەندی نیشتمانیی زانیاریی تاوانەکان (NCIC) دەریدەخەن کە تێکچوونی خێزان و شێواندنی نەسەب، ساڵانە بارگرانییەکی داراییی سەدان ملیۆن دۆلاری دەخاتە سەر بودجەی گشتیی دەوڵەتان بۆ چاککردنەوەی لێکەوتەکانی لادانی منداڵان و بێسەرپەرشتەکان. یاسای ئیسلامی بە ڕێگری لەم گەندەڵییە بایۆلۆژی و ئابوورییە، ڕێگری لە بەفیڕۆچوونی سەرمایەی نیشتمانی دەکات.

سیستەمی دادوەریی ئیسلامی مەرجی هێندە ئەستەمی وەک شایەتی چوار پیاوی دادپەروەر (بە بینینی فیزیکیی ڕوون) داناوە کە جێبەجێکردنی سزاکە لە ڕێگەی شایەتییەوە کایەکی مەحاڵ بێت (مەگەر بە ئاشکراکردنی تاوانەکە لەسەر شەقام وەک سووکایەتی بە مۆراڵی گشتی)، هەروەها بە یاسای «ادْرَءُوا الحُدُودَ بِالشُّبُهَاتِ» (سزاکان ڕاگرن ئەگەر بچووکترین گومان هەبوو)، دەرگای سزادانی نارەوای دا خستووە. لێرەوە دەردەکەوێت کە یاسای ڕەجم لە ئیسلامدا ڕێک وەک «چەکی ئەتۆمی مۆراڵی» وایە؛ چەکێک نییە بۆ شەڕی ڕۆژانە، بەڵکو هێزێکی ڕێگریی

ستراتیژیی گەورە و ترسناکە بۆ ئەوەی لە دوورەوە پارێزگاری لە قەڵای خێزان بکات، تا هەرکەسێک بیر لە تێکدانی شانەی یەکەمی کۆمەڵگە بکاتەوە، بزانێت کە باجی ئەم کارە ڕووبەڕووبوونەوەی تەواوی تووڕەیی یاسا، کۆمەڵگە و گەردوونە.

٢- قصاص، چۆن مەرگ دەبێتە قەڵغانی ژیان؟

قصاص (تۆڵەی شەرعی) تەنها کەرستەیەکی سزادانی جەستەیی نییە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی بکوژێک، بەڵکو دەستپێکی ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی بوونە. کاتێک بە قووڵی لە دەقی قورئانی «وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ» دەڕوانین، ڕووبەڕووی پارادۆکسێکی فەلسەفیی سەرسوڕهێنەر دەبینەوە: "چۆن دەکرێت مەرگ، ژیان بەرهەم بهێنێت؟" لێرەدا ئیسلام تەنها یاسایەک بۆ سزادانی جەستەی بکوژێک دانانێت، بەڵکو پەردە لەسەر یاسایەکی گەردوونی لادەبات کە تێیدا هاوسەنگیی بوون، ئەخلاق، دەروون و کۆمەڵگە پێکەوە گرێ دەدات. مرۆڤ سادەترین و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزترین بوونەوەرە؛ کاتێک کەسێک بە ئەنقەست دەست بۆ کێشانی گیانی کەسێکی تر دەبات، ئەو تەنها تاڵە دەزوویەکی بایۆلۆژی ناپچڕێنێت، بەڵکو وەک ئیمامی غەزالی دەڵێت، ئەو دەستکاری پێکهاتەی خودی گەردوون دەکات و سووکایەتی بە بەخششی ڕەهای خودا دەکات. قصاص لێرەدا وەک ئاوێنەیەکی ڕەها دێتە پێشەوە؛ بە بکوژەکە دەڵێت: تۆ هێندە خاوەن ئیرادە و کەرامەت بوویت کاتێک بڕیاری کوشتنەکەت دا، کە ئێستا دادپەروەری ڕێز لەو ئیرادەیەت دەگرێت و بە قورسایی تاوانەکەت، وجودی خۆت دەخاتە تەرازووی سڕینەوەوە. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر سەیری ناخی خێزانی ستەملێکراو و پێکهاتەی کۆمەڵگە بکەین، دەبینین تاوانی کوشتن برینێکی وایان لێ دەکات کە بە زیندانیکردنی بکوژەکە سارێژ نابێت. ئیبن خەلدون بە جوانی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری خوێنی مەغدور

نەگرێتەوە، غەریزەی تۆڵەی شەخسی و خێڵەکی لە شەقامەکاندا دەتەقێتەوە و کۆمەڵگە بەرەو پشێوییەکی کوشندە دەچێت. لێرەدا، وەک ئیمامی قورتوبی دەڵێت، قصاص وەک نەشتەرگەرییەکی خێرا کار دەکات؛ کینە لە دڵی خێزانی کوژراو دەردەکێشێت و بە سزادانی یەک بکوژ، ڕێگری لە سڕینەوەی دوو بنەماڵە یان دوو هۆز دەکات.

ئەم سزا قورسە، گەورەترین وانەی پەروەردەیی و دەروونیشە. وەک ئیبن قەییم دەڵێت، دەروونی مرۆڤ لە کاتی کڵپەسەندنی تووڕەییدا هیچ شتێک ڕامی ناکات مەگەر ترسێکی گەورەتر نەبێت. کاتێک مرۆڤ دەزانێت بە ڕاکێشانی چەکێک، پێش هەموو شتێک ملی خۆی دەخاتە ناو پەتی سێدارەوە، غەریزەی مانەوەی خۆی بەئاگا دێتەوە و دەست ڕادەگرێت. توێژینەوە ئابووری و تاوانکارییەکانی زانکۆی ئیمۆری (Emory University)لە ئەمریکا ئەوەیان سەلماندووە کە پێوەندییەکی پێچەوانەی توند هەیە لە نێوان جێبەجێکردنی سزای سێدارە و ڕێژەی تاوانی کوشتن؛ بە جۆرێک بەپێی هاوکێشە ئامارییەکانیان، جێبەجێکردنی هەر سزایەکی سێدارە لەسەر بکوژێک، پێشوەختە ڕێگری لە ئەنجامدانی (١٨) تاوانی کوشتنی نوێ دەکات لە کۆمەڵگەدا. لێرەدا، مەرگی یەک تاوانبار، دەبێتە قەڵغانێک کە ژیان بە چەندین بێتاوانی تر دەبەخشێتەوە. تەنانەت لە ڕووی ئابووریشەوە، وەک یاساناس عەبدولقادر عۆدە دەڵێت، قصاص کۆتایی بەو نادادییە دەهێنێت کە دەوڵەت پارەی باجی خەڵک و خێزانی مەغدور خەرج بکات بۆ بەخێوکردنی بکوژێکی دڕندە بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە زینداندا. داتاکانی بەڕێوەبەرایەتیی فیدراڵیی زیندانەکان (BOP) دەردەخەن کە ڕاگرتنی هەر زیندانییەکی حوکمی هەتاهەتایی، ساڵانە دەیان هەزار دۆلار لەسەر بودجەی گشتی دەکەوێت، کە ئەمەش بارگرانییەکی نادادپەروەرانەیە لەسەر شانی قوربانییەکان و کۆمەڵگە. قصاص تینوێتی بۆ خوێنڕشتن

نییە، بۆیە ئیسلام دەرگای بەخشین و چاکەکاری (العفو) لە لوتکەی دەسەڵاتدا واڵا دەکات، بەڵام هەیبەتی سزاکەش وەک دیوارێکی بەرزی ئاسنین لە دەوری شاری مرۆڤایەتی دەهێڵێتەوە. تەنها بوونی ئەم دیوارە وا دەکات مرۆڤەکان هەست بە ئارامی بکەن و بزانن خوێنی ئەوان کاڵا نییە یاری پێبکرێت؛ ئەمەیە حیکمەتە مەزنەکە کە لە سایەی هەیبەتی مەرگدا، تام و چێژی ڕاستەقینەی ژیان بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت.

٣- فەلسەفەی ئیرادە و بەهای ڕەنج: خوێندنەوەیەکی فیکری بۆ یاسای بڕینی دەستی دز لە ئیسلامدا

کاتێک بە دیدێکی قووڵی فەلسەفی لە دەقی پیرۆزی: «وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِّنَ اللَّهِ» دەڕوانین، ڕووبەڕووی پارادۆکسێکی هزریی مەزن دەبینەوە کە تێیدا دادپەروەری لە چوارچێوەی دەقێکی یاسایی وشکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی ڕێکخستنی هاوسەنگیی بوون. ئیسلام لێرەدا تەنها سزا بۆ جەستەیەک دانانێت، بەڵکو پەردە لەسەر یاسایەکی گەردوونی لادەبات کە تێیدا ماددە، مۆراڵ، دەروون و شارستانییەت پێکەوە گرێ دەداتەوە. مرۆڤ وەک خەلیفەی خودا لەسەر زەوی، بۆیە کەرامەتدار کراوە چونکە خاوەنی ئیرادەیە. کاتێک مرۆڤێک کە تەواوی توانای جەستەیی و دەروونی هەیە، دەست بۆ ڕەنج و ماندووبوونی کەسێکی تر دەبات، ئەو تەنها پارە یان کەلوپەلێک نادزێت، بەڵکو وەک ئیمامی غەزالی ئاماژەی پێ دەدات: «ئەو کات و تەمەن و ژیانی ئەو مرۆڤە دەدزێت کە لە پێناو کۆکردنەوەی ئەو ماڵەدا بەختی کردووە». دەست، کە مەزنترین ئامرازی بونیادنان و ئاوەدانییە، کاتێک دەبێتە ئامرازی وێرانکاری و دزینی متمانە، پێگەی وجودی خۆی لەدەست دەدات.

لێرەدا یاسای سزا شەرعییەکان وەک ئاوێنەیەکی ڕەها دێتە پێشەوە؛ بە دزەکە دەڵێت: تۆ هێندە خاوەن ئیرادە بوویت لە کاتی بڕیاردانی دەستدرێژیکردنە سەر ماڵی خەڵک، کە ئێستا دادپەروەری ڕێز لەو ئیرادەیەت دەگرێت و بە قورسایی تاوانەکەت، ئەو ئەندامەت دەخاتە بازنەی سڕینەوەوە کە ناپاکی لە ئەمانەتی بوون کردووە. ئەمە لوتکەی سەپاندنی بەرپرسیارێتییە بەسەر مرۆڤدا. متمانەی دارایی ئەو ماددەیە کە تاکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر دەرگای دزی واڵا بێت، کۆمەڵگە تووشی ئەنترۆپی (پشێوی و داڕووخانی نێوخۆیی) دەبێت. ئیبن خەلدون لە المقدمەدا بە جوانی ڕوونی دەکاتەوە کە ئەگەر مرۆڤەکان دڵنیا نەبن لە پارێزراویی دەستکەوتەکانیان، غەریزەی کارکردن و بەرهەمهێنان لە ناخیاندا دەمرێت و ئابوری دادەڕوخێت. لێرەدا، وەک شاه وەلیوڵا دەهلەوی دەڵێت: «بڕینی دەستی دز، نەشتەرگەرییەکی پێویستی شارستانییە؛ ئیسلام ئەندامێکی جەستە دەبڕێت، بۆ ئەوەی جەستەی گەورەی کۆمەڵگە لە داڕووخان بپارێزێت.» توێژینەوە ئابوورییەکانی زانکۆی لۆس ئانجلەس لە کالیفۆرنیا (UCLA) لەسەر پەرەپێدانی بازاڕەکان دەسەلمێنن کە پاراستنی مافی خاوەندارییەتیی تایبەت(Property Rights) ، مەرجی یەکەم و بنەڕەتییە بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی داهێنان؛ بە جۆرێک لەو کۆمەڵگەیانەی ڕێژەی دزین و تاوانی مادی تێیدا بەرزە، ئارەزووی وەبەرهێنان بە ڕێژەی زیاتر لە ٣٥٪ پاشەکشە دەکات، چونکە مرۆڤەکان ئامادە نین تەمەنیان لە پێناو ڕەنجێکدا بەخت بکەن کە یاسایەکی توند پارێزگاری لێ نەکات.

ئەم سزایە وەک چەکێکی هۆشیاریی پێشوەختە کار دەکات. دەروونی لادەر کاتێک بیر لە دزی دەکاتەوە، لە ناخیدا چێژی دەستکەوتە مادییەکە وێنا دەکات؛ بەڵام کاتێک دەزانێت باجی ئەم چێژە کاتییە، نەمانی ئەبەدیی دەستی ڕاستیەتی، غەریزەی مانەوەی خۆی (Self-

(Preservation)بەئاگا دێتەوە و دەست ڕادەگرێت. لێرەدا، وەک ئیبن قەییم ئەلجەوزی لە إعلام الموقعیندا شیکاری دەکات: «مەرگی ڕواڵەتیی دەستی، یەک تاوانبار، دەبێتە پارێزەرێکی دەروونی کە پێشوەختە ملیۆنان دەستی ناخەکی چەک دەکات و پاڵنەری تاوان لە دەروونندا دەخنکێنێت.» لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، ئەم سزایە بازاڕ و ژێرخانی داراییی لە شڵەژان دەپارێزێت. لە سیستەمە یاساییە دەستکردەکاندا، دز بۆ چەند ساڵێک دەخرێتە زیندان، دەوڵەتیش ناچارە ساڵانە بڕێکی زۆر لە پارەی باجی گشتی (کە خودی ستەملێکراوەکەش پشکی تێدایە) خەرج بکات بۆ بەخێوکردن، پۆشاک و پزیشکیی ئەو دزە. یاساناس عەبدولقادر عۆدە لە التشريع الجنائي الإسلاميدا دەڵێت: «ئەمە پارادۆکسێکی ئابووریی نادادپەروەرانەیە کە دەوڵەت پارەی قوربانی خەرج بکات بۆ ڕاگرتنی جەلادەکەی. داتاکانی پەیمانگەی توێژینەوەی سیاسەتی ئابووری (EPRV)دەردەخەن کە سیستەمی زیندانیکردن لە جیهانی هاوچەرخدا گۆڕاوە بۆ جۆرێک لە «بازرگانیی پێچەوانە» کە تێیدا تێچووی ڕاگرتنی یەک دز لە زینداندا بۆ ماوەی پێنج ساڵ، چەندین هێندەی ئەو بڕە پارەیەیە کە دزیویەتی، ئەمەش جۆرێکە لە سزادانی دووبارەی داراییی بۆ سەر شانی کۆمەڵگە. ئیسلام بە یاسای بڕینی دەست، کۆتاییی بەم بارگرانییە داراییە دەهێنێت و سەرمایەی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی ڕاستەقینە دەگەڕێنێتەوە. بەڵام مەزنیی ئەم یاسایە لەوەدایە کە ئیسلام تینووی بڕینی دەست نییە، بۆیە هێندە مەرجی توند و ئەستەمی داناوە کە جێبەجێکردنی سزاکە تەنها بۆ پچڕانی هێڵی تاوانی ئاشکرا بێت. بەپێی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ: «ادْرَءُوا الحُدُودَ بِالشُّبُهَاتِ» (سزاکان ڕاگرن ئەگەر بچووکترین گومان هەبوو)، سیستەمی دادوەری دەرگای سزادانی داخستووە. زانایان مەرجی قورسیان داناوە: دەبێت ماڵەکە لە شوێنێکی پارێزراودا بێت (الحِرز)، بڕی دزراوەکە بگاتە ڕێژەی دیاریکراو (النصاب)،

هیچ گومانێک لە خاوەندارییەتیدا نەبێت، و لە هەمووشیان گرنگتر، دزەکە لەسەر بنەمای برسێتی و ناچاری نەبووبێت؛ وەک چۆن ئیمامی عومەری کوڕی خەتتاب لە "ساڵی الرَّمَادَة"دا (ساڵی برسێتی گەورە) سزای بڕینی دەستی ڕاگرت، چونکە تێرکردنی زگی خەڵک پێش سزادانی دەستی خەڵک دێت. لێرەوە تێدەگەین کە یاسای بڕینی دەست لە ئیسلامدا وەک دیوارێکی مێژوویی بەرز لە دەوری شاری مرۆڤایەتی وایە. یاساکە بۆ ئەوە نەهاتووە هەموو ڕۆژێک دەستێک ببڕێت، بەڵکو هێزێکی بەرگریی ستراتیژیی هێندە مەزنە، کە تەنها بوونی لە دەقەکەدا، لە دوورەوە پارێزگاری لە قەڵای ڕەنج و متمانەی مرۆڤەکان دەکات. پەیامی یاساکە ڕوون و دڵنیاکەرەوەیە: هەرکەسێک بیر لە دزینی تەمەن و دەستکەوتی مرۆڤێکی تر بکاتەوە، دەبێت بزانێت کە باجی ئەم کارە، دەرچوونە لە بازنەی پارێزراویی یاسایی و ڕووبەڕووبوونەوەی تەواوی هەیبەتی دادپەروەریی خودایی و گەردوونییە.

٤- سزای خواردنەوەی سەرخۆشکەرەکان: کاتێک شەرع هۆشیاریی مرۆڤ لە هێرشی ئیرادەی خۆی دەپارێزێت

ئەگەر لە حیکمەتی باڵای سزای خواردنەوەی سەرخۆشکەرەکان و قەدەغەکردنی گشت گەندەڵکەرەکانی هۆشیاری ورد ببینەوە، تێدەگەین کە، تێدەگەین کە ئیسلام لێرەدا نەیاری چێژێکی سادە نییە، بەڵکو پارێزەری ئەو پایە سەرەکییەیە کە مرۆڤی پێ دەبێتە مرۆڤ، کە ئەویش «عەقڵ و هۆشیارییە». ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا لەسەر ئەو تێڕوانینە ئیلاهییە مەزنە داڕێژراوە کە دەڵێت یاسا دەبێت دەستوەردان بکات کاتێک مرۆڤ ئیرادەی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ لەناوبردنی هۆشیاریی خۆی. لە میتافیزیکای ئیسلامیدا، عەقڵ تەنها ئامرازێکی بایۆلۆژی نییە بۆ بیرکردنەوە، بەڵکو ئەمانەتی خودایی و سەرمایەی یەکەمی خەلافەتە کە مرۆڤی پێ لە ئاژەڵ جیا دەکرێتەوە؛ بۆیە کاتێک

مرۆڤێک بە ویستی خۆی سەرخۆشکەرێک دەخواتەوە، یان بەرەو ماددە هۆشبەرەکان و ژەهرە کاتییەکانی وەک جگەرە و نێرگەلە دەچێت، لە ڕاستیدا تووشی جۆرێک لە "خۆکوژیی هۆشیاری و جەستەیی" بووە و بە ئیرادەی خۆی تاجی کەرامەتەکەی لادەبات. ئەم تێڕوانینە یاساییە ڕەگێکی پێشگیرانەی قووڵ و گشتگیری هەیە؛ کاتێک پێغەمبەرﷺ لە یاسایەکی زێڕیندا دەفەرموێت: «كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ، وَكُلُّ خَمْرٍ حَرَامٌ» (هەر شتێک سەرخۆش بکات خەمرە، و هەر خەمرێکیش حەرامە)، و بنەمای گشتیی «لا ضَرَرَ ولا ضِرَارَ» (زیان گەیاندن بە خۆ و بە ئەوانی تر قەدەغەیە) دەچەسپێنێت، فەلسەفەی یاسا پێمان دەڵێت کە عەقڵ و جەستە هێڵی سوورن.

توێژینەوە کلینیکییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) بە ڕوونی ئاشکرای دەکەن کە کحول و ماددە هۆشبەرەکان تەنها زیانی جەستەیی کاتی نین، بەڵکو دەبنە هۆی گۆڕینی کیمیای مێشک و پەکخستنی لۆبی پێشەوەی مێشک (Prefrontal Cortex) کە بەرپرسە لە بڕیاردانی ژیرانە و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتار. لێرەوە زانستی نوێ ڕاستی ئیسلام دەسەلمێنێت کە ئالوودەبوون، لێسەندنەوەی ئیرادەی مرۆڤە و دابەزاندنیەتی بۆ ئاستی کاردانەوەی غەریزیی ڕەها. پێکهاتەی شارستانییەت لەسەر متمانە و پێشبینیکردنی ڕەفتاری تاکەکان ڕاوەستاوە؛ بڵاوبوونەوەی سەرخۆشی، ماددەی هۆشبەر و تەنانەت فەزای دووکەڵاوی و کۆیلایەتیی گەنجان بۆ نێرگەلە و جگەرە، شەقام و خێزانەکان تووشی پشێوییەکی بێدەنگ و «ئەنترۆپیی مۆراڵی» دەکات. ڕاپۆرتەکانی پەیمانگەی نیشتمانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئالوودەبوون (NIDA)دەردەخەن کە زیاتر لە ٦٠٪ی تاوانە توندوتیژەکانی وەک لێدان، دەستدرێژی و توندوتیژیی خێزانی، لەژێر کاریگەریی کحول یان ماددە هۆشبەرەکاندا ڕوودەدەن. ئیسلام لێرەدا ناخەوێت تا مرۆڤەکە بە

تەواوی ئالوودە بێت یان تاوانێکی گەورە بەرامبەر خێزانەکەی بکات، بەڵکو (خودی ڕەخساندنی زەمینە بۆ تاوان و زیان بە تاوان دادەنێت) و بە سزادانی سەرچاوەکان، کۆمەڵگە دەپارێزێت. لوتکەی ئەم شیکردنەوە دەروونی و کۆمەڵناسییە لە وتەیەکی زێڕینی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیبدا کورت بووەتەوە کاتێک بە عەقڵییەتێکی شیکاریی ناوازەوە فەرمووی: «إِذَا شَرِبَ سَكِرَ، وَإِذَا سَكِرَ هَذَى، وَإِذَا هَذَى افْتَرَى، فَأَرَى عَلَيْهِ حَدَّ الْقَاذِفِ ثَمَانِينَ» (ئەگەر خواردییەوە، سەرخۆش دەبێت؛ کاتێکیش سەرخۆش بوو، دەست دەکات بە قسەی بێسەروبەر؛ کاتێکیش قسەی بێسەروبەری کرد، بوختان بە خەڵک دەکات و کەرامەتیان دەڕوشێنێت). ئەم زنجیرە دەرەنجامە لۆژیکییە بۆ ماددەی هۆشبەر و ژەهرەکانی تریش هاوتایە، کە تێیدا مرۆڤ زمان و دەروونی لە مۆراڵ ئازاد دەبێت و وزەی شەڕانگێزیی ناخی بە شێوازی جیاواز دەتەقێتەوە.

تەنانەت لە ڕووی مادی و کۆمەڵایەتییەوە، توێژینەوەکانی کۆلێژی لەندەن بۆ زانستە ئابوورییەکان (LSE) دەیسەلمێنن کە ئالوودەبوونی گەنجان بە جگەرە، نێرگەلە و هۆشبەرەکان، ساڵانە ملیۆنان دۆلار لە سەرمایەی مرۆیی نەتەوەکان بەفیڕۆ دەدات لە ڕێگەی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی تێچووی چاککردنەوەی تەندروستی. ئیسلام لە ڕێگەی سیستمی (التأديب)تەمبێکردن و پێشگیرانەی خۆیەوە (التعزير) بۆ ڕێگری لەم دیاردانە، ڕێگری لەم سڕینەوە هێواشەی توانای ئاوەدانیی مرۆڤ دەکات. ئەم سزایانە چەکێک نین بۆ پشکنینی ژیانی تایبەتی خەڵک، بەڵکو هێشتنەوەی هەیبەتی ڕێگرییە لە دەقەکە و لە ویژدانی گشتیدا کە وەک کۆنترۆڵکەرێکی دەروونیی پێشوەختە (Self-Regulation) کار دەکات. پەیامەکە ڕوونە: قەڵای هۆشیاری و تەندروستیی مرۆڤ هێڵێکی سوورە، و هەرکەسێک بیەوێت بە چێژێکی کاتی یان ئاڵوودەبوونێکی بێهودە، ئەو عەقڵ و جەستەیە بکوژێت کە

جیهانی پێئاوەدان دەکرێتەوە، دەبێت بزانێت کە یاسا بە هێزێکی هۆشیارکەرەوەی توند ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

٥- کاتێک یاسا دەبێتە قەڵغانی کۆمەڵگە دژی تاقمی تیرۆر و ڕێڕی

لەسەر بنەمای شیکارییەکی فرەڕەهەندی فەلسەفی، یاسایی و دەروونی بۆ سزای حەرامەکاری و تێکدانی ئاسایشی گشتی (حد الحرابة)، تێدەگەین کە ئیسلام لێرەدا ڕووبەڕووی مەترسیدارترین جۆری تاوان دەبێتەوە، کە ئەویش «تێکدانی سەرچاوەی ئارامیی مرۆڤایەتییە». لە میتافیزیکای ئیسلامیدا، زەوی وەک بێشکەی ئاوەدانی و شوێنی تەجەلای خەلافەتی مرۆڤ سەیر دەکرێت، بۆیە هەر هێزێک بیەوێت ئەم ئارامییە بشێوێنێت و لە ڕێگەی چەتەیی، تیرۆر، دزینی چەکدارانە، یان بڵاوکردنەوەی تۆقین لە ناو بازاڕ و ڕێگاکاندا ژیان ڕابگرێت، وەک «مفسد في الأرض» (گەنکەر لەسەر زەوی) پێناسە دەکرێت. ئەم سزایە قورسە لە بنەڕەتدا لەسەر ئەو چەمکە فەلسەفییە دارێژراوە کە دەڵێت کاتێک تاکێک یان تاقمێک چەک دژی ئاسایشی گشتی هەڵدەگرن، لە ڕاستیدا پەیمانبەستنی کۆمەڵایەتی (Social Contract) دەپسێنن و شەڕ لە دژی خودی مرۆڤایەتی ڕادەگەیەنن. ئەم تێڕوانینە یاساییە لوتکەی فەلسەفەی پێشگیری و «یاسای توندی ڕێگریکەرە»؛ لە فقهی ئیسلامیدا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان دزێکی ئاسایی کە بە دزییەوە ماڵـێک دەبێت، و لە نێوان (محارب) کە بە ئاشکرا و بە زەبری چەک هێرش دەکاتە سەر خەڵک هەیە. دزی ئاسایی تاوانێکە دژی تاک، بەڵام حەرامەکاری تاوانێکە دژی پێکهاتەی دەوڵەت و دەروونی گشتیی کۆمەڵگە. توێژینەوە کۆمەڵناسییەکانی زانکۆی پرینستۆن (Princeton University) لەسەر ئاسایشی نیشتمانی دەسەلمێنن کە "تۆقاندنی چەکداریی گشتی" جیاوازە لە تاوانە تاکەکەسییەکان؛ چونکە ڕاستەوخۆ ژێرخانی ئابووری پەکدەخات و تێچووی بازرگانی و هاتوچۆ بە

ڕێژەی زیاتر لە ٤٠٪ بەرز دەکاتەوە، بەهۆی ئەو مەترسییەی دەخرێتە سەر گیانی کاسبکاران. ئیسلام لێرەدا ڕێگە نادات ترس ببێتە حاکمی شەقامەکان؛ چونکە کاتێک هاووڵاتی هەستی بە ئاسایش نەکرێت، چەمکی عیبادەت و ئاوەدانی بە تەواوی پەکی دەکەوێت.

هەروەها توێژینەوە دەروونناسییەکانی زانکۆی کۆڵۆمبیا (Columbia University)لەسەر کاریگەریی ململانێ چەکدارییەکان دەسەلمێنن کە تاوانە تۆقێنەرە گشتییەکان (وەک ڕێبڕی و تیرۆر)، تەنها زیانی ماددی و جەستەیی بەجێناهێڵن، بەڵکو دەبنە هۆی دروستکردنی "شۆکی دەروونیی بەکۆمەڵ (Collective Trauma) "لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەدا. کاتێک مرۆڤەکان لە شەقامدا هەست بە دڵنیایی نەکەن، تووشی سترێسی درێژخایەن و دڵەڕاوکێی بەردەوام دەبن، ئەمەش وا دەکات وزەی داهێنان و کارکردنیان پەک بکەوێت. ئیسلام لێرەدا ڕێگە نادات ترس ببێتە حاکمی دەروونی شەقامەکان؛ چونکە کاتێک هاووڵاتی هەستی بە ئاسایش نەکرێت، چەمکی عیبادەت و ئاوەدانی بە تەواوی پەکی دەکەوێت. سزاکان لێرەدا بەپێی قەبارەی تاوانەکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت تا توندترین وەڵامی دەروونی بداتەوە بەوانەی دەیانەوێت ژیانی خەڵک تێکبدەن. داتاکانی کۆمەڵەی دەروونناسیی ئەمریکی (APA) ئاشکرای دەکەن کە قوربانیانی تاوانە چەکدارییە گشتییەکان بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٥٪ تووشی نەخۆشیی (PTSD) یان "شۆکی دوای کارەسات" دەبن، کە تێیدا متمانەی مرۆڤ بە سەقامگیریی جیهانی دەوروبەری بە تەواوی هەرەس دەهێنێت. یاسای ئیسلامی بە سەپاندنی ئەم سزا توند و ئاشکرایانە، نەک تەنها جەستەی تاوانبارەکە، بەڵکو ئەو «هەستی ترس و بێهیواییە» تێکدەشکێنێت کە تیرۆرستان دەیانەوێت بیخەنە ناو ناخی خەڵکەوە. ئەم سزا شەرعییە وەک کۆڵەکەی ڕاگرتنی هەیبەتی یاسا کار دەکات؛ چونکە کۆمەڵگە ناتوانێت گەشە بکات ئەگەر دەسەڵاتی یاسا

لە دەسەڵاتی تاقمە چەکدارەکان لاوازتر بێت. پاراستنی پێنج مەبەستە سەرەکییەکەی شەریعەت (نەفس، عەقڵ، ماڵ, ئابڕوو، دین) بە بێ هەبوونی ژینگەیەکی ئارام مەحاڵە و حەرامەکاری هێرشە بۆ سەر هەموو ئەو پێنج بنەمایە پێکەوە. لە کۆتاییدا، ئەم سزایە توندە کاتێک جێبەجێ دەکرێت کە تاوانباران بەردەوام بن لەسەر ڕێبڕی و تۆقاندن، بەڵام ئەگەر پێش دەستگیرکردنیان پەشیمان ببنەوە و چەک دابنێن، یاسای ئیسلامی دەرگای لێخۆشبوونیان بۆ دەکاتەوە: «إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ». ئەمەش لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە هاندەرێکی گرنگە بۆ تێکشکاندنی پێکهاتەی دەروونیی تاقمە چەکدارەکان، تا بزانن ڕێگای گەڕانەوە و ئاشتی هەمیشە واڵایە، چونکە ئامانجی فەلسەفەی ئیسلامی تۆڵەسەندنەوە نییە لە جەستە، بەڵکو چەسپاندنی هێمنی و ئاشتییە لە سایەی عەدالەتدا.

٦ .قەزف (القذف): تیرۆری مەعنەوی و ئافاتی زمانە شێرپەنجەییەکان

لە فەلسەفەی شەرع و دەروونناسیدا، «قەزف» تەنها هەڵەیەکی زمانەوانی سەرپێیی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە پیاوکوژیی سەربڕین ئاسا، بەڵام بێ خوێنڕشتن. ئەو زمانەی بەبێ چوار شایەتی دادپەروەر، تۆمەتی نامووس و داوێنپیسی دەهاوێت، هاوشێوەی چەقۆیەکی ژەهراوییە کە کەرامەت، مێژوو و ئایندەی دەروونیی مرۆڤێکی بێتاوان لەبەردەم چاوی گشتیدا هەڵدەدڕێت. پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم تاوانەی لە ڕیزی گەورەترین حەوت تاوانە لەناوبەرەکان (الْمُوبِقَات) داناوە کە مرۆڤ فڕێ دەدەنە ناو قووڵایی دۆزەخەوە و دەفەرموێت: اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ... وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلَاتِ» (متفق عليه).

کاتێک کەسێک لە فەزای گشتیدا یان لە پشت شاشەکانەوە، کەرامەتی خێزانێک دەشێوێنێت، ئەو کارەساتێکی کلینیکی وەک تراومای سترێسی

دوای کارەسات (PTSD) لە ناخی قوربانییەکەدا دەچێنێت. ئەو کاتە کۆمەڵگە دەبێتە دارستانێکی بۆگەن کە تێیدا غەریزەی تۆڵەسەندنەوەی کێوی دەتەقێتەوە. ئیمامی غەزالی لە (إحياء علوم الدين) دا ئەم جۆرە زمانانە بە "سەگی هۆڕ" دەچوێنێت کە گۆشتی زیندووی خەڵک دەخۆن، چونکە ناوزڕاندن لە لای خودا هێندە قێزەونە کە قورئانی پیرۆز بە خواردنی گۆشتی برای مردوو شوبهاندوویەتی.

تێکشکانی سێ ڕەهەندی: سزایەک بۆ هەمیشە

شەریعەت بۆ ڕاگرتنی ئەم شێرپەنجە مۆراڵییە، سزایەکی سێ ڕەهەندیی توندی داناوە کە ناسنامەی تاوانبارەکە بە تەواوی دەسڕێتەوە:

کوتانی جەستەیی (فاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً): هەشتا قامچی توند کە پێستی پشتی تاوانبارەکە تێکدەشکێنێت؛ وەک تۆڵەیەکی فیزیکی لەو جەستەیەی کە زمانی بۆ چێژوەرگرتن لە ئابڕووی خەڵک بەکارهێناوە.

کوشتنی مەدەنی (وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا): لێسەندنەوەی مافی شایەتیدان بۆ هەمیشە! ئەمە قورسترین سووکایەتیی یاساییە. یاسا بە فەرمی ڕایدەگەیەنێت کە زمانی ئەم مرۆڤە "بۆگەن و بێ متمانەیە" و چیتر ناخرێتە ڕیزی مرۆڤە باوەڕپێکراوەکانەوە.

نەفرەتی ئەخلاقی (وَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ): مۆرکردنی ناوچەوانی تاوانبارەکە بە ناسنامەی (فاسق). ئەو لە بەر چاوی خەڵک و خودادا وەک لادەرێکی گڵاو سەیر دەکرێت.

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت: مەفسەدەی قەزف هێندە گەورەیە، حورمەتی گوناه لەبەرچاوی گشتیدا سووک دەکات و شیرازەی خێزانەکان

هەڵدەوەشێنێتەوە.« ئەو زمانەی توانای هێنانی چوار شایەتی عادلی نییە و تەنها بۆ ئارەزووی خۆی ئابڕووی خەڵک دەڕوشێنێت، پاشماوەیەکی پیسی مرۆڤایەتییە کە پێویستە بە توندترین شێوە کۆت و بەند بکرێت. هەر بۆیە ئیسلام دەفەرموێت: «مَنْ صَمَتَ نَجَا» (هەرکەسێک بێدەنگ بێت، ڕزگاری بووە)؛ چونکە فڕێدانی تەنها یەک وشەی بێبەڵگە، کۆتاییەکەی مل دانانە لە ژێر قامچی دادپەروەری و ژیانەوەیە لە ناو سووکی و سەرشۆڕییەکی ئەبەدیدا. پێغەمبەری خودا ﷺ لە وتاری مێژوویی (حجة الوداع)دا ئەم بنەمایەی هێنایە ناو ناوەندی یاسای دەوڵەت و فەرمووی: إِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ،» (متفق عليه). (بێگومان خوێن و ماڵ و ئابڕووتان لەسەر یەکتر حەرامە). (أَعْرَاضَكُمْ): هێمایە بۆ شکۆ، کەرامەت و ناو و ناوبانگ و ئابڕوو.

باسی چواردەیەم: دیاردەناسیی دارِمانی ئەخلاق و لێکەوتە وجودییەکانی لە کۆمەڵگەدا

لەم بابەتەدا، تیشک دەخەینە سەر ئەو ڕاستییەی کە چۆن گوناە و لادانی ئەخلاق تەنها سەرپێچییەکی شەخسی نین، بەڵکو پرۆسەیەکی سادیستین بۆ تێکدانی "پێگەی وجودی" مرۆڤەکان و درزخستنە ناو بنەماکانی حەقیقەت. لێرەوە ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن زمان لە ئامرازێکی پیرۆزی گەیاندنی حەقیقەتەوە دەگۆڕێت بۆ ددانێکی تیژی مرۆڤخۆری، و چۆن فێڵ و ستەمکاری ژێرخانی متمانەی گشتی دادەتەکێنن و ئابووری و شارستانییەت بەرەو هەرەس دەبەن. کورتەی کلام، ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەی ئەو مۆرانە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەیە کە جەستەی مرۆڤایەتی تووشی خۆخۆریی کۆمەڵایەتی (Autophagy) دەکەن، و هاوکات دارِشتنەوەی سەرلەنوێی پێوەرەکانە بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ باڵادەستیی ئەخلاق و هاوسەنگیی گەردوونی.

١- زەمکردن؛ بوونەوەرێکی کەلاکخۆر لەسەر پاشماوەی جەستەی مردووەکان

باسکردن و یادکردنی براکەت (یان مرۆڤێکی تر) بەو شتەی کە پێی ناخۆشە. جا ئەو شتەی پێی ناخۆشە لە جەستەیدا بێت (وەک کورتی، باڵا، یان کەمئەندامی)، یان لە ڕەوشت و دینیدا بێت (وەک ڕەزیلی، تەمەڵی، یان خەمساردی)، یان تەنانەت لە کاروباری دونیایدا بێت (وەک جلوبەرگ و ماڵەکەی). کاتێک لە دەقی قورئانیی: «أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ» ڕادەمێنین، تەنها لەبەردەم نەهی کردنێکی سادەی ئەخلاقیدا نین، بەڵکو لەبەردەم نەشتەرگەرییەکی قووڵی فەلسەفی، زمانەوانی و بووناسیداین. ئەم دەقە هزرکارییە بە گژ غەریزە نزمەکانی مرۆڤدا دەچێتەوە و ڕاستی کایەی پاشملەباسکردن (الغيبة) بەو

پەڕی ڕوونی مانیفێست دەکات. لە فەلسەفەی زمان و بووندا، مرۆڤ کاتێک لە شوێنێکدا ئامادە نییە (غائیبە)، لە ڕاستیدا لە ڕێگەی "وێنە، پێگە و ناوبانگەکەیەوە" ئامادەیە. ناوی مرۆڤ، مۆنۆمێنتێکی مەعنەوییە کە لە غیابیدا نوێنەرایەتی دەکات و کەرامەتی دەپارێزێت. کاتێک تۆ لە پشت سەری کەسێکەوە کەرامەتی بریندار دەکەیت، تۆ هێرش ناکەیتە سەر جەستەیەکی فیزیکی، بەڵکو هێرش دەکەیتە سەر "پێگەی وجودی" ئەو لە هۆشیاریی کۆمەڵگادا. تۆ ئەو مۆنۆمێنتە فیکری و کۆمەڵایەتییە تێکدەشکێنیت کە ئەو لە ماوەی تەمەنیدا بنیاتی ناوە. زەمکار (المنتاب) چەکێکی زمانەوانی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی سادیستی بەکاردێنێت. کاتێک ئایەتەکە وشەی «مَيْتًا - مردوو» دەهێنێتە کایەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تۆ قوربانییەکەت کەمکردووەتەوە بۆ ئاستی جەسەتەیەکی بێدەسەڵات و بێزمان؛ ئەمەش لوتکەی شەرەنگێزیی فەلسەفییە؛ دۆزینەوەی چێژ لە لێدانی ئەو قەوارەیەی کە لەو چرکەساتەدا توانای ڕەتکردنەوە و بەرگریی نییە. لە دەروونناسیدا، پاشملەباسکردن و زەمکردن تەنها ڕەفتارێکی سەرپێیی نییە، بەڵکو وەک کەرستەیەکی بەرگریی دەروونی یان ڕەفتارێکی قەرەبووکەرەوەی ساختە سەیر دەکرێت. مرۆڤەکان لەبەر چەند هۆکارێکی دەروونی ناخەکی پەنا بۆ ئەم مرۆڤخۆرییە مەعنەوییە دەبەن:

هەستی خۆکەمبینی؛ زۆرجار ئەوکەسەی لە ناخەوە هەست بە لاوازی، شکستان یان کەموکوڕی دەکات، دەیەوێت لە ڕێگەی ناشرینکردنی کەسانی ترەوە، خۆی لە لوتکەدا نیشان بدات. دابەزاندنی پایەی ئەوانی تر، وەک بەرزکردنەوەی ساختەی پایەی خۆی دەبینێت.

حەسادەت و تێرنەبوونی دەروونی: کاتێک کەسێک لە ڕووی دەروونییەوە توانای نییە بگاتە ئاستی سەرکەوتن یان تایبەتمەندییە

ئەرێنییەکانی کەسی بەرامبەر، هەوڵدەدات لە ڕێگەی پاشملەیێژییەوە ئەو وێنە جوانە بشوێنێت تا ئازاری حەسادەتەکەی لە ناخیدا کەم بکاتەوە.

شاردنەوەی عەیبەکانی خۆی: مرۆڤی زەمکار بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە دەروونییەکانی خۆی، سەرنجی کۆمەڵگا لەسەر کێشە و عەیبەکانی خۆی لادەبات و ئاڕاستەی دەکات بەرەو عەیبی کەسانی تر.

فەیلەسوفی ناودار ئیمانوێل کانت دەڵێت: «قێزەونی، هێزێکی دەرەکییە کە ڕێگری لە چوونە ناوەوەی شتە نامۆکان دەکات بۆ ناو کایەی ئەخلاق. مرۆڤی زەمکار لە کاتی قسەکردندا، جۆرێک لە چێژی بایۆلۆژی و دەروونی لە دەمی خۆیدا هەست پێدەکات (کە زمانەوانان پێی دەڵێن تامی گەرمی قسە). داهێنانی هزری قورئان لەوەدایە کە ئەم "چێژە زمانەوانییە ساختەیە" بە خێراییەکی فەلسەفی دەگۆڕێت بۆ "قێزێکی بایۆلۆژی ڕەها" (خوێندنەوەی گۆشتی مرۆڤێکی گەنیوی مردوو). ئایەتەکە مانا ئەخلاقییەکان لە چەمکە موجەڕەدەکان (مەعنەوییەکان)ەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو هەستەوەرەکان. تۆ کاتێک پاشملەباسکردن دەکەیت، لە ڕووی جوانکارییەوە (Aesthetics) چیتر مرۆڤێکی خاوەن فۆرمی باڵا نیت، بەڵکو دەبیتە بوونەوەرێکی کەلاکخۆر (Scavenger) کە لەسەر پاشماوەی جەستەی مردووەکان دەژی. ئەمە داڕوخانی مرۆڤە لە ئاستی "ئاوەزمەندی" بۆ ئاستی "وەحشەتگەریی بوون." لە فەلسەفەی هاوچەرخدا (بەتایبەت لای ئیمانوێل لێڤیناس)، ئەخلاق لە چرکەساتی ڕووبەڕووبوونەوەی "دەموچاوی ئەوی تر (The Face of the Other)" لەدایک دەبێت. کاتێک سەیری چاوی کەسێک دەکەیت، فەرمانێکی ئەخلاقیت پێدەگات کە پێویستە ڕێزی بگریت و ناتوانیت ئازاری بدەیت. زەمکردن، لەناوبردنی ئەم چرکەساتە

ئەخلاقییەیە، چونکە تۆ لە غیابی "دەموچاوی ئەوی تر"دا دەستدرێژی دەکەیتە سەری و لە پشتەوە خەنجەر لە پێگەکەی دەدەیت. وشەی «أَخِيهِ - برای» تەنها ڕەهەندێکی سۆزداری نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی فەلسەفی تۆکمەیە؛ ئەوی تر، خودی تۆیە لە ئاوێنەیەکی تردا. زیان گەیاندن بە کەرامەتی "ئەو"، لە حەقیقەتدا ژەهرخواردکردنی ئەو ژینگەیەیە کە "تۆ" خۆت تێیدا دەژیت. کاتێک تۆ گۆشتی کەرامەتی ئەو دەخۆیت، تۆ لە ڕاستیدا پرۆسەی پێکهاتنی مرۆڤایەتی لە ناخی خۆتدا لەبار دەبەیت. بۆ قووڵکردنەوەی ئەم شیکارییە مایکرۆسکۆپییە، مامۆستا سەعید نورسی لە پەڕتووکی (مەکتوبات)دا، ڕەهەندێکی وجودیی تر بە بابەتەکە دەبەخشێت و دەڵێت: زمان کە دەبێتە کەرستەی غەیبەت، وەک چەقۆیەکی ژەهراوی وایە کە بە بێدەنگی شیرازەی کۆمەڵایەتیی جەستەی ئیسلامی پارچەپارچە دەکات. غەیبەتکار بەو کارەی، نەک هەر ڕقی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، بەڵکو عەقڵی خۆی لەباردەبات و ویژدانی خۆی بریندار دەکات. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەدا، زەمکردن دەبێتە جۆرێک لە "شێتبوونی بەکۆمەڵ" یان خۆخۆریی کۆمەڵایەتی(Autophagy) ، کە تێیدا جەستەی مرۆڤایەتی دەست دەکات بە خواردنی ئەندامەکانی خۆی. زمان لە دیاریکراوێکی باڵا و پیرۆزەوە (کە گەیاندنی حەقیقەتە) دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی کێوی و نزم. قووڵترین خاڵ لای نورسی ئەوەیە کە غەیبەتکار بەر لەوەی زیان بە بەرامبەر بگەیەنێت، ویژدانی خۆی بریندار دەکات و پێناسەی مرۆڤبوونی خۆی لەباردەبات؛ چونکە مرۆڤ ناتوانێت گۆشتی برای خۆی بخوات، مەگەر دوای ئەوەی کە هەستی مرۆڤایەتی بە تەواوی لە ناخی خۆیدا مردبێت. ئەم ئایەتە جۆرێکە لە "نەشتەرگەریی ترۆماتیکی" (Traumatic Surgery) بۆ هۆشیاریی مرۆڤ. پێمان دەڵێت: زمان تەنها ئامرازێکی بێدەنگ نییە بۆ دەربڕین، بەڵکو دەکرێت ببێتە ددانێکی تیژ بۆ

مرۆڤخۆری. کاتێک مرۆڤ پیرۆزیی "غائیب" دەپێچێتەوە، بڕوانامەی مرۆڤبوونی خۆی دەدڕێنێت، لە گەرووی ویژدانی خۆی دەدات، و پێکەوە لەگەڵ قوربانییەکەیدا بەرەو جیهانی کەرەستە گەنیوەکان سەراوژێر دەبێت. زەمکردن وەک "مۆرانە" وایە بۆ پەیوەندییەکان؛ ژێرخانی متمانەی گشتی لەناو دەبات و سەرمایەی کۆمەڵایەتی دادەتەکێنێت. کۆمەڵگەیەک پاشملە قسەکردن تێیدا ببێتە باو، دەبێتە ژینگەیەکی ژەهراوی، پڕ لە گومان و دووڕوویی، کە تێیدا هاوپشتیی ڕاستەقینە دەمرێت و تەنها ماسکەکان دەمێننەوە. ڕووبەڕووبوونەوەی زەمکردن تەنها پێویستی بە بەهێزکردنی ئیمانی نییە، بەڵکو پێویستی بە بەئاگاهێنانەوەی هۆشیاریی فەلسەفی، چاکسازیی دەروونی، و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی "مەزن لە ناوەوە" کە زمانی پاکی، ڕەنگدانەوەی عەقڵە گەشاوەکەی بێت.

٢- فێڵکردن؛ داڕمانی بوون و خیانەت لە حەقیقەت

فێڵکردن (الغِشّ) تەنها پێشێلکارییەکی یاسایی یان فێڵێکی بازرگانیی سادە نییە، بەڵکو پەتایەکی بوونگەراییە، شێواندنی دەروون و درزێکی گەورەیە لە پێکهاتەی حەقیقەتی گەردووندا. فێڵکردن، قێزەونترین جۆری "ئەقڵییەتی مشەخۆری"یە؛ تێیدا مرۆڤەکە دان بە مایەپووچی و نەتوانینی خۆیدا دەنێت بۆ گەیشتن بە لوتکە بە شێوازی شەرعی، بۆیە ناچار دەبێت وەک شێرپەنجە لەسەر ماندووبوونی ئەوانی تر بژی. کاتێک پێغەمبەری خودا ﷺ بە ڕەهایی دەفەرموێت: «مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا» (هەر کەسێک فێڵمان لێ بکات لە ئێمە نییە)، هێڵێکی فەلسەفیی ترسناک دەکێشێت؛ فێڵکەر ماسکی مرۆڤایەتی لەدەستدەدات و لە بازنەی هاوسۆزیی ڕاستەقینە دەر دەچێت. فێڵکردن هەوڵێکی نەزۆکە بۆ گۆڕینی ڕاستی بە وەهم، و تێکدانی ئەو هاوسەنگییە پیرۆزەی کە ژیانی

مرۆڤی لەسەر بنیاد نراوە. زانای گەورە ئیبن حەجەری هیتەمی لە کتێبی (الزواجر) دا دەنووسێت: "فێڵکردن پۆخڵکردنی ناوەوەی شتەکانە بە پەردەیەکی دەرەکیی سەرنجڕاکێش، ئەمەش ڕکابەریکردنی حیکمەتی خودایە لە دروستکردندا".

لە دیدی ئیسلامیدا، سەرمایە تەنها ژمارەی سەر کاغەز نییە، بەڵکو وزەیەکی ئەخلاقییە کە بە "ڕاستگۆیی" پاک دەبێتەوە. فێڵکردن سروشتی ئەم وزەیە لە بنیادنەرەوە دەگۆڕێت بۆ بارستەیەکی پیس و وێرانکەر (الحرام). ئیمامی غەزالی لە کتێبی (إحیاء علوم الدین) دا وێنایەکی توند دەکات و دەڵێت: "ئەو قازانجەی لە فێڵەوە دێت، تەمومژ و پیسی دەخاتە سەر ڕۆحی مرۆڤەکە؛ ئەو وەک کەسێک وایە بە ئاوی پیس و بۆگەن دەستنوێژ بگرێت."

هەرچەندە فێڵکەر پێی وابێت قازانجێکی کاتیی کۆکردووەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا شادەماری متمانە دەبڕێت. بەپێی توێژینەوەیەکی هاوچەرخی بانکی نێودەوڵەتی (World Bank)، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕێژەی فێڵکردن و گەندەڵی تێیاندا بەرزە، تێچووی مامەڵە ئابوورییەکانیان (Transaction Costs) بە ڕێژەی ٤٠٪ زیاد دەکات؛ ئەمەش هاوسەنگی بازاڕ تێکدەدات و ژینگەیەکی داڕماو بەرهەم دەهێنێت کە تێیدا تەنها مشەخۆرەکان گەشە دەکەن. کۆمەڵگەی تەندروست وەک یەک جەستەی یەکگرتوو وایە، بەڵام فێڵکردن تۆوی گومان و ترس دەچێنێت. فێڵکەر خیانەتکارێکی شەرمنە کە لە تاریکیدا خەنجەر لە متمانەی گشتی دەدات. کاتێک فێڵ دەبێتە کلتور، "متمانەی کۆمەڵایەتی" کە مەعنەویترین سەرمایەی مرۆڤە، بەهەڵم دەبێت. کۆمەڵگە لە لوتکەی هاوکارییەوە بەرزەفت دەبێت بۆ نزمترین قۆناغی ژیانی دارستان، کە تێیدا مرۆڤەکان دەبنە نێچیر بۆ تێربوونی غەریزەی

یەکتر. نووسەر و مێژوونووس عیمادەدین ئەسفەهانی دەڵێت: "کۆمەڵگەیەک فێڵکردنی تێدا ببێتە زرێپۆش، نیشتمانی دزە بەڕێزەکانە؛ کە تێیدا هیچ بێتاوانێک ناتوانێت بە ئارامی بخەوێت".

قورئانی پیرۆز بە قووڵی ئاماژە بەم تەڵە دەروونییە قێزەونە دەکات و دەفەرموێت: «وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ». فێڵکەر لە جەنگێکی ناوەکیی بەردەوامدا دەژی؛ ئەو لە دەرەوە ماسکی پاکی و لێهاتوویی دەپۆشێت، بەڵام لە ناوەوە دەزانێت کە بوونەکەی لەسەر زەلکاوێکی درۆ وەستاوە.

فەیلەسۆفی گەورە ئیمانوێل کانت لە فەلسەفەی ئەخلاقەکەیدا دەنووسێت: "مرۆڤی فێڵکەر، کەرامەتی مرۆیی خۆی ڕادەستی سەرشۆڕی دەکات؛ ئەو لە پێناو بەرژەوەندییەکی کاتیدا، خۆی دەکاتە ئامرازێکی بێبەها و لەبەردەم ویژدانی خۆیدا تفباران دەکرێت". ئەم ناهاوسەنگییە، ئاشتیی ناوەکی (الطمأنينة) لێ زەوت دەکات و دەروونی تووشی گەنیان دەکات؛ ئەو چێژی مادی دەچنێتەوە بەڵام بەهای مرۆڤبوونی خۆی دەدۆڕێنێت. سەرچاوەی سەرەکیی ئەم هەموو دارمانەش لە ڕەهەندی پەروەردەییەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک سیستمەکان ڕێگە دەدەن "ئەنجامی ساختە" (وەک قۆپیکردن لە تاقیکردنەوەکاندا) شوێنی "ڕەنجی ڕاستەقینە" بگرێتەوە. فێڵکردن لە پرۆسەی فێربووندا، کوشتنی لێهاتوویی (الإتقان) و داهێنانە. ئەم کلتورە گەندەڵە، نەوەیەکی کارتۆنی، تەمەڵ و ترسنۆک بەرهەم دەهێنێت کە پێی وایە دەکرێت بەبێ ماندوبوون بگاتە لوتکە. ئەمەش پێوەرەکانی لێهاتوویی لە ناو دەبات و نەزانان دەخاتە پێش زانایان. بیرمەند د. عەلی شەریعەتی دەڵێت: "مەترسیدارترین جۆری فێڵ، فێڵکردنی ڕۆشنبیر و قوتابییە لە زانست؛ چونکە ئەوان بە دزینی زانیاری، بڕوانامەیەک بەدەستدەهێنن کە دەبێتە خەنجەرێک بۆ سەر بڕبڕەی پشتی نەتەوەکەیان".

